





سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

## وتار و وتوویژەکان: سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ........ لاپەڕەی .... ٤

١- بزووتنەوەی کوردستانی ئێران ئێستاش باوەڕی بە بیرۆکە دێموکراتیکەکانی د. قاسملوو هەیە............................
٢- قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی کۆتایی کۆنگرەی ١٧........................................................
٣- پرێس کۆنفرانسی بەبۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان..................................
٤- وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز......................................
٥- قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە سێهەمین کۆنفرانسی شورای دێموکراسیخوازانی ئێران/ ستۆکهۆلمی سوێد............
٦- لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تۆڕی میدیایی "ایران انترناشناڵ"دا................................................................
٧- کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات...........................................................
٨- وتاری ٢٥ی گەلاوێژی بەبۆنەی یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکراتی کوردستان..............................................
٩- قسەکان لە دووهەمینساڵیادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان‌دا...............................................................
١٠- لە وتوویژێکدا لەگەڵ "کورد کاناڵ" دیمانە: مەنسوور مروەتی..............................................................
١١- کێشەی کۆمەڵگەی ئێران هەر ئەمە نییە کە دنیای دەرەوە پێناسەی دەکا(دیمانە)...........................................
١٢- وتوویژی لە گەڵ "ڕۆژنامەی کوردستان"...................................................................................
١٣- قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەزدا)..............................

## بەشێک لە پەیامی پیرۆبایی، سەرخۆشی ................ لاپەڕەی ........... ٧٦

١- پەیامی هاوخەمی...........................................................................................
٢- بۆ سەرکەوتنی بۆریس جانسۆن، سەرۆکی پارتی کۆنسێرڤاتیوی بریتانیا.............................................
٣- بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.........................................................
٤- بە بۆنەی جێژنی کریسمەس و ساڵی نوێی زایینی...................................................................

٥- پەیامی پیرۆزبایی بۆ ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.........................................
٦- پەیامی پیرۆزبایی بۆ بەڕێز کۆسرەت ڕەسووڵ، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان......
٧- باڤڵ تاڵەبانی و کاک لاهوور شێخ جەنگی، هاوسەرۆکەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!............................
٨- بۆ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست..........................................................................................
٩- بەبۆنەی هاتنی جێژنی ڕەمەزان...........................................................................................
١٠- بەبۆنەی ٣٧ ساڵەی ئێعدامی ٥٩ شۆڕە لاوی کورد لە مەهاباد................................................
١١- بە بۆنەی جێژنەی قوربان.................................................................................................
١٢- سپاسنامەی سەبارەت بە شەپۆلێک لە هاوخەمی بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی............................
١٣- نامەی بۆ ئانتۆنیۆ گۆتێرێس، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.....................................
١٤- بۆ کۆچی دوایی ڕێبەری ڕۆحیی کوردانی ئێزەدی......................................................................
١٥- بەبۆنەی هاتنی جێژنی خاوەنکار...........................................................................................
١٦- بەبۆنەی کۆچی دوایی دوکتۆر نەجمەدین کەریم.........................................................................
١٧- بۆ مەرگی جەلال مەلەکشا، شاعیر، نووسەر و چیرۆکنووسی کورد.....................................................
١٨- بۆ بەڕێز سێباستیيان کورز، سەدری ئەعزەمی ئوتریش!...........................................................
١٩- بۆ جۆ بایدەن، سەرۆککۆماری هەڵبژێردراوی ئەمریکا..............................................................
٢٠- بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان.......................................
٢١- بەبۆنەی ساڵی نوێی زایینی..............................................................................................

## سمینارو کۆبوونەوەی سیاسی ...................... لاپەڕەی ............ ١١٠

١- بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە ئەندامانی حیزب........................................
٢- سمیناری سیاسی - تەشکیلاتیی بۆ ئەندامان لە وڵاتی نۆرویژ...........................................................
٣- سمینارێکی سیاسی - تەشکیلاتی لە وڵاتی ئاڵمان.......................................................................
٤- سمینارێکی سیاسی - تەشکیلاتی لە هەر دوو وڵاتی دانمارک و فینلاند.....................................................
٥- سمینارێکی سیاسی - تەشکیلاتی لە وڵاتانی ئامریکا، کانادا ئوستراڵیا.......................................................
٦- بەبۆنەی ٣٧ ساڵەی ئێعدامی ٥٩ شۆڕەلاوی کورد لە مەهاباد..........................................................
٧- پێکهێنانی سمینارێکی سیاسی - تەشکیلاتی لە وڵاتانی سویس، ئوتریش، هۆلەند و بێلژیک...............................



سەرچاوە Serchawe

٨- بەڕێوەچوونی سمینارێکی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ کۆمیتەکانی بریتانیا و فەرانسە........................................
٩- کۆبوونەوەی سیاسی تەشکیلاتیی لە ناوەندی ٣..............................................................
١٠- بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی دووهەمین ساڵیادی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە کتێبخانەی قەڵا...........
١١- کۆبوونەوەی سیاسی - تەشکیلاتی بە دەستپێشخەریی کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان................
١٢- بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتی لە ناوەندی دووی کوردستان...........................................
١٤- سمیناری سیاسی لە وڵاتی سویسی.........................................................................
١٥- ئۆپۆزیسیۆن مانەوە هونەر نییە، دەبێ ببینە ئاڵتەرناتیڤ لە سەرەتای قسەکانمدا.....................................
١٦- سمیناری سیاسیی کۆمیتەی نۆرویژ.........................................................................
١٧- دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستان.........................................................................
١٨- ووتەکانی لۆرد گلاسمەن و خالید عەزیزی لە پانێلی کنفراسی سالانەی لیبەر پارتی لە لیفەرپوول.....................
١٩- سەرەڕای ئەوەی مووشەکباران کراوین، واز لە گفتوگۆی شارستانیانە ناهێنین..........................................
٢٠- بەڕێوەچوونی سمینارێک لە پارڵمانی ئوتریش...................................................................
٢١- پێکهینانی سمینارێکی سیاسی لە وڵاتی ئوتریش.................................................................



# وتار و وتوویژەکان

## بزووتنەوەی کوردستانی ئێران ئێستاش باوەڕی بە بیرۆکە دێموکراتیکەکانی د. قاسملوو هەیە



سی ساڵ پێش ئێستا، لە رێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا؛ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد، لەگەڵ وەفدێک لە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە شاری ڤییەن کەوتە وتوویژەوە. دیپلۆمات - تێرۆریستەکانیکۆماری ئیسلامی کە بە رواڵەت بە مەبەستی وتوویژ بەڵام لە نێوەرۆک و کردەوەدا بۆ تێرۆرکردنی ئەو چووبوونە ڤییەن، لە کاتی بەرێوەچوونی ئەم وتوویژانەدا دوکتور قاسملوو، رێبەری حیزبی دێموکرات و عەبدوڵڵا قادریئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندییان تێرۆر کرد.

فەلسەفەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم رۆژی دامەزرانیەوە لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینیدا و راگەیاندنی کۆماری کوردستان بە رێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، هەردەم ئەوە بووە کە پرسی کورد لە ئێران پرسێکی سیاسی و نەتەوەییە و، تێکۆشاون هەتا لە رێگەی وتوویژەوە ئەم پرس و کێشانە چارەسەر بکرێ.

لەدوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧دا سیاسەتی حیزب بەرێبەریی دوکتور قاسملوو هەر بەپێی پێشووتر پێداگری لەسەر چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەکان بوو، سیاسەتێک وا لەدوای شەڕی سێ مانگە و بەردەوامیی حەول و تێکۆشانی خەباتکارانی کورد؛ دەوڵەتی کاتیی بازەرگانی ناچار بە قەبووڵی وتوویژ کرد و بۆ ماوەیەکی کورت ئاشتی و ئاشتەوایی لە کوردستان جێگیر و سەقامگیر بوو.

لەدوای نیزیک بە دە ساڵ لە شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کورددا و بەرخۆدان و پارێزگاریی پێشمەرگەکانی کوردستان، دوکتور قاسملوو بە مەبەستی کۆتاییهێنان بەم شەڕە نێوخۆییە لە ساڵی ١٣٦٨دا ئامادەیی خۆی بۆ وتوویژ کردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەربڕی. بەڵام بەداخەوە پەیامی ئاشتیی گەلی کورد بە نوێنەرایەتیی دوکتور قاسملوو بە فیشەک وڵام درایەوە و بووە هۆی شەهیدبوونی ئەو و هاوڕێیانی.

بزووتنەوەی کوردستانی ئێران و هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە دوای تێپەڕ بوونی سی ساڵ بەسەر ئەم تیرۆرەدا، ئێستاش بڕوای بە بیرۆکەی دێموکراتیک و ئاشتیخوازانەی دوکتور قاسملوو هەیە و درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆی دەدا و لەم پێناوەدا قوربانیی زۆریشی داوە.

ئێستاش سەرەڕای ئەوەیکە دەسەڵاتی سیاسی لە تاران بەردەوام حەولی ئەوەی داوە پرسی کورد بخاتە خانەیەکی ئەمنیەتییەوە و، بە مەبەستی لەنێو بردنی گەلی کورد بەردەوام ڕێگەچارەی توندوتیژ و ئەمنیەتی ڕەچاو دەکا.
بەڵام گەشەی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی ئێران و چالاکی و بەشداریی بەکردەوەیان لە گۆڕەپانە جیاوازەکان لە بۆنەگەلی جۆراوجۆری مەدەنی، کولتووری، ئەدەبی و نەتەوەیی لە پێناوی داکۆکیکردن لە مافە نەتەوایەتی و دێموکراتیکەکانیان، دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە بیر و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو و حیزبەکەی بە تیرۆر و سیاسەتی حاشاکردن لەنێو ناچێ. بەڵکوو بەپێچەوانەوە خەڵکی کوردستان لە خەباتی خۆیاندا شێلگیرتر دەکا.

بەرخۆدان و مانەوەی هێزی پێشمەرگە لە درێژایی ئەم ساڵانەدا لە لایەک و بەردەوامیی خەباتی بەربڵاوی چین و توێژەکانی خەڵک لە بواری مەدەنیدا، شایەدێکە لەسەر ڕاستی و دروستیی سیاسەتی فرەلایەنەی حیزبی دێموکرات و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو لەم بوارەدا.

نەمر دوکتور قاسملوو لە دەسپێکی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، بەردەوام دەیگوت: «ئەگەر تاقە ڕۆژێک شەڕ لە کوردستان ڕاوەستێ، خەڵکی ئێران و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە سەدان ڕۆژ قازانج دەکەن.»
ڕوانگەی ئەمنیەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ کوردستاندا بە تیرۆری دوکتور قاسملوو کۆتایی پێ نەهات. تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ئاڵمان لە ساڵی ١٣٧١دا، تەقینەوە لە شەوی یەلدادا لە ساڵی ١٣٩٥ و، هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە شاری کۆیە لە ساڵی ١٣٩٧دا کە بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان کەس لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەی حیزب کە لە نێویاندا ژن و منداڵیشی تێدا بوو؛ کۆی ئەمانە و سەدان پیلانی دیکەی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیاسەتی بە ئەمنیەتی کردنی

کوردستان و تێرۆری دژبەرانی دەسەڵاتەکەی بەتایبەت ڕێبەرانی کوردی ڕەچاو کردوە و هەتا بە ئێستاش بەردەوامە لەسەر ئەم سیاسەتەی خۆی.

ئێستا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، کۆماری ئیسلامییان لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی ناوەکی و ڕێککەوتنی «بەرجام» بەرەورووی کێشەگەلی گەورە و بەربڵاو کردووەتەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە پێشتریش ڕامانگەیاندوە کە سیاسەت و ئاکاری نابەرپرسانەی ئەم ڕێژیمە بووەتە هۆی کێشە خولقێنی لە نێوخۆ و لە ناوچەدا، لە هەمان کاتدا ڕوونمان کردووەتەوە کە کێشەی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی تاران لەسەر ماف و داواکارییەکانمان دەگەڕێتەوە بۆ دەیان ساڵ زووتر لە کێشە و شەڕی نێوان ئێران و ئەمریکا.

کەواتە تەوەری سەرەکیی خەبات و دژایەتیی ئێمە لەگەڵ تاران داواکاریی نەتەوەیی و دێموکراتیک و مرۆڤانەی خەڵکی کوردستانە کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوە. هەر بەگوێرەی ئەم جاڕنامەیە گشتپرسی و ڕێفراندۆم بەشێکن لە مافی سروشتیی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. مافێک کە دوکتور قاسملوو خەباتی بۆ کرد و ئێمەش درێژەی پێ دەدەین.
لە ئەگەری هەر چەشنە گۆڕانێکی سیاسی لە داهاتووی ئێران بێتوو هەمدیسان سەرنج نەدرێتە داوا دێموکراتیک و نەتەوەییەکانی گەلی کورد - هەر بەو شێوەیەی کە تا بە ئێستا وا بووە - نەک هەر زیان دەگەیەنێ بە ڕەوتی دێموکراسیزاسیۆن لە ئێراندا، بەڵکوو بەگشتی لە قازانجی سەقامگیری و پێشکەوتنی ئێراندا نییە.
بەردەوامیی بیری گشتخوازانەی دەسەڵاتی تاران و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ، داهاتووی ئێران بەرەو کۆمەڵێک سێناریۆی ناڕوون دەبا.

دوکتور قاسملوو وەک سیاسەتوانێکی پراگماتیست و بە پێڕەوی لە واقعبینیی سیاسی، بەردەوام هەوڵی دەدا دەرفەتەکان بقۆزێتەوە و ڕێگەچارەی گونجاو گەلاڵە بکا و بیخاتە ڕوو. بەڕێزیان لە هەموو ماوەی چالاکیی خۆیدا پێداگری لەسەر یەکیەتی و هاوکاریی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ دیکەی هێزە سیاسییەکانی ئێران دەکرد.
سی ساڵ پێش ئێستا دۆسییەی تێرۆری دوکتور قاسملوو لەلایەن دەزگای دادی وڵاتی ئۆتریشەوە بەدواداچوونی یاسایی بۆ نەکرا و، بەداخەوە نەک هەر هیچ دادگا و پارێزەرێک بۆ تاوتوێ کردنی ئەم دۆسییەیە دیاری نەکرا و بەڕێوە نەچوو؛ بەڵکوو دیپلۆمات - تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئازادی چوونەوە بۆ تاران.

ڕۆڵی سیاسیی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێران و گەورەیی هزر و ئەندێشەکانی،

سیمای سیاسەتوانێکی دیاری کوردستانی و ئێرانی پێ بەخشیبوو، بەشێوەیەک کە هەر تاک و هێزێکی دێموکرات و پێشکەوتنخواز دوکتور قاسملوو بە ئیی خۆی دەزانێ. هەربۆیە جێگەی خۆیەتی لە سییەمین ساڵرۆژی تێرۆری ئەم ڕێبەرە بەرچاو و سیاسەتوانە گەورەیەدا، هەموومان پێکەوە و بە هەر شێوازێک کە دەکرێ یاد و بیرەوەریی نەمر قاسملوو بەرز ڕابگرین و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئیدانە بکەین.

یاد و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو لە بیرۆکە و مێشکی گەلی کورد و بەرنامەی سیاسیی خەباتی حیزبی دێموکرات بە چەشنی چرایەکی ڕێگای خەبات بۆ هەمیشە هەرمانە.

٢٣ی جووڵای ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

## دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی کۆتایی کۆنگرەی ١٧




ئەندامان و پێشمەرگەکان و کادرەکانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!

بەخۆشییەوە کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەسترا بەپێی دەستووری کارێک کە هەبوو کۆتایی پێهات و ئەو کۆنگرەیە لە تەواوی بڕگەکانی کاری ڕۆژانەی خۆیدا بەسەرکەوتوویی توانی کارەکان بەرێتە پێش. کاتێک باسی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین تەبیعەتەن هەوراز و نشێو لە ژیانی سیاسیی ئێمەدا قۆناغی جۆراوجۆر تا گەیشتن بە لووتکە و زۆرجار تەنانەت زەربەی گەورەش لە ئێمە دراوە، بەڵام هەر هەستاوینەتەوە. ژیانی سیاسی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات و دەربەدەری و هەندەران، مێژووی ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی ئەندامانی



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی بە ڕێبەرانیەوە ئەوەندە جۆراوجۆر بووە، بۆیە قسە کردن لە کۆنگرەی حیزبی دێموکرات دەتوانێ لە زۆر بوارەوە سەرنجڕاکێش بێ. یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێشەوا قازی محەممەد دەستی پێکرد، کۆنگرەکانی دیکە لە ئیدامەی خۆیاندا بە دوکتور قاسملوو گەیشتنە لووتکە، دوکتور شەرەفکەندیش هەر لە درێژەی دەسپێک و لووتکەوە لەو شەرایەتە ناخۆشەدا ئیدامەی دا. بۆیە کۆنگرەی ئێمە تێکەڵاوێکە لە یادی ڕێبەرانمان پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی، بەرهەمی خوێنی هەزاران هەزار شەهیدە، بەرهەمی تێکۆشانی سەدان کادر و هەزاران پێشمەرگەیە، بەرهەمی خۆڕاگری و خەبات و تێکۆشانی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتە کە بەشێکیان سەربازی ونن، ئەگەر نەیانتوانی لێرە لە کۆنگرەدا حزووریان بێ لەگەڵ ئێمە، بەڵام لەوێ بە شێوازی جۆراجۆر ئەو حیزبەیان سەربەرز ڕاگرتووە و، دیسانیش کۆتاییان نەکردوە پەیام و تێبینیی خۆیان ناردووە بۆ کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەم کۆنگرەیە مەعنایەکی تایبەتی دیکەشی هەیە کە بڕێک جیاوازی دەکاتەوە لە هەندێک لە کۆنگرەکانی پێشوو بە پێڕەوی لە ئێستای ژیانی سیاسیی ئێمە. ئەم کۆنگرەیە بە ناوی کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان ناودێر کرا، لە شەرایەت و زرووفێکدا گیرا کە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات دەوری ساڵێک و دوو مانگ پێش لە ئێستا بە مووشەک هێرشی کرایە سەر و، لە ئاکامی ئەو هێرشە مووشەکییەدا پۆلێک لە هاوڕێیانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوون. هەرچەند لەم کۆنگرەیەدا ئەو هاوڕێیانە جێگایان بەتاڵ بوو بەڵام بیر و باوەڕی ئەوان و بیرۆکەی ئەوان بەهێز بوو. هەر بەدوای شەهیدانی قەڵا ئیرادەیەک لەو حیزبەدا دروست بوو کە توانی بڕیار لە ئیدامەی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا بەهێز بکا ئەگەر زەربەی قورسیشی لێ بکەوێ. ئێمە لە قۆناغێکدا کۆنگرە دەگرین و کۆنگرەمان بە سەرکەوتوویی تەواو کرد کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە شێواوییەکی بەریندایە، تەنانەت ئەو وڵاتانەی دەسەڵاتی تۆکمەیان هەیە لە دەوروبەرمان، لە زۆر بواردا ئەمنیەتێکی تەواویان نییە تەنانەت زۆر لایەن هەن ڕەنگە لە ژیانی سیاسیی خۆیاندا مەوقعیەتیان لە ئێمە باشتر بووبێ بەڵام وا بەڕاحەتی کۆنگرەیان بۆ نەگیراوە. هەموو ئەو پێداهەڵکوتنە بە خۆمان و بە کۆنگرەی خۆمان پێداهەڵکوتن بە ئیرادەیەکە، بەبڕیارێکە کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر یەک ئەو بڕیارەیان بەدرێژایی ژیانی ئەو حیزبە داوە. ئەگەر لێشمان بدەن، زەرەری قورسیشمان پێبگەیەنن و بۆخۆیان پێیان وابێ شکستیان داوین، نا ئێمە لەو مەیدانەدا هەڵدەستینەوە و هەستاوینەتەوەش. جا ئەگەر وایە حیزبێک ئەو ئیرادەیەی لە ڕابردووەوە لەپشت بووبێ، بێگومان کاتێک لەگەڵ قەیرانی ئاوا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کاتێک زۆر لایەن لە بواری ئەمنیەتییەوە دەبنە هەڕەشە لەسەری، مەبەست لە زۆر لایەن تەنیا موئەسساتی کۆماری ئیسلامییە. بە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، بە دەزگا ئەمنیەتییەکانیەوە، بە سیستمی سایبری و هەموو ئەوانەوە کە لە سۆنگەی ئەمنیەتییەوە هەڕەشەیەک بوون لەسەر ئێمە. بەڵام لە بەرامبەر ئیرادەی بەهێزی ئێمەدا نەیانتوانی هیچ بکەن. بۆیە گەورەترین سەرکەتنی کۆنگرەی ئێمە ئەوەیە کە لەو کەش و هەوایەدا، توانی پۆلێک لە هاوڕێیانی حیزبی لێرە و لە دەرەوی وڵات لەدەوری یەک کۆ

بکاتەوە و بەیەکەوە لەسەر چارەنووسی حیزبەکەمان، لەسەر داڕشتنی سیاسەت و، داهاتووی حیزبەکەمان مەشوەرەت بکەین و بۆ جارێکی دیکە هەموومان پەیمان نوێ بکەینەوە، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئیعتباری ڕابردووی، نفووزە جەماوەرییەکەی لە نێوخۆی وڵات، وردبینی و سەرنج و هەستی بەرپرسایەتیی کادرەکانی؛ ئەو حیزبە نییە بەو زەربانەی کە کۆماری ئیسلامی لێمان دەدا بە چۆکدا بێ و تەسلیم بێ، نا قەت وا نییە. هۆکاری هەیە ئەو نا گوتنە، یەک لە هۆکارە هەرە بەهێزەکان ئیرادەی خۆمانە و هۆکاری دووهەممان ئەوە بوو پاش هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئێمە، خەڵکی بەئەمەگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم هەموو ئەوانەی کە بە پەرۆش بوون، بۆ داهاتووی ئەم جووڵانەوەیە بۆ داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کوردستانی ئێران لەماڵەکانی خۆیان مانەوە، ئێعترازیان بە کۆماری ئیسلامی کرد و، پەیامێکی بەهێزیشیان بۆ ئێمە نارد، گوتیان ئێمە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵتانین، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، حیزبی هەزاران شەهید و حیزبی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان کە لە بەرامبەر مووشەکیشدا ڕاوەستان و بە چۆکدا نەهاتن. ئەوە فاکتۆری بەهێز و بەرزی ئەو کۆنگرەیە بوو، ئەوە دەستەبەری ئەوە دەکا کە ئەو حیزبە بە ئیعتباری هەموو ئەوانە لە مەیداندایە و لە مەیداندا دەمێنێتەوە و، بە ئیعباری مەوقعیەت و نفووزێک کە هەیەتی لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تێدەکۆشێ لە سیاسەتە گەورەکاندا گەورە بێ و لەو شوێنانەی پێویستە جێگە و پەنجەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبەجێ بکا و سەقامگیری بکا.

جیاواز لەو ئیرادە بەهێزە، جیاواز لەو ئەرکەی کە لەسەر شانی ئێمە داندراوە و ئێمەش ئەمەگناسانە بەڕێوەمان برد و تەحەممولی زۆر مەترسیمان کرد. تەبیعەتەن ئەو کۆنگرەیە لە بواری تەداروکاتی و پێڕاگەیشتنەوە، دیسانەکانە بەرهەمی کار و تێکۆشانی هەموو ئۆرگانەکانی حیزب بووە؛ هەر ئۆرگانێک بە شێوەی خۆی و لە جێگای خۆیدا. بۆیە جێگای خۆیەتی لێرە من لە لایەن هاوڕێیانەوە سپاسی هەموو ئۆرگانەکانی حیزب تاک بە تاک بکەم کە لە ماوەی بەستنی کۆنگرەدا لە ڕۆژی یەکەمەوە تا کۆتایی هاتنی کۆنگرە ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانیان بوو، وەک حیزبێکی موتەعەهێد جێبەجێیان کرد و بەڕێوەیان برد.

پێش کۆنگرە لەو کەشوهەوا ئەمنیەتییەی کە بەسەر ئێمەیاندا زاڵ کردبوو و کۆماری ئیسلامی پەیتاپەیتا دیویست فەزایەکی ناخۆشی ڕەوانی بۆ ئێمە دروست بکا، کومیتەی ئامادەکاریی کۆنگرە، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی. ئەندامانی دەفتەری سیاسی، هەر هەموویان بەوەوە ماندوو بوون کە ئێمە بچینە کۆنگرەیەک وردبینی لە هەموو بوارێکدا کرابێ. بۆیە جێگای خۆیەتی زۆر زۆر سپاسی کومیتەی ناوەندیی پێشوو، ئەندامانی دەفتەری سیاسی و بەتایبەت زۆر سپاسی هاوڕێی تێکۆشەرم کاک مستەفا مەولوودی بکەم کە زۆر باش شانی وەبەردا و مەسئوولانە و مەعقووڵانە جووڵاوە. هەموو ئەوانە بەیەکەوە



سەرچاوە
Serchawe

توانیان ئەو زەمینە لەبارە دروست بکەن کە کۆنگرەی ئێمە کاتیک کۆ ببووینەوە بە هەستی ئارامش و ئەمنیەتەوە لەوێدا بتوانین لەگەڵ یەکتر قسە بکەین.

جیاواز لە هەمووی ئەوانە بەخۆشییەوە کۆنگرەی ئێمە لە بواری سیاسیشەوە ئاگاداری دۆخی سیاسی لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و هەروەها پرسی کورد وەک نەتەوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. بۆیە ئێمە لە ماوەی کۆنگرەدا لە باسێکی چڕوپڕدا تێکۆشاوین لەگەڵ یەکتر بەیەکەوە بۆچوونە جیاوازەکان کۆ بکەینەوە و بیکەین بە پردێکی بەهێز بۆ ئەوەی حیزبەکەی ئێمە لە داهاتوودا بتوانێ لە هەموو ئەو بوارانەدا سیاسەت بکا.

کۆنگرەی ئێمە کۆنگرەیەکی دێموکراتیک بوو، باسەکانی ئێمە لەنێو کۆنگرەدا هەر ئەوە بووە کە لە ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە بەژنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕاوە. واتە لە کۆنگرەکاندا بە شێوەیەکی ئازاد و دێموکراتیک قسە دەکەین، جیاوازییەکان دێنینە بەرباس، بەڵام کاتێک کۆنگرە تەواو دەبێ، کار و تێکۆشان و بەرپرسایەتی و دەست جێبەجێ کردنی بڕگەکانی کۆنگرە لە بواری جۆراوجۆردا پێدەکا. ئێمە هەموومان بە خۆشییەوە لە کۆنگرەدا ئەوەمان ڕاگەیاند کە بەیەکەوە لە ئاست جێبەجێ کردنی بڕگەکان و بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٧دا، تێدەکۆشین بە ئیحساسی مەسئوولیەتەوە کار بکەین و، هەر ئەوەش لە ئێمە دێتەوە. چۆن توانیمان بەیەکەوە خەسارەتی ڕەوانی و تەشکیلاتیی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات تا ڕادەیەکی زۆر ساڕێژ بکەینەوە، دڵنیام بەیەکەوە دەتوانین لە ماوەی ساڵانی داهاتوو هەتا کۆنگرەی ئایندە، ئەو حیزبە دەوڵەمەندتریش بکەین. ئەمن لەوە دڵنیام هەموومان بەیەکەوە و بە هاوکاریی یەکتر، چون حیزبی ئێمە بەخۆشییەوە پیانسییێلی ئەوەی هەیە و نیشانی داوە ئەوە عەمەلییە و دەگونجێ.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، لێکدانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەنجەرەی بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوەی کورد بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، لەو پێوەندییەدا سیاسەتی ئێمە لە هەر شوێنێک و لە هەر جێگایەک لە بوعدی دیپلۆماسی و پێوەندیی نێودەوڵەتی، ئەگەر دەرگایەک بۆ حیزبی دێموکرات بکرێتەوە، تێدەکۆشێ لەو بوارەدا دەنگی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو شوێنە بگەیەنێ و، تێدەکۆشێ ئەو پەیامە بگەیەنێ کە لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێک کە بەسەر ئێراندا دێ بە شەڕ، ئاشتی و ئاڵوگۆڕی دیکە؛ ئەوەیان لەبیر بێ ئێران ئەمنیەت و ئاسایش بە خۆیەوە نابینێ ئەگەر کێشەی نەتەوەی کورد لەم وڵاتەدا چارەسەر نەکرێ. ئەگەر قەزییەی نەتەوەی کورد لە ئێراندا لەبەرچاو نەگیرێ ئەوە یەکێک لەو شتە ئۆسوولیانەیە کە بەخۆشییەوە کۆنگرە تەئکیدی لەسەر کردەوە. هەر لەو پێوەندییەدا کۆنگرە پێداگریی لەسەر ئەوە بوو کە ئێمە تێبکۆشین وەک نەتەوەی کورد و لایەنەکانی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران، کاتێک لەگەڵ لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان قسە دەکەین، لەوێش هەر ئاوا هەڵسکەوت بکەین.



سەرچاوە
Serchawe

هەڵسوکەوتی ئێمە لە گەڵ هەموو ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان ئەوەیە چەندوچۆنیی دەربەست بوون و بڕیار و بەڵێنییەکانی ئەوان بە نیسبەت چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەییەک لە داهاتووی ئێراندایە. ئەوە بەردی بناغەی ئێمەیە لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی. هەروەها ئێمە تەئکیدمان کردەوە، تێدەکۆشین تەوای ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان بە دۆست چاو لێ بکەین مادام لەدژی کۆماری ئیسلامی لە خەبات و تێکۆشاندان. بەڵام دۆست بوون پێشەکییەکە، کە شۆڕ دەبینەوە ڕادەی ڕێککەوتن و بەڵێنییەکان و کاری هاوبەش لەگەڵ هەر کام لەوانە دەگەڕێتەوە سەر ڕادەی ئیعترافی ئەوان بە پرسی ئێمە و ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ ئەوان.

کۆنگرە لە خانەی گرینگی دان بە یەکڕیزی لەنێو ماڵی کورد تەئکیدی کردەوە بەخۆشییەوە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئێستاش هەر ئەوە بووە، لانیکەم لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریدا چوار حیزب هاوکاری یەکتر دەکەن، ئەوە بەهێز بکەین، واریدی فازی ئەوە بین کە ئێمە بەیەکەوە باشتر تەحەمولی یەکتر بکەین. بەو جۆرەی کە هەین یەکتر تەعریف بکەین و هەموومان بەیەکەوە لە هەموو بوارەکانی پێوەندیدار لە چەندوچۆنیی هیدایەتی خەباتی نێوخۆی وڵات، لە ئاستی نێودەوڵەتی و لە زۆر بواری دیکەدا گوفتمانێکی هاوبەشمان هەبێ، بەڵکوو بەیەکەوە سەرکەوتوو بین و؛ ئادرەسێکی بە قووەت لەلایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی دروست بکەین.

هەڵوێستی کۆنگرە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە پێزانینی خۆی بۆ تێکۆشەران و چالاکانی مەدەنی، خەباتکارانی جەماوەری، تێکۆشەرانی بواری جۆراجۆری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کورستان دەربڕی. لە هەمانکاتدا تەئکید و کاری ئێمە لەسەر نێوخۆی وڵاتە و بەتایبەت مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەڵام وەدەنگ هاتنی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بۆ پشتیوانی کردن لەو ڕووداوانەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دێنە گۆڕێ؛ بە ڕێزەوە باسی لێ کرا و بەوە زانرا کە ئەوە ئاستی بەرزی فام و شعووری نەتەوەیی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەیەنێ. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو ئەرکەشی هێنا گۆڕێ کە ئێمە تێبکۆشین لە نێوخۆی وڵات و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک نەتەوەیەک نەهێڵین کۆماری ئیسلامی بە کەممان بزانێ. کۆنگرە لەسەر ئەوەش تەئکیدی کردەوە ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمان هەیە کە جۆراوجۆریی نەتەوەی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا ببێتە هەوێنی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نێو ماڵی کورد و، بەیەکەوە وەک نەتەوەیەک بەرەوڕووی هەر ڕووداو و هەر مەسەلەیەک کە لە نێوخۆی ئێران و لە تاران دێتە گۆڕێ، ببنەوە.

کۆنگرە هەروەها کار و تێکۆشانی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات کە ئێستا لە وڵاتانی دەرەوە دژین، بەرز نرخاند. ئەو جەمعە لە هاوڕێیانی ئێمە لە دەرەوەی وڵات لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە زۆر بواردا بەتایبەت بوارە

ناخۆشەکاندا کە حیزبی ئێمە پێویستی بەوە بووە بە پشتیوانییەکی زۆرتر ڕووبەڕووی پلان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بێتەوە، لەگەڵمان و پشتیوانمان بوون. هەر بۆ ئاگاداریی ئێوە بەخۆشییەوە ئێمە خاوەنی حیزبێکین جیاواز لەوەی کە شوێنی چالاکیی ئێمە، زۆربەی زۆری ئەندامانی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتە، بەڵام ئەو پۆلە لە هاوڕێیانی ئێمە کە لە دەرەوەن، لەو ماوەیەدا لە تێکۆشانی خۆیان کۆتاییان نەکردوە و، توانیویانە دەورێکی زۆریان هەبێ. بۆیە لە کۆنگرەشدا بە هەستی بەرپرسایەتی و سۆزی نەتەوەیی و حیزبی هاتبوونەوە کوردستان و بەشدارییان کرد. ئێمە کار و چالاکیی ئەوان بەرز دەنرخێنین و هیوادراین لە داهاتووشدا لە هەموو بوارەکاندا ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن.

کۆنگرە بە پێزانین و هەستی بەرپرسایەتی و هەروەها بە تێگەیشتنێکی زۆر بەهێز، ئەرزش و فیداکاری و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و ناو ڕابردووی ئەوانی هێنایە بەرباس. کاتێک دەڵێین پێشمەرگە ئەوەمان لەبیر بێ ناوی پێشمەرگە و ئەو هێمایە کە ماوەتەوە دەسکەوتی کۆماری کوردستانە، دەسکەوتی ڕاستەوخۆی حیزبەکەی ئێمەیە. بۆیە کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی پێشمەرگە و ناوی پێشمەرگە و گرینگی و ڕۆڵ و دەوری پێشمەرگە دەکا جیاواز لە ئەرکی نەتەوایەتییەکەی ئەرکێکی حیزبیشە. کۆنگرە زۆر بە بایەخەوە گرینگیی بەوە دا، چون ژیانی حیزبی دێموکرات و مانەوەی ئەم حیزبە بە دوای هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەرگریی حیزبی دێموکرات و هیدایەتی ژیرانەی ڕێبەرانی حیزبی بووە، بە فیداکاریی پێشمەرگە بووە کەم گوندی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەیە یا کەم شار هەیە کە گۆڕی پێشمەرگەیەکی لێ نەبینی. ئەو گۆڕانە و ئەو ناوە ونانە بەشێک لە مێژوو و پێناسەی نەتەوایەتیی حیزبی ئێمەیە. بۆیە پێشمەرگە لای ئێمە هەروا بەو ئیعتبارەوە چاوی لێدەکرێ، بۆ جارێکی دیکەش سەربەرزین بە پێشمەرگەکانمان، سەربەرزین بە خەبات و تێکۆشان و، سەربەرزین بە مانەوەیان؛ هەموومان پێشمەرگەی دێموکراتین.

بڕگەی کۆتایی کۆنگرە هەڵبژاردن بوو. هەموو کۆنگرەکانی ئێمە کە دەگاتە کۆتایی بە هەڵبژاردن تەواو دەبێ. هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە دیسان بە مەشوەرەت و لێکدانەوە، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێرینەوە و کاری پێ بسپێرین. بەخۆشییەوە کۆنگرە لە بڕگەی هەڵبژاردندا توانی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێرێ و، تا ئەو جێی پێوەندیی بە دەرەوە هەیە بە ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێیانی دەرەوە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کردوومانە، تێدەکۆشین لەوێش یارمەتیدەر بین بۆ ئەوەی کە چۆن بتوانین کومیتەی دەرەوە بە شێوەیەک ساغ بکرێتەوە، بە شێوەیەک دیاری بکرێ کە وڵامدەری نیازەکانی تەشکیلاتی، دیپلۆماسی، تەبلیغاتی و کۆمەڵایەتیی هەزاران ئەندامی حیزبی دێموکراتە کە لە دەرەوەی وڵاتە و، نوێنگە و سوێنگەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات بێ کە چالاکیی جۆراجۆری هەیە. ئێمە لەسەر ئەوەش کار دەکەین و لە داهاتوودا جێبەجێی دەکەین.



سەرچاوە Serchawe

کاتێک کۆنگرە پۆلێک هەڵدەبژێرێ بۆ کومیتەی ناوەندی، ئەرکیان پێدەسپێرێ و بێگومان تەبیعەت و قانوونی هەڵبژاردن وایە هەندێکمان هەڵدەبژێردرێین هەندێکیشمان هەڵنابژێردرێین. تا ئەو جێی پێوەندیی بە ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بووە، لە ڕابردووشدا ئێمە قۆناغی وامان بینیوە چ ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژێردرێن کە زۆرتر کارەکەیان ئەرک و تێکۆشانە، چ ئەو کەسانەی دەنگ ناهێننەوە کە لە حیزبی دێموکرات دیسان هەر کاریان دەبێ و ئەرکیان دەبێ، چ ئەو پۆلە لە هاوڕێیانی بە ئەزموونی ئێمە کە دەورانێک لە ڕێبەریدا بوون، بەڵام خۆیان کاندید نەکردوە؛ هەموومان لە یەک نێومالداین، نێومالی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەو جۆرەی باسم کرد ئاوای پێناسە دەکەین. بۆیە هیچ کام لەو لایەنانە بەو مەعنایە نییە هەڵبژاردرابن و هەڵنەبژاردرابن لە کار و پێگە و کەسایەتییان کەم بوویێتەوە، هەڵبژاردن و دەنگ هێنانەوە تەنیا مێکانیزمێکە بۆ ئەوی ئێمە لە ئیدارەی ئەو حیزبە لە داهاتوودا، بزانین کێ چ کارێک دەکاو کێ چ کارێک ناکا. بۆیە دوای تەواو بوونی کۆنگرە، ئەو کۆمەڵە کەسە بەیەکەوە بەڵێنمان داوە دەست دەدین بە دەستی یەک و لە تەجروبە و ڕابردوو و کەسایەتیی یەکتر کەلک وەردەگرین؛ چۆن کاروانی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەموو ئەو پاشخان و ڕابردووەی هەیەتی بە لووتکەی بگەیەنین. ئەمن دڵنیام حیزبی ئێمە دەتوانێ ئەو کاروانە مودیرییەت بکا و، بە تێکۆشانی خۆی حیزبەکەی بە ئاواتەکانی بگەیەنێ.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە خۆشحاڵیی خۆمان ڕادەگەیەنین کە کۆنگرە - کە زەڕەبینی لەسەر بوو جۆراجۆر بەخۆشییەوە توانی سەرکەوتووانە کارەکانی تەواو کا و، هەر ئەو ئیرادەیەی کە لە پشتی بەستنی کۆنگرە بوو بەیەکەوە ئەو بەرنامەیەمان بەجێ گەیاند، ئەو ئەرکەمان جێبەجێ کرد. هەر ئەو ئیرادەیە دەتوانێ بەردی بناغەی درێژەی کار و چالاکی و تێکۆشانی ئێمەش بێ.

دیسانەکە ئێوە هەر ساغ و سڵامەت بن، هەمووومان هەر سەربەرز بین، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: هیچ لایەنێک ناتوانێ فاکتۆری کورد لە داهاتووی ئێراندا نادیدە بگرێ




"ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٣ی خەزەڵوەر پرێس کۆنفڕانسێک بە بەشداریی چەند کاناڵێکی میدیایی باکوور، باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها پەیامنێری «ڕادیۆ فەردا» بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەم پرێس کۆنفڕانسەدا کە بەبۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی ١٧ی حیزبەوە پێک هات، سەرەتا کاک خالید عەزیزی باسێکی سیاسی لەسەر خوێندنەوە و دەرەنجامەکان بۆ کۆنگرە خستە ڕوو. لە برگەکانی دیکەی پرێس کۆنفڕانسەکەدا، پەیامنێری کاناڵەکانی ڕاگەیاندن پرسیار و سەرنجەکانی خۆیان بەرەورووی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە لەلایەن بەڕێزیانەوە وڵام درانەوە.

لەم پرێس کۆنفڕانسەدا کاناڵەکانی «کوردستان ٢٤»، «تۆڕی میدیایی ڕووداو»، «ڕادیۆ فەردا»، «ڕۆژنیووز»، «کوردسات»، «سپێدە»، «کوردسات نیووز»، «ئێن ئارِ تی»، «کەرکووک»، «گەلی کوردستان» و «کوردکاناڵ» بەشدار بوون.

«کوردستان» بە باشی زانیوە پرسیار و وڵامەکانی ئەم پرێس کۆنفڕانسە بۆ خوێنەرانی بگوازێتەوە:"

**دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەسپێکی پرێس کۆنفڕانسەکەدا**

**بەیانیتان باش!**



سەرچاوە
Serchawe

زۆر زۆر بەخێر بێن بۆ قەڵای دێموکرات!

هەر وەکوو ئاگادارن، نیزیک ساڵێک و دوو مانگ پێش لە ئێستا، ئەم قەڵایە کە ناوەندی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، ئەو حیزبەی کە بە ڕابردوو و بە سیاسەتێکی واقعبینانە کە هەیەتی و، لە نێوخۆی وڵات خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؛ هێرشی مووشەکیی کرایە سەر.

لە دەستی ڕاستی مندا، وێنەی دوو هاوڕێی ژنی لێیە کە لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا شەهید بوون. ئەگەر ئەو کات ئەم قەڵایە لایەکی بە مووشەک وێران کرا، بەڵام هەر بە ئیرادەی ئەو خەڵکە توانیمان ئاوەدانی بکەینەوە. ئێرە شوێنی کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبە و ئێمە ئێستا لە بەردەم ئەو شوێنەدا دانیشتووین - بە یادی ئەوان کە ئێوە لەدوای پرێس کۆنفرانسەکە ژووری یادبوودەکەشیان دەبینن - ؛ بەردەوام لەسەر ئەرک و تێکۆشانی خۆی دەچێتە پێشەوە.

کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دیسان بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی قەڵا (شەهیدانی ١٧ی خەرمانان)، بەو ناوە ناودێر کرا. ناوێک کە پڕبە پێستی بوو و، لەگەڵ سروشت و مەبەستی کۆنگرەش دەهاتەوە. ئەو ئیرادەیەی کە ئەو کات ئێمە هەمانبوو کە لە بەرامبەر مووشەکدا چۆک دانەدەین، هەر ئەو ئیرادەیە مێکانیزم و هاوکاری و بڕیارێکی لەنێو حیزبی ئێمەدا دروست کرد، کە ئێمە کۆنگرەی ١٧ بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو فشارە ڕەوانی و ئەمنیەتییانەی کە لەسەرمانە؛ دەیگرین و گرتیشمان. بڕیارمان دا بە لەبەرچاو گرتنی ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات - کە ئێمە پێبەندین بەوە- سەرەڕای هەموو ئەو زەرەر و زیانانەی پێمان دەگەیەنن، ڕێبەرانمان تێرۆر دەکەن، بە مووشەک هێرش دەکەنە سەر قەڵا، هێرشێکی بەرینی مێدیایی لەلایەن کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانیەوە لەسەر ئێمە هەیە، بەڵام دیسانەوەش ئێمە بڕیارەکانی ئەساسنامەی حیزب بەجێ دەگەیەنین و کۆنگرەکەمان دەگرین.

ئەندامانی حیزب، تەشکیلاتی حیزب، بەگشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەژێر فشارێکی قورسدا بوو، بە داڕشتنی بەرنامەیەکی زۆر دەقیق و ڕێکوپێک بەجۆرێک کۆنگرەی گرت، کە لە ڕۆژی دەسپێکەوە تا کۆتایی هاتنەکەی نهێنییەکەی بەتەواوی پارێزرا و، ئەرکی هەرە قورسی پاراستنی ئەو نهێنییە بۆ ئەوەی کە درز نەکاتە دەرەوە لە ڕاستیدا دیسان دەگەڕێتەوە سەر ئەندامان و تەشکیلات و بەشی ئەمنیەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ کە زۆر زۆر ڕێکوپێک کاریان بۆ کرد.

بەخۆشییەوە ئێمە کۆنگرەی حەڤدەیەممان تەواو کرد و ئەوە بۆ ئێمە شانازییەکی گەورەیە. حیزبێک کە لە شەرایەتێکی ئاوادا هەموو ئەو فشار و زەختانەی لەسەرە، بتوانێ کۆنگرەی خۆی بە ڕێکوپێکی بگرێ، زۆر هونەرە و ئێمە ئەو هونەرەمان هەبوو و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئیرادەی ئەندامانی ئەو حیزبە؛ هەم لە دەرەوەی وڵات و هەم لێرە لە هەرێمی کوردستان و هەمیش لە نێوخۆی وڵات. ئیرادەی سێ شوێنی جیاوازی جوغرافیایی بوو کە حیزبی دێموکراتیان لەو بوارەدا بە سەرکەوتن گەیاند.

لەم کۆنگرەدا بە تەبیعەتی سوننەتی حیزبی دێموکرات کە لە ئەساسنامەی حیزبیدا جێگیر بووە، ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی پێشکەش کرا، دوایە ئەندامانی کۆنگرە لە فەزایەکی زۆر ئازاد و دێموکراتیکدا لەسەر هەموو بەندەکانی ڕاپۆرت قسەیان کرد - باسێکی سیاسیی تێر و تەسەل کە زۆرتر پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و بەگشتی پرسی کوردەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو -، هاتە گۆڕێ. ئێمە لەوێدا لەژێر ڕووناکایی ئەو واقعیەتە کە حیزبی دێموکرات، حیزبی کۆمەڵانی خەڵکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێداگرییەکی زۆرمان لەسەر چەند و چۆنیی پشتیوانی کردن و بە هاناوە چوون و هاوکاری کردن و ڕێنوێنی کردنی ئەو خەباتە بەربەرین و جەماوەری و مەدەنی و سیاسییە کە لە نێوخۆی وڵات هەیە کردوەتەوە، چونکوو ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ نێوخۆی وڵات چڕوپڕە و فیدبەکەکانیمان بۆ هاتبۆوە. ئینعکاسی ئەو جموجۆڵەش لە ساڵی ڕابردوودا بیندرا. کاتێ قەڵا کەوتە بەر هێرشی مووشەکەکانی ئێران، ئێمە مووشەکمان نەبوو شەڕی مووشەکییان لەگەڵ بکەین، بەڵام خەڵکمان هەبوو لە نێوخۆی وڵات. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر چوار ڕۆژ دواتر بە مانەوە لە ماڵەکانیان، بە ئیعتراز بە کۆماری ئیسلامی بە ئێمەیان گوت، ئێوە ڕێبەران و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات ئەگەر مووشەکتان نییە لێیان بدەن، ئێمە لێرە بە سەدان هەزار کەس لەدژی کۆماری ئیسلامی ڕادەوەستین و پشتیوانیتان لێ دەکەین. بۆیە پەیامی ئێمە بۆ ئەوان و پەیامی ئەوانیش بۆ ئێمە لەم کۆنگرەیەدا، بەردی بناغەی پێوەندییەکی بەهێزتری دروست کردوە و ئێمە سەربەرزین بەوە.

ئێمە کاتێک مووشەکباران کراین، بێجگە لە دەوڵەتی ئامریکا کە لە شۆڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو کردەوەی مەحکووم کرد و هەر ئەو کات سپاسمان کردن و، بێجگە لە هاودەردیی کۆمەڵانی خەڵک لە باشووری کوردستان کە بەڕاستی وەکوو هەمیشە بە هانامانەوە هاتن. لەوەش بگەڕێتەوە گرینگترین بەشی ئەم هاوخەمی و هاوسۆزییانە لە نێوخۆی وڵات بوو؛ کە لەدژی کۆماری ئیسلامی بە بەرنامە ڕاوەستان. جا هەر بۆیە قورسایی کاری ئێمە لە کۆنگرەدا ڕووی لە نێوخۆی وڵات بوو.

بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرە ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات، لەبەر ئەوەی کە حیزبێکی نەتەوەییە؛ قەت بە نیسبەت

ڕووداوی پارچەکانی دیکەی کوردستان کەمتەرخەم نەبووە. لە هەر هەڵکەوت و بۆنەیەکدا بووبێ، ئێمە ئەوەمان بە جۆرێک هەڵوێستە کردوە تەنانەت دەنگدانەوەی هەڵوێستی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتیش کاریگەریی هەبووە. لە ڕێفراندۆمەکەدا، کاتێ جەنابی مامجەلال وەک سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا، کاتێ پرسی ڕۆژاوا هاتە گۆڕێ، بە هەر بۆنەیەکەوە بێ ئەوان لە مەیداندا بوون و پشتیوانیی خۆیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دەربڕیوە. بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر کولتووری هاودەردیی نەتەوەیی کە لە سەردەمی پێشەوا قازی محەممەدەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێگیر بووە. بۆیە لەو مەیدانەشدا ئێمە توانیمان گرینگی بەو ڕۆحە نەتەوەییە لە کۆنگرەکەماندا بدەین. بوارێکی دیکە ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات، سیاسەتێکی فرەڕەهەندی هەیە. بەردی بناغەی مقاومەت و مانەوەی ئێمە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا - کە ٤٠ ساڵ پێش لە ئێستا هێرشی کردینە سەر و هەتا ئێستاش بەردەوامە - بوونی پێشمەرگە بوو. پێشمەرگە هێمای حیزبی دێموکراتە، پێشمەرگە یادگاری کۆماری کوردستانە و، ئێمە لەسەر ئەوە پێداگریمان کردەوە کە خەبات و جووڵانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەگشتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لەدژی داعش لە دنیادا نەقشی بەست و، ڕابردووی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە؛ وەک هێمایەک هەمیشە جێگای ڕێز بووە و هیواداریین لە داهاتووشدا پێشمەرگە بەگوێرەی پێویست و لەژێر ڕووناکایی لێکدانەوەکانی ئێمەدا دەور و ڕۆڵی خۆی ببینێ.

لە بۆچوونی فرەڕەهەندیدا، ڕەهەندێک نێوخۆی وڵات بوو کە بە چڕوپڕی ئاماژەم پێکرد. ڕەهەندێک بواری تەشکیلاتیی حیزبی دێموکرات بوو کە چۆن بەهێزی بکەین، هەم لە نێوخۆی وڵات هەم لە دنیای دەرەوە و هەمیش لێرە. ڕەهەندێکیش بواری دیپلۆماسی بوو. حیزبی دێموکرات سەرەڕای قۆناغی جۆراوجۆر، هەمیشە هەوڵی داوە لە بواری دیپلۆماسیدا باش کار بکا و بچێتە پێشەوە. ڕەهەندێکی دیکە ئەوە بوو کە هەموو ئەوانە کاتێک بەباشی دەچێتە پێش کە ئێمە یەکگرتووییمان هەبێ، لانیکەم ئێستا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ بنەمایەکی باش بێ بۆ ئەوەی کە هەموومان بەیەکەوە کۆ بکاتەوە و لە درێژەی خۆیدا ببێ بە ئالتێرناتیڤێک کە ئێمە بەیەکەوە بەهێزتری بکەین. وە ڕەهەندێکی دیکە ئەوە بوو ئێمە هەرێمی کوردستان بە دەسکەوتێکی بەرزی نەتەوەیی دادەنێین کە جێ کەوتووە و، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێستا و لە داهاتووشدا؛ سەرکەوتنەکانی ئێرە بە سەرکەوتنی خۆی دەبینێ. ئاڵقەی پێوەندی و تێکەڵاویی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان، لەمێژە نەهادینە بووە. بۆیە جیاواز لە لایەنی سیاسی، ئەو هاوسۆزی و خۆشەویستییانە لە جێگای خۆیدا هەر بەباشی دەمێنێتەوە.

**دیسان بەخێرهاتنتان دەکەم و ئامادەی وڵامدانەوە بە پرسیارەکانتانم.**

**گەلی کوردستان:** ئەمڕۆ گەلی کورد بەگشتی پێویستییەکی زۆری بە یەکگرتوویی هەیە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش گرووپی کاریی هەبوو کە بەداخەوە لەم دواییانەدا وابزانم حیزبێکیان هەر بەتەواوی لێی کشاوە، لە کۆنگرەی تازەی ئێوە و لە باسکردنی نێوەرۆکی کۆنگرە و دواتریش چ هەنگاوێکتان هەیە بۆ لێک نیزیکتر کردنەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات؟

**خالید عەزیزی**: هەنگاوی یەکەممان ئەوەیە کە ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێبکۆشین و جارێکی دیکە جەخت لەسەر پێداویستی و هاوکاری بکەینەوە و، هۆکاری سەرەکیشمان ئەوەیە هەتا ئێمە لێک نیزیک دەبینەوە و هاوکاریی یەکتر دەکەین، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکێکی زۆرتر دڵخۆش دەبێ، پتر بە هانای داواکانی ئێمەوە دێن؛ بۆیە ئەوە بەردی بناغەیەتی. دووهەم، لە بواری نێودەوڵەتیدا هەوڵ دەدەین کار بکەین کە ناونیشانێکی بەهێز و گونجاو بۆ کوردی ئێران دروست بکەین، لەو بەربڵاوییە بێینە دەرەوە. سێیەمیش ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە هەر بۆچوونێکی سیاسیی کە هەیانە و کار دەکەن، تێبکۆشین هەر حیزبێکی ئێمە تەنیا بە سەرنجدان بە عیلاقاتی خۆی، خەسار بە پرسی کورد نەگەیەنێ؛ بەڵکوو هەموومان بەیەکەوە. ئەوە دەکرێ بڵێین سێ تەوەری سەرەکییە کە لەمەو بەدوا کاری لەسەر دەکەین.

**کوردستان ٢٤**: باست لە ڕەهەندە دیپلۆماسییەکان کرد کە حیزبی دێموکرات گرینگیی پێ دەدا، بەتایبەتی لە ئێستادا یەکێک لە ڕێگا کاریگەرەکانە چونکوو ئێران بەرەو گۆشەگیری لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەچێ؛ ئایا حیزبی دێموکرات لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە، لە ڕووی لابیگەری و پێوەندی دروستکردن چۆن ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە؟ پرسیارێکی دیکەم ئەوەیە، لە ئێستادا کە ئێران بەرەو سەپاندنی زیاتری سزاکان دەچێ، حیزبی دێموکرات پێی وایە ئەو سزایانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر دەسەڵاتی سیاسیی تاران دادەنێن؟ ئایا سزاکان بە باش دەبینن، لە کاتێکدا بەشێکی گەورەی کوردانی ڕۆژهەڵات خەسارێکی زیاتر دەبینن لە سزا ئابوورییەکان؟

**خالید عەزیزی**: سروشتی دیپلۆماسیی ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە بوارێکی بەرینتردا وەک حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە ڕاستیدا کاریگەریی پێوەندیی تاران لەگەڵ دنیای دەرەوەی بەسەرەوەیە. ئەگەر دنیای دەرەوە بەردەوام بێ لە فشارهێنان بۆ سەر ئێران بەتایبەت واشینگتۆن و، ئەگەر دنیای دەرەوە دیسان بەتایبەت واشینگتۆن لە دەستووری کاری خۆی لەدژی ئێراندا، بڕێک بەرینتر بیر بکاتەوە هەموو بابەتەکان بەرتەسک نەکاتەوە بە بەرجام؛ سروشتییە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە دنیای دەرەوە هاواهەنگییەکی زۆرتر هەبێ. حیزبی ئێمە حەولی داوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا تێبکۆشێ بە دنیای دەرەوە بە تایبەت بە واشینگتۆن بڵێ، داواتان لێدەکەین بە یەک چاو، چاو لە ئێران مەکەن؛ واتە کێشەی ئێران تەنیا کێشەی ناوکی و بەرجام نییە. ئەگەر ئێران ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، دەبێ لە نێوخۆی وڵات دەست پێبکا. حکوومەتێک لە نێوخۆی وڵات وەڵامدەر بێ بەرامبەر بە خەڵک و شارۆمەندانی خۆی، بێگومان لە بواری نێودەوڵەتیشدا گونجاو و بە بەرپرسیارەتییەوە دەجووڵێتەوە. ئێمە تێدەکۆشین لەمەو بەدوا بەتایبەت وەک ناوەندی هاوکاری، سەرنجی دنیای دەرەوە بۆ سەر ئەو پرسە گرینگانە ڕابکێشین، بەڵام هەمیشە وتوومانە، ئەزموونی کورد لە عێراق، تورکیە و سووریە دەرخەری یەک ڕاستییە، تاکوو لەو وڵاتانە کێشەی کورد چارەسەر



سەرچاوە
Serchawe

نەبێ، لە یاسای بنەڕەتیدا نەیەنە بەر باس؛ ئەو وڵاتانە بە ئاسانی هێمنی و ئاسوودەیی بە خۆیانەوە نابینن. یەکێک لە بنەماکانی سەقامگیری و هێمنایەتی لە عێراقدا بەخۆشییەوە هەرێمی کوردستانە و، هەرێمی کوردستان دەتوانێ دەرفەتێک بێ بۆ ئەوە. وتوومانە چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتانەدا، دەرفەتە بۆ سەقامگیر بوونی دێموکراسی و تەوافوق لە پێتەختەکانیان. جا مادام ئێمە ئەو پەیامەمان داوە بە دنیای دەرەوە، لە لای ئەوان کەم و زۆر ئەوە هەیە ئەگەر بیانهەوێ فشار بۆ سەر ئێران بێنن نابێ پرسی کورد لەبەرچاو نەگرن.

بە نیسبەت ئەو سزایانە، بە بڕوای ئێمە ئەو سزایانە لەم دواییانەدا بەتەواوی کاریگەریی خۆی لەسەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامی داناوە، تا ڕادەیەکی زۆریش بووەتە هۆی ئەوە هەست بەوە بکرێ سیستمی سیاسیی ئەو دەسەڵاتە وەک جاران کارایی نییە. بەڵام بێگومان کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵکیش داناوە و، ئەوەش تاوانەکەی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. ئێستاش ئەم ڕێژیمە بەتەواو مۆنۆپۆلی سیستمی ئەرز و دۆلار و بانک و سەروەت و سامانی ئێرانی کردووە. لەو شوێنەی کە پێویستە خەرجی خەڵکەکەی بکا، نایکا بەڵام لە ڕێگەی پرۆژە تێرۆریستییەکانی خۆی، شێواندنی ناوچەکە و چەوساندنەوەی خەڵک بەکاریان دێنێ. ئەمن پێم وایە لە درێژەی ڕەوتی خۆیدا ئەو سزایانە هەر بەردەوام دەچێتە پێشێ و، هیوادارم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەکگرتوو بێ لەدژی ئێران.

**نێن ئار تی:** دوو پرسیارم هەیە، یەکەمیان لەسەر ئەوەی - کە ئێستا بەڕێزیشتان باستان کرد - ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئێران لە گۆڕێدایە، پێشتروڕێگرییەک هەبووە لەوەی کە لەگەڵ حیزبە ئێرانییەکان وتوویژ بکەن؟ ئایا کۆنگرەکانی تر کە دەگیران لەوێدا وەکوو حیزبی دێموکرات ڕێککەوتنێک لەسەر ئەوە هەبوو کە هەنگاو بنێن بۆ ئەوەی دانوستان لەگەڵ ئێران بکەن؟ لەم کۆنگرەیەدا هیچ باس لە خاڵێکی وا کراوە؟ پرسیاری دووهەم، هەمیشە لە باشووری کوردستان دەڵێن سکرتێری حیزبەکان خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی لەسەر کورسیی دەسەڵات بمێننەوە، ئەم قسەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕاستە؟ یا ڕۆژهەڵات تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێویستییەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی ئێوە بۆ جارێکی تریش خۆتان هەڵبژێرن؟

**خالید عەزیزی:** لە ڕاستیدا لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا هیچ کات وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و حیزبەکانی دیکەش وەلا نەندراوە. دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ تەورێزیشدا وتوویژی کرد بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و ئازەری، لەگەڵ تاران - قەوامو سەڵتەنە - ش وتوویژی کرد و، لە دوای شۆڕشی ئێرانیش ئێمە دانیشتنی زۆرمان هەبوو لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی ئێران، لە نێوان خومەینی و شەهید دوکتور قاسملوو، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیامگەلێک دەستاودەست کرا. دواتریش دیسان وتوویژ کراوە و، لەم دواییانەشدا هەندێک چاوپێکەوتن و دانیشتنمان هەبووە. کاتی خۆی هەر حیزبی ئێمە لە هەرێمی کوردستان شەش - حەوت ساڵ پێش

لە ئێستا وتووێژی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بووە. ئێستاش بەخۆشحاڵییەوە بیرۆکەی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی وەک بیرۆکەیەکی ئەقڵانی و پەسەندکراو سەیر دەکرێ. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش مەبەست ئەوانەی وا لە ناوەندی هاوکاریدا بەشدارن، هیچکات دژی وتووێژ نەبوون. هەردوو لای دێموکرات و کۆمەڵەش لە کاتی خۆیدا پێکەوە وتووێژیان کردوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، جا کەوایە وتووێژ شتێکی تابوو نییە؛ بەڵام ئەوەی کە ئێستا ئەم چوار لایەمان پێکەوە ئەو دانیشتنانە دەبەینە پێشەوە، ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە. ئەوەش بڵێم کە ئێمە هێشتا نەچووینەتە قۆناغی جدیی وتووێژەوە، دانیشتن بووە و بەش بە حاڵی خۆم بە دەسکەوتێکی باشیشی دەزانم و لانیکەم ئێمە وەک چوار حیزب ئەو کارە دەکەین؛ لە کۆنگرەکانی پێشووتری حیزبیشدا ئەو باسە هەر هەبووە.

بەنیسبەت هەڵبژاردنەوەی خۆم و کولتووری ڕێبەری کردنی حیزب لە حیزبە کوردییەکاندا، پێم وایە هەر حیزبێک مێکانیزمی خۆی هەیە. چەندوچۆنیی چارەسەر کردنی کێشە دەروون حیزبییەکان پێڕەوی لە ڕێککەوتنی ئەندامانی ئەو حیزبە لە نێوان یەکتر دەکا. هەر لە ئورووپا و ئامریکاش کە خاوەنی دێموکراسین، ئەگەر حیزبەکان پێک بگرین هەر کام لەوان مێکانیزمی تایبەت بە خۆیان هەیە و، ئەو مێکانیزمەش کە مادام بۆخۆیان هێناویانە و بۆخۆیشیان دەنگیان داوەتێ؛ ئەوە پەسەندە. بەڵام کاتی خۆی، من وازم هێنا و ئەوەش نەبووە هۆی ڕاوەستانی کاری حیزبی و زۆر بە شێوەیەکی دێموکراتیک جێگۆڕکێی دەسەڵاتمان کرد. ئێستا لەم کۆنگرەیەدا بە هەر هۆکار و خوێندنەوەیەک بووبێ دیسان، جێگۆڕکێیەکی سیاسی کراوە و من بوومەتەوە سکرتێر، هەموو ئەوانە بە لێک تێگەیشتن بووە. جا بۆیە بە باوەڕی من ئەم شتە ئەو ئیستعدادەی لە حیزبی ئێمەدا دروست کردوە، کە ئەگەر لە ئێستا و داهاتووشدا سکرتێرەکان بگۆڕدرێن، هیچ قەیران نییە و ئەو خەبات و تێکۆشانە بەردەوام دەچێتە پێش و، هیوادارم ئێمە مێکانیزمێک بدۆزینەوە کە ئەندامانی حیزب پێی ڕازین. ئەو بەشە من ناوی «ڕێککەوتنی دەروونحیزبی»ی لێ دەنێم.

**ڕادیۆ فەردا**: دوو پرسیارم هەیە، یەکەم لە پێوەندی لەگەڵ بوونی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستانە؛ ئەگەر دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بیانهەوێ ئێوە ئێرە بەجێ بێڵن، ڕوو لە کوێ دەکەن؟ پرسیاری دووەم؛ پێوەندیی ئێوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق هەروەها حیزبە کوردستانییەکان لە چ ئاستێکدایە؟

**خالید عەزیزی**: بوون و چالاکییە سیاسییەکانی ئێمە لە باشووری کوردستان هیچکات زیانێکی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەگەیاندوە، ئێمە لە درێژەی ئەم ساڵانەدا کە لێرە بووین، ڕێزمان لە یاساکانی عێراق چ لە بواری نێوخۆیی و هەروەها ناوچەییشدا گرتوە. تا بە ئێستاش دەوڵەتی عێراق و یاخود هەرێمی کوردستان هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە لەسەر ئەوەی کە بوونی ئێمە وەک حیزبی دێموکرات، کێشەی بۆ ئەوان دروست کردبێ. ڕێبەرانی عێراق حیزبی دێموکرات و خەباتی



سەرچاوە
Serchawe

ئەم حیزبە بەباشی دەناسن. ئەگەر ئێمە لەگەڵ بەغداد پێوەندییەکیشمان هەبێ زۆر ئاساییە، سیاسەتی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە هیچکات لە سیاسەتی نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێدا دەستێوەردان نەکا. کەواتە کاتێک کە ئێمە ڕێز لە یاساکانیان دەگرین، ئیدی لەو بڕوایەدا نیم کە لە داهاتوودا ببێتە هۆی کێشە لەگەڵ حکوومەتی عێراق. لە پێشدا لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە گرینگە، کە هەر ئەوەش بریتییە لە ڕێزگرتن لە یاسای دەوڵەتی عێراق. ئێمە لە دۆخێکدا نین کە بیر لەوە بکەینەوە عێراق بەجێ بێڵین.

**کوردسات:** جاری یەکەم کە بەڕێزتان بوون بە سکرتێر، هەندێک لە شەقامی ڕۆژهەڵات ناوی قاسملووی دووەمیان لێ نای، ئەو نازناوە زۆر گەورەیە. بەڕێزتان دیسان هاتنەوە، چۆن خۆتان وەک شەخسی سکرتێر لە ئاستی ئەو نازناوەدا دەبینن؟

**خالید عەزیزی:** یەکەم، حیزبی دێموکرات بەخۆشییەوە خاوەنی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرکۆماری کوردستانە. خاوەنی دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو، سیاسەتمەدارێکی بەتوانا، بیرمەندێکی گەورە، دیپلۆماتێکی دوورەندیش، کەسایەتییەکی گەورەی کورد و ئێرانییە. هەروەها خاوەنی دوکتور شەرەفکەندییە، کە سیاسەتمەدارێکی زیرەک و بەتوانا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بوو. ئەمن وەک ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شانازی دەکەم کە لە ڕیزی حیزبێکدام کە خاوەنی ئەو ڕێبەرە مەزنانە بووە. ئەگەر نەک بەتەنیا من - کە بۆخۆم لە ئاستی گەورەیی دوکتور قاسملوودا نابینم - بەڵکوو هەرکام لە ئەندامانی ڕێبەریی ئێمە، بەشێکی کەم لە تایبەتمەندییەکانی سێ ڕێبەری شەهیدیان تێدا بێ کە بەخۆشییەوە هەیە؛ ئێمە بەیەکەوە زۆر سەربەرزین. بەخۆشحاڵییەوە توانیومانە بەشێک لە توانایی شۆڕشگێڕییەکانی ئەوان لە خۆماندا ببینینەوە. من بەش بە حاڵی خۆم هەوڵی کرداری بۆ ئەم ڕێبازە دەدەم و تێدەکۆشم جێگیر ببێ، کە دەڵێم جێگیر بێ مەبەستم لە پێڕەو، پرۆگرام، ستراتێژی و ئامانجەکانی حیزبەکەمانە کە بە پێشەواوە دەستی پێ کرد، بە دوکتور قاسملووەوە گەیشتە لووتکە و بەشی دوکتور سەعید بەداخەوە ماوەیەکی کورت بوو و، ئەو ڕێبەرە بە توانایەمان شەهید بوو. ئەگەر بتوانین بەشێک لەوانە جێبەجێ بکەین ئەوە بەو واتایە کە سەرمایە و تواناکانی دوکتور قاسملوو لەنێو ئێمەدا چەسپاوە و بە میرات بە ئێمە گەیشتووە. ئەوەی کە دەیڵێم بەو مانایە کە ئەگەر ئەمن و هاوڕێیانی دەفتەری سیاسیشمان نەمێنین، ڕێبوارانی ڕێبازی دوکتور قاسملوو هەتا دێ زیاتر دەبن و ئەمن دڵنیام کەسانی زۆر بەتوانا دێنە گۆڕەپانی خەباتەوە؛ هەر ئەزموونی مووشەکباران و لەدەست دانی پۆلێک لە هاوڕێیانمان ئەوەی نیشان دا. بۆیە ئەو کولتووری مرۆڤسازییە لەنێو حیزبی ئێمەدا بۆ هەمیشە ماوەتەوە و هیوادارم لە داهاتووشدا بتوانین ئەم سەرمایەیە مودیریەت بکەین. کاتێک کە باس لە حیزبی دێموکرات دەکرێ پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندییان وەبیر دێتەوە، کەواتە ئێمە هەوڵ دەدەین - هەرچەند کەمی دێنین - بەڵام بەتاڵاییەکان پڕ بکەینەوە.

**ڕووداو**: لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ململانێیەکی توند هەیە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئامریکادا و هەروەها کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش بەجۆرێک تێیدا بەشدارن، بەتایبەت لەم دواییانەدا کۆماری ئیسلامی برێک پاشەکشەی کرد؛ دەکرێ پێمان بڵێن ئێوە داهاتووی کۆماری ئیسلامی لەدوای ئەوەی کە ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی و لە ئاستێکی گەورەدا ڕوو دەدەن، چۆن دەبینن؟

**خالید عەزیزی**: بە هەموو لێکدانەوەیەکی ئێمە، ئەگەر فاکتۆرە جۆراوجۆرە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لەبەرچاو بگیرێ؛ کۆماری ئیسلامی توانای درێژە دان بەم دۆخەی ئێستای نییە. کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشارێکی قورسدایە، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا توانیویەتی خۆی ڕابگرێ، یەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتێکی ڕەهای نیزامیی هەیە، دووەم ئەوەی کە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران بەتەواوی لە ئیختیاری دەسەڵاتدارانە و ئەوە لە پێناو مانەوەی خۆیاندا بەکار دێنن. بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو فاکتۆرانەی وا باسم کرد بەشی گرینگ و بەرچاوی خەبات لەدژی ئەم ڕێژیمە لە ڕێگەی کار و چالاکی لە نێوخۆی وڵاتەوە دەکرێ و لەوێوە دەتواندرێ کۆتایی بە سەرەڕۆیی ئەم دەسەڵاتە بهێندرێ. ئەگەر دەرفەتێکیش بێتە گۆڕێ لە ئێراندا خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتە و نەتەوە جۆراوجۆرەکانیەوە بەتایبەتی گەلی کوردیش کە قوربانییەکی زۆری لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەییدا داوە ئاوا بە ئاسانی لە کۆماری ئیسلامی خۆش نابن. کۆماری ئیسلامی جۆرێک خۆی پێناسە کردوە، میکانیزمی مانەوەی خۆی بە شتگەلێکەوە بەستووەتەوە کە هیچکات لەکۆڵ ئەو کێشانە نابێتەوە. قەیرانە سیاسی، ئابووری، نێودەوڵەتییەکان ئیدی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەمێنێتەوە و لەگەڵی دەڕوا؛ بەجۆرێکە ئەگەر هەرکام لە قەیرانەکان تێپەڕ بکا قەیرانێکی دیکە بەدوایدا دێ. ئەمن دڵنیام لەوەی کە کێشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و جیهان بووەتە پێناسەی کۆماری ئیسلامی، واتە ئەم ڕێژیمە بە کێشەکانی دەناسنەوە. هەر بۆیە ئەم شێوە لە خۆ پێناسەکردنە لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە وەرناگیرێ. خاڵێکی گرینگیش کە لێرەدا دەکرێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە خەڵکی ئێران سەرەڕای توند و تیژییەک کە لەسەر سەریانە بەڵام لە ئاستێکی بەرز لە شعووری سیاسیدان، داوای زۆریان هەیە و بەدواداچوونیشی بۆ دەکەن. هەموو ئەم فاکتۆر و ڕاستییانەی کە هەن ئەو پەیامە دەدەن کە کۆماری ئیسلامی زوو یا درەنگ دەبێ بڕوا. سەرەڕای ئەوانە کۆمەڵگەی ئێران تووشی دارمانێکی کۆمەڵایەتیی بووە و، ئەمەش ئاکامی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە و، لێرەدا خەڵک دەبێ خۆیان یەکلا بکەنەوە لەگەڵ ئەم هەمووە کێشە و ئارێشانەی بەردەمیان؛ کە من پێم وایە ئەو کارە دەکەن.

**گەلی کوردستان**: یەکێک لە پرسیارەکان کە لەلایەن خەڵک و بژاردە سیاسییەکانی کوردستان بەرەوڕووی هەردوو لای دێموکرات دەبێتەوە، پرسی یەکنەگرتنەوەیە کە ماوەیەکە بێدەنگی لێ هێندراوە؛ ئێوە بەتایبەت لەدوای کۆنگرەی ١٧ چ بەرنامەیەکتان بۆ یەکگرتنەوەی ئەم دوو حیزبە هەیە؟

**خالید عەزیزی**: هەر دوابەدوای لەتبوون یەکەمین پەیامی ئێمە ئەوە بوو کە لەتبوون بەسەرماندا سەپا، ناچمەوە نێو ئەو باسانە. هەر ئەوکات ڕامانگەیاند ئێمە ئامادەی وەسەریەک کەوتنەوەین، هەر دوو لای دێموکرات بە دانیشتن بێین خەسارناسی بکەین و یەک بگرینەوە و بەیەکەوە ئیدارەی بکەینەوە. لەژێر ڕووناکایی ئەو سیاسەتە دروستە کە ڕەچاومان کرد و داواکاریی کۆمەڵانی خەڵکیش لە نێوخۆی وڵات، لایەنی ئێمە دەسپێشخەر بوو لە وتوویژ کردن لەگەڵ لایەنی بەرامبەر واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئێمە باش چووینە پێشەوە و کۆمەڵێک دانیشتن و وتوویژ هاتنە گۆڕێ، هەیئەتێک داندرا کە بە چڕوپڕی لە کۆبوونەوە و دانیشتندا بوون لەگەڵ لایەنەکەی دیکە؛ کە بەداخەوە بە ڕێککەوتن نەگەیشتین. لایەنی ئێمە ئیمتیازی دا بەڵام لایەنەکەی دیکە بەجدی وەر نەگرت و وەلای نا. بۆ مێژووش بێ با ئەوە بڵێم من وەک خۆم ڕامگەیاند کە ئامادەم بۆ ئەوەی دێموکراتەکان یەک بگرنەوە، بۆ ئەوەی سیمایەکی بەهێز لە حیزبی دێموکرات بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان بدەین، من ئامادەم واز لە پۆستی سکرتێری بێنم. تەنانەت هەنگاوێکی دیکەش چوومە پێشێ و گوتم ئەگەر کێشەی ناو هەیە، ئێمە شەڕی ناو ناکەین بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات توانیبێتی یەک بگرێتەوە با ناوەکەش ناوی ئەوان بێ. بەداخەوە ئەوان هیچکام لەوانەیان وەر نەگرت. ئەوەی ئێمە کردمان هەست بە بەرپرسایەتییەکی نەتەوەیی بوو، تەنانەت لە حیزبەکەی خۆماندا گلەیی لە من و لەو دوو بەخششە هاتە گۆڕێ. لێرەوە هەتا ئەو جێگەی پێوەندی بە کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە ڕادەگەیەنم کە ئێمە هەموو حەولێکمان دا لەم پێناوەدا؛ جا بۆیە ڕەنگە ئەمن داوای لێبوردنێک بە ئەندامانی حیزبەکەی خۆمان قەرزدار بم کە زۆر چوومە پێشێ و ڕەعایەتی حاڵی ئەوانم نەکرد. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش کۆنگرە دیسان باسی یەکگرتنەوەی کردوە و ئەوەی ئەسپاردوە بە کومیتەی ناوەندیی داهاتوو. با ئەوەش بڵێم کێشەی ئەم دوو لایەنە دەبێ پێخۆشبوونی هەر دوو لای تێدا بێ دەنا بە هیچ شێوەیەک چارەسەر نابێ. ئەم کەیسە لەلای ئێمە هەر ئاوەڵایە و ئەگەر دیسان دانیشتن و وتوویژ بێتەوە گۆڕێ کومیتەی ناوەندی دەتوانێ لەژێر تیشکی ئەوەی کە لە کۆنگرەدا هاتە بەر باس لەم پێوەندییەدا، حەولی چارەسەر کردنی کێشەکان بدەن. بەڵام ئەگەر سەرکەوتووش نەبووین لە یەکگرتنەوەدا، کۆتایی ژیان و سیاسەت نییە. ئێستا هەردوو لا، لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەیەکەوە هاوکاریمان هەیە، لەوێ لەژێر ناوی ئەو ناوەندەدا بەیەکەوە بەیاننامەش دەردەکەین. لە کۆتایی وڵامی ئەو پرسیارەدا بڵێم ئەگەر یەکگرتنەوەش جێبەجێ نەبێ ئەوە ئێمە بەخۆشحاڵییەوە هەندێک پێوەندیمان هەیە کە دەتوانێ هاوکاری و هاواهەنگیی هەردوو لامانی لە کارەکاندا لێ بکەوێتەوە.

**کوردسات نیووز**: وەک باستان کرد ئەو کات ئێوە لەپێناو کۆنگرەدا تەنازولێکی زۆرتان بۆ لایەنی بەرامبەرتان کردوە، ئایا ئێستاش لەسەر هەمان باوەڕن و بە هەمان ڕێچکەدا دەڕۆن؟

**خالید عەزیزی**: ئەوان کۆنگرەی خۆیان گرتوە و کۆمەڵێک گۆڕانکارییان لە قەوارە و مێکانیزمەکانی حیزبی خۆیاندا

هێناوەتە گۆڕێ، ئێمەش کۆنگرەی خۆمان گرتووە بۆیە ئێستا دۆخەکە لەچاو دوو ساڵ و سێ ساڵ پێش لە ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەگەر بڕیار بێ دەست پێ بکەینەوە، بە خوێندنەوەیەکی دوو لایەنە، دوو حیزب لەگەڵ یەکتر دادەنیشن، یەکیان حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەوی دیکەیان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەوە یەکەم هەنگاوە. کە ئەوە دیاری کرا، دوایە دەکرێ بچینە نێو وردەکارییەکانەوە و خەسارناسی بکرێ کە چۆنە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە یەک بگرینەوە. لەمەو بەدوا دەست پێبکەین کە چ بکەین باشە، بە حوکمی ئەوەی کە پێشتر بە ڕێککەوتنێک نەگەیشتوون. لەدوای کۆنگرەکەی ئەوان و کۆنگرەی ئێمە هەموو ئەو شتانە دەتوانین بڵێین نەماون.

**کەرکووک تیڤی:** ئەگەر ئێوە ئەو هەلەتان بۆ هەڵکەوێ لەگەڵ وڵاتانی زلهێز بۆ نموونە ئامریکا ڕێک بکەون، بەڵام لە لایەکی تریشەوە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ڕازی بێ لەگەڵ ئێوەدا وتوویژ بکا و بهێڵێ بچنەوە بەتایبەت کە ئەزموونی دوکتور قاسملووش لەبەر دەستدا هەیە (لەمەڕ وتوویژەوە)؛ ئایا ئێوە ئامادەن بچنەوە یا هەر درێژە بە خەباتی شاخ دەدن؟

**خالید عەزیزی:** کێشەی دنیای دەرەوە لەگەڵ تاران لەسەر پرسی کورد نییە، بەڵکوو کێشەی ئەوان لەسەر بەرژەوەندیی خۆیانە. سەرۆک کۆمارەکانی ئامریکا هاتن و ڕۆیشتن و هەر یەکە و سیاسەتێکیان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی هێنا گۆڕێ و خستیانە نێو بازاڕی سیاسەت بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان؛ بەڵام خەبات و تێکۆشانی ئێمە لەدژی کۆماری ئیسلامی لەدوای ئینقلابەوە دەستی پێکرد، ڕەوایی ئەو خەباتەی ئێمە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتوە و، بەپێچەوانەی سیاسەتی سەرۆک کۆمارەکانی ئامریکا سیاسەتەکانی ئێمە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی نەگۆڕدراوە. بۆیە ئەوە دەڵێم سیاسەتی ئێمە لەدژی ئەم ڕێژیمە پێڕەوی لە سیاسەتی واشینگتۆن ناکا. ئەوان کاتێک کە بەرژەوەندییەکانیان کێشەی لەگەڵ یەکتر نەبوو دەتوانن پێک بێنەوە. بەڵام تێدەکۆشین لەو کێشانەی دێتە پێشێ، بە حوکمی گرینگیی پرسی کورد لە ئێران وەک نەتەوەیەک و هەلومەرجی حیزبی دێموکرات لە مەیداندا بین. بۆیە هاوکێشە نێونەتەوەییەکان لەسەر بەرژەوەندییەکان بنیات دەنرێن و کەواتە ئێمەش چاوەڕوانیی ئەوەمان نییە کە وڵاتێکی زلهێز یاخود وڵاتێکی ناوچەیی بێت و لەسەر پرسی ئێمە پرۆژە دابنێ. بەڵام هەر وڵات و لایەنێک کە بەرنامەی لەسەر ئێران هەبێ ناتوانێ پرسی کورد لەوێ لەبەرچاو نەگرێ، ئەگەر وا نەکەن دیسان ئێران ڕووی سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێ. بۆیە دەوڵەتە ناوچەییەکان و دەوڵەتە جیهانییەکانیش بەتایبەت زلهێزەکان هەر خەونێکیان بۆ ئێران هەیە، چ بە شەڕ و چ لە ڕێگای ئاشتییانەوە، دەبێ فرەنەتەوەیی بوونی ئێران لەبەرچاو بگرن و کورد فاکتۆرێکی بەهێزە لەم نێوەدا.

**ڕۆژ نیووز:** بەحوکمی ئەوەی کە دەگوترێ دوژمنی دوژمنەکەم دۆستی منە، ئێوە لەسەر ئەم بنەمایە وەکوو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا چ ڕادەیەک لە دوژمنانی کۆماری ئیسلامی لەسەرووی هەموویانەوە ئامریکا؛ نیزیک بوونەتەوە؟



سەرچاوە Serchawe

**خالید عەزیزی**: هەتا ئەو جێی پێوەندی بە لێک نیزیکی هەیە، دەبێ دەستووری کار و پلانێک هەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەت واشینگتۆن، ئەوان هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کێشەکەی خۆیان لەگەڵ ئێران بە کێشەی ناوکی و ئەوەی کە ئەم وڵاتە هۆی ناسەقامگیریی ناوچەکەیە پێناسە کردوە. لەوەی دووەمدا ئێمەش هاوڕاین و پێمان وایە ئێران هۆی ناسەقامگیرییە. جیاواز لەوانە حیزبی دێموکرات پێوەندیی لەگەڵ واشینگتۆن هەر هەبووە، ئێمە نوێنەرمان لەوێ بووە، سەردانی ئەوێمان کردوە، کونسوولەکانیان هاتوون سەردانی ئەم قەڵایەیان کردوە، ئێمەش سەردانی کونسوولەکانیانمان کردوە و لە زۆر شوێن و بەبۆنەی جۆراوجۆرەوە یەکترمان بینیوە. ئەوانیش ئەو عیلاقاتانەیان بە نیسبەتی ئێمە ڕەد نەکردووەتەوە هەتا ئەو جێگەی لە ئاستی حیزبێکدا دەگونجێ؛ هەر وەکوو باسم کرد تەنیا وڵاتێک بوو کە مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مەحکووم کرد. هەر چەند مانگ پێش لە ئێستا بۆخۆم لە لایەن ڕێبەریی حیزبەوە لە ئامریکا بووم و ئامریکاییەکانمان بینی و لەگەڵیشیان دانیشتین و باسی ئێران و وتوویژ و سیاسەتەکانی ئەوان بەرامبەر بە ئێرانیش کراوە. جا ئێمە وەک حیزبی دێموکرات سیاسەتێکی وا ناگرینە بەر کە دژایەتی لەگەڵ زلهێزێکی وەک ئامریکا و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بکەین. ئێمە لە هەموو شوێنێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوتوومانە، کورد فاکتۆرێکی بەهێزی ئاشتی و هێمنایەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە؛ پشتیوانیی لێ بکەن. جا هەر بە پێڕەوی لەم فاکتۆرە کورد لە ئێرانیش هەر وایە. ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش باسێکمان هەیە کە لەمەو بەدوا چۆن دیپلۆماسیی کوردی ئێران ڕێک بخەین، بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئێمە بە چەند حیزبی لێکبڵاو چاو لێ نەکەن. یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و تۆکمە و بە بەرنامەی نییە. من زۆر جار گوتوومە ئۆپۆزیسیۆن بوون، هونەر نییە ئەوە هەموو کەس دەتوانێ بیکا، بەڵام هونەری ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە ببێ بە جێگرەوە. بۆیە کوردیش لەم بوارەدا پێویستە خۆی ڕێک بخا و، ئێمە لە پێشدا وەک کورد و دوایەش وەک ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پێویستە هاودەنگییەکمان هەبێ؛ پەیامێکمان پێ بێ بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە لە ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامیدا ئەوە ئێمە هەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## (دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان)



ئەمرۆ ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستانە. ئاڵا و پێشمەرگە میراتێکن لە کۆماری کوردستانەوە بۆ ئێمە ماونەتەوە. ئەم ڕێچکەیە پێشەوا قازی محەممەد بۆ ئێمە شکاند و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بە گیانفیدایی هێزی پێشمەرگەی هەتا ئێستا بەردەوام و ڕوو لە پێشێ بووە. ئەم حیزبە لە هەموو ژیانی سیاسیی خۆیدا و لە هەموو ئەو کاتانەی کە تووشی هەوراز و نشێو بووە ئەوەندەی کە لە توانایدا بووبێ، ئاڵای خەبات، واتە ئاڵای شوناسخوازیی کوردی هەر شەکاوە ڕاگرتوە و ناوی پێشمەرگەشی بەشانازییەوە لە شکۆدا پاراستوە و نەسل بە نەسل هەتا ئێرەی هێناوە. ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی ئاڵا لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، هەروەها بەتایبەتی لە بنەماڵەی شەهیدە پێشمەرگەکان، کە کچ و کوڕ، دایک و باوک و هەر ئەندامێکی بنەماڵەیان پێشمەرگە بووە و شەهید بووە؛ پیرۆز بێ. پیرۆزە لە بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی کە ئازیز و خۆشەویستێکیان لەسەر ڕێبازی پێشمەرگایەتی کە گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمانە؛ لە زینداندان. پیرۆزە لە هەموو ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئاواتیان دەخواست لە وەها ڕۆژێکدا لەگەڵمان بن و لەگەڵ ئێمە بەشداری ئەم ڕۆژە پیرۆز و مەزنە بن. پیرۆزە لە هەموو خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بە شێوازی جیاواز و بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە بە پاراستنی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نەتەوایەتیی خۆیان، هەوڵیان داوە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ نەبن و ئیجازە نەدەن کۆماری ئیسلامی نەتەوەیەک وەک نەتەوەی کورد وا بەئاسانی تەحقیر بکا و، بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان هەوڵیان داوە بە ڕێبازەکەی پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی وەفادار بمێننەوە.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

**خوشک و برایانی ئازیز!**

**پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و بەتایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات!**

کورتە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە نە ڕووخانی کۆماری کوردستان، نە بەندکرانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، نە دەربەدەریی حیزبی دێموکرات، نە شەهیدبوونی ڕێبەرانمان، نە شەهیدبوونی هەزاران پێشمەرگە و نە تەقینەوەی شەوی یەلدا و نە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، کە شەهیدبوونی پۆلێک لە پێشمەرگە و کادر و ئەندامی ڕێبەریی ئەم حیزبەی لێکەوتەوە؛ ئەمانە بە هەموویانەوە نەیانتوانیوە هیچ کات ئیرادەی حیزبی دێموکرات و ئیرادەی پێشمەرگەی بەچۆکدا بێنن و هیچ کاتیش بەچۆکدا نایە.

**پێشمەرگە ئازیزەکانی کوردستان!**

لە دنیای ئەمڕۆدا زۆر شوێن هەن کە سەرماگوزارییەکی زۆر و زەوەند دەکەن بەو مەبەستەی ناویان بچێتە نێو ناوان؛ بەڵام ناوی پێشمەرگە بە قارەمانەتی و فیداکاری لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورددا لە دنیا بڵاو بۆوە. بوو بە ناوێک کە کاتێک باسی خەبات و تێکۆشان و فیداکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرێ، کاتێک باسی بەرەنگاری لە بەرامبەر تێرۆریزمدا دەکرێ جا ئەو تێرۆریزمە هیی کۆماری ئیسلامی بێ یان هەر تێرۆریزمێکی دیکە بێ؛ لەوێدا ناوی پێشمەرگە بە سەربەرزییەوە دێتە گۆڕێ و دنیاش ناتوانێ ئینکاری تواناکانی پێشمەرگە بکا.

ناوی پێشمەرگە وەک باسمان کرد بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە. کاتێک پێویستیی هێزێکی پارێزەر لە سەردەمی کۆماردا پتر لە پێش دەردەکەوێ، دەگێڕنەوە ناوی پێشمەرگە لەلایەن پیرەپیاوێکی دنیادیدەوە پێشنیار دەکرێ و ئەم ناوە پڕمانایە بە بەژنی پێشمەرگە و فیداکارییەکانی ئەو دەدووردرێ. جا کەوایە ناوی پێشمەرگە بە هەموو لێکدانەوەیەک لە جێگای خۆیەتی و پڕبەپێستی ئەم کەسە لەخۆبوردووەیە.

**هاوڕێیانی ئازیز!**

کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نیزیک مانگێک لەمەو بەر کۆتایی پێهات. ئێمە لە کەش و هەوایەکدا کۆنگرەمان گرت، کە کۆماری ئیسلامی و دامەزراوە ئەمنیەتییەکانی ئەم ڕێژیمە و دەزگا سەرکوتکەرەکانیان هەر بەو شێوەی

کە لە نێوخۆی وڵات لە سەرکوتی خەڵک ڕانەوەستاون، هەوڵیان دەدا کە کۆنگرەکەی حیزبی دێموکراتیش نەگیرێ و لەو ماوەیەدا هەموو پیلانێکیان گێڕا؛ بەڵام بەخۆشییەوە کۆنگرە کە بە ناوی کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات ناودێر کرابوو، بە پشتیوانی و فیداکاری و ڕێکوپێکیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بۆ جارێکی دیکەش پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی گەورە واتە گرتنی کۆنگرەی حیزبی دێموکرات بەخۆشییەوە دەورێکی باشیان بینیوە.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

ئێمە لە کاتێکدا یادی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە، کە ئێران لە زۆر بوارەوە کەوتووەتە ناوەندی باس و لێکدانەوەکان، ئێمە لە حاڵێکدا ئەو ڕۆژە پیرۆزە وەبیر خۆمان و وەبیر کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوەی کورد بەگشتی دێنینەوە کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانێکی بەربڵاوی ئابووری، ئەمنیەتی و سیاسی لە نێوخۆ و لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووە.

هەر لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا، خۆپیشاندانەکانی ئێران کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە لەدژی ئەو ڕێژیمە کران، حەقیقەتێکی ناشارەوەی تێدا بوو؛ یەکەم ئەوەی کە دەسەڵات بە هەموو توانای خۆی لە هەموو هێزە ئەمنیەتییەکانی خۆی کەلکی وەرگرت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەو خۆپیشاندانانە سەرکوت بکا. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ناڕەزایەتییەکانی خەڵکدا سیاسەتێکی نەگۆڕی گرتووەتە بەر و وڵامدەری ویست و داخوازی خەڵک نییە و هەمدیسان مانەوەی خۆی هەر زەبروزەنگدا دەبینێ. دووەم ئەوەی کە ئەم خۆپیشاندانانە کوتوپڕ و بێبنەما نەبوو، بەڵکوو لە درێژەی سیاسەتی سەرکوت و وڵامنەدانەوە و حاشاکردن لە مافی خەڵکی ئەم وڵاتە بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی لەلایەن دەسەڵاتەوە بوو. لە هەمان کاتیشدا ئەم خۆپیشاندانانە نیشاندەری ئەوە بوو کە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕاستیدا ترسیان شکاوە. جیاوازیی ئەم خۆپیشاندانانە لەوانی پێشوو ئەوە بوو کە لە پێوەندی لەگەڵ دروشم، هەڵوێست و هەروەها ڕێکخستنەوە؛ دەرخەری ڕادەیەک لە تێگەیشتن و پێگەیشتن بوو. هەموو ئەوانەش پێکەوە ئێعترازێکی جدی بە کۆماری ئیسلامی بوو و لە هەمان کاتیشدا بڕوا بەخۆییەکی زۆر بەهێزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بەدی هێنا. بۆیە ئێمە گەشبینین بەوەی کە ئەو قەیرانانەی لە ئێراندا لەگۆڕێدایە و خودی ڕێژیم خولقاندوونی؛ لە درێژەی خۆیدا کۆماری ئیسلامی دەکاتە قوربانی و لە ئاکامدا هەر خەڵکە کە بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی خۆیان سەرکەوتوو دەبن.

لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە ویست و داخوازە ئابووری، کۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی و دێموکراتیکەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە، ئێستاش زیاتر لە جاران سەرنج و گرینگیی پێ نادرێ. بوودجەی پێشنیاریی دەوڵەت بەبێ سەرنجدان بە بژێو و خۆشبژێویی خەڵکی ئێران و ئاوەدان کردنەوەی وڵات تەرخانی دەستێوەردان و نائەمنکردنی وڵاتانی دیکە دەکرێ. فشاری ئابووری کە لەلایەن ئامریکاوە خستراوەتە سەر کۆماری ئیسلامی، کاریگەریی بەربڵاوی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران داناوە. بەڵام هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە بەرپرسانی ڕێژیمەوە هەیە ئەو سەروەت و سامانە هەر لە پێناو زێدەخوازییەکانی خۆیان بەکار دێنن. بوودجەی دیاریکراوی ئەمساڵیش نیشانی دایەوە کە هەروەک پێشوو دەرفەتەکان لە خەڵک ئەستێندراوەتەوە و ئاوڕێک لە ژیانی ئاسایی کۆمەڵانی ئەم وڵاتە نەدراوەتەوە. ئەگەر کۆمەڵانی خەڵک بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە گرانبوونی بێنزین ڕژانە سەر شەقامەکان، ئێمە دڵنیاین لەبەر ئەوەی کە بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی وڵامدەری ویست و داخوازییەکانی خەڵک نییە، بەداخەوە دیسان کۆمەڵانی خەڵک - بەلەرچاو گرتنی تێچووی گیانیی زۆر - لە داهاتووشدا دەبێ ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەو فشارانەی کە خستوویەتە سەریان ببنەوە. ئێمە هیواداریین یەکڕیزی و یەکدەنگیی کۆمەڵانی خەڵک بەستێن و مێکانیزمێکی باشتر دروست بکا بۆ ئەوەی کە لە داهاتووشدا - کە پێشبینی دەکرێ دیسان نارەزایەتیی لەم چەشنە ڕوو بدا - دروشمی سەرەکی، ئەوە بێ کە کۆماری ئیسلامی وڵامدەری ویستی خەڵک نییە و ئیرادەی چارەسەریی کێشەکانی نییە.

پەیامێکی تری ئەم خۆپیشاندانانە بۆ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، ئەگەر تایبەتتری بکەینەوە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانین بڵێین کە خۆپیشاندانەکانی ئەوێ پەیامەکەی بۆ ئێمە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بوو. هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، بەداخەوە هەتا ئێستاش بەربڵاویی بە ئێمەوە دیارە؛ بەڵام ئێمە گەشبینین هەموو ئەو دانیشتنانە کە لە نێوان دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەچێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو هەمیشە هاندەر بووە و هەوڵی داوە لەوێ ببێتە هۆی لێک نیزیک بوونەوەی لایەنەکان، بەردەوام لەم پێناوەشدا دەچێتە پێش. سیاسەتی ئێمەش ئەوەیە تێبکۆشین لەگەڵ زۆربەی ئەوانە لە وتوویژ و ڕاگۆڕینەوەدا بین و، تێبکۆشین لە هەموو دانیشتنەکاندا لەسەر مافی نەتەوایەتیی خۆمان و لەسەر سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە ئێران پێداگریی بکەین و؛ ئەوە بنەمای سیاسەتی ئێمەیە لە پێوەندی لەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە تێدەکۆشین هەموو خۆپیشاندان و نارەزایەتیدەربڕینەکانی ئەوێ بکەینە بنەمایەک بۆ دەستووری کاری حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان، هەتا ببێتە مایەی کۆدەنگی و هاوکارییەکی بەهێز لە نێوان خۆماندا و، لەژێر ڕووناکایی ئەم هاواهەنگییە بتوانین لە داهاتوودا باشتر لە ئێستا و ڕابردوو، ئەو نارەزایەتییانەی کە لەدژی کۆماری ئیسلامی دەردەبڕدرێن بەڕێوە بەرین و ئیدارەیان بکەین.

لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە هەوڵی داوە لە دانیشتن و دیدارەکانی خۆی لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە دەبنە بەردەنگمان و بە جۆرێک بیر لە داهاتووی ئێران و ئەمنیەتی ناوچەکە دەکەنەوە و، لەم نێوەدا ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتیش -بە ئێعتباری دۆخ و نفووزێک کە چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەیەتی-؛ تێکۆشاوین ئەو پەیامە بە هەموو ئەم لایەنانە و خەڵکی کوردستانیش بگەیەنین، کە ئێمە هەموو هەوڵێکی خۆمان وەگەڕ دەخەین لە پێناو ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی نەمێنێ و دەسەڵاتێکی فرەچەشن و دێموکراتیک لەم وڵاتەدا بێتە سەر کار. لە هەمان کاتیشدا پێداگری لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەینەوە هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە پرسی کورد بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە هەیە و، هەتا مافەکانی ئەم نەتەوە لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژیی و، هەروەها لە هەر ئاڵوگۆڕێک کە لە داهاتووی ئێراندا دێتە پێشێ، جێبەجێ نەبێ و لەبەرچاو نەگیرێ؛ نە ئێران ئەمنیەت و ئاسایش بەخۆوە دەبینێ، نە دێموکراسی تێدا سەقامگیر دەبێ و نە ئەم وڵاتە دەتوانێ ببێتە هۆی پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکە.

جا کەواتە هیچ شوێنێک و هیچ لایەنێک چ لە نێوخۆ و چ لە ناوچە و چ لە دەرەوەی وڵاتیش ناتوانن فاکتۆری کورد لەبەرچاو نەگرن. ئەوەی کە دەڵێین هیچ لایەنێک ناتوانێ گرینگی بە پرسی کورد نەدا، لەم ڕووەوەیە کە ئەم نەتەوەیە بەردەوام لە مەیداندا بووە و شەڕی لەدژی تێرۆریزم کردووە، ئەم گەلە لە گۆڕەپانداندایە بۆ دامەزراندنی دێموکراسی لەو وڵاتانە، ئەم نەتەوەیە شانازی بە ڕابردووی خۆی دەکا کە قورسایی خەباتەکەی لەسەر شانی پێشمەرگە بووە و پێشمەرگەی هەیە و پێشمەرگەی دەبێ.

هەر لەم ڕۆژە پیرۆزەدا پەیامێکی دیکەی ئێمە بۆ هەموو خەڵکی ئێران و بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە بە جۆرێک خۆیان لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم وڵاتەدا خاوەن بەرژەوەندی دەبینن و بیر لە داهاتووەکەی دەکەنەوە و بەخۆشییەوە بەشێکیشیان دانیان بە نەتەوەی کورد و مافەکانیدا ناوە، لە چەند و چۆنییستراکتۆرێکی سیاسیی دیکە لە ئێراندا؛ دەمانهەوێ پێیان بڵێین پرسی کورد و خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد و بوونی ئێمە بۆ دروستکردنەوەی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست - لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی کورددا - و داهاتووی ئێران وەک دەرفەت چاو لێ بکرێ نەک هەڕەشە. هەر بۆیە پێویستە هەموو لایەک لەو دەرفەتە کەلک وەر بگرین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە وێڕای ڕێزگرتنێکی زۆر لە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی نێوخۆی وڵات لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی خۆیان، لێرە پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی کۆماری کوردستان، ئەو حیزبەی سەربەرزە بە پێشمەرگە و ئاڵا؛ لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەردەوام دەبین. جا ئەگەر ئێوە لەوێ و ئێمە لێرە

هەموو لایەکمان بەیەکەوە بین، دڵنیاین داهاتوو هی ئێمەیە؛ هەموو لایەکمان سەرکەوتوو بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------------

**٢٠٢٠**

## دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە سێهەمین کۆنفڕانسی شوڕای دێموکراسیخوازانی ئێران - ستۆکهۆلمی سۆئێد




ژنان و پیاوانی بەڕێز!

نوێنەری ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکانی ئێران، لە هەموو گەلانی ئەم وڵاتە و حیزبە سەراسەرییەکان!

هاوڕێیانی شۆڕای دێموکراسیخوازان!

کومیتەی بەڕێوەبەریی کۆبوونەوەی ئەمڕۆ!

هەموو لایەکتان بەخێر بێن و، خۆشحاڵم ئەمڕۆ هەموومان لێرەین بۆ ئەوەی لەمەڕ داهاتووی ئێران و ئەو پێناسەیەی لەسەر ئەم وڵاتەمان هەیە، باس و وتووێژ دەکەین.

زۆر ئاسانە هەر وەک پێشووتر تەرکیز بخەینە سەر ئەم پرس و باسە و بە ئەدەبیاتی جیاوازەوە ساختاری کۆماری ئیسلامی پێناسە بکەین. لەم پێوەندییەدا، بەڕوونی ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانی و کوردستانییەکان؛ پێموایە زیاتر لە ڕادەی

چاوەڕوانیش کاریان کردوە. من زۆر جاران لەسەر ئەم باسە جەختم کردوەتەوە کە دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هەر لە بنەڕەتڕا دژبەر بوون؛ زۆرینەی خەڵکی ئێرانی گرتوەتەوە، چونکوو زۆربەی خەڵکی ئێران کۆماری ئیسلامییان ناوێ. بەڵام ئەرکی ئێمە وەک ڕێکخراوە سیاسییەکان و بەگشتی سیاسەتوانان شتێکی ترە. ئەوە هونەرە کە ئێمە چۆن بە لەبەرچاو گرتنی واتا گشتییەکەی وشەکە، کە وەک دژبەر دەناسرێین؛ بچینە نێو پێناسەی تایبەتیی ئەم چەمکە و ببینە جێگرەوە و ناونیشانێک. کەواتە دژبەر بوون و دژایەتی کردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چەمکێکی گشتگیرە، کاری ئێمە وەک حیزبە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە تایبەتییەکەی بابەتەکە؛ کە ئەویش ئەوەیە بڕیار بدەین ببینە جێگرەوە و ئالتێرناتیڤ. هەتا ئەو کاتەی ئەم جێگرەوەیە لە هەموو لایەنەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران نەبێ، هەتا ئەو کاتەی ئێمە نەتوانین ئەم ناونیشانە دروست بکەین، سروشتییە کە خەڵک دێنە سەر شەقام و ناڕەزایەتی دەردەبڕن و نرخی بۆ دەدەن؛ بەڵام ئەو کاتەی دەڵێن کۆماری ئیسلامیمان ناوێ، دەی کێ لە جیات کۆماری ئیسلامی بێ؟ پرسیار ئەمەیە و ئەم بەدیلە چۆن دروست دەبێ؟ ئەگەر ئێمە دەڵێین کەشوهەوای ئێران، کەشوهەوایەکی شۆڕشە و ئەم شۆڕشەش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی لێ بکەوێتەوە؛ دەی کێن ئەوانەی وا دەبنە ڕێبەری ئەم شۆڕشە؟ شۆڕشی بێڕێبەر لێکەوتەی نەرێنیی هەیە و ئێمەش دەبێ ئەم لێکەوتانە لەبەرچاو بگرین. کەواتە ئەو پێناسەیەی کە ئێمە بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە و هەتا ڕادەیەکی زۆر لە شۆڕای دێموکراسیخوازاندا هەمانە؛ ئەم گەڵاڵەیە دەتوانێ بەستێنێک بۆ پێکهێنانی وەها جێگرەوە و بەدیلێک دروست بکا.

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، ئەگەر لە سەد ساڵی ڕابردووەوە بە پێی ئەم پێناسەیە وڵاتی ئێران پێک دەهێندرا، سیستمی برۆکراسی و گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتە پێناسەیەکی لەم چەشنەی بەخۆوە دەگرت؛ سروشتییە ئێمە ئێستا لەگەڵ ئەم کێشانەی ئەمڕۆمان بەرەوڕوو نەدەبووینەوە. کەواتە ئامانجە سەرەکییەکەی ئێمە ئەوەیە، لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە، ئێرانێک دروست بکەین ناوەندگەرا نەبێ. ئێمە هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ناوەندگەرایی دژایەتیمان هەیە، ئەزموونی سەد ساڵی ڕابردوو ئەوەمان پێ دەڵێ کە گەلانی دیکەی ئەم وڵاتە لە سۆنگەی ئەم سیاسەتەوە پەراوێز خراون، هەڵاواردن و ئاپارتاید هاتوەتە ئاراوە و، هەروەها لە بەشداریی سیاسی بێبەش کراون. هەر بۆیە ناوەندگەرایی ناتوانێ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێ. ئەگەر پێناسەکەی ئێمە لەسەر ئەم ڕاستییەیە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، سروشتییە دەبێ بە پێی بەشداریی ئەم گەلە جیاوازانە ئێران دروست بکرێتەوە. ئەگەر ئەو کات هەموو لایەنەکان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بەشدار بن و هەڵاواردنێک نەمێنێ، ئەوە دەبێتە گارانتییەک بۆ پاراستنی داهاتووی سیاسیی ئێران.
کاتێک کە ئێمە باس لە نەمانی ناوەندگەرایی دەکەین و کاتێک کە بەپێی سیاسەتەکانی شۆڕای دێموکراسیخوازان ئەم ئالتێرناتیڤەمان گرتوەتە بەر، بەشداریی هەموو لایەک باشترین شێوەیە بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم "تجزیەهراسی"یە کە بەردەوام لە ئێران باسی لێ دەکرێ. دێموکراسی و بەشداریی هەموو لایەک لە چۆنیەتیی دروستبوونی

داهاتووی سیاسیی ئێران هیچکات نابێتە هەڕەشە لەسەر لەتبوونی ئەم وڵاتە. دیکتاتۆری لە تاران، دەسەڵاتە ناوەندگەراکانی تاران و زۆر کاتیش لەبەرچاو نەگرتنی ڕاستیی فرەنەتەوە بوونی ئێران و بەشداری نەکردنی ئەم نەتەوانە لە ئیدارەی سیاسیی وڵاتدا؛ قەبووڵ نەکردنی ئێران وەکوو وڵاتێکی لەم چەشنە جدیترین هەڕەشەی سەر ئەم وڵاتەیە. کەواتە ئێمە کورد، ئازەری، فارس، لوڕ، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و... بەدوای لەتکردنی ئێرانەوە نین، بەڵکوو ئەمە دانپێدانەنان بەم ڕاستییەیە کە وەکوو هەڕەشەیەک لەسەر ئێران لە داهاتووشدا دەمێنێتەوە. کەواتە ئێمە هەموو پێکەوە گارانتییەکین بۆ دامەزرانی وڵاتێک کە لەسەر بنەمای دێموکراسی، مافی هاوبەش و بەشداریی هەمووان پێک دێ و؛ لە داهاتوودا پاراستنی ئەمنیەتی حقووقی، سیاسی، ئێتنیکی، ئایینی و هتدی گشت لایەک مسۆگەر دەبێ.

بەڕێزان!

هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە ئازموونی کوردستانەوە هەیە، لە ڕاستیدا لە دوای شۆڕش ئێمە بەشێک لە ڕۆڵگێرە سەرەکییەکانی سەحنەی سیاسیی ئێران بووین، چ ئەو کات کە وتوویژ کرا و، چ کاتێک کە شەڕیان بەسەرماندا سەپاند و ئێمەش بەرگریمان کرد و درێژەی ئەم خۆڕاگرییە، کوردستانی کرد بە یەکێک لە فاکتۆرە گرینگەکانی هاندان بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و فێدرالیزم و نەمانی ناوەندگەرایی؛ بە جۆرێک کە ئەم ڕاستییە هیچکات لە ناوچە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشدا حاشای لێ نەکراوە.

کەواتە چونکوو شۆڕای دێموکراسیخوازان لێرە بە مەبەستی گەیشتن بە وەها چارەسەرێک کۆ بووەتە، لێرەدا لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژە بە دوو - سێ فاکتۆر کە بەڕوونی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنیەتیی شکڵگیریی داهاتووی سیاسیی ئێران دەبێ، بکەم. فاکتۆری یەکەم؛ سازان و تەوافوقە. هەموومان داکۆکی لە دێموکراسی دەکەین و، دێموکراسیتەوەری سەرەکیی چۆنیەتیی پێوەندیی حیزبە دێموکراتیکەکان و گشت حیزبەکان و هەموو پێکهاتەکانی نێو ئێرانە. ئێمە باوەڕمان وایە کاتێک کە بیر لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و تێپەڕین لە دۆخی ئارایی لە کۆمەڵگەی ئێران دەکەینەوە و، قسە لەسەر پارلمانی دامەزرێنەران (مجلس مؤسسان) دەکەین؛ دەبێ تەوافوق لە نێوان گرووپە ئێتنیکییە جیاوازەکانی ئێران و ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی ئێران لە ئارادا بێ. ئەگەر ئەم تەوافوقە هەبێ پێبەندی بەدوای خۆیدا دێنێ؛ لەسەر ئەم پێبەندییانەیە کە دەتوانین وڵاتی ئێران سەرلەنوێ دروست بکەینەوە.

فاکتۆری دووهەم؛ هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە فاکتۆری دووهەمەوە هەیە، من باسەکەم بە ڕێفراندۆمی باشووری کوردستانەوە دەست پێدەکەم. سێ ساڵ لەمەوبەر لە باشووری کوردستان ڕێفراندۆمێک کرا. زۆرینەی خەڵکی باشووری

کوردستان لەسەر چارەنووسی خۆیان لەم ڕێفراندۆمەدا بەشدارییان کرد، ڕێفراندۆم بۆچی؟ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا لە بارودۆخێکی باشی ناوچەییدا بوو و، یەکێک لە فاکتۆرە یەکلاکەرەوەکانی بوونی عێراق دوابەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس بوو؛ ئەگەر کوردەکان نەبووایەن بەڕاشکاوییەوە دەڵێم عێراق لەت دەبوو. ئێمە چۆن دەتوانین لە کوردەکان لە ڕاستای دروستکردنەوەی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە کەلک وەر بگرین؟ لە کاتێکدا ئێمە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو حیزب و ڕێکخراوە عەرەب، تورکەمەن، ئازەری، بەلووچ و فارسەکان - دەیانهەوێ هەموویان پێکەوە ئێران دروست بکەن - ئەگەر دەوڵەتی بەغداد بەڕاستی بەو بەڵێنییانەی کە لە نێوانیاندا لەگەڵ کوردستان هەیبوو، پێبەند دەبوو؛ خەڵکی باشووری کوردستان وا بە ئاسانی پەنایان نەدەبردە بەر ڕێفراندۆم. دەوڵەتی بەغداد لە باری ئابوورییەوە گەمارۆی خستبووە سەر کوردستان، ئەم دەوڵەتە بەکردەوە بەڵێنەکانی نەبردەسەر.

ئێستا ئێمە دەمانهەوێ لەسەر بنەمای ئەو ئەزموونەی لەوێ وەرمانگرتوە، لە ڕێگەی چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێران و یەکیەتیی گشتی بەکاری بێنین؛ کەواتە کوردەکان هەڕەشە نینا بەڵکوو کوردەکان و نەتەوەکانی تریش دەرفەتن، چۆن لەم دەرفەتە کەلک وەربگیرێ؟ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان - هەندێک جار بەڕاشکاوییەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و تاکی خۆم ڕەخنە دەگیردرێ، تەنانەت لە زۆربەی ڕێکخراو و گرووپە ئێتنیکییەکانی تریش - هەوڵمان داوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ڕێککەوتنێک بگەین، بەڵام بەشێک لەوان وڵاممان نادەنەوە و ئێمە بە لەتکەری ئێران دەزانن. دەی ئەگەر دەیانهەوێ وڵاممان نەدەنەوە ئەم هەمووە دابەزینە لەبەر چی و لە پێناوی چیدا؟ ئەگەر هەموو هەوڵێکی ئێمە بۆ ئەوەیە بە ڕێککەوتنێک بگەین و ئەوان قەبووڵی ناکەن، دەی بۆچی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدوای مافی ڕەهای نەتەوەیی خۆیدا نەبێ و بەدواداچوون بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەکا؟

دەمهەوێ بڵێم دژکردەوەی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بەرامبەر مافی ڕەوای نەتەوەکانی نێو ئێراندا و، لە بەرامبەر چۆنیەتیی داکۆکی لە نەهێشتنی ناوەندگەرایی و هێنانە بەر باسی پێناسەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی ئێران، لە کوردستاندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی خەبات و هەڵوێستێکی پەرچەکردارانە. لە ڕێگەی وتوویژ و ئەقڵیەتەوە دەکرێ وەها هەڕەشەگەلێک لەنێو بچێ و شانسی زیاتر بدەین بەم دەرفەتانە.

لەبەر ئەوەی کات هەبێ بۆ هاوڕێیانی تریش، لێرەدا هەوڵ دەدەم باسەکەم کورت بکەمەوە. شۆڕای دێموکراسیخوازان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نابێ ڕەوتێکی پەرچەکردارانە بن، هەر کاتێک لە ئێراندا کردەوەیەک ڕوو بدا، ئێمە بەدوایدا دژکردەوە لە خۆمان نیشان بدەین. هەمیشەش دەوترێ کات زۆر هەستیارە، چل ساڵە من بۆخۆم گوێم لەم قسەیەیە. ئەرکی ڕێکخراوێکی سیاسی کە دەیهەوێ بۆ داهاتووی ئێران پلانێکی ڕێکوپێکی هەبێ، نابێ بەرنامەکانیان پێڕەوی لە دۆخی ئارایی بکا، ئەم دۆخە ئەگەری گۆڕانی هەیە. ئێمە نابێ بە دژکردەوە سیاسەت بکەین، ئێمە پێویستە بە ڕەچاوکردنی بەرنامە

سیاسەت بەرینە پێش. هەر کات لە ئێران خۆپیشاندان دەکرێ، ئێمە لێرە کۆ دەبینەوە و باس لە ڕێگەچارەی جیاواز دەکەین و، لە دوای ئەوەی هەڕەشەکانی ئەمریکا کز بوو، خۆپیشاندان نیشتەوە؛ دیسان هەموو لایەک بە ڕێگەی خۆیدا دەڕواتەوە. بەرنامەی درێژخایەن و ستراتیژیک کە پێویستە پێکەوە هەمانبێ، لەوێدا پتر هەست بە نەبوونەکەی دەکەین.

بەم پێیە نابێ بزووتنەوەی ئێمە دژکردەوانە بێ، دەبێ بە شێوەیەک بێ کە ئێمە لەسەر بنەما جیاوازەکان بە ڕێککەوتن بگەین.

گەلێک سپاس.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٠

## بۆ چارەسەری پرسی کورد متمانە بە کۆماری ئیسلامی ناکرێ




سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تۆڕی میدیایی "ایران انترناشناڵ" دا ڕایگەیاند "کورد متمانەی بە کۆماری ئیسلامی نییە و باوەڕی کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری پرسی کورد هەتا ئێستاش جێی پرسیارە".

کاک خالید عەزیزی لەو دیمانەیەدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە پرسی کورد لە ئێران لە چوار دەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە و سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ڕێژیم و بەئەمنیەتیکردنی کوردستان نە یارمەتیی بە کۆماری ئیسلامی کردوە و نە کوردی لە ویست و داواکانی پاشگەز کردووەتەوە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا خەباتی کورد لە نێوخۆی وڵات و لە ڕێگەی تێکۆشانی سیاسی و نیزامی و دیپلۆماسیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە درێژەی بووە. بۆیە چ کۆماری ئیسلامی بمێنێ، یان ڕێژیمێکی سیاسیی دیکە جێی بگرێتەوە ئەو پرسە لەجێی خۆیەتی. پرسی کورد نە لە ئێران بۆ حاشاکردن دەبێ، نە لە ئاستی ناوچەدا کە ئێستا لە ڕەهەندێکی زۆر گەورەتری سیاسی و ئابووری و ئەمنیەتیدا لەئارادایە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی ئەم دیمانەیەدا بە ئاماژە ڕاگیرانی دانیشتنەکانی نێوان ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و شاندی کۆماری ئیسلامی کە بەنێوبژیوانیی ڕێکخراوی نۆرویژیی "نۆرێڤ" دەکران، باسی لەوە کرد کە کۆماری ئیسلامیی دوای ڕاپەڕینەکەی مانگی خەزەڵوەر و کوژرانی قاسم سولەیمانی و دوابەدوای بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییە کەوتە مەوقعییەتێکی تایبەتەوە کە ئاکامەی بێوەڵام هێشتنەوەی داواکانی ناوەندی هاوکاری بۆ بەردەوامیی دانیشتنەکان بوو. لەلایەکی دیکە لە ئێستادا لەنێو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا لەسەر چۆنیەتیی چارەسەری پرسی کورد ناکۆکیی بۆچوون هەیە.

کاک خالید عەزیزی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران لە ڕێگەی دانوستانی بە ویست و پرەنسیپێکی گشتیی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران زانی و پێی لەسەر ئەوە داگرت کە حیزبی دێموکراتی کوردستان قەتی شەڕ پێش دانووستان نەخستوە و ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە شەڕی بەسەر کوردستاندا سەپاند و کورد لە ئێران قەت هێرشبەر و دەستپێشخەری گرژی و ئاڵۆزی نەبووە و، لە هەموو ئەو ماوەیەدا تەنیا بەرگرییان لە خۆیان کردوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی ئەم وتوویژەدا گوتی چالاکی و جموجۆڵی پێشمەرگەکانی ئێمە لە نێوخۆی کوردستان بەمانای ڕاگەیاندنی شەڕ لەدژی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵام بە مافی خۆمانی دەزانین بەرگری لە خۆمان بکەین؛ ئەگەرچی لە ئێستادا یارمەتیدانی خەڵک لە پەتای کۆرۆنا و ئەوەی کە چۆن خەڵک بە کەمترین زیان ئەم قەیرانە تێپەڕێنن لە پێشەوەی هەموو کارەکانمانە. لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردستانی بۆ گرینگ نییە، وەک دەبینین لە کاتێکدا کە قەیرانی کۆرۆنا بووەتە قەیرانێکی جیهانی، بەڵام ڕێژیم هەروا لە بیر پڕۆژە ئەمنیەتییەکانی خۆیدایە و هەر لەو ماوەیەدا لە کوردستان گەڕێکی نوێ لە ئێعدامەکان دەستیان پێ کردووەتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوویژێکی دیکە لەگەڵ "دەنگی کوردیی ئەمریکا" تیشکی خستەسەر ئەوەی کە بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا قۆناغی گەشەی باشی کردوە و ئاکامی دڵخۆشکەری لێکەوتۆتەوە. کاک خالید عەزیزی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانیش لە چەند ساڵی ڕابردوودا فۆرمێکی باشیان لە هاوهەڵوێستی، هاوکاری و کاری هاوبەش پیشان داوە، بەڵام ئەم حیزبە سیاسییانە، واتە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەبێ لە بواری دیپلۆماسی و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەبێ یەکگرتووتر پلان و بەرنامەی بۆ بەرۆژەڤ کردنی پرسی کورد هەبێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوویژێکی دیکەیدا لەگەڵ "تەلەڤیزیۆنی ئازادی" بۆ تێپەڕین لە کۆماری

ئیسلامی دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و لایەنە غەیرەکوردەکان لە ئاستی ئێراندا بەرەیەکی گشتیگیری کارا دروست بکەین و لەسەر نەخشەڕێگای ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی ساغ بینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠٢٠

-------------------------------------------------------

## کۆبوونەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات



ڕۆژی یەکشەممە ٨ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای ئانلاین کۆبوونەوەیەکی بۆ بەڕێزان "خالید عەزیزی"، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و "پێشەوا عەلی پوور"، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێنا.

سەرەتای کۆبوونەوەکە خاتوو "ئاگرین محەممەدی"، پێشکەشکاری بەرنامەکە وێڕای باسکردن لە شێوازی کار و گرینگی کۆبوونەوەکە لەو دۆخەدا، پانێلەکانی کۆبوونەوەی بەم شێوە هێنا گۆڕێ کە سەرەتا پێشەوا عەلی پوور ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە کار و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات پێشکەش کرد کە تێیدا ئاماژەی بە بەشداریی یەکیەتیی لاوان لە کۆڕ و کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکاندا کرد. پێشەوا عەلی پوور هەروەها لە قسەکانیدا ئاماژەی بە پەیداکردنی دۆست و هاوپەیمان بۆ لاوانی دێموکرات کرد و لە ناویاندا دۆستایەتی و نزیکایەتی لەگەڵ لاوانی سوسیال دێموکراتی سوئێد و لاوانی ئەربیدە پارتی نۆرویژ و سوسیال دێموکراتەکانی ئۆتریش و ئاڵمان و دانمارکی بە نموونە هێنایەوە و، هەروەها بەشداری لە کۆنگرەی داهاتووی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست لە پانامای بە قۆناغێکی نوێی خەبات و تێکۆشانی

لاوانی دێموکرات ناوهێنـا کە لەو کۆنگرەیەدا لەسەر بنەمای واقیعی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و تێکۆشانی لاوانی ڕۆژهەڵات، قەتعنامەیەک ئامادە کراوە بۆ پشتیوانی لە خەباتی لاوانی ڕۆژهەڵات لە سەر شەقام و لە چیاکان. پێشەوا عەلی پوور لە کۆتایی باسەکەیدا ڕێکخستن و سازماندانی لاوانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵاتی بە ئەرکی سەرەکی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات زانی کە پێویستە چالاکانەتر کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان تێبکۆشن و لە سازماندانی لاوان غافڵ نەبن.

دوای ڕاپۆرتی سکرتێری یەکیەتیی لاوان، بەڕێز "خالید عەزیزی"، ڕاوبۆچوونی خۆی سەبارەت بە کۆمەڵێک پرسی سیاسی و لاوان و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان هێنایە گۆڕێ و گوتی: "ئێمە وەک حیزبێکی نەتەوەیی بۆیە سیاسەتمان تێکەڵ بە ژیان کردوە تاکوو لە واقیعی کۆمەڵگە دوور نەکەوینەوە و لە داهاتووی کوردستاندا بەرنامەیەکی گونجاومان هەبێ بۆ ژیان و گوزەرانی خەڵک و خەڵک نیگەران نەبن کە دوای ڕزگاری نەتەوەیی دۆخی ژیان و گوزەرانیان چی بەسەر دێت." سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە چارەسەری پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆ ئاماژەی بە چالاکانی مەجازیدا و گوتی: "لە دنیای ئەمڕۆدا دەست ئاوەڵەیی لە دنیای مەجازی وای کردوە کە تاکەکانی کۆمەڵگە ڕاو بۆچوونی سیاسیی خۆیان بهێننە گۆڕێ و چەشنێک بەربڵاوی ئاخاوتن هەبێ، بەڵام نابێ لە بیری بکەین کە ئەوە حیزبەکانن دەتوانن ڕێگا چارەسەر بدۆزنەوە و گوتاری سیاسی دروست بکەن".

خالید عەزیزی لە درێژەی وتەکانیدا باسی لە ئەرک و دەوری لاوانی دێموکرات کرد لە یەکیەتیی لاواندا و گوتی: "لاوانی دێموکرات لە جەریانی خەباتی خۆیدا پێویستە لاوان لە سێ مێحوەری نێوخۆ، دەرەوەی وڵات و لاوانی ڕۆژهەڵاتی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان سازمان بدەن و پشتیوانییان لێ بکەن، وەک چۆن چاوەڕوانی لە حیزبی دێموکرات هەیە، ئاواش چاوەڕوانی لە یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێموکرات هەیە کە تێبکۆشن و پشتیوانیی لاوانی کورد بن. بەڕێزیان سەبارەت بە ئاوێتە کردنی هەستی نەتەوەیی لاوان لە گەڵ واقع بینی سیاسی گوتی کە: "یەکیەتیی لاوان لە پەرەدان بە تێکۆشانی نەتەوەیی و هاوسۆزی نەتەوەیی بۆ پارچەکانی تری کوردستان نابێ بێ تەفاوت بێ و پێویستە هاوسۆزی پارچەکانی تری کوردستان بن، لە تەنیشت ئەمەش خەباتی لاوان لە مەیدانی ئەسڵی خۆیان کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە مودیریەت بکەن و ببنە سەرچاوەیەکی باشی گوفتمان سازی و نەتەوەسازی، هەر لەم پێوەندییەدا کار و چالاکییەکانی لاوانی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەنجومەنە ژینگەیی و فەرهەنگی و مەدەنییەکان بەرز نرخاند."

لە کۆتاییدا بەشداربووان ڕاو سەرنجی خۆیان هێنایە بەر باس و وڵامی پرسیار و پێشنیارەکانیان درایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## وتاری ٢٥ی گەلاوێژی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

**خوشک و برایانی ئازیز!**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

**بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی، کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکان!**

**دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بە بۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی خۆتان پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم و، هیوادارم لە ساڵانی داهاتوو هەموومان بە یەکەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو جێگایەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی لێ دامەزرا یادی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یادی دامەزرێنەری ئەو حیزبە، پێشەوا قازی محەممەد بکەین. هەروەها لێرەوە ڕێز و پێزانینی خۆمان و سەری کڕنۆش دادەنوێنین بۆ دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و هەروەها دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی. هەر لەو ڕۆژەدا دیسانەکانە ڕێز لە یادی هەزاران پێشمەرگە، کادر و ئەندامانی ڕێبەریی ئەم حیزبە کە گیانی خۆیان لە پێناو حیزبی دێموکراتدا قوربانی کردووە، دەگرین.

فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاستییدا ئیدارەی وڵات بوو، بەڵام پێش دامەزراندنەکەی پرۆسەیەکی مەنتیقی بوو. خەباتی حیزبی دێموکرات پرۆسە بوو بەڵام دامەزراندنی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان

پڕۆژە بوو، پرۆسەکە ئێستاش بەردەوامە، بەڵام بە تەبیعەتی دەوڵەمەندیی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات پڕۆژەکانیشی جۆراوجۆر بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەما و بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف دامەزرا، واتا پرۆسەکە لەوێ‌ڕا دەستی پێکرد. ئەو کات کۆمەڵێک تێکۆشەر و ڕووناکبیری کورد، هەوڵیان دەدا و دەگەڕان بە دوای شوناسی خۆیاندا و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا ناسیۆنالیزمی کورد و کوردایەتییان تاوتوێ دەکرد. لە ڕاستییدا سەرەتاکەیان دامەزراند، بەڵام بە تەبیعەتی وەزعی تایبەتیی ئێران لە سەردەمی شەڕی دووی جیهانییدا قۆناغێک دێتە پێش، بۆیە پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو دەرفەتەی زۆر بە باشی قۆستەوە. لە ماوەیەکی کورتدا بەوە گەیشت کە دەبێ حیزب دامەزرێنێ، سیاسەت بکا، بچێتە مەیدانی عەمەل و وڵامی کۆمەڵێک پرسیار بداتەوە؛ بۆیە بە ئیرادەی قایمی خۆی، بە هیممەتی خۆی، بە ڕێبەریی خۆی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤دا دامەزراند.

دامەزرانی حیزب، ڕووداوێکی مێژوویی بوو و، لە ماوەیەکی کورتی پێنج-شەش مانگەدا لەبەر ئەوەی کە قازی محەممەد لە سەر مێکانیزمی ئیدارەی وڵاتیش خوێندنەوەی هەبوو، دوای حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستانی دامەزراند. قازی محەممەد دەمێک بوو لە مێشکی خۆیدا دەیزانی چ دەکا و یەک بە دوای یەک پڕۆژەکانی خۆی جێ‌بەجێ دەکرد، بۆیە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو شانازییەی پێ بڕا یەکەم کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ و بە پێی ئەوەی حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی بۆ جێبەجێ کردنی ویست و داخوازەکانی نەتەوەی کورد دامەزرابوو، هەوڵی دا هێما و شوناسی نەتەوەییش بە هەموو دامەزراوەکانیەوە دیار بێ؛ لە کۆماری کوردستانەوە بگرە تا دواتر ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، دواتر ناوی پێشمەرگە، هەمووی ئەو دامەزراوانە ئێستاش بە گشتی لە لایەن زۆرینەی گەلی کوردەوە بە شانازییەوە چاوی لێ دەکرێ.

حیزبی ئێمە ئەو پرۆسەیەی کە دەستی پێ کرد و دوایە کردی بە پڕۆژە، توانی لە دەورانێکی زۆر حەساسدا بنەماکانی هۆوییەتی نەتەوایەتیی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێنێ. قازی محەممەد وەک ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە هەموو کێشەکان تێگەیشتبوو، بۆیە سیاسەتێکی فرە ڕەهەندی گرتە بەر. لە لایەک دروستکردنی حیزب، دروستکردنی دامەزراوە حیزبییەکان، بە جۆرێک حیزبی دێموکراتی سازمان دا کە هەموو چین و توێژەکان خۆی تێدا بخوێننەوە. هەر ئەو وەختە حیزبی دێموکراتی کردە حیزبێکی جەماوەری، هەتا ئێستاش ئەو فەلسەفەیە یا جەماوەربوونی حیزبی دێموکرات هەر پێوەی دیار ماوە، بە دوای ئەودا تێکۆشا دامەزراوە دروست بکا، مەسەلەی کورد لە ئێران بێنێتە گۆڕێ و حیزبی دێموکرات بوو بە پارتنێری حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان لە چەند و چۆنیی چارەسەری کێشەکانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان و دروستکردنی مێکانیزمێک بۆ لێک تێگەیشتن و هەروەها چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ تاران.



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دێموکرات هەوڵی دا لەنێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕاستییدا ئەقڵییەتی دێموکراسی، بەرابەریی ژن و پیاو، بەشداریی هەموو چین و توێژەکان لە ژیانی حیزبایەتییدا بباتە پێشێ، بەڵام هەموو ئەوانە ماوەیەکی کەم بوو. بە داخەوە حکوومەتی تاران لە جیاتی ئەوەی کە پەیامی ئاشتیخوازی، پەیامی دێموکراتیک و پەیامی بە یەکەوە ژیان لە ئێراندا لە لایەن حیزبی دێموکرات کە هاتبووە گۆڕێ و شەخسی پێشەوا ڕێبەریی دەکرد، وەر بگرێ؛ هێرشی کردە سەر کوردستان. لە ئاکامدا بە داخەوە کۆماری کوردستان ڕووخا و پێشەوا لە سێدارە درا. تەنانەت ئەو کات کە بڕیاریان دا پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارە بدرێ، خۆشەویستیی پێشەوا قازی محەممەد لە نێو خەڵکی کوردستاندا و تا ڕادەیەک خەڵکی ئێران کە دەیانناسی ئەوەندە بوو، کە لای ئەمریکاییەکانیش وەک پرسێک چاو لێ دەکرا. ئارسی ڕۆزوێلت، سیاسەتمەدار و کادری لێهاتووی ئەمریکا کە لە سەفارەتی ئەمریکا لە تاران کاری دەکرد، سەردانی پێشەوا قازی محەممەد دەکا ئەو وەختە لەو مەنتەقانە گوزارشی خۆی داوەتەوە و زۆر بە ڕێزەوە باسی قازی محەممەد دەکا. بۆیە تەنانەت ئەمریکاییەکان پێشنیاریان بە حکوومەتی شا کرد بوو پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کەسایەتییەکی جێکەوتوو و جێی ڕێزە نابێ ئاوای لەگەڵ بجووڵێنەوە. بەڵام حکوومەتی تاران بە داخەوە هیچی ئەوانەی لە بەرچاو نەگرت و کۆمار ڕووخا و پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارە درا، بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد لەدایک بوو، بیری کوردایەتی لەدایک بوو، هیوا و ئومێد لەدایک بوو، هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دوای ڕووخانی کۆماریشدا چالاکیی خۆیان درێژە پێ بدەن، بەشێک لە کادرەکانی ئەم حیزبە لە زەمانی حکوومەتی شادا کەوتنە زیندانەکان، بەشێکیان تووشی دەربەدەری بوون، بەشێکیشیان لە نێو خەڵکی کوردستان و لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندا بە شێوەی نهێنی چالاکیی خۆیان درێژە دەدا.

ئەگەر وایە بە لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد ڕاستە پێشەوایەکی گەورەمان لە دەست دا، بەڵام دەکرێ بڵێم ناسیۆنالیزمی کورد و ئەقڵییەتی کورد و شعووری نەتەوایەتیی کورد زیاتر بە دوای ئەوەدا دەرۆی کە چۆن خەباتەکەی خۆی درێژە پێ بدا، حیزبی ئێمە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی خۆیدا هەوڵی داوە تێبکۆشێ لەسەر بایەخ دان بە بنەماکان چالاکیی سیاسیی خۆی درێژە بدا. دەورانێک لە ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێبەرانی ئەو حیزبە و کادرەکانی لە باشووری کوردستان بووە، ئەو دەورانەش هەمووی هەوڵ و هیممەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کادرەکانی ئەوە بووە کە چۆن لە نێوخۆی وڵات کار بکەن، چۆن ڕایەڵە و پێوەندیی خۆیان لە نێوخۆی وڵات کە بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان مابۆوە، بەهێزتر بکەن. لە دەورانی ساواکدا کە گرتن و کوشتن لە گۆڕێدا بوو، بەڵام دیسان کۆڵیان نەدا و لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ - هەرچەند حیزبی دێموکرات هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە تێ بکۆشێ لە ڕێگای وتووێژەوە کێشەی خۆی لەگەڵ تاران جێبەجێ بکا، بەڵام مادام ڕەفتاری حکوومەتی شا لەگەڵ حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی کورد ڕەفتارێکی نامەسئوولانە بوو تەنیا زمانی کوشتن و ئێعدامی دەزانی، بەشێک لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جووڵانەوەیەکی

چەکدارییان وەڕێ خست، ئەو جووڵانەوە چەکدارییەش بە حوکمی نفووزی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ڕێزێکی زۆری لێ گیرا، تا ڕادەیەکی زۆر خەڵک پشتیوانییان لێ کرد. یانی دەمهەوێ ئەوە بڵێم لە بیری فرە ڕەهەندیی حیزبی دێموکراتدا هەوڵ دراوە بە هەموو جۆرێک لە خەبات تێبکۆشین، حزوورمان لە نێوخۆی وڵات بێ و تێبکۆشین هەمووی ئەو مەیدانانە تاقی بکەینەوە.

بەشێکی سەرەکیی ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئیدامەی ئەو هەوراز و نشێوانەدا دوای ئینقلابی ئێران و ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێراندا دەست پێ دەکا. ئەگەر سەردەمی کۆماری کوردستان ماوە و مەودای دەسەڵاتی حیزبی دێموکرات و نفووز و شوێنی کاری هەر ناوچەی موکریان بوو، دوای ئینقلابی ئێران، تا لای خوارووی کوردستان ڕۆیشت، یەعنی ئەو خەونەی حکوومەتی پێشووی تاران پێیوابوو بە لە سێدارە دانی قازی محەممەد مەسەلەی کورد تەواو یان بەرتەسک دەبێ، بە پێچەوانە مەودای جوغرافیایی و نفووزی زۆرتر بوو و دەستەیەکی زۆرتر لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە ژن و پیاوەوە لە بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد. هەر لە ڕۆژانی یەکەمی ئینقلاب حیزبی دێموکرات لایەنگری ئەوە بوو کە کێشەی کورد لەگەڵ تاران لە ڕێگای وتوویژەوە چارەسەر بکرێ، دوکتور قاسملوو مێعماری ئەو ئیدەیە بوو و تێشیدا زۆر شارەزا و بە توانا بوو، بۆیە هەموو هەوڵەکانی خۆی بەکار بەست بە گەلانی ئێران، بە حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بە کەسایەتییەکانی ئێران بڵێ ئێمە ئینقلابمان کرد، بە یەکەوە ئیدارەی ئێران بکەین و ئێمەی کوردیش بۆیە لەو ئینقلابەدا بەشدار بووین، کە بە مافە نەتەوەیی و دێموکراتییەکانی خۆمان بگەین، بەڵام بە داخەوە حکوومەتی تاران و شەخسی ئایەتوڵڵا خومەینی ئەو پەیامە واتادارەی ڕێبەری کاریزما، دوکتور قاسملوو کە هەم بۆ کورد و هەم بۆ ئێران بەرژەوەندییەکی زۆری تێدا بوو بە جددیی وەر نەگرت؛ بۆیە پەیامی ئاشتیی ئێمەی بە شەڕ و هێرش کردن بۆ سەر کوردستان وڵام دایەوە.

موقاوەمەتی پێشمەرگەکان بە تایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، حکوومەتی تارانی هێنا سەر ئەو قەناعەتە کە موزاکرە بکەین. لەو موزاکراتەشدا هەوڵێکی زۆر درا، بەڵام بە داخەوە نێوەرۆک و تەبیعەت و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە مەسەلەی کورد لە ڕێگای گفتوگۆوە چارسەر نەکا، دوکتور قاسملوو دڵنیام زیاتر و باشتر لە هەموو کەس ئەوەی دەزانی بەڵام دەیویست بە کۆمەڵانی خەڵک و بە لایەنەکان بڵێ کە ئێمە ئینقلابمان کردوە بۆ ئەو مافانە بەڵام حکوومەتی تاران ڕێگرە لە گەیشتنی ئێمە بەو مافانە. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی شەڕی بەسەر ئێمەدا سەپاندوە و حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکانی کوردستان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دیفاعیان لە خۆیان کردوە، لە تەواوی ئەو ماوەدا حیزبی ئێمە هەوڵی داوە لەسەر چەند ئەساس تێ بکۆشێ، بە بنەماکانی خۆی وەفادار بێ، یەکەم لەو پێوەندییەدا هەوڵی ئێمە ئەوە بووە بە جەماوەری بوونی حیزبی دێموکرات هەمیشە لای ئێمە گرینگیی خۆی هەبێ، ئەویش

پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، هەوڵ دان بۆ ئەوەی کە خەڵک لە نێوخۆی وڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێکاری جۆراوجۆر و سیاسەتی فرە ڕەهەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە زەمانی پێشەوا قازی محەممەدەوە دان درابوو و شەخسی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیش درێژەیان پێ دا، بەردەوام بچێتە پێشێ. هۆیەکەشی ئەوەیە جێگای حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بیر و هۆشی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر لە نێوخۆی کوردستانە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو لە سێدارە دانی پێشەوا قازی محەممەد، تێرۆری دوکتور قاسملوو، لەسەر مێزی وتوویژ و تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی لە شوێنێک کە دیویست مێکانیزمێک بۆ نزیکیی هێزە ئێرانییەکان بدۆزێتەوە و، لەم دواییانەدا تێرۆری دەیان کادری ئێمە، مووشەکبارانی قەڵا و تەنانەت ڕووداوەکەی شەوی یەلدا، زۆرێک لەو ڕووداوانە هەموو یەک شتی دەر خستوە ئەویش ئەوەیە نفووزی جەماوەریی حیزبی دێموکرات، گارانتی مانەوەی حیزبی دێموکراتە. جا ئەگەر وایە ئێوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداری، حزوور و لە مەیداندا بوونی خۆتان هەوڵتان داوە، حیزبەکەی خۆتان ڕا بگرن. حیزبێک کە تەحەمولی ئەو هەموو هەوراز و نشێوانەی کردوە، ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەر هاتوە و خۆ ڕا دەگرێ، ئەوە ئێوەش خۆ ڕا دەگرن.

چوار ڕۆژ دوای مووشەکبارانەکە ئێمەتان بە تەنیا نەهێشتەوە و بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانتان ڕاگەیاند؛ ڕاستە بە مووشەک لە ئێوە دەدەن، بەڵام ئێمە لێرەوە لەگەڵتاندایین و سابیتیشتان کرد. ئەم هەڵوێستەی ئێوە بوو بە بەڵگە لەو بەڵگە مێژووییانەی حیزبی دێموکرات کە دەچێتە سەر کارنامەی ئەم حیزبە و بە دڵنیاییەوە هەتا کۆمەڵانی خەڵکی لەگەڵدا بێ بە چۆک دانایە. ڕێبەرانی ئێمە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەوڵیان داوە لە مەیداندا بن و بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانە و بە هەستێکی نەتەوایەتی لە پێناو مافەکانی خۆماندا کار بکەین و کاریان بۆ کردوە.

لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بێتەفاوەت نەبوون. هەر ئەو وەختە پێشەوا قازی محەممەد هەوڵی داوە لەگەڵ ئینگلیسییەکان پێوەندی بگرێ و، لەگەڵ مۆسکۆش پێوەندییەکی باشی پێک هێنا، هەوڵی داوە لەگەڵ ئە لایەنانەی کە وەختی شەڕی جیهانیی دووەم بە جۆرێک پێوەندییان بە ئێران و کوردستانەوە بووە لە پێوەندییدا بێ، هەروەها لەگەڵ ئازەرییەکانیش. چون ئەو دەیزانی دەبێ پێ بە پێی خەبات و تێکۆشان و ئیدارەی وڵات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش لە ئێمە بگا. بە دوای ئەودا دوکتور قاسملوو دەکرێ بڵێم مێعماری هێنانە گۆڕی ئەقڵییەتی دیپلۆماسی و ئەوەی کە مەسەلەی خۆمان بە جیهانی بکەین، دوکتور قاسملوو بە حوکمی ئەوەی لە نێوخۆی وڵات لەگەڵ ئێرانییەکان و لە دەرەوەی وڵاتیش لەگەڵ بیانییەکان تێکەڵاوییەکی باشی هەبوو، هەر بۆیە کارنامەیەکی بەهێزی لەم بارەیەوە لە خۆی بەجێ هێشتوە. زۆر باش

دەرکی مەسەلەکەی دەکرد و لەم دواییانەشدا بەشێک لە سەرنجی ئورووپاییەکان و بە تایبەت فەڕانسەوییەکان کە بە مەسەلەی کورد دراوە، تا ڕادەیەکی زۆر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر سەرمایەگوزاریی ئەو کاتی دوکتور قاسملوو کردی. ئێمەش لەژێر ڕووناکایی ئەزموون و ڕێنوێنیی ڕێبەرانمان بەردەوام لەو ئاستەشدا هەر دەچینە پێشێ.

لەسەر ئەساسی ئەوەی کە ئێمە پێمانوایە کێشەی ئێران لە ئاستی گشتی و بەبەشداریی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە چارسەر دەکرێ، هەوڵمان داوە لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوایەتیی خۆمان پێوەندییمان باش کەین و، هەر لەو بوارەدا هەوڵمان داوە لەگەڵ سازمان و حیزبەکان بە پێوەندی دروستکردن بە هەموو لایەک بڵێین کە ئێمە دەبێ بە یەکەوە لە بیری ئیدارەی داهاتووی ئێران بین. ڕامان گەیاندوە و جارێکی دیکەش ڕا دەگەیەنین ئەگەر قەرار بێ ئێران لە داهاتوودا ئیدارە بکرێ، دەبێ تەوافوقێک بکرێ لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان، هەموو لایەنە قەومییەکان و هەموو لایەنەکانی دیکە و چەندوچۆنیی ئیدارەی ئێران لەو بوارەدا سیاسەتی دروستی خۆمان هەیە.

پەیامێکی دیکەمان لێرە بۆ ئێرانییەکان هەیە کە ڕەنگە بەشێک لەوان ئاگاداری کێشە و پرسی ئێمە نەبن، ئەویش ئەوەیە کە ئەم وڵاتە کاتێک ئەمنیەت و ئاسایش بە خۆیەوە دەبینێ، زەمانێک ئاشتی و دێموکراسیی تێدا سەقامگیر دەبێ کە هەموو لایەنەکان بەو جۆرەی کە هەن تێدا بەشداری ئەو پرۆسەیە بن و هەڵاواردنێک لە گۆڕێدا نەبێ. بە بەشداریی هەموو لایەک لە ئێران ئەمنیەت و ئارامشێکی میللی، قەومی، مەزهەبی، سیاسی و قانوونی دێتە ئاراوە و ئەو وەختە دەکرێ بڵێین ئیدارەی ئێران، ئیدارەیەکە کە لەسەر ئەساسی ئەو جۆراوجۆرییە دامەزراوە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد لە پرۆسەی بەڕێوەبەریی ئێراندا بەشدار نەبێ و لەگەڵدا نەبێ، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان سیاسەتەکانی ئێمە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە سەرنجی نەدرێتێ، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لەوە بکرێتەوە کە ئێرانێک دروست دەکرێتەوە لەسەر تەمەرکوزگەرایی هەر بەو فەرهەنگەی کە لە حکوومەتی پێشوو و لە کۆماری ئیسلامییدا هەبوو دڵنیاتان دەکەینەوە و ئەو ئێرانە هەرگیز ئەمنیەت و ئاشتی و ئارامش بە خۆوە نابینێ و، خەڵکەکەی لە دێموکراسی و ئازادی و مافەکان بەهرەمەند نابێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرامبەر بە هیچ هاوکێشەیەک و بە هیچ سێناریۆیەک نیسبەت بە داهاتووی ئێران کەمتەرخەم نابین و هەوڵ دەدەین هەموو شوێنێک بە پێی بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانی خۆمان وەک کوردی کوردستانی ئێران، دەورمان هەبێ و سیاسەتی خۆمان بێنینە گۆڕێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان هەمیشە بە هەستی بەرپرسایەتییەوە جووڵاوەتەوە، ئێمە هەوڵمان داوە لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا بین و، لە ڕۆژە خۆشەکانیشدا دیسان پیرۆزباییان لێ بکەین. تێ بکۆشین لە ئەزموونی ئەوان کەلک وەر بگرین، سیاسەتی گشتیی ئێمە ئەوە بووە بە هیچ جۆرێک

دەستێوەردان لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نەکەین، بەڵام دۆستایەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لەو بەشانەدا بکەین و هەمیشە ئارەزوومان ئەوە بووە کێشەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ڕێگای وتوویژ و بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێ. بەڵام پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان شتێکی دیکەیە. مێژووی پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە سەردەمی کۆماری کوردستان، ئەو وەخت کە بارزانییەکان هاتن بەشداری کۆماری کوردستان بوون، لە کۆماری کوردستان لە حکوومەتی کوردیی ئەو کاتدا میوان نەبوون خاوەن ماڵ بوون، بە یەکەوە لە سەر سفرەی سیاسەتدا بوون. ئەوە یەکێک لە سانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانە. لە تەواوی مێژووی حیزبی دێموکراتدا زۆر جار ڕێبەرایەتی، پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی دێموکرات، بنکە و بارەگاکانیان کەوتوەتە باشووری کوردستان. لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا خەڵکی باشووری کوردستان زۆریان پشتیوانیی ئێمە کردوە، زۆر لەگەڵماندا بوون، زۆر بەهانای دەرد و کێشەکانمانەوە هاتوون، بۆیە ئێمە لەو ڕۆژەدا جێگای خۆیەتی وێڕای سپاس بۆ هەموو لایەک بۆ دۆزی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان زەحمەتیان کێشاوە، سپاس و ڕێزێکی تایبەتییمان هەبێ بۆ خەڵکی باشووری کوردستان و لایەنەکان کە لەو ڕۆژە ناخۆشانەدا تەنیایان نەهێشتووینەتەوە.

لە کارنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە حیزبێکی جەماوەرییە و ٧٥ ساڵ لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانیدا لە بواری جۆراجۆردا بووە و قوربانییەکی زۆری داوە، نەقڵێکی خۆش هەیە لە کوردییدا دەڵێن: "بانی گەورە و بەفری زۆر" مادام حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی جەماوەری و پڕ نفووزە ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانی کردوە لە بواری جۆراجۆری دیپلۆماسی، تەشکیلاتی، ڕێکخراوەیی، سیاسی، خەباتی جەماوەری، خەباتی پێشمەرگانە، خەباتی قانوونی و هەتا بگرە وتوویژ لەگەڵ حکوومەتە ناوەندییەکان لە مەیداندا بووە و بێتەفاوەت نەبووە، هیچ گومانی تێدا نییە بێکێشەش نەبووە. هەڵەش لە گۆڕێدا بووە، بەڵام پەڵەمان لەسەر نییە، هەڵە و کێشەش دێتە سەر ڕێی کەسێک کە کار دەکا، بۆ حیزبێکی گەورەی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانیش زۆر بە ئاسایی و سروشتیی دەزانین، بەڵام بە شانازییەوە دەڵێین حیزبێکین پەڵەمان لەسەر نییە. لە داهاتووشدا ئێمە حیزبێکی بێکێشە و بێهەڵە نابین، بەڵام ڕۆحمان ئاواڵە دەبێ بۆ وەرگرتنی تێبینی و ڕەخنە و پێشنیارەکان هەتا چارەسەریان بکەین.

بێگومان لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا لێکدابڕان بووە، ئینشعاب ڕووی داوە، جاری وا بووە کە ئێمە پێکەوە نەحاواوینەتەوە و ئەو لێکدابڕانانە خۆش نەبووە بۆ ئێمە، بەڵام با شتێکتان پێ بڵێم لە زۆربەی زۆریاندا ئەگەر لایەنەکان پێکەوە نەحاواونەوتەوە هەرگیز لەسەر بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی گومانیان نەبووە، جا ئەگەر وایە بنەماڵەی حیزبی دێموکرات وا پەروەردە کراوە ئەگەر لەگەڵ یەکیش کێشەی هەبێ بەڵام تا ئەو



سەرچاوە
Serchawe

جێیەی پێوەندیی بە خەبات و تێکۆشانەوە هەیە دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەرگز گومانی نەبووە. ئەوە خاڵێکی بەهێزە کە ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە و بە پێی زەروورەتێکی مێژوویی کە لە داهاتوودا بووە قەزییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێتە گۆڕێ، بە هەستی بەرپرسیارەتییەوە چاو لە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بکەین. لەم پێوەندییەدا تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و سیاسەتەکانی ئێمەوە بووە و تا ئێستا بە شاهیدیی مێژوو، بە شاهیدیی تەواوی ئەو بەڵگانە کە لە گۆڕێدا هەن، ئێمە کۆتاییمان نەکردوە و لەمەو بەداوش ئێمە هەوڵ دەدین ئەوەندەی لە تواناماندا بێ وەک حیزبێکی بەرپرسیار کە هەستی بەرپرسیارییەتیی هەیە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسە ئەرکی خۆمان بەجێ بێنین.

**هاونیشتمانانی تێکۆشەر!**

**خەڵکی تێکۆشەر و هەمیشە لە مەیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

بۆ جارێکی دیکەش بە بۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزباییتان پێ دەڵێم و، ئێمە لەم ڕۆژەدا پەیمان نوێ دەکەینەوە، لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگەڵ دوکتور قاسملوو، لەگەڵ دوکتور سادق شەرەفکەندی، لەگەڵ هەموو شەهیدان و لەگەڵ هەمووی ئێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆمان سوور بین و، تێ دەکۆشین ئەزموونی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هیممەت و پشتیوانیی ئێوە لە داهاتوودا بە کار بێنین و، تێ دەکۆشین بە پشتیوانیی ئێوە ئەو خەباتە بەربەرینتر بکەین و دڵنیام خەباتی ئێمە لەگەڵ ئێوە و لەگەڵ هەموو دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتمان چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوە خەباتێک دەبێ و لە درێژەی خۆیدا لە سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە. لە کۆتاییدا ئێوە هەر ساغ و سڵامەت بن و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر پایەدار بێ و، ئەگەر ئێمە لە پشتی یەک بین داهاتوو ئی ئێمەیە، مێژووی خەبات و تێکۆشان نیشانی داوە داهاتوو ئی ئێمەیە. هەموو لایەکمان بە یەکەوە هەر ساغ و سڵامەت بن، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

-----------------------------------------------------

## دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دووهەمین ساڵیادی شەهیدانی ١٧ی خەرماناندا



هاوڕێیانی خۆشەویست!

کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

خوشک و برایانی ئازیز!

هەروەها ئازیزانی بنەماڵەی هاوڕێیانی شەهیدمان کە ئەمڕۆ لێرەن!

هاوڕێیانی شەهید، شەهیدانی ١٧ی خەرمانان!

ڕێک دوو ساڵ پێش ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کە ئێمە و ئێوەی لە دەوری یەک میز کۆ کردبۆوە، کردە ئامانجی مووشەک. لەو مووشەکبارانەدا ئێوە پۆلێک لە هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ کادرەکانی سکرتاریا و جەمعێک لە پێشمەرگەکانی دەوروبەری ئەو کۆبوونەوەیە شەهید بوون، پۆلیکیش کە ئێستا لێرە لە خزمەت ئازیزانی ئێوەدا لەسەر گڵکۆی ئێوەن بریندار بوون، ئەومڕۆ ئێمە لێرەین یەکەم یادی ئێوە دەکەینەوە و لەو یادکردنەوەیەدا بە ئێوە هاوڕێیانی شەهید، بە بنەماڵەی شەهیدان و بە ئازیزانی ئەو هاوڕێیانە کە گڵکۆکەیان لێرەیە دەڵێین ئێوە بە یاد و باوەڕ زیندوون و ئێمەش پەیمان لەگەڵ ئێوە و لەگەڵ هەموو لایەک و، لەگەڵ ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم شەهیدان نوێ دەکەینەوە کە درێژەدەری خەبات بۆ وەدیهێنانین ئامانجەکانتان بین و ئەو ڕێبازەی کە ئێوە لەسەری شەهید بوون بەردەوام دەچێتە پێشێ.

بەڕێزان!

ئەو مووشەکبارانەش ڕاستە پۆلێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی لە ئێمە ئەستاند، بەڵام ئیرادەی حیزبی دێموکرات



سەرچاوە
Serchawe

کە ئیرادەی هەموو لایەکمانە پێکەوە، ئەو ئیرادەیە بەچۆکدا نەهات. یەکەم ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات، لێرە و لە هەندەران شانیان وەبەر کار و تێکۆشان دا. ڕاستە جێگای شەهیدانمان بەتاڵە، بەڵام کار و کارنامەی شەهیدانمان لە ڕابردوودا ئەوەندە پڕ ئاکام بووە و لەسۆنگەی فیداکارییەکانی ئێوە حیزبی دێموکرات ڕێبەر و کادر و پێشمەرگە و ئەندام و خەڵکی هەیە، چۆنکی حیزبی دێموکرات حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

ئەمڕۆ هاوکات یادی ڕێبەر و سەرکردەی لێوەشاوەمان، دوکتور سادق شەرەفکەندی دەکەینەوە کە لە ٢٦ی خەرمانان لە بێرلین پێتەختی ئاڵمان لە لایەن تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیەوە تێرۆرکرا.

ڕاستە مانگی خەرمانان بۆ ئێمە نەهامەتی و تراژێدیی زۆر تێدایە، بەڵام هەمووی ئەوانە ئەرکی ئێمە قورستر دەکا و بۆ ئێمەش پەیمان نوێ کردنەوەیە. لێرە لە حزووری شەهیدانمان ڕەنگە زۆر پەیاممان هەبێ، بەڵام دوو پەیام لێرە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە باشە یادیان بکەینەوە و تەئکیدیان لەسەر بکەینەوە؛ پەیامی یەکەممان بۆ خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. خەڵکی کوردستانی ئێران بەگشتی چوار ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە ناخۆشە بە مانەوەیان لە ماڵەکانیان بە یەکگرتوویی خۆیان بە کۆماری ئیسلامیان گوت ڕاستە ئێوە ڕێبەرانی ئێمەتان کردە ئامانج و پۆلێک ڕێبەر و کادر و پێشمەرگەکان لێ شەهید کردین، بەڵام ئەوان لەوێ تەنیا نین و بە میلیۆنها خەڵک لە کوردستانی ئێران بەدرێژایی مێژوو لەگەڵیاندا بوون و ئەوڕۆش ئێمە لەگەڵیاندایین. ئەو پەیامە لە ڕاستیدا لە لایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لەدژی کۆماری ئیسلامی و هاودەردی و هاوخەمی لەگەڵ حیزبەکەی خۆیان، ڕووداوێکی مێژووییە، بەڵگەیەکی گەورەیە، بۆیە لەو ڕۆژەدا هەر لێرەوە لە گڵکۆی شەهیدانی دێموکراتەوە، جارێکی دی سپاس و پێزانینی خۆمان بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەگەیەنین کە تەنیایان نەهێشتینەوە. دڵنیاین هەتا ئێوە هەبن، هەتا ئێمە هەبین و هەتا حیزبی دێموکرات هەبێ؛ بەردەوام ئەو خەبات و تێکۆشانە دەچێتە پێشە.

هەروەها پەیامێکمان بۆ دەسەڵاتدارانە، بۆ نەیارانی مافەکانی خۆمان چ ئەوانەی ئێستا لە دەسەڵاتدان و چ ئەوانەش کە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتن. لە نێوان شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا سمایل ئاغای سمکۆ کە جووڵانەوە نەتەوەییەکی لە دەوری ورمێ تەنگی بە دەسەڵات هەڵچنیبوو، بە بیانووی وتوویژ بانگیان کردە شاری شنۆ و، شەهیدیان کرد، دوایی ڕووخانی کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد کە کەسایەتییەکی جێگای ڕێز و ئێحترامی خەڵکەکەی خۆی بوو، تەنانەت لە ئاستی ئێران و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا خاوەن پێگە بوو، لە جیات ئەوەی بە پرەنسیپ و شارستانییانە لەگەڵی ڕەفتار بکەن، لەگەڵ چەند ڕێبەرییەکی دیکەی کۆمار لەدار دران. بەڵام حیزبی دێموکرات نەکەوت، دوایی ئینقلابی ئێرانیش دەیان و سەدان کەس لە کادر و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێرۆر و شەهید کران، یەکێک لەوانە گەورە

پیاوی ئەو مەیدانە دوکتور قاسملوو بوو کە لە ڤییەن، پایتەختی ئوتریش تێرۆر کرا، دواتریش دوکتور سادق شەرەفکەندی، هەمووی ئەوانە پێمان دەڵێن هەموو سیاسەت و کردەوە و تێڕوانینی دەسەڵاتداران لە تاران چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا کە سیاسەتی کوشتار و ئێعدام و تێرۆریان هەڵبژاردوە، هەرگیز نەتیجە نادا. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کۆڕی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر و زۆرتر بووە، هەروەها بازنەی جوغرافیایی تێکۆشانی شوناسخوازیی ئێمە و شعوری نەتەوایەتیی خەڵکی ئێمە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە حاڵی پەرەستاندن دایە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاریان داوە تا گەیشتن بە مافەکانیان خەباتی خۆیان بەردەوام ببەنە پێشێ و هەر ئەو بڕیارەی ئەوانیش ئەرکی لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان دروست کردوە.

هیوادارم لایەنە ئێرانیەکان باش ئەو پەیامانەیان وەرگرتبێ. ئەمن هیوادارم هەموو لایەنەکان و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش جووڵانەوەی کورد و مافەکانی ئێمە بەو جۆرەی کە هەیە ببینن؛ و بەدڵنیاییەوە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بەردەوام دەبن و؛ لە پێناو یەکڕیزی و یەکدەنگیی پتردا لە هیچ کۆتایی ناکەن.

هاوڕێیانی شەهید!

جارێکی دیکەش، ڕێگاتان بەردەوامە. ڕوحتان شادبێ. خۆشحاڵ و سەربەرزین کە ئازیزان و بنەماڵەی شەهیدانمان لەو ماوەیەدا بەرگەی ئەو ئازارەیان گرت و هەروا پشتیوانێکی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان و،

سەرکەوتووبێ جووڵانەوەی نەتەوایەتیی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو مافەکانماندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

-------------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: سیاسەت و خەباتی ئێمە تابعێک نییە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا




**دیمانە: مەنسوور مروەتی**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کورد کاناڵ" سیاسەتی و بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ چەند بابەتێکی ڕۆژەڤی سیاسی شی کردەوە. لەم وتوویژەدا پرسی بەرژەوەندی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، ئێران لە گۆڕانکارییەکانی ئێستای ناوچە و جیهان، کاریگەریی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئەمریکا لەسەر ئێران و پێچەوانە، پرسی کورد و هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و، هەروەها دۆخی ئێستای جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێران تاوتوێ کران.

"کوردستان" بە گرینگیدان بەو وتوویژە پوختەیەکی لێ بڵاو کردۆتەوە.

**مەنسوور مروەتی:** کاک خالید لە میدیاکان زۆر گوێمان لە دەستەواژەی هاوکێشەی نێودەوڵەتی و هەروەها بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی دەبێ، با لەپێشدا ئەوە لە بەڕێزتان بپرسم هاوکێشەی نێودەوڵەتی یانی چی، پێناسەی چییە؟

**خالید عەزیزی:** هەروا لە ناوەکەیەوە دیارە پێوەندی نێودەوڵەتی یا هاوکێشەی نێودەوڵەتی تەنزیمی پێوەندی و بەرژەوەندی و حاوانەوەی دەوڵەتەکان لە چوارچێوەی ئەو یاسا و ڕێسایانەیە کە بۆخۆیان دایانناوە، لەسەر ئەساسی ئەوە دواتر دەبێتە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە باشتر وایە ئەو ناوی بگۆڕین بڵێین کۆمەڵەی دەوڵەتەکان. چونکە نەتەوەکان وەکوو ئێتنیک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی ناکرێن، بەڵکوو دیسان لەوێ دەوڵەتەکانن بڕیار دەدەن.

لەو پێوەندییەدا، شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان داندرا، کە فەلسەفەکەی ئەوەیە، دەوڵەتان پابەند بکا بە پاراستنی ئاشتی و ئەمنیەت و ئاسایش بۆ ئەوەی کە جیهان بتوانێ لەگەڵ یەکتر کار بکا. جیاواز لەو یاسایانە کە لە مەنشوورەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکان بۆ ڕاگرتنی نەزمی دونیا دانراوە، زەرووڕەتی دروست کردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکان ئەمنیەت و ئاشتی بوو. سروشتییە هەر دەوڵەتێک لەهەمان کاتدا کە ئیلزاماتێکی لەچوارچێوەی ئەوە یاسایانە هەیە، بەڵام وەدوای بەرژەوەندیی خۆیشی دەکەوێ.

جا ئەگەر وایە پێوەندی نێودەوڵەتی و هاوکێشەی نێودەوڵەتی بەو تەفسیرە لەسەر بەرژەوەندی دانراوە، سروشتییە جاروبار هەوڵ دەدرێ ئەو بەرژەوەندییانە بەجۆرێک بێ کە سەقامگیری لە ئاستی جیهانی بشێوێنی. جا ئەگەر وایە ئەوە بەرژەوەندییە دیاریی دەکا دەوڵەتەکان لەگەڵ ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت و ئەم لایەن و ئەو لایەن پێوەندییەکانیان چۆن ڕێک دەخەن.

**مەنسوور مروەتی:** کاک خالید ئەم بەرژەوەندییە پێناسەی جۆراجۆری بۆ دەکرێ، بۆ وێنە ئەمریکاییەکان بەردەوام جەخت لەسەر بەرژەوەندیی خەڵکی ئەمریکا دەکەن، بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمریکا، بەڵام ڕەنگە لە وڵاتی دیکە وا نەبێ، ئەو بەرژەوەندییە چۆن دەگۆڕێ، چۆن پێناسە دەکرێ؟

**خالید عەزیزی:** کاتێک لە وڵاتێک سەرۆک کۆمارێک هەڵدەبژێردرێ، بەتایبەت کە قسە لە ئەمریکایە، ئەو سەرکۆمارە، کە چاو لە سیاسەت و چەندوچۆنیی هێنانەگۆڕیی دەستوور و بەرنامەی خۆیان دەکا، تەبیعەتەن ئەمریکای لەبەرچاوە. چوارچێوی جوغرافیایی، سیاسی، ئابووری، نیزامی یاسایی و شارۆمەندانی ئەمریکایی. بۆیە هەر لەو دواییانەدا ترامپ دەڵێ یەکەم ئەمریکا و من بۆ ئەمریکا کار دەکەم، زۆر سروشتییە دەبێ وا بڵێ. ئەو لانیکەم دەڵێ من بۆ ئەمریکا کار دەکەم و، بۆ چوارچێوەی بەرژەوەندی خەڵکی ئەمریکا کار دەکەم. ئەوە سیاسەتێکی دروست بێ یان هەڵە من لێرە قەزاوەت ناکەم و ئەوە بە ئەمریکاییەکان دەسپێرم. بەڵام ئەو تەنانەت ئامادە بووە کێشە لەگەڵ ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت بکا، بۆچی؟ بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا.

بەڵام ئەگەر بەراوەردی کەین لەگەڵ ئێران پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە لە ئێران ڕێبەرانی نیزامی سیاسیی وڵات لە بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران وەکوو وڵاتێک کار ناکەن. لە ئێران، بەتایبەت ڕێبەری ئێران خامنەیی و دەوروبەرەکەی، بەدوای ئەوەدان بزانن چ شتێک وڵامدەری تمووحی فکری، ئیدئۆلۆژیکی یا بە قەولی خۆیان ئینقلابی ئەوانە، ئەوان لەوە بیر دەکەنەوە. دەنا ئەوەکە ئەورۆ ئێرانی تێکەوتەوە، لەبواری فەرهەنگی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، بێکاری،

هەژاری، بێگومان بەشێکی نەتیجەی ئەوەیە کە لە ئێراندا نیزامی سیاسی و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن، یەکەم نیزامی کۆماری ئیسلامی، دوایە ئێران بەگشتی. دەی مادام هەموو شتێک لە خزمەتی نیزامی کۆماری ئیسلامیدایە، هیچ شتێک بۆ ئێران نامێنێتەوە. لە ئێران پێناسەکە بەرژەوەندیی وڵات نییە، بەرژەوەندی نیزامە و هەموو شتێک تابیعی ئەوەیە. بۆیە ئێران تووشی ئەو ڕۆژە ناخۆشە بووە.

**مەنسوور مروەتی: بەڵام سەرەڕای ئەوە ئێران ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ناوچە هەیە، ئەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**خالید عەزیزی:** سیاسەتی ئێران لە ناوچە تابیعێکە لە سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتی کە لەودا تووشی کێشەیەکی جیدی لەگەڵ ئەمریکا هاتوە و، دەیەوێ لەو شوێنانەی کە بۆی دەکرێ و مەجالی هەیە ئەمریکا ئەزیەت بکا. ئەو شوێنانە کوێیە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەوە بەتەواوی دیارە خودی ئەمریکاش ئەوە باش دەزانێ. جا ئەگەر وایە ئەزیەت کردنی ئەمریکا و بە قەولی خۆی ئەوەی کە هەوڵ بدا ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەمێنێ، مەجالێک بۆ ئێران دروست دەکا کە پتر بتوانێ مەیدانی مانۆڕی هەبێ. دیارە ئەمریکاش بێ هەڵوێست نەبووە، کوژرانی قاسم سولیمانی زەربە لێدان لە غرووری کۆماری ئیسلامی بوو. چون بەو پێناسەیەی کردمان، ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ دونیای دەرەوە بەس بەرژەوەندی ئەو جەمعەیە کە خودین، کە خودی نیزامەکەیە. بەشێک لە خەڵکی دەوروبەری ئەو حکوومەتە بەوە گەیشتن کە قاسم سولیمانی بۆ ئەوان ئەسبابی کێشەیە و تا کەی دەتوانن ئاوا دەرێژەی بدەن چونکە ئەمریکا دەتوانێ زەربەی خۆی لێدا و لە داهاتووشدا عەمەلیاتی ئاوا بکا.

بەشێکی دیکەش ئەوەیە لە حاڵی ئێستادا کە بەرەو هەڵبژاردنی ئەمریکا دەچین، کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ لەژێر ڕووناکایی ئەو ڕاپرسییانەی لە ئەمریکا دەکرێن و هەتا ئێستاش بایدن لە پێشە؛ هەر ئاوا بڕوا. کۆماری ئیسلامی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ ترامپ بیدۆڕێنێ و دێموکراتەکان بیبەنەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە دێموکراتەکان پابەندن بە ڕێکەوتننامەی "بەرجام" کە لەگەڵ ئورووپاییەکان کراوە. ئەوە ترامپ بوو لەو ڕێکەوتننامەیە هاتە دەرێ و تەنانەت کۆمەڵێک بەربەستی دروست کرد، و ئەمریکا بۆ خۆی بەتەنیا گەمارۆی ئابووریی خستۆتە سەر ئێران.

جا ستراتیژیی ئێستای ئێران ئەوەیە یان بڵێم تاکتیکی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە تێبکۆشن تا هەڵبژاردنی ئەمریکا کێشەیەکی زۆر جیدی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروست نەکەن، بۆ ئەوەی نەبێتە بەهانەیەک کە ترامپ کەڵکی لێ وەرەگرێ و لە نێوخۆی ئەم وڵاتە و لە هەڵبژاردنەکاندا بە قازانجی بشکێتەوە. ئێران لە ئێستادا وەکوو تاکتیکێک پێی خۆش ئارامییەک هەبێ و ئەو ئارامییە لە بەرژەوەندیی "بایدن" تەواو بێ.



سەرچاوە Serchawe

**مەنسوور مروەتی: باشە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئەمریکا بەڕاستی چەندە کاریگەری لەسەر ناوچە هەیە؟**

**خالید عەزیزی:** لە دونیای ئەمڕۆدا و تەنانەت پێشتریش ئەمریکا کاریگەریی سەرەکی هەبووە و لە ئێستاشدا هەیەتی لە داهاتووشدا زۆرتر دەبێ. ئاماژە بە دوو سێ نموونە دەکەم. دوایی شەڕی یەکەمی جیهانی کە فەقیری و هەژاری پەرەی ئەستاند، دونیا بڕێک تووشی بێنەزمی بوو، خودی ئابووریی ئەمریکا کەوتە دۆخی خراپەوە و، ئەوە زەمینەیەکی دروست کرد لەو شێوانەدا، لە شێوانی ئابووری، سیاسی، ئەمنیەتی و هەر ئەوە زەمینەی بۆ شەڕی دووهەمی جیهانی دروست کرد، واتە خەڵکی وەک هیتلێر هاتنە گۆڕێ و وردە وردە دەسەڵاتیان پەیدا کرد. ئەمریکا غایب بوو لەوانەدا، ئەمریکا خەریکی کێشەی نێوخۆیی بوو، وەزعی ئابووریی خراپ بوو، لە ئورووپا دوور بوو. لە نەبوونی ئەمریکادا لە ڕاستیدا زەمینە دروست بوو بۆ شەڕی دووهەمی جیهانی.

وابوو کە هەر دوای شەڕی دووهەمی جیهانی ئەمریکا بەوە گەیشت کە دەبێ لەو تەریککەوتنەوەیە بێتە دەرێ و لە نەزمی جیهاندا دەوری هەبێ لە پێناو سەقامگیریی ئاشتی و ئەمنیەت، هەڵبەت بەو خوێندنەوەی کە خۆیان هەیانە. بۆیە مارشاڵ، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا پڕۆژەیەکی هێنا کە یارمەتیی دا بۆ نوێژەنبوونەوەی ئورووپا. تەنانەت پێشنیاری بە ستالین سەرۆکی سۆڤیەتی پێشوو کرد کە ئەوانیش بەهەرەیان هەبێ لەوە، پارەیان بدرێتێ بۆ ئەوەی هەستنەوە.

لێکدانەوەی ئەمریکا بۆ ئەوە بوو وەزعی باشی ئەمریکا دەبێتە هۆی ئەوەی بۆچوونی شەڕخوازانە وردە وردە لە بین بچێ و، دونیا بەرەوە ئاشتی و سەقامگیری بڕوا. لە دوای ئەوەدا لە دەورانی شەڕی سارددا سۆڤیەت و ئەمریکا لە ڕاستیدا زەمینەسازی دروست کردنی ئاشتیی نەرم بوون. واتە شەڕ نەبێ لە دوو جەمسەر، دوایە ئەو دوو جەمسەرییە هەڵوەشایەوە. ئێستا جەمسەری دیکەش هاتوونەتە گۆڕێ. چین زلهێزێکی ئابوورییە، ڕووسیە بۆتە زلهێزێکی نیزامی و وڵاتانی ئورووپاییش بەشێوەیەکی دیکە و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا دەبینین تورکیە و ئێران وەکوو زلهێزی ناوچەیی دەور دەگێڕن.

جا لە حاڵەتێکی ئاوادا بە ئێعتیباری هێزی ئابووریی ئەمریکا و بە ئیعتیباری حزووری نیزامی ئەمریکا لە دونیادا و بە ئێعتیباری ئەوەی کە ئەمریکا یارمەتی بە زۆر شت دەکا، نەبوونی ئەمریکاش یارمەتیی ناکا بە سەقامگیر بوونی ئاشتی و ئەمینەت لە جیهاندا. جیهان بەجۆرێک فێری هاوئاهەنگی بووە و ئەو هاوئاهەنگییە بەبێ ئەمریکا ناکرێ. لە ڕوانگەی منەوە کێشەیەکی سیاسەتی تڕامپ ئەوە بوو کاتێک گوشاری بۆ سەر ئێران هێنا و گەمارۆی ئابووریی خستە سەر ئێران، تەنانەت ئەو لایەنانەی لەگەڵ ئێران تێکەڵ بوون سزای دەدان، ئەوە بووە هۆی ئەوەی هاوئاهەنگی باشی سیاسی لەگەڵ چین و ڕووسیە و ئورووپا چەتی تێکەوێ. ئەوە بە قازانجی ئێران تەواو بوو، ئێران لەوە دەگرێ کە دەقیقەن ئەمریکا

دەوری لە دونیا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبێ. وردە وردە پاشەکشە بکا و جێگە بۆ ئەو لایەنانە بکرێتەوە کە چین و ڕووسیەی تێدایە. جا ئەگەر وایە نەزمی جیهانی جۆرێک شکڵی گرتوە لە چەند جەمسەری. بۆیە یا دەبێ هاوئاهەنگی لەنێو جەمسەرەکاندا هەبێ و، لە هەر حاڵدا ئەمریکا دەبێ بوونی هەبێ، یا ئەگەر ئەوەش نەبێ دەبێ بەجۆرێک چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە و هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئەمریکا ڕەنگە وڵامی ئەوە بداتەوە.

**مەنسوور مروەتی:** باشە بە هەموو ئەوانەوە ئێران بەرەو کوێ دەچێ، ئایا لە بواری نێودەوڵەتییەوە بەرەو تەریک بوونەوەی زیاتر نارِوا؟

**خالید عەزیزی:** ئێران بە کردەوە لە هێندێک بواردا تەریک کەوتۆتەوە. ئەمریکا ئەگەرچی هەندێ لە وڵاتانی ئوروپاییشی لەگەڵ نییە بەڵام بە حوکمی دەسەڵاتی زۆری ئەمریکا ئەم ویستەی لە دونیادا بە ئاسانی جێبەجێ بووە و ئێرانی بەچۆک داهێناوە. ئێران تووشی دارِمانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە و ئێستا ئێرانییەکان بە توندی چاوەڕوانی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکان و بەشێک ڕزگاریی خۆیان لەوەدا دەبینن کە چی لێ دێتەوە.

لێرە لەگەڵ دوو سێناریۆ ڕووبەڕووین. سێناریۆی یەکەم ئەوەیە ترامپ دەبیاتەوە، ئەگەر ترامپ بیباتەوە درێژە بە سیاسەتی خۆی دەدا. گوشاری زیاتر دەکەوێتە سەر ئێران و ئەوە بەو مانایەش نییە کە ڕێژیمی ئێران لە ئێستادا برووخێ. ئەویش لێکەوتە و زیانی خۆی هەیە. گوشارەکەی ئەوەیە ئێرانییەکان ناچار بکا بێنە سەر میزی وتوویژ و مەرجەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ڕەفتاری ئیران لە ناوچەدا و لە پێوەندی لەگەڵ "بەرجام" دا بەسەر ئەم وڵاتەدا بسەپێنی. درێژەی ئەو سێناریۆیە بە زەرەری ئێران و کۆماری ئیسلامی تەواو دەبێ، چوونکە ترامپ لە قۆناخی یەکەمدا زۆر باش چۆتە پێشێ و گوشاری ئابووریی زۆری خستووەتە سەر ڕێژیم. بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە خودبەخود دەبێتە شەڕێکی کلاسیک و شەڕێکی جەبهەیی.

سیناریۆی دووهەم، ئەوەیە کە دێموکراتەکان بیبەنەوە. دێموکراتەکان بەدرێژایی مێژوو لە دونیادا هەوڵیان داوە دەوڵەتان و لایەنەکان تێکەڵ بە ئیلزامات و تەعەهوداتی یاسای نێودەوڵەتی و مەنشوورەکانی نەتەوە یەکگرتەوەکان لەپێناو ئاشتی و سەقامگیریدا بکەن. دێموکراتەکان بە ڕاشکاوی گوتویانە ئەگەر بێنەوە سەر دەسەڵات ڕەنگە بچنەوە نێو بەڵێنەکانی خۆیان لە چوارچێوی "بەرجام" دا. ئەوەش بەو مانایەیە دێموکراتەکان بەشێک لەو گەمارۆ ئابوورییە لەسەر ئێران هەڵدەگرن و ئێران پشووی دێتەوە بەر خۆی و، هەوڵ دەدەن لە چوارچێوی نەزم و نیزامی نێودەوڵەتی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی و لایەنەکانی دیکەدا گوشار لەسەر ئێران دروست بکەن. بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە ئیدی دێموکراتەکان واز

لە هەموو شت دێنن. لێرەدا هەم دێموکراتەکان و هەم کۆماریخوازەکان لەسەر یەک شت کۆکن ئەویش گۆڕینی ڕەفتاری ئێرانە، نەک گۆڕینی حکوومەتی ئێران؛ بەڵام هەم لەنێو دونیای ئێرانییەکان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی یا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وا حاڵی بوون کە ئەگەر ترامپ جاروبار هەڕەشەیەک و جموجۆڵێک بە هێزە نیزامییەکانی دەکا، ئەوە بە مانایە کە شەڕ لەگەڵ ئێران دەکا و حکوومەتی ئێران دەگۆڕێ. نا ئەوان بەدوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەڕۆن. بەرژەوەندیی ئەوان لەوەدایە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بگۆڕدرێ و ئاسایش و ئەمنیەت لە ناوچەدا سەقامگیر بێ، ئارامییەکی ئابووری هەبێ و ئێران دەست لەو ڕەفتار و کردەوانە هەڵبگرێ کە ئەوان ئەزیەت دەکا.

**مەنسوور مروەتی:** زۆر جار باس لە ڕۆڵی کورد و داهاتووی کورد بەگشتی دەکرێ ڕای بەڕێزتان چییە لەسەر ئەو دەستەواژەیە؟ کورد لەنێو هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا لە کوێ جێ دەگرێ؟

**خالید عەزیزی:** کورد بەگشتی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا نییە. هاوکێشەی نێودەوڵەتی بریتییە لە پێوەندی، بازرگانی و ئەمنیەت لەنێوان دەوڵەتاندا. بەڵام کاتێک دێینەوە سەر پرسە ئەمنیەتییەکان و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لێرەدایە کورد دەتوانێ دەوری هەبێ، دەنا کورد بەردەنگ نییە بەگشتی وەکوو نەتەوەیەک.

**مەنسوور مروەتی:** لەبەر ئەوەی کە دەوڵەت نیە؟

**خالید عەزیزی:** لەبەر ئەوەی کە دەوڵەت نییە، لەبەر ئەوەی کە کورد لەنێوان چوار دەوڵەتدایە و دەوڵەتانی دونیا هەرکامیان بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان پێوەندییان لەگەڵ ئەو چوار دەوڵەتەدا هەیە و، ئەو پێوەندییانە لەسەر بەرژەوەندیی کورد یا کورد چە فاکتۆرێکە شکڵی نەگرتوە. بۆ نموونە تا پێش قەیرانی سووریە و دروست نەبوونی شەڕ و شۆڕ لەو وڵاتە کەس باسی کوردی نەدەکرد. نموونەیەکی دی تا کاتێک عێراق نەڕووخا و مەسەلەی عێراق دەرفەتێکی تازەی بۆ کورد دروست نەکرد، کەس باسی کوردی نەدەکرد. لە پێوەندی دەگەڵ ئێرانیشدا سەرەڕای ئەوەی مەسەلەی ئێمە (کورد) ڕەوایە و بەرحەقە، بەڵام نەکەوتۆتە نێو هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانەوە، بۆ؟ دیسان جەختی لەسەر دەکەمەوە، دەوڵەتان بە پێی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان لەگەڵ تاران و بەغدا و دیمەشق و ئانکارا لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕێک دەخەن.

بۆیە ئێمە کاتێک دەچینە نێو چەندی و چۆنی پێناسەی قەزییەی کورد لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، نابێ بەدوای عاتفە و بەدوای ئارەزووەکان و خەیاڵەکاندا بڕۆین. کاتی خۆی دوایی ئەوەی کە ئەمریکا پشتی لە جووڵانەوەی بارزانی کرد،

وابزانم کەیسینجێر بوو لێیان پرسی باشە ئێوە بۆ کوردەکانتان ئاوا بە ئاسانی بەجێ هێشت؟ گوتی: خۆ ئێمە ڕێکخراوی خێرخوازی نین، خۆ مانگی سوور نین! بەرژەوەندی ئەوان ئەوە هەڵدەگرێ دەورانێک پشتیوانی لە جووڵانەوەی بارزانی بکەن، دواتر خەیانەتیان پێ کەن و بەجێیان بێڵن.

ئێمە دەبێ پێوەندی نێودەوڵەتی ئاوا چاو لێ کەین، بەڵام جاری وا هەیە ئێمەی کورد بەپێی ئارەزووەکانی خۆمان پێمان خۆشە سیناریۆیەک لە عیلاقاتی نێو دەوڵەتیدا دروست کەین و بەو ئارەزووانەوە دەچینە پێشێ، بەڵام ئەوە وڵام ناداتەوە. هەر ئەوەش ئێمەی بڕێک تووشی کێشە کردوە و، وای کردەوە ئێمە ڕاستییەکان نەبینین. کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، هۆی سەرنەکەوتنی کورد ئەوەیە لە دەرفەتەکان کەڵکی وەرنەگرتوە. هەمیشە فێربووین ئەمریکا، ئینگلیز، فەڕانسە و زلهێزەکانی دیکە بە تاوانبار بزانین، فێر بووین بڵێین کاتی خۆی ئەگەر سایکیس - پیکۆ نەبوایە نوێنەری ئینگلیز و فەڕانسە ئاوایان مامەڵە نەکردبا کورد دەبوو بە دەوڵەت. ئەوە خوێندنەوەیەکی هەڵەیە، عاتیفیە بڵێین ئەگەر ئەوانە نەبوایەن کورد ئێستا دەبوو بە دەوڵەت. جا بۆیە ئێمە لەو ڕوانگەیەوە دەبێ چاو لەو هاوکێشە و پێوەندییانە کەین.

**مەنسوور مروەتی:** کەوایە ئەوەی ئێمە دەڵێین کوردستانی گەورەی و هەرچوار پارچەکە پێکەوە پێوەندی دەدەین لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا شتێکی وا لە ئارادا نییە؟

**خالید عەزیزی:** نەخێر، شتێکی وا لە ئارادا نییە. لەو ماوەیەی بە حوکمی کارەکەم و لەگەڵ هاوڕێیانم کە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتانی دەرەوە چاوپێکەوتنمان هەبووە، ئێمە تەنیا باسی ئەوەمان کردوە کە پرسی کورد لە ئێراندا چۆنە و، بێدەنگ نەبن لەمەڕ مافەکانی ئێمە. باسمان ئەوە بووە کە ئێعدام دەکرێین، دەمانگرن، بێ‌مافین، بەچاوی ئەمنیەتی سەیرمان دەکەن و کورد وەکوو هاووڵاتیی پلە دوو دەبیندرێ. لەو شوێنانە پێش هەموو شتێک لێت دەپرسن کوردی کوێی و لەسەر کوێ قسە دەکەی! یانی دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەوان لە پەیامی خۆیاندا ڕاشکاون و کاتێک لەسەر ئەو بابەتانەش بێنە سەر خەت، ئەوە هیچکات بە قیمەتی تێکدانی پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێران نابێ. نموونەیەکی مێژووی دیکە دێنمەوە دوایی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، ئەوان پێش ڕووداوەکە لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئینترناسیونالی سۆسیالیست گەڕابوونەوە و بەدوای ئەوە تیرۆر کران. ئەوکات زۆرێک لەو وڵاتانەی کە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون و لەو ڕێکخراوەیەدا بوون، لە وڵاتی خۆیان لە حکوومەتدا بوون. بەڵام هەر ئەو دەوڵەتانە نەچوونە نێو ئەوە بازنەیەوە، نە بەپشتیوانیی دیپلۆماتیک و نە بە عاتیفی باسی ئەو تیرۆرەیان نەکرد و هیچیان پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێران لەبەر ئێمە تێک نەدا.

**مەنسوور مروەتی: کوردی ئێران یان ڕۆژهەڵات کە خاوەنی بزووتنەوەیەکی بەرین و زیندووە، لەم نێوەدا چارەنووسی بەرەو کوێ دەڕوا؟**

**خالید عەزیزی:** ئەوە پرسیارێکە دەکرێ لە ڕوانگەیەی دیکەوە بچینە نێوی. ئەوەی کە ئێران هەر لە پێشوودا ئاماژەم پێ کرد، تووشی وەزعێکی خراپی ئابووری، کۆمەڵایەتی لە زۆر بارەوە بووە، ئەوە حەقیقەتە. جا ئەگەر وایە جیاواز لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دۆخی ئێران وا بە ئاسانی باش نابێتەوە. تەنانەت دێموکراتەکانیش سیاست بگۆڕن و ڕەعایەتی ئێران بکەن ئەوە بە مانای ئەوە نییە ئەو کێشانە چارەسەر دەبێ. خەبات و تێکۆشانی ئێمەی کورد لە ئێرانیش لە پێناو مافەکانی خۆمان پێش کێشەی واشنتۆن لەگەڵ تاران بووە. لە واشتنۆن هەر سەرکۆمار هاتووە و گۆڕاوە و هێندێک دروشمیان داوە، هێندێک مانۆڕیان داوە بەڵام خەباتی ئێمە وەکوو کورد لە ئێران لە پێناو مافەکانی خۆماندا بەردەوام بووە و کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە بە ئاسانی حاشای لێ بکا. ئەو هەموو قوربانییە کە ئێمە داومانە، سیاسەتەکانی ئەوان لە لایەکی دیکە و ڕاوەستانی ئێمە مەسەلەکەی وەکوو خۆی هێشتۆتەوە.

سیاست و خەباتی ئێمە لە پێناو مافەکانمان لە دژی کۆماری ئیسلامی تایبعێک نییە لە ڕەفتار و سیاسەتی کۆماریخوازەکان یان دێموکراتەکان لەگەڵ تاران. چونکە ئەوان بەدوای بەرژەوەندیی خۆیاندان. بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین لە هەموو پێوەندیەکی لەگەڵ لایەنەکانی ئەمریکایی کە جاروبار دەیانبینین، پێیان دەڵێین یەکەم، ئەگەر ئێوە بە تەمای ئەوەن ئێران بێتە وڵاتێکی دێموکراتیک و بۆ هەمیشە لەکۆڵ ئەو کێشەیە ببنەوە نابێ متمانە بە کۆماری ئیسلامی بکەن. ئەگەر دەتانەوێ ئێران دروست بێتەوە، نابێ ڕۆڵی کورد لە بەرچاو نەگیرێ. قەزییەی کورد لە تورکیە لە جێی خۆیەتی و لە سووریە هەروەتر. کورد فاکتۆرێکە و، لە عێراق ئەزموونتان کردەوە کە کورد فاکتۆرێکە، کەوایە داوتان لێ دەکەین مادام بیر لە داهاتووی ئێران دەکەنەوە ڕاستییەکەی کورد دەبێ لەو هاوکێشەیەدا هەبێ، ئەگەر ئێمەی تێدا نەبین تەجرووبەش دەری خستوە ئێران ئەمنیەت، ئارامی و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ. دووهەم، ئەگەر ئێمەی تێدابین یارمەتی دەدەین حکوومەتێکی بەرپرس بێت لەبەرانبەر یاساکانی نێودەوڵەتی. جا دەمەوێ ئەوە بڵێم خەبات و تێکۆشان و لەبواری سیاسی، تەشکیلاتی و کۆمەڵگەی مەدەنی و مێدیایی لە جێگای خۆی دەبێ و سیاسەری تایبعێک نییە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا. بەڵام لەسەر هێڵ دەبین، گۆرانکاری لە واشینتۆن هەڵبژاردن لە ئەمریکا چ ئەو دەسەڵاتە لەسەر کار بێ و چ دەسەڵاتێکی دیکە لە واشینتۆن بێتە سەر کار دەتوانین ئەو بەرچاوڕوونییەیان بدەینێ کە کەس ناتوانێ مەسەلەی کورد لە ئێراندا نادیدە بگرێ. پێم خۆشە ئەوەشی لێ زیاد کەم ئێمە ئەو جۆرە سیاسەت ناکەین دوایە وای لێ بێ دووکەڵی سیاسەتێکی هەڵە بچێتە چاوی خۆمانەوە

گـوتم کێشـەی ئـێمە لەگەڵ تـاران لەسـەر مـاف و داواکـانی خۆمـانە، لەسـەر ئەوە نیـیە ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت چ کێشەیەکیان هەیە لەگەڵ تاران، ڕەنگە ئەوان کێشەکەیان چارەسەر بکرێ. هەر وەکوو گوتم ئەوە هاوسەنگیی بەرژەوەندییە و ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان سیاسەت دەکەن. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات جۆرێکمان سیاسەت کردوە و خەبات و تێکۆشـانی خۆمـان جۆرێـک دەبەیـنە پێشـێ کە دۆست بـۆ خۆمـان پەیـدا بکەیـن، بەڵام خەڵکیش فێـر نەکەیـن ئەوە بە هەڕەشەیەکی ئەمریکا ئێران دەڕووخێ و کارەکان تەواوە.

**وەکوو دوایین پرسیار، باسی حیزبی دێموکراتمان کرد حیزبی دێموکرات حیزبێکە یـارمەتی داوە بە یەکگرتـووی خەڵـک، ئەم حیزبی دێموکراتە دەبێ هەم لە ئێستا هەم لە داهاتوو چی بکـا زیـاتر یەکڕیزی ببەخشێ، زیـاتر یارمەتیـدەری کۆمەڵگەی خۆی بێ بەرەو ئازادی و سەرکەوتن؟**

**خالید عەزیزی:** مادام باسی پێوەندی نێودەوڵەتییە پێناسەیەک لەسەر پێوەنـدی نێودەوڵەتیی حیزبـی دێمـوکرات پێویسـتە. ئـێمە پێویسـتە لە کـۆمەڵگەی نێودەوڵەتیـدا دۆسـت پەیـدا بکەیـن. هـونەری حیزبێکـی سیاسـی و میللەتێـک ئەوەیە کە لە نەیـارانی کەم کـاتەوە، لەژێـر ڕووناکیی ئەو سیاسـەتەدا کـاتی خـۆی قـازی محەمـەد لە سـەروبەندی دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردستـاندا زۆری هەوڵ دا. دوای شۆڕشی ئێران بەتـایبەت دوکتـور قاسملوو لە بـواری دیپلۆماسـی کە زۆری لـێ دەزانی زۆری هەوڵ دا. دوایـی شـەهیدبوونی دوکتـور قاسـملوو و دوکتـور شـەرەفکەندی دیسـان ڕێبەرانـی زینـدوو زۆرمـان هەوڵ داوە، هەوڵدانەکە بۆ چییە؟ بۆ ئەوەیە بڵێن حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی ئاشتیخوازە، حیزبێکە بـاوەڕی بە دێموکراسی هەیە، حیـزبێکە ڕێـزی بـۆ مافەکـانی خـۆی هەیە، حیـزبێکە تـێدەکۆشـێ لە ئێرانـی داهـاتوودا، هەمـوو لایەک بەشـداربن، حیـزبێکە ڕێـز بـۆ یاسا و ڕێسـاکانی نێودەوڵەتی دادەنێ، حیـزبێکە دژی تێرۆریـزمە و خـۆی قوربـانی تێرۆریـزمە، حیـزبێکە بەهەمووی ئەو خوێندنەوانە بە هەست بە بەرپرسارییەتی دەتوانێ بچێتە نێو هاوکێشەکانەوە.

پەیـامی دووهەم ئەوەیە، لەبەر ئەوەی کە کێشـەی کـورد لە بەینـی چـوار دەوڵەتـدا هەیە، ئـێمەی کـورد وەکـوو حیزبـی دێموکراتی کوردستان مەحدوودەیەکی کـاری سیاسیی خۆمـان هەیە، ئەویش چوونە نیـو ئێـران و لە چوارچێـوی کوردستـانی ئێراندایە. بۆیە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان دوژمنایەتی هیچ لایەنێک و هیچ میللەتێک نـاکەین، دوژمنـایەتیی هیچ حیزبێکی سیاسی ناکەین، ئێمە تەنیـا کێشـەمان لەگەڵ کۆمـاری ئیسلامی هەیە، ئەوەش یـارمەتی بەوە دەدا کە حیزبـی دێموکرات بەپێی زەروورت و پێداویستی بەرژەوەندی کوردی کوردستان ئێران، خۆی تووشی کێشەیەکی زۆر نەکا و پەیامێکی ڕوونمان هەبێ.



سەرچاوە Serchawe

بەشێکی دیکە لە پەیامە سیاسییەکەی ئێمە ئەوەیە مادام گوتم، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتان لەچوارچێوی ئێراندا چاو لە مەسەلەی کورد دەکەن، ئێمە ناتوانین بەرامبەر بە ڕای گشتی ئێران بێ تەفاوت بین، دەبێ لە نێوخۆدا دۆست بۆخۆمان پەیدا کەین، وێنەیەکی جوان لە حیزبی دێموکرات نیشان بدەین. ئەوەی دیکە ئەوەیە، وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، ئێمە ناتوانین بەرانبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کەمترخەم بین، ئێمەش دەبی حزووری خۆمان هەبێ، دیار بین و بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بڵێن ئێوە ناتوانن نیسبەت بە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران بێ تەفاوت بن. بۆیە لەوێدا گوتومانە لەگەڵ یەک ڕێک کەوین، دێموکراسییەکی توافوقیمان هەبێ. جا لەوێدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ دەوری خۆی بە باشی بگێڕێ. هیوادارین هەموو لایەک پێکەوە ئەو ئەرک و مەسئوولییەتە بەڕێوەبەرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

------------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: کێشەی کۆمەڵگەی ئێران هەر ئەمە نییە کە دنیای دەرەوە پێناسەی دەکا



خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەپێوەندی لەگەڵ ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی و سیاسەتەکانی لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند دێموکراتەکان و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا پێویستە وێڕای بەرنامەی ئەتومی و سەرکێشییەکانی ڕێژیم لە ناوچە پرسی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێرانیشیان لەبەرچاو بێت.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "کوردستان" تیشکی خستە سەر ئەوەی هەتا ئێستاش خاڵی هاوبەشی سیاسەتی دەرەکیی دێموکرات و کۆماریخوازەکان لە ئەمریکا گوشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامی بۆ گۆڕینی

ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە بووە، نەک گۆڕینی نیزامی سیاسیی ئێران.

خالید عەزیزی باسی ئەوەی کرد کە واشینگتۆن لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا جیاواز لەوی کە دێموکراتەکان لە کۆشکی سپی بوون یان کۆمارییەکان، یەک سیاسەتیان بووە، ئەویش سیاسەتی گۆڕینی ڕەفتاری ئێران. مادام باس لە گۆڕینی ڕەفتاری ئێران بووە هەم دێموکراتەکان و هەم کۆماریخوازەکان بەپێی باوەڕ و بەرنامەکانی خۆیان بەدوویدا ڕۆیشتوون. هەڵبەت لە سەردەمی کۆماریخوازەکان (بەتایبەت بووشی باوک و کوڕ لەگەڵ ترامپ) هەڕەشە و جووڵەی نیزامی لە ناوچەدا زۆر بوو، بەڵام هیچ کام لەوانەش سیاسەتی گشتیی ئەمریکای نەگۆڕی کە قسە کردن لە گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیی بوو. لە ئیدارەی نوێی ئەمریکادا بێگومان پرسی ئێران و سیاسەت و شێوەی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە و تەنانەت خەڵکی نێوخۆی ئەم وڵاتە یەک لە سەرقاڵییەکانی کۆشکی سپی دەبێ، بەتایبەت کە دێموکراتەکان دژی هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام بوون و میراتی دەوڵەتی ترامپیش ئەوانی بەرەوڕووی کۆمەڵێک ئەگەر و سیناریۆ کردوە. هاوکات بایدن دەیەوێ دیواری درز بردووی پێوەندییەکانی ئەمریکا و ئورووپا نۆژەن کاتەوە و ئەمەشی بۆ چەند مەبەستە، کە ڕەگەڵخستنی ئورووپا بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئێران یەک لەوانە. هەروەها بارودۆخی ئێستای جیهان و هاوکێشەکانی ناوچە دەخوازێ کە بایدن لە نێوان سیاسەتەکانی ئەمریکای سەردەمی ئۆباما و ئەمریکای دوای چوار ساڵ دەسەڵاتی ترامپ پردێک هەڵبەستێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەبارەی پێوەندییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا بە تایبەت لە ماوەی کابینەی ترامپدا کە توندترین سیاسەتی لەدژی کۆماری ئیسلامی هەبوو، دەڵێ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان مامەڵەی دێموکراتەکان و کۆماریخوازەکان بەنیسبەت پرسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانەوە بەدی نەکراوە.

کاک خالید عەزیزی لەو پێوەندییەدا گوتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان چ لە سەردەمی کۆماریخوازەکان و چ لە سەردەمی دێموکراتەکاندا لە واشنگتۆن حزوورمان بووە و، هەوڵمان داوە بە لەبەرچاوگرتنی سەنگی ئەمریکا لە هاوکێشەکاندا و بەرژەوەندیی خۆمان وەک نەتەوەیەکی مافخوراوی سەرکوتکراو، لەسەر ناساندنی پرسی کوردی ئێران پێوەندیی باشمان لەگەڵ دامەزراوە دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتییەکانی ئەمریکا هەبێ. بەڵام لەڕاستیدا ئەوە ئەمریکا بووە کە هەتا ئێستاش سیاسەت و بەرنامەیەکی تۆکمەی بەنیسبەت مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی نەبووە. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ خوێندنەوەی ئەمریکییەکان بۆ دۆخی ئێران دەگەڕێتەوە. یەکەم ئەوەی هەتا ئێستاش واشینگتۆن مەسەلەی بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و سەرکێشی و قەیرانخوڵقێنییەکانی ڕێژیمی لەبەرچاو بووە و هەوڵ و سیاسەتەکانی بۆ ئەوە بووە بەربەست بۆ ڕێژیم دروست بکا. ئێمەش گوتومانە ئەم ڕێژیمە کە سپۆنسەری تێرۆریزمی

دەوڵەتییە و هۆکاری ناسەقامگیری و هێمنایەتی لە ناوچەیە، هەتا دەسەڵاتی ئێرانی بەدەست بێ، لە سیاسەت و بەرنامەکانی پاشەکشە ناکا. چونکی لە بنەڕەتدا ئەم ڕێژیمە نیزامێکی سیاسیی وەڵامدەر و بەرپرسیار نییە، چ لە هەمبەر خەڵکی وڵاتدا و چ لە بەرامبەر کۆمەڵگەی جیهانیدا. هەتا ئەم ڕێژیمەش لە دەسەڵاتدا بێ ناوچەکە سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێ، بۆیە یان دەبێ بڕوا و نەمێنێ، یان لە ئاکامی گۆڕانکارییەکانی نێوخۆدا ڕێژیمێکی سیاسیی دەروەست و بەرپرسیار بێتە سەر کار.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم دیمانەیەدا ڕەخنەی لە سیاسەت و خوێندنەوەی ئەمریکا بۆ پرسی ئێران هەیە و ڕای وایە کە ژوورەکانی پلاندانانی ئەمریکا ئەسڵ و بنەڕەتی کێشەکان لە ئێرانی پشتگوێ خستوە.

بەڕێزیان لەو پێوەندییەدا گوتی: بەداخەوە هەتا ئێستا واشینگتۆن و دامەزراوە بڕیاردەرەکان لە ئەمریکا گرینگی و بایەخی پێویستیان بە پرسی مافی مرۆڤ و کێشەی خەڵک و دەسەڵات لە ئێراندا نەداوە و، خەڵک و پرسی پێکهاتەکانی ئێران کەمتر لە ویژمانی سیاسی و بەرنامەکانی ئەمریکا بەنیسبەت ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵمان داوە سەرنجی ناوەندی بڕیار لە ئەمریکا و لە ئورووپاش بۆ لای ئەوە ڕابکێشین کە کێشەی کۆمەڵگەی ئێران ئەمە نییە کە دنیای دەرەوە پێناسەی دەکا. کێشەی ئێران هەر کێشەی ناوکی و مووشەکی نییە، بەڵکوو ئێران تێدەکۆشێ ئەم بابەتانە وەک کارتێکی گوشار بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکار بێنێ و بۆ ئەوەش هەموو خەڵک و کۆمەڵگەی ئێرانی بەبارمتە گرتوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەیشاردەوە کە کۆماری ئیسلامی لە داهاتووشدا لەسەر سیاسەت و بەرنامەکانی بەردەوامە، بۆیە ئەمە ئەمریکا و هێز و وڵاتە دێموکراتیکەکانی دیکەن کە دەبێ پێداچوونەوەیەک بە سیاسەتەکانی خۆیاندا بکەن. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەبێ پرسی مافی مرۆڤ و مافە مەدەنی، سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێرانیان بۆ گرینگ بێ و لەسەر ئەم ئەساسە بڕیار بدەن و گوشارەکانیان لەدژی کۆماری ئیسلامی زیاد بکەن.

خالید عەزیزی لە ساڵیادی سەرکوتە خوێناوییەکەی خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردووی خەڵکی ئێراندا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە نارەزایەتییەکانی ساڵی ڕابردوو لە دژی کۆماری ئیسلامی، فۆرمێکی باش و جەماوەریی گەشەسەندووی ناڕەزایەتیی خەڵک بوو لەدژی ئەو سیستەمە کە توانی لە پاش خۆی کۆمەڵێک شوێنەواری باش بەجێ بێڵێ.

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ لێکەوتەکانی ئەم خۆپیشاندانانە ئاماژەی بە سێ خاڵ کرد و گـوتی: یەکەمیـان نیشـاندانی بـێمتمـانیی ڕەهـای خەڵـک بـوو بە دەسـەڵات. ئەمەش لە مەسـەلەی بەردانەوەی فـڕۆکە ئۆکراینییەکە و لێکەوتەکانیدا زۆر بە باشی دەرکەوت. بینیمان کە کۆماری ئیسلامی سەرەتا بە درۆ حاشای دەکرد، دوایە لەژێر گوشار و بەهۆی بەڵگە سەلمێندراوەکانەوە ناچار بوو ملی بۆ ڕابکێشێ. دووهەم شت مەسەلەی کوژرانی قاسمی سولەیمانی بوو کە کۆماری ئیسلامی دەیویست بیکا بە قارەمان و ئوستوورەیەکی سەیر کە کوژرانەکەی هەم لەدژی خەڵک لەنیوخۆ و هەم لە دژی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکارت بێنێ کە ئەمەشیان بۆ نەکرا. سێهەم شت هەڵبژاردنەکانی یازدەهەمین خولی مەجلیس بوو بە خەڵک بە بەشداریی زۆر کەمیان "نا"یەکی زۆر گەورەیان بە ڕێژیم گوت. ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەر و ئەم کاریگەرییانە ئێستاش لە زۆر ڕەهەندی دیکەوە و یەک لەوان پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا خۆی دەردەخا.

کاک خالید عەزیزی لە درێژەدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا ئەوپەڕی کەڵکی لە بارودۆخی کۆرۆنا وەرگرتوە، بەڵام چارەسەری ئەم پەتایە دەبێتە هۆی دەستپێکردنەوەی شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایەتی و خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵک بەدژی کۆماری ئیسلامی. چونکی زۆر پرس و داوای بنەڕەتیی خەڵک و زۆر کێشە و ئاریشەی کۆمەڵگە لەسەر یەک کەڵەکە بووە کە کۆماری ئیسلامی هەموویانی وەلا ناوە و بە شتی دیکەوە خۆی سەرقاڵ کردوە. خەڵک و هەموو لایەک دەبینن لە کاتێکدا لە گەرمەی کێشەی کۆرۆنادا دەوڵەتە بەرپرسەکان بەدوای چارەسەر و کەمکردنەوە لە خەم و کێشەی خەڵکەکەیاندا دەگەڕێن، کۆماری ئیسلامی کە ماوەیەک لەوە پێش سزای قەدەغە کرانی سەودای چەکوچۆڵەی لەسەر هەڵگیرا؛ یەکەم کاریان ئەوە بوو لەگەڵ ئەو دەوڵەت و ئەملاوئەولا دانیشن سەودا و مامەڵەی چەکوچۆڵ بکەن.

بۆیە ئەگەر بەڵای کۆرۆنا لەسەر خەڵکی کەم بێتەوە کە هیوادارم هەرچی زووە بەسەر بچێ، کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانگەلێکی گەورە بەرەورووە کە ناتوانێ خۆی لێیان بەدوور بگرێ. قەیرانی ئابووری، قەیرانی شۆناس، قەیرانی مافی مرۆڤ و لە کوردستان بەدەر لەو بابەتە گشتییانە لەگەڵ کێشەیەکی گرینگی دیکە بە ناوی پرسی کورد بەرەوڕوو دەبێتەوە و لە هەموو ئەم مەیدان و بوارانەدا بەرەوڕووی چالشی جیدی دەکرێتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئەم بەرگرژە و کێشانە چۆن دەتوانێ ململانێی خەڵک و دەسەڵات بۆ قۆناغی یەکلاکردنەوە بگوازێتەوە، گوتی: گرینگە لە پێشدا شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان پێویستە هەم بەردەوام بن و هەم بەرفراوان. لەوەش دڵنیام کە هیچ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکی خەڵک بێ ڕێبەری نابێ و نامێنێتەوە، بۆیە هیوادارم ناڕەزایەتی و بزووتنەوەی ئیعترازیی خەڵک زووتر ڕێبەریی بۆ دروست ببێ و لە پەرتەوازەیی

بێتە دەرێ و ئامانجدار بەرنامەکانی خۆی بباتە پێشێ. بە تایبەت ئێستا کە بەستێن و هەلومەرج بۆ نیزیکبوونەوەی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە یەکتری پتر لە هەموو کاتێک لەبارترە. بابەتێکی دیکەش کە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ فاکتەری دەرەکییە. ئەگەر لە کابینەی نوێی ئەمریکادا دێموکراتەکان کە زۆر باسی مافی مرۆڤ دەکەن و پێیان وایە جیاوازییان لەگەڵ کۆماریخوازەکان لەسەر ئەوەیە؛ ئەوانیش بتوانن و بیانەوێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆچوونی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە دژی کۆماری ئیسلامی بەهێزتر بکەن و بەمجۆرە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو پێوەندییەدا بێتە سەر خەت.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆتاییدا پێداگریی لەسەر ئەوە کردەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەهەر حاڵەتێکدا لەسەر پرسی ئێران بەپێی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و مافەکانیان بڕیار دەدا و لەو چوارچێوەیەدا کار دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

-----------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: کێشەی گەورەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە هەتا ئێستا کێشەی ئێرانی لە "بەرجام" دا پێناسە کردوە




**کوردستان:** پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا بەرەو کوێ دەچن. دەوڵەتی نوێی ئەمریکا لە هەمبەر ئێراندا چ سیاسەتێک دەگرێتە بەر؟



سەرچاوە Serchawe

**خالید عەزیزی**: لەو ماوەیەدا چەند هێرشێکی سایبێری کراونەتە سەر بنکە ئەتومییەکانی ئێران و چەند تەقینەوەیەکی گوماناوی لەو بنکە سەربازییانەی ڕێژیم ڕووی داوە، هەروەها لە پێتەختی ئێران کەسی دووهەمی ئەلقاعیدە و کاربەدەستێکی گەورەی ئەتومی و پیشەسازیی مووشەکیی ڕێژیم دەکوژرێ، بۆشایی ئەمنیەتی لە ئێران دەرەنجامی چین؟ پرسی کورد لە ئێران و ناوچە لە کوێی هاوکێشەکاندایە. ئەمانە و چەند پرسیارێکی دی تەوەری سەرەکیی وتوویژی ڕۆژنامەی "کوردستان"ن لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**کوردستان**: کاک خالید لە واشنگتۆن چی ڕوو دەدا؟ میراتی ترامپ چیی بەسەر دێ و ئایا شتی نوێ بەڕێوەیە یان هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا لەجێی خۆیان دەمێننەوە؟

**خالید عەزیزی**: پێشێنەی تێکچوونی پێوەندییە ئاساییەکانی نیوان ئەمریکا و ئێران بۆ سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە و لەوساوە پێوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە هەوراز و نشێوی زۆری پێواوە. بەڵام بەگشتی لە ئەمریکا متمانە بە کۆماری ئیسلامی ناکەن و کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی تێرۆریست، نامەسئوول و نادێموکراتیک چاو لێ دەکەن کە بەرامبەر بە بەڵێنەکان و ڕێککەوتنەکان و چارتێرەکانی مافی مرۆڤ لە دونیادا وەڵامدەر نییە. ئەوە بۆچوونێکە هەم دێموکراتەکان هەیانە و هەم کۆمارییەکان بوویانە و لەوەدا جیاوازییەک لە نێویاندا نییە. جیاوازییەک کە هەبێ لە خوێندنەوەیان بۆ ڕاگرتنی کۆماری ئیسلامی و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ڕێژیمی ئێرانە لەسەر ئەمریکا و سەقامگیری و ئارامییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا.

بە هاتنەسەرکاری بایدن تەبیعەتەن کۆمەڵێک شتی تازە دێتە گۆڕێ. بەڵام ئەمریکا وڵاتی دامەزراوەیە. لە تەنیشت کۆشکی سپی و دەسەڵاتی سەرکۆمار، سەنا هەیە، کۆنگرێس هەیە، ڕای گشتی هەیە و سەرکۆماری ئەمریکا ناتوانێ بێ سەرنجدان و گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانە سیاسەت بکا. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەگەر هەشتا میلیۆن کەس دەنگیان بە بایدن داوە، بەڵام لە نیوان حەفتا و دوو تا حەفتا و سێ میلیۆن دەنگ بە ترامپ دراوە. جا ئەگەر وایە، کۆمەڵگەی ئەمریکا دوو جەمسەرییەک بە دوو خوێندنەوەی جیاوازی تێدا هەیە. بۆیە بایدن هەوڵ دەدا لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا هاوبەشییەک لەو جیاوازییانە دروست بکا.

ترامپ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا تەک ڕەهەندی بۆ مەسەلەکان چوو، و زۆرتر گرینگیی بەوە دا بە گوشاری ئابووری ئێران بەچۆکدا بێنێ و ناچار بە دانوستان لەگەڵ خۆی بکا و مەرجەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ بەرجام و پرۆژەی ئەتۆمی بەسەردا سەپێنێ. لەو بوارەدا لە ڕوانگەی منەوە ڕەخنەیەک کە لە سیاسەتەکانی ترامپ دەگیرێ ئەوەیە کە ناوبراو لە



سەرچاوە
Serchawe

دروستکردنی کۆدەنگیی نێودەوڵەتی لە دژی ئێران سەرکەوتو نەبوو. هاوبەش و هاوپەیمانەکانی خۆی لە ئورووپا لەدەست دا و تا ڕادەیەکی زۆر دەستی بۆ ڕووسیە ئاوالا کرد و چینیش دیارە کە لە گۆشەنیگای ئابوورییەوە چاو لە مەسەلەکە دەکا.

بۆیە لێرەدا لەوانەیە بایدن بەدوای ئەوەدا بڕوا کە دۆستان و هاوپەیمانانی پێشووی ئەمریکا کە لە پڕۆژەکانی ترامپدا وەلا نرابوون، بیانهێنێتەوە نێو گەمەکە و لەو ڕێگەیەوە ئێران ناچار بە دانوستان و ڕێککەوتنێکی بەرپرسانە بکا. لێرەدا دەمهەوێ یەک شت بڵێیم ئەویش ئەوەیە، دەوڵەتان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان چاو لە هاوکێشەکان دەکەن. واشینگتۆن بەپێی بەرژەوەندیی خۆی و پاراستنی ئەمنیەتی هاوپەیمانانی چاو لە مامەڵە لەگەڵ ئێران دەکا، بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئێمەش دەبێ لەو گۆشەنیگایەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بابەتە بکەین.

**کوردستان:** بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە بە شێوەیەک باس لە گەڕانەوەی بایدەن بۆ "بەرجام" دەکەن. پێتانوایە سەقامگیرییەک لە بواری ئابووریدا بۆ ئێران بگەڕێتەوە؟

**خالید عەزیزی:** ڕاستە ئەمریکای قۆناغی سەرۆکایەتیی بایدن ئەمریکای سەردەمی ترامپ نابێ، بەڵام قەتعەن ئێرانیش زۆر گۆڕاوە. لەڕاستیدا ئابلۆقەی ئابووری لەسەر ئێران، ئابووریی ئەم وڵاتەی تووشی ڕووخانی گەورە کردووە، دارمانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەورە لە گۆڕێدا هەیە کە کێشەی لەنێو دەسەڵاتیشدا دروست کردووە. جا ئەگەر وایە ئێران ئەمڕۆ ئێرانی سەردەمی ئۆباما نییە و لە کەوتنە سەودا لەگەڵ ئەمریکا زۆر زۆر لاوازترە. ئێران لە هەلومەرجێکی زۆر خراپدایە، نارەزایەتییەکان لە ئێران پەرەیان سەندوە، لەنێو خودی ڕێژیمدا کێشە دروست بووە لە چەندی و چۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا. تەنانەت وەزیری دەرەوەی ئێران زەریف دوێنێ بەجۆرێک دانی بەوە دانا کە لە تاران کێبڕکێ هەیە کە کێ لە پێشدا پێوەندیی بە ئەمریکاوە بگرێ. ئێرانێک کە لە پێتەختەکەی خۆی ناتوانێ ئەمنیەت بۆ کاربەدەستانی خۆی دابین بکا. ئێرانێک کە بایەخی تمەن وەک دراوە نیشتمانییەکەی لەوپەڕی لاوازیی خۆیدایە. جا ئەگەر وایە با ئەوە بڵێین بە هاتنە سەر کاری بایدێن ئێرانییەکان بەتایبەت ئەوانەی کە لە دەسەڵاتدان پێیان وانییە دونیا بە مەیلی ئەوان دەچێتە پێشێ، نەخێر. لە واشینگتۆنیش خوێندنەوە بۆ ئێرانی ئێستا دەکرێ. بایدێن یان ئیدارەی نوێی ئەمریکا چاو لەوە دەکا بزانێ ئێران لە چهەڵومەرجێکدایە. بۆیە بە باوەڕەی من ئێران لە هیچ بوارێکدا لە بارودۆخێکی باشی دانوستان لەگەڵ ئەمریکادا نییە، بە هیچ جۆر.

**کوردستان:** کاک خالید دەبینین ئەو کۆماری ئیسلامییە کە بۆ وێنە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی بە مووشەکی بالستیک لە وڵاتێکی دیکەدا کردە ئامانج، ڕۆژ نییە زەبرێکی لێ نەدرێ. ڕاستە زەبروزەنگی ڕێژیم لەسەر خەڵک

زۆرە، بەڵام بەردەوام لە هێزەکانی لە سووریە، لە بنکە ئەتومییەکانی لە نێوخۆی وڵات و لە کاربەدەستەکانی دەدرێ. جەنابت چۆنی لێکدەدەیتەوە، ئایا بۆشایەکی سیاسی و ئەمنیەتیی گەورە لە ئێراندا پێک هاتووە؟

**خالید عەزیزی**: ئەگەر توانایی نیزامیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەراورد بکەین، ڕاستە کۆماری ئیسلامی توانای سەربازیی لە ئێمە پترە. بێگومان بۆ کۆماری ئیسلامی ئاسان بوو بە مووشەک هێرش بکاتە سەر سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵام ئەو ڕێژیمە لە ڕەهەندی تیکنیکی، نیزامی و ئەمنیەتی لە کێشە لەگەڵ ئەمریکا لە ناوچەکەدا ئەو تواناییەی نییە. لێدان لە قاسم سولیمانی و ئەوەی لەو دواییانە لە بنکە ئەتومییەکانی ئێران و کوژرانی فەخریزاد لە تاران ڕووی دا ئەوە دەگەیەنێ کە کۆماری ئیسلامی نەک لە دۆخی هێرشبەری، بەڵکوو لە هەلومەرجێکی باشی بەرگریشدا نییە و لەڕاستیدا ئەگەر تووشی کێشەیەک بێ لەگەڵ دونیای دەرەوە، لە ڕەهەندی سەربازی و لۆجستیکییەوە شکێنەرە. دەمەوێ بڵێم کوژرانی قاسم سولەیمانی و هەموو ڕووداوەکانی یەکساڵی ڕابردووی ئێران پرسیارێکی زۆر گەورە و جیدیی لەسەر ئەو سیستمە دروست کردووە و ئەوە هێز و وورەی داوەتە خەڵک.

ڕاستە ئەم ڕێژیمە لە سەرکوتی خەڵک، ئێعدام کردن، ئەشکەنجە، زیندانی کردن و بەئەمنیەتی کردنی کوردستان و لە زۆر بواری دیکەدا زاڵە بەسەر خەڵکدا، بەڵام لەو بوارانەدا زەربە پەزیرە و لە دۆخێکی زۆر نالەباردایە. ئەمن پێشبینی دەکەم ئەو دۆخە لەنێو خودی دەسەڵات و، سیستەمیشدا تووشی کێشە و ناکۆکییان بکا.

ئاکامگیریی من لەو باسە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێستا کۆماری ئیسلامیی سەردەمی ئۆباما نییە و لە دۆخێکی خراپدا لەگەڵ دونیای دەرەوە دەدوێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش هەمووی ئەوانە دەزانن.

**کوردستان**: کاک خالید زۆرێک لە ڕێبەرانی کورد بەجۆرێک عەتفێکیان بۆ جۆ بایدن هەیە، پێیان وایە دۆناڵد ترامپ سیاسەتەکانی لە ناوچەدا بە نیسبەت کورد باش نەبوو. جیاواز لە پرسی ئێران جەنابیشت هەروا بیر دەکەیەوە؟ ئەوەی کە ئایا لە سیاسەتی نوێی کۆشکی سپیدا کورد وەک فاکتۆرێک سەیری دەکرێ؟

**خالید عەزیزی**: **یەکەم**؛ لە واشینگتۆن و لە چەقی هاوکێشەکانی دونیادا کورد وەک نەتەوەیەک یان وەک یەکەیەکی سیاسی بوونی نویە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانە کە لەنێو وڵاتاندا هەیە ڕێک دەخرێن و تەنزیمی ستراتیژیی خۆیان دەکەن. لە واشینگتۆن کە چاو لە عێراق دەکردرێ، پرسی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا دەبیندرێ. لە ئێراندا پرسی کورد لە چوارچێوی ئێران و، لە تورکیە و سووریەش هەروەتر. بۆیە من دەستووری

کارێک، یان پلانێک بە گشتی نیسبەت بە پرسی کورد لە هیچ جێگایەکی دونیادا نابینم.

**دووهەم؛** بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە پرسی کورد لەئارادا نەبێ، کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئەمنیەتی ناوچەدا وەک فاکتەرێک هەیە و نادیدەش ناگیردرێ. بەڵام کە دێیە نێو چارەسەری پرسەکە، چارەسەرەکە هەر لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا دەبیندرێ کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە. بۆیە واشینگتۆن لە تاران بەپێی بەرژەوەندی و پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تاران چاو لە پرسی کورد لە ئێران دەکا. یان هەر بەپێی ئەو بەرژەوەندییە سەیری پێوەندییەکانی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان یان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لایەنەکانی دیکە دەکا. ئەو چاوەڕوانییەش کە جەنابت باست کرد یان ئەوەی ڕێبەرانی کورد هێندێکیان لەگەڵ جۆ بایدن یان لایەنەکانی دیکە پێوەندییان هەیە و پێی دڵخۆش ئەوەش سروشتییە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە پرسی کورد لە وڵاتانی عێراق و سووریە لە هەشت نۆ دە ساڵی ڕابردوودا هێندێک کەوتە نێو مامەلە نێودەوڵەتییەکان و ڕەنگە لەوێ بایدن و ئەمریکا بەدووی چارەسەری تایبەت بە خۆیان بگەڕێن. بەڵام کە باسەکە دێتە سەر ئێران ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی، بەرنامەمان بۆ داهاتووی ئێران بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و، دەرکی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات بەتایبەت کوردستانی ئێران و لە ڕەهەندی کرداری و مەیدانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستان بەجۆرێک هەماهەنگی بکەین و، پرسی خۆمان بۆ ئیدارەی نوێی ئەمریکا و جۆ بایدن باس بکەین. هۆکارەکشی ئەوەیە دێموکراتەکان لە ئەمریکا بەرینتر چاو لە دونیا دەکەن و پێچەوانەی ترامپ تەک ڕەهەندی سەیری دیاردە سیاسییەکان ناکەن.

ئەمن لاموایە لەوێ دەرفەتی زۆرترمان هەبێ بۆ قسەکردن و بڵێین ئێوە کە ئاوڕ لە کێشەی نێودەوڵەتی دەدەنەوە، کێشەی ئێران خۆ هەر کێشەی "بەرجام" نییە، هەر کێشەی ناوکی و مووشەکیی ئەم ڕێژیمە نییە و "بەرجام"یش لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی وەک کارتێک کەڵکی لێ وەردەگرێ. پێیان بڵێین باشترین ڕێگا ئەوەیە کە لە تەنیشت ئەم بابەتانە، سەرنج بە خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بەتایبەت خەبات و جموجۆڵی مەدەنی و مافخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن.

**کوردستان:** بەڵام کاک خالید لەسەردەمی ئۆباماشدا نارەزایەتییەکان و جووڵانەوەکان لە ئێران هەر هەبوون. هەر لەجێدا، ئەم جموجۆڵە مەدەنییانە لە ئێران و لە کوردستان لە دنیای دەرەوەدا دەبیندرێ؟ کوا وەکوو فاکتەرێک حیسابی لەسەر دەکرێ؟

**خالید عەزیزی**: مادام واشینگتۆن بە تەبیعەتی بەرژەوەندیی خۆی چاو لە پێوەندییەکانی لەگەڵ تاران دەکا، ئۆباماش ڕێک ئەوەی کردووە کە بەخوێندنەوەی خۆیان بەرژەوەندیی بۆ ئەمریکا بووە. هەر سەرکۆمارێک کە لە واشینگتۆن دێتە سەر کار، ڕیزبەندیی پرسەکان دەکا، بۆیە مەسەلەی ئەمنیەتی لە ئێران هەڵسوکەوتی ڕێژیم لە ناوچە لە ئەولەوییەتدا دەبێ. ئێمە دەبینین زۆر وڵاتی دیکەش لە دونیادا هەیە دیکتاتۆرین. لەو وڵاتانەدا مافی ژنان نییە، مافی خەڵک نییە، دێموکراسی نییە، هەڵبژاردنی ئازاد نییە، کەچی ئەمریکا پێوەندیی زۆر باشیشی لەگەڵیان هەیە، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئەگەر وایە مادام ئەوان ئەولەوییەتەکەیان مامەڵە لەگەڵ ئێران و کۆنترۆڵی ڕەفتاری ئێرانە، کەم زەرەر کردنە، زۆر بەداخەوە پرسی مافی مرۆڤ دەخرێتە پەراوێزەوە. بەڵام ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە لەو بەشەدا چالاک بین.

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە پێمان گوتوون ئەگەر دەتانەوێ ئێران بەرپرس و ڕێژیمێکی وەڵامدەر بێ، کۆماری ئیسلامی جێگای متمانە نییە. یان دەبێ ئەو حکوومەتە بڕوا بۆ ئەوەی کە بۆ هەمیشە لە شەڕ و کێشەی تێرۆریزم و کێشەی ناوکی و نامەسئوول بوون لە حکوومەتێکی وا ڕزگاریتان بێ؛ یان دەبێ زەمینە خۆش بێ و یارمەتیدەر بن بۆوەی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران بە ئاکام بگا و ڕێژیمێکی خەڵکی بێتە سەر کار. حکوومەتێک کە مەسئوول نەبێ بەرامبەر بە خەڵکەکەی خۆی، ناشتوانێ بەرپرس بێ بەرامبەر بە دنیای دەرەوە. بۆیە ئێمە چ وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و چ وەک ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەڕاستیدا ئەوە ئەرکمانە و هەر ئەوەشمان بە دەستەوەیە. ئێمە لە پرسی بەرجام و لە کێشەی ناوکیی ئێران لەگەڵ دونیای دەرەوەدا مەجالی قسەمان نادرێتێ، بەڵام دەبێ پەیتا پەیتا پێیان بڵێین کە چل ساڵە تاقیتان کردوونەوە و بۆشتان دەرکەوتووە کە کۆماری ئیسلامی جێگای متمانە نییە. پێیان بڵێین باشترین ئەهرۆمی گوشار بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەیە خوێندنەوە بۆ خەبات و تێکۆشانی خەڵک و مەوقعییەتی ئەوان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامییدا بکەن و لەو پێوەندییەدا خەڵک هیوا و ئومێدی ئەوەی پێ بدرێ کە دنیای دەرەوە کۆماری ئیسلامی تەنیا بە کێشەی "بەرجام" پێناسە ناکا.

ئەوە ئیشکالێکی زۆر گەورە و بەهێزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە تا ئێستا، بەتایبەت لە سەردەمی دۆناڵد ترامپدا.

**کوردستان**: سەرەڕای ئەو کەمتەرخەمییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵام دەبینین کە خەڵک کۆڵیان نەداوە، ناڕەزایەتییەکان بەردەوامن، ڕۆژانە خەڵک دەگیرێ و سزای قورسی ئێعدام بەسەر چالاکانی سیاسیدا دەسەپێندرێ. حیزبەکان، بەتایبەتی حیزبی دێموکرات هێشتا هەر ئامانجە و لێی دەدرێ، تێرۆری لێ دەکرێ، مووشەکباران دەکرێ بەڵام کۆڵی نەداوە، پێتان وایە ئەم دۆخە دەگاتە کوێ؟



سەرچاوە
Serchawe

**خالید عەزیزی**: یەکێک لەو پرسانەی کە لە ڕۆژنامەکان و سۆشیال مێدیای دەرەوەدا دەبینـدرێ خەبـات و تێکۆشـانی خەڵکی ئێرانە. ئەوان دەبینن لە ئێران کە حکوومەتی موتلەقی نیزامی کۆماری ئیسلامی زۆر بە توندی لە دژی خەڵکەکەی کـار دەکـا و هیچ مەجالی پشوودانێکیان پێ نادا؛ بەڵام، ئەو خەبـات و تێکۆشـانە هەیە بـۆ نموونە ئەوەی خەزەڵـوەری سـاڵی ڕابـردوو گۆڕانێکی زۆر گەورە بوو کە دنیا بینیی. هەروەها پرسی هەڵبژاردنەکان بوو کە خەڵک بەشدارییەکی ئەوتـۆی نەکـرد. بەڵام وەک پێشووتریش گوتومە لە ماوەی یەک سـاڵی ڕابـردوودا بەداخەوە پەتـای کۆڕۆنـا لە فریـای کۆمـاری ئیسلامی هـات. دەنـا خەبات و تێکۆشان و نارەزایەتیی خەڵکی ئێران لەڕاستیدا دۆخ و هەلـومەرجێکی نـوێی دروست کردبـوو، کەشی سیاسیی زۆر تـایبەت لە ئێـران خولقـابوو و کۆمـاری ئیسـلامیی تەریـک خسـتبۆوە، بەتـایبەت دوای ڕیسـوایی بەردانەوەی فـڕۆکە ئۆکراینییەکە. کەچی کۆڕۆنا گەیشتێ و هەموو شتێکی خستە ژێر سێبەری قورسی خۆیەوە و ئەم پرسەی بە جۆرێک وەپـاش خست. لە ئێستادا خەڵک لە کەمتەرخەم و خەمساردیی ڕێژیمدا بەجۆرێک بیر لە ژیـان و سەلامەتی خۆیـان دەکەنەوە، بەڵام نیزامی کۆمـاری ئیسلامی ئەولەوییەتەکەی هەر ڕزگـاریی ڕێژیمەکەیـانە و ئەسڵەن خەڵکی بەلاوە گرینـگ نییە. دوو وێنەی تەواو دیار و جیاواز و بەرچاو. جا ئەگەر وایە لە دونیـای دەرەوە تێگەیشـتن هەیە بـۆ خەبـات و تێکۆشـانی خەڵکی ئێـران. خەبـاتی ژنـان و بەتـایبەت ئەو خەبات و جموجۆڵە مەدەنییە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە لە بواری ژینگەپـارێزیدا، لە بۆنە سیاسییەکاندا، لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا، لە بواری ئەدەبیدا و بە بـۆنەی جۆراوجـۆر کە خەڵـک دێنە سـەر شەقام، دنیـا ئەوانە دەبینـێ. دنیـا دەبینـێ لە دەورانی کۆڕۆنـادا کە کۆمـاری ئیسلامی بەرپرسـانە هەڵسوکەوتی نەدەکـرد، خەڵک لە خۆیان مایەیان دادەنا، یارمەتییان بە خەستەخانەکان کرد، یارمەتیی یەکتریـان دەدا. ئەو خەڵـکە پێشـتریش لە کـاتی هێـرش بـۆ سـەر قەڵای دێموکرات لەسـەر هێـڵ بـوون، لەپێوەنـدی لەگەڵ پرسی کـۆڵبەران لەسـەر هێـڵ بـوون، یـانی دنیـایەک بـواری ئـاوا کە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان ئەزمـوون کـراوە. دنیـای دەرەوە تـێ دەگـا کە شعوورێکی سیاسیی بەرز لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەیە و، لەسـەر پێناسـەی نەتەوایەتـی و لەسـەر شـوناسخوازیی خۆیـان کـۆڵ نـادەن و هەر لە مەیـداندان. ئەوانە لە بەردەوامیی خۆیـاندا ئەرکی بەردەوامیش دروست دەکەن کە بە خۆشییەوە حیزبـی ئێمە لەو بـوارەدا ئەوەی لە توانایدا بێ کردوویەتـی و هەمیشە پشتیوانی خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بـووە. بەڵام ئەوە دەبێ بگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی گەورەتر و، لە ڕەهەندێکی گەورەتردا ئێمە ڕای گشتی باشمان لەسەری هەبێ.

**کوردستان**: کاک خالید هەموو ئەم خاڵە بەهێزانە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزبـی دێموکرات و بەڕێزتـان زۆر پێـداگریی لەسـەر دەکەن لەجێـی خـۆیدایە، بەڵام خـاڵێکیش کە من ئیـزن بە خـۆم نـادەم بڵێم خـاڵی لاواز هەیە، ئەویش کێشەی یەکریزی لەنێو بزووتنەوەی کوردستان بەتایبەت لەنێو حیزبەکاندا وەک پێویستی و پێشمەرج بـۆ گۆڕانکارییەکـان. ئەم کێشانە چۆن چارەسەر دەبن؟ کەی چارەسەر دەبن؟



سەرچاوە Serchawe

**خالید عەزیزی**: لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا گیرا، ئێمە لێکدانەوەیەکی گشتی و بەربڵاومان کرد لە دۆخی نێودەوڵەتی، هەلومەرجی ئێران و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. تەبیعەتەن نەفسی لێکدانەوە هەر بۆ باس و لێکۆڵینەوە نەبوو. بۆ ئەوە بوو کە بزانین ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانین چ ڕێکارێک و چارەسەرێکمان هەبێ. بۆیە لە قۆناغی یەکەمدا ئێمە تاوتوێی دۆخە گشتییەکە لە بواری هەلومەرجی ناوچە و ئێران، توانا و زەرفییەتی دیپلۆماسی و تواناکانمان لە بوارەکانی دیکە و دەرفەت و هەڕەشە و مەترسییەکانمان کرد. کاتێکیش سەر ڕێگا چارەکان، بەو ئاکامە گەیشتین - دیارە ئەوە هەمیشە باوەڕی حیزبی دێموکرات بووە - کە بۆ ئەوەی لە تەواوی ئەم بوارانەدا قسەمان بڕوا و لە هەمووی ئەم بوارانەدا بە دەنگێکی یەکگرتوو بێینە گۆڕێ و یەک دەنگێکمان هەبێ و کاتێک باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە خەڵک لەوێ هێندە فیداکاری دەکا و، هێندە تێکۆشانیان هەیە و، هێندە قوربانی دەدەن و هێندە لەسەر خەتن؛ تەبیعەتەن دەبێ هەموو حیزبەکانیش بە قەبارەی فیداکاری و، تێکۆشانی ئەوان لەسەر خەت بین و بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە بڕۆینە پێشێ. لێرە چارەسەرەکە دەبێتە یەکریزی و یەکگرتوویی.

تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هیچ بوارێکدا کۆتایی نەکردوە، بەڵام ئەوە تەواو نییە، هۆی ئەوەیە کە حیزب و لایەنی سیاسیی جۆراوجۆر و بیروبۆچوونی جیاواز هەیە. بۆیە کاتێک لە تەواوەتیی خۆیدا باس لەو بابەتە دەکەین، یەکێک لە چارەکان ئەوەیە حیزبی ئێمە چۆن بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە هەر وەکوو ڕابردوو کار بکا و، لەگەڵ حیزب و لایەن سیاسییەکانی دیکە هاوکاری و هەماهەنگیی هەبێ. بۆ نموونە لەنێو ناوەندی هاوکاریدا تێ بکۆشین پڕۆژە و بەرنامەمان هەبێ و ئەو ناوەندە چالاکتر بێ و لە بواری جۆراوجۆردا هەموومان بەیەکەوە کۆدەنگییەکی کوردیمان هەبێ و ئەو کۆدەنگییە کوردییە لە زۆر بواردا بۆ ئێمە بە کار دێ.

دووهەم، هەروەها باس لەوە کرا چۆن حیزبی ئێمە تێبکۆشی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان یارمەتیدەر بێ بۆ دروستکردنی تێگەیشتنی هاوبەش لەسەر پرسە گشتییەکانی ئێران و بە هاتنە سەرکاری بایدن و دێموکراتەکان دەبێ بزانین چ مەجالێکی دیکە بۆ ئێمە دروست دەبێ.

سێهەم دیسان هەر لەو بوارانەدا چ بکەین ئەو کۆدەنگییە و ئەو ئیجماعە پەیامێکی هاوبەشی تێدا بێ کە لە نێوخۆی وڵات خەڵک خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی دەردەبڕن و دێنە سەر خەت و لە شەقام دروشم دەدەن، ئەو دروشمانە بە سەر دەیان حیزبدا بڵاو نەبێتەوە. جا ئەگەر وایە لەو بوارەدا بەخۆشییەوە کۆمیتە ناوەندی پەیامی لە هەمووی ئەو بوارانەدا هەبوو و، دەفتەری سیاسیی ڕاسپاردوە بەدوای ئەوانەدا بچێ و تێبکۆشی جێبەجێیان بکا.

کاک خالید کە باس لە یەکریزی دەکرێ خەڵک نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، زوومەکان زوو دەچێتە سەر واقعی دوو لایەنیی حیزبی دێموکرات. ڕوونە ئەولوییەتی یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

یەکڕیزی و یەکگرتوویی دوو لایەنی دێموکراتە و دەشزانم لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا زۆر بە جیدی باسی لەسەر ئەوە کراوە و، ئێستاش دانیشتنی هەیئەتەکانی دوو لایەنی دێموکرات دەکرێن. ئاخۆ لەو بارەوە شتێکی تازە و هیوا بەخش هەیە باسی بکەن؟

ئەو چاوەڕوانییانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەواو لە جێگای خۆیدایە. من بەشبەحاڵی خۆم لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەرکی دەکەین و، بە ڕێزەوە لێی دەڕوانین. تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەمیشە ئەو هەوڵانەمان داوە و پێمان وایە پەنجەرەی بەهێزکردنی یەکڕیزیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە کێشەی دێموکراتەکان چارەسەر بکرێ. لە ڕابردووشدا هەوڵمان داوە، ئەم پرۆسەیە هەوراز و نشێوی بووە و تەبیعەتەن دەبێ پشوودرێژ بین. بۆیە لە درێژەی گرینگیی ئەو بابەتە کە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و یەکبوونەوەی ئەم دوو حیزبە پێویستی و زەروورەتێکی گەورەی نیشتمانی و سیاسییە و دەبێ ئاوا چاوی لێ بکەین. ئێمە گوتمان کە هەموو چارەکان لەوەدا دەبینین یەکگرتوویی و دەنگێکی بەهێز هەبێ. بۆیە لەو دواییانەدا و لە درێژەی ئەوەدا ڕێبەریی هەر دوو لا پێکەوە دانیشتنمان هەبووە و ئێستا هەیئەتەکانمان پێکەوە کار دەکەن. خەسارناسیی ئەوەمان کردووە کە لە ڕابردوودا بۆچی نەمانتوانیوە ئەو یەکگرتنەوەیە جێبەجێ بکەین و ئەوانەشمان هێناوەتە بەر باس. لە ئێستادا ڕێبەریی هەر دوو لا لەسەر خەتین و هەیئەتەکانمان دادەنیشن و تاوتوێی لایەنی جۆراوجۆری پرسە دەکەن کە چۆن دوو لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن بەسەر ئەم کۆسپانەدا سەر بکەون. لەهەرحاڵدا بەخۆشییەوە ئیرادەیەک دەبینم لە ڕێبەری هەردوو لادا و مادام ئەو ئیرادەیە هەیە، ئەرکی کۆمەڵانی خەڵکە کە چاوەڕوانییەکانیان بەهێز بکەن و، ئەرکی ئەندامانی هەر دوو لای دێموکراتە لەسەر خەت بن. ئەرکی ئەندامانی ڕێبەریی هەر دوو لای دێموکراتە ئیرادەیان زۆرتر بێ و لەهەرحاڵدا ئێمە بە هاوکاریی یەکتر ئەو بەرپرسایییەتیە جێبەجێ دەکەین و مادام ئەوەشمان جێبەجێ کرد، دەبێ لە حیزبێکی یەکگرتووی دێموکراتدا ئیلزامات و بەڵێنمەندیی بەهێزیشمان دەبێ و ئەوە دەتوانێ پەیامێکی باشی هەبێ بۆ داهاتووی خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕاستە ئەو کارە گرفتی خۆی بووە و لە دانوستانیشدا هەوراز و نشێو هەیە، بەڵام ئەسڵ ئەوەیە کە بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە ئەو هەوراز و نشێوانە تێپەڕ بکەین. بەڵام مادام ئەوە چاوەڕوانی و داوای خەڵکە و ئێمە دەبێ جێبەجێی بکەین، هاوکات منیش ئەو چاوەڕوانی و داوایەم هەیە کە خەڵک لە نیوخۆی وڵات لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان لە دژی کۆماری ئیسلامییدا یەکڕیزی و هەماهەنگیتان لەبیر نەچێ. ئەوە بەردی بناغەی سەرکەوتنمانە و سەرکەوتنیش هەر بۆ ئێمەیە.

**کوردستان**: کاک خالید سپاس بۆ کات تەرخانکردنت بۆ ئەم دیمانەیە.

**خالید عەزیزی**: سپاس بۆ ئێوەش. ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

-------------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: سەرکەوتن بۆ ئێمەیە، چونکی کوردستان هێزی پێشمەرگەی هەیە

(دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەزدا)

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

هاوڕێیانی خۆشەویست!

بە بۆنەی هاتنەوەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، پیرۆزبایی لە هەموو ئێوە، پێشمەرگە تێکۆشەر و قارەمانەکانی کوردستان دەکەم. هەروەها جێی خۆیەتی لێرەوە پیرۆزبایی لە بنەماڵە و دایک و باب و خوشک و برا و کەسوکاری هەموو ئەو پێشمەرگانە بکەم، کە پێشمەرگەیان بۆ خزمت بە کوردستان و بەرگری لە خاک و نیشتمان وکەرامەتی کورد، پێشکەش بە بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کردووە. هەروەها لێرەوە لە ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کانگای پێشمەرگایەتی و شۆڕشگێڕی، بەبۆنەی ئەوە ڕۆژە پیرۆزەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی بە سەرجەم خەڵکی کوردستان دەڵێم.

ئاڵا و پێشمەرگە دوو هێما و دوو شوناسی هەرە گرینگ و بەبایەخی ئێمەن. لە ماوەی حەفتاوپێنج ساڵی ژیانی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەم دوو هێمایە، بوونەتە سیمبول لەپێناو خەبات و تێکۆشانی کورد لە ڕەوتی خەباتی مافخوازانەیدا. حەفتاوپێنج ساڵ پێش ئێستا کاتێک سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوای حیزبی دێموکرات، قازی محەممەد، بە لێکدانەوەیەکی بەرپرسانە و واقیعبینانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند و، بەتاڵایی ئەو کاتی پڕ

کردەوە، لە هەمان کاتدا کە زۆر دوور دەیڕوانی، بەدوای دروستکردنی هێما و پێناسە و شۆناس بۆ نەتەوەکەی بوو، کە ئاڵا و پێشمەرگە دوو لەو هێما گرینگانەن. کاتێکیش خۆی لەسێدارە درا و کۆمارەکەی ڕووخا، بەڵام هێماکانی و پێناسەکەی و ئەو شوناسەی کە بە ئیبتیکاری ئەو دروست کران، واتە پێشمەرگە و ئاڵا مانەوە و ئێستاش هەر ماون و لەجێی شایانی خۆیانن. پێشمەرگە بە بەرگریی لە کوردستان و بە گیانبازیی خۆی ئاڵای کوردستانی شکاوە ڕاگرتووە و ئاڵاش بە شکاوەیی خۆیی هەست و سۆزی نەتەوەی کوردی هەمیشە زیندوو ڕاگرتووە. هەر ئەو هەست و سۆز و باوەڕە و ئەو پێناسەیە، لە ماوەی حەفتاوپێنج ساڵی ڕابردوو بەو هەموو هەوراز و نشێوانەی بە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتووە، هۆی بەرگەگرتنی حیزب بووە لە هەمبەر هەموو ئەو کارەساتانەدا.

مانەوەی حیزبی دێموکرات و بەردەوامیی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو پێناس و شوناسە نەتەوایەتی و کوردایەتییە کە بەردی بناخەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و، ئەو سیاسەت کردن و هەست بە بەرپرسایەتی و، گەڕان بە دوای چارەسەری پرسی کورد کە بەرهەمی سیاسەتی واقیعبینانە و خوێندنەوەی وردی پێشەوا قازی محەممەد بوو، تا ئێستاش بەخۆشییەوە بەردەوامە. ئێمە دەبینین کە لە هەموو شوێنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پۆل پۆل کچان و کوڕانی ئێوە کە میراتگری ئەو بەها و بایەخە شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەن، بۆ بەئاکام گەیاندنی جووڵانەوەی مافخوازیی نەتەوەکەیان پێوەست بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبن.

ئەوە جێگای خۆشی و سەربەرزییە کە کارەساتەکان لە دژی ئێمە، وەک ئێعدام و ئەشکەنجە و بەندکرانی ئەندامان و پێشمەرگەکانمان، تێرۆری ڕێبەرانمان، مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و تۆپبارانی بنکە و بارەگانمان، سەرکوت و زەبروزەنگ و گوشارێکی زۆر کە لە نێوخۆی وڵات لەسەر ئێوە خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکانی مافی مرۆڤ و تێکۆشەرانی خەباتی مەدەنی و سیاسی و قانوونی هەیە؛ هەمووی ئەوانە نەیتوانیوە ئەو نەتەوەیە بەچۆکدا بێنێ. هەر دوو ساڵ پێش ئێستا و کاتێک ڕێبەرایەتیی پێشمەرگەکانی ئێوە، بە مووشک هێرشی کرایە سەر و، ئەو پەلامارە تێرۆریستییە بووە هۆی شەهیدبوونی پۆلێک لەو پێشمەرگانە لە ڕادەی ڕێبەری و کادر هەتا خوارەوە، ئێوە ئێمەتان تەنیا نەهێشتەوە، ئێوە چوار ڕۆژ دواتر بە مانگرتنە بەشکۆکەتان، بە نارەزایەتیی بەرین و بەربڵاوی خۆتان لەدژی کۆماری ئیسلامی، بە ئێمە و بە یار و نەیارتان گوت کە بەردەوام پشتیوانی خەبات و تێکۆشانی خۆتان و حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکانی کوردستانن.

ئێمە ئەو پەیامەمان وەرگرت، هەر ئەوەش وای کردووە لە خەبات و تێکۆشان و چالاکیی خۆمان، لە هەموو بوارێکی سیاسی، مەدەنی، پێشمەرگانە، تەشکیلاتی و دیپلۆماسیدا ڕانەوەستین. لەهەر شوێنێک بۆمان رەخسابێ، هەڵمان بۆ هەڵکەوتبێ، نوێنەرێکی باشی دەنگ و ڕەنگ و ویست و داخوازەکانی ئێوە خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین.



سەرچاوە
Serchawe

مادام ئێوە لەوێ و ئێمەی پێشمەرگە لە شاخ و بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ یەک ئەو خەباتە بەرینە پێش، دڵنیام سەرکەوتن و داهاتوو هی ئێمەیە. میللەتێک کە هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر هاتبێ و چۆکی دانەدابێ، بێگومان بە بەردەوامی لە خەباتی خۆیدا لە سەرکەوتن نیزیک دەبێتەوە.

ئەوەی کە پێشمەرگە لە ئێران و لە کوردستانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی سیمبولی ئازادی، دێموکراسی و مافپارێزییە، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتە دروستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە پێشەواوە تا دەگاتە دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و ڕێبەرانی زیندوو بناخەکەیان داناوە و، ئەوە بە ڕێزەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چاوی لێ دەکرێ. لە تەنیشت ئەوەش خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەکان لەدژی جەریانی تێرۆریستیی داعیش لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، توانیی شانازییەکی دیکەش بە ناوی پێشمەرگە زیاد بکا. پێشمەرگە لە هەموو شەڕ و ئاڵۆزی و بشێوییەک کە لە ناوچە دێتە پێشێ، لە هەر شوێنێک کە کوردستان و پرسی کورد بەشێک لە پرسەکەیە، بە شانازییەوە لە بەرەی ئینسانییەت، مافخوازی، بەرگری لە کوردایەتی، بەرگری لە دێموکراسی، بەرگری لە ماف لەدژی تێرۆریستان و لەدژی ئەوانەی کە ئەو مافانە پێشێل دەکەن ڕاوەستاون و ڕادەوەستن. ئەوەش بۆ خۆی شانازییەکی گەورەیە کاتێک لە شوێنەکانی جۆراوجۆری دونیا کە باسی پێشمەرگە دەکەن، زۆر زوو دەمانناسنەوە و دەڵێن ئەو پێشمەرگانە پێشمەرگەی کوردستانن و لە پێناو مافەکانی خۆیان خەباتیان کردووە و مێژوویەکی دوورودرێژیان لە تێکۆشان و قارەمانێتیدا هەیە. ئەو مێژووە، ئەو ناوە پڕ لە شانازییە حەفتاوپێنج ساڵ پێش ئێستا لە کوردستانی ئێران، لە مەهاباد، بە ڕێبەری پێشەوا قازی محەممەد دەستی پێ کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ئەو شانازییەی پێ برا ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتری بکا و، جێی بخا.

بۆ جارێکی دیکەش لەو ڕۆژە پیرۆزەدا پیرۆزبایی لە هەمووی ئێوە دەکەم و، هەروەها جێگای خۆیەتی بە هەمووی ئەو بنەماڵانەی کە ڕۆڵەیەکیان لەو پێناوەدا شەهید بووە، ئازیزانێکیان لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا شەهید بووە، بە شانازییەوە پێتان بڵێین ڕێگای شەهیدانی ئێوە بەردەوامە، بۆ؟ چوونکە کوردستان پێشمەرگەی لێ نابڕێ و هەتا بە مافەکانی خۆی دەگا، پێشمەرگە بەردەوام لە خەباتدایە. ڕۆژێک لە ڕۆژانیش کە بە مافەکانی خۆی گەیشت، کارنامەی پێشمەرگە لە داهاتووی مەیدانی سیاسیی ئێران پێمان دەڵێ پێشمەرگە هێزێکی بەرپرس و بەپرستیژە بۆ ئەوەی بەشدار بێ لە ڕاگرتنی ئێرانێکی دێموکراتیک و بەرگری لە مافەکانی هەموو لایەکدا.

بە هیوای ئەوە ڕۆژە، داهاتوو و سەرکەوتن هی ئێمەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## بەشێک لە پەیامی پیرۆبایی، سەرخۆشی... سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### پەیامی هاوخەمی



خەڵکی دڵ بریندار کوردستان، بەتایبەت خوشک و برایانمان لە شاری سەقز!

ئەم ڕووداوە ناخۆش و ناخەهەژێنەی کە لە تالاری زەماوەندی "مانگەوشەو"ی سەقز ڕووی دا، هەموومانی خەمبار و دڵبریندار کرد.

لە کاتێکدا کە هێشتا خەڵکی کوردستان تازیەباری لە دەستدانی ڕۆڵەکانیان لە ڕووداوە خوێناوییەکانی شەقام لە نارەزایەتییەکانی ئەمدواییانەدا بوون، هەواڵی کوژران و برینداربوونی ئەم کۆمەڵە کەسە لە ڕووداوەکەی تالاری مانگەشەو کە بەشێکی زۆری قوربانییەکان منداڵن، هیندەی دیکە خەڵکی تاساند و ماتەمباری کردن.

سەبارەت بەو ڕووداوە دڵتەزێنە هاوخەمیی خۆم بە خەڵکی کوردستان بە تایبەت خەڵکی شاری سەقز ڕادەگەیەنم، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئازیز لەدەستچووەکانی ئەم ڕووداوە دەکەم و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازم.

٥ی دێسەمبەری ٢٠١٩

## پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی سەرکەوتنی بۆریس جانسۆن، سەرۆکی پارتی کۆنسێرڤاتیوی بریتانیا




بەڕێز بۆریس جانسۆن، سەرۆکی حیزبی کۆنسێرڤاتیوی بریتانیا

بەبۆنەی سەرکەوتنی حیزبەکەتان لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی بریتانیا، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەگەرمی پیرۆزبایتان لێدەکەم.

هیوادارم وەدەست هێنانی متمانەی دەنگدەران لەو هەڵبژاردنەدا هاندەر و پاڵپشتیەکی باش بێت بۆ بەڕێزتان لە پێناو ئەوەی گوشاری زیاتر بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی دابین کردنی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران و؛ هەروەها دەستەبەرکردنی پشتیوانیی بریتانیا لە دۆزی ڕەوا و مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە ئێران.

لەگەڵ ڕێزدا

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان



٢٦ی سەرماوەزی هەموو ساڵێک لە ڕۆژژمێری بزووتنەوەی سیاسی و ڕزگاریخوازیی کورد لە ئێراندا بە ڕۆژی "پێشمەرگەی کوردستان" دەناسرێ.

٧٥ ساڵ لەوە پێش و لە بارودۆخێکدا کە شەڕی دووهەمی جیهانی و داگیرکرانی ئێران لەلایەن دوو زلهێزی جیهانییەوە بۆشایی دەسەڵاتی لە وڵاتدا دروست کردبوو، کورد لە ئێران بە مشوور و هەست بە بەرپرسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەریی ڕاگەیاند و ئەرکی پاراستنی خەڵک و ئەم دەسەڵاتە خەڵکییە بە هێزێکی پارێزگار و بەرگریکار سپێردرا کە ناوی "پێشمەرگە"ی لەسەر داندرا.

پێشمەرگە هێزێکی بەرگریی کوردە لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی مافخوازانەیدا، هێزێکی خۆبەخش کە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستان و بۆ پارێزگاری لە بوون و کەرامەتی کورد دروست بووە. بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕانە و ئامانجی ڕزگاریخوازانە، هاندەری سەرەکیی ئەم هێزە خۆبەخشە بووە بۆ پارێزگاری لە نەتەوە و نیشتمان و، گیانبەختکردن لەم ڕێگایەدا. پێشمەرگە ئەم هێزە چەکدارە ئاوەزمەندەیە کە لە زۆر برگە و قۆناغی مێژوویی کورد لە ئێران، وەک سەردەمی کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی چەکداریی ساڵانی ٤٧-٤٦ بە دژی ڕێژیمی سەرکوتکەری پاشایەتی خەباتی کردوە و ئاڵاهەڵگری ئازادیخوازی، دێموکراسی و بەها مرۆییەکان بووە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان و سەپاندنی شەڕ لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بەسەر کوردستاندا، هێزی پێشمەرگە وەک باڵی سەربازیی حیزبی دێموکرات ڕۆڵی گرینگ و بنەڕەتیی هەم لە بەرگری کردن لە شاڵاوی کۆمەڵکوژییەکانی کۆماری

ئیسلامی لە کوردستان هەبوو، هەم لە نیشاندانی وێنەیەکی ڕاستی‌نوێن لە جەوهەری خەبات و بزووتنەوەی مافخوازیی کورد لە ئێران. پاش سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان، کۆماری ئیسلامی دەیان گرووپ و میلیشیای بۆ سەرکوتی مافەکانی خەڵکی کوردستان ڕێک خست و ئەو هێزانە سەرکوت و جینایەت نەما لە کوردستان نەیکەن، بە جۆرێک کە زۆربەی نیزیک بە تەواوی فەرماندەرانی پایەبەرزی سپای پاسداران کە دەنێردرانە کوردستان، کارنامەی جینایەت و سەرکوت لە کوردستانیان بۆ وەرگرتنی پۆست و بەرپرسایەتی پێویست بوو.

لەو بارودۆخەدا و لە کاتێکدا ڕۆڵە تێکۆشەر و ئازادیخوازەکانی کورد بە تاوانی! مافویستی سەرەڕۆیانە دەگیران، ئەشکەنجە دەکران، زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپا و ئێعدام و گوللەباران دەکران؛ بەڵام پێشمەرگە دیلەکانی شەڕی کوردستانی ئازاد دەکرد. هەڵسوکەوتی شارستانییانەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات زۆری دۆست و هۆگری کورد و جووڵانەوە بەرحەقەی لە نێو هێزە بە دیلگیراوەکانی کۆماری ئیسلامییدا دروست کرد. کەم نەبوون ئەو کەسانەی بە تێگەیشتن لە جەوهەری خەباتی مافخوازانەی کورد ئامادە نەبوون چیدی چەک بۆ ڕێژیم هەڵگرن و بوونە باڵوێزی نیازپاکیی کورد و زۆر لەوان لەو سۆنگەیەوە گیران و لە ڕیزی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی دوور خرانەوە. بەڵام لە بەرامبەردا

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی دروستبوونی ئەم هێزە ئاڵاهەڵگری پاراستنی بەها ئینسانی و مەدەنییەکانی جیهانداگر بوون و سیاسەتی سەرکوت و تێرۆری حکوومەتە ناوەندگەراکان - بەتایبەت کۆماری ئیسلامی - ئەوانی لە ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆیان دوور نەخستۆتەوە. تەنانەت کاتێک ڕێبەرانیشیان تێرۆر دەکران و بنکەکانیان مووشەکباران دەکرا و بە بۆمب و تەقینەوە هێرشیان دەکرایە سەر، بەڵام ئەوان تێرۆریان بە تێرۆر وەڵام نەداوەتەوە.

لە ساڵەکانی دوای شۆڕشدا و دوای سەرکوتی هێزە سیاسییەکان لە ئێران زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە بەهۆی زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی دەرفەتێکیان بۆ چالاکیی ئازادانە نەمابوو، وەک سەنگەری ئازادی هاتوونەتە کوردستان و لە نیزیکەوە جەوهەری جووڵانەوەی کورد و کارکردی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان بینیوە و دڵنیام کە هەموویان بیرەوەریی باش و زۆر خۆشیان لە ڕەفتاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەیە.

پێشمەرگە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانییشدا ناوێکی ئاشنا و هاوپەیمانێکی دڵنیا و بەپرستیژ بۆ هێزە دێموکرات و هاوپەیمانەکانە. هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەشێک بوو لە هاوپەیمانیی دژی داعش، کە شەڕی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی کرد و لە پێناو شکستپێهێنان بە داعشدا تێچووی مرۆیی و گیانیی زۆری دا. بۆیە لە قوناغی

ئێستای خەباتی نەتەوەیی و دێموکراتیی گەلەکەشماندا، پێشمەرگە هەر وا هێما و ڕەمزی خۆڕاگری بەرامبەر زۆرداریی زەوتکەرانی مافەکانی نەتەوەی کوردە و لە ڕوانگەی نێونەتەوەیی و بیروڕای گشتیی جیهانییەشەوە پێشمەرگە وەک هێزێکی ئاشتیخواز و بەرگریکاری ئازادی پێناسە دەکرێ.

لە ٧٥ ساڵەی دروستبوونی ناو و هێزی پێشمەرگەدا سڵاو دەنێرین بۆ شەهیدانی ئەم کاروانە پڕ سەروەرییە. ڕێزگرتنیشمان لە پێشمەرگە هەڵگری ئەو پەیامەیە، کە وەک چۆن لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمنانی ماف و ئازادییەکانمان بۆ سەر نەتەوەکەمان قەرزداری هێزی پێشمەرگەین، لە داهاتووشدا تەنانەت ئەو کاتەی بە مافەکانیشمان دەگەین، بۆ پاراستنیان دەبێ پشت بە هێزی پێشمەرگە ببەستین. ئێمە پێشتریش گوتومانە کە چارەسەری پرسی کورد بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتە نەک هەڕەشە، هەر لەم گۆشە نیگایەشەوە ئەزموونی پێشمەرگەی کوردستان دەتوانێ لە دروستکردنەوەی جەوهەری هێزی بەرگریی ئێرانی داهاتوودا یارمەتیدەر بێ.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٥ی سەرماوەزی ١٣٩٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٩

------------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بە بۆنەی جێژنی کریسمەس و ساڵی نوێی زایینی



**هاونیشتمانییانی بەڕێز!**

**بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی کریسمەس و نوێبوونەوەی ساڵی زایینی، پیرۆزبایی بە هەموو پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی، بە تایبەت هاونیشتمانییانی مەسیحی لە کوردستان و ئێراندا دەڵێم.**

**مەسیحییەکانی کوردستان لە کاتێکدا کریسمەس و ساڵی نوێی زایینی جێژن دەگرن کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە خەباتی سەخت و پڕتێچوویان لەدژی کۆماری ئیسلامی بەردەوامن. خەڵکی کوردستان و ئێران لە مانگی خەزەڵوەردا بەگوڕتر و بەربڵاوتر لە جاران دەنگی مافخوازانەی خۆیان بەگوێی جیهان گەیاند، کوژراو و بریندارێکی زۆتریان دا، بەندیخانەکانیان لێ پڕ کرا، بەڵام سەلماندیان کە خەبات و تێکۆشانیان لەپێناو دەستەبەری ماف و ئازادییەکانیان بەردەوامە.**

**هەروەها ساڵی ۲۰۱۹ی زایینی کە ڕابرد، خەبات و تێکۆشانی گەلانی ناوچە، بەتایبەت نەتەوەی مافخوازی کورد بۆ چەسپاندنی مافە ڕەواکانی درێژەی هەبوو، بۆیە هیوادارم کە ساڵی نوێی زایینی بۆ جیهان بەگشتی و بۆ نەتەوەی کورد و ناوچەکەمان بە تایبەتی، زۆرترین خۆشی و دەسکەوتی تێدا بێ و، ئاشتی، ئازادی و دادپەروەری بەرەو سەرکەوتن و بەرەوپێشچوون هەنگاو بنێ.**

**جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزباییم لە سەرجەم پێڕەوانی ئەو ئایینە لە کوردستان و ئێران، هیوادارم لە ساڵی نوێدا خەباتی شێلگیرانەی و یەکگرتووانەی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی بە هەموو پێکهاتە و**

جۆراوجۆرییە ئایینییەکانەوە سەرکەوتنی زیاتر دەستەبەر بکا. هاوکات هیواخوازم کە لە ساڵی نوێی زایینی دا خەباتکارانی کورد و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بتوانن بە یەکڕیزی، یەکخستنی وزەی خەباتگێڕی و هاوپێوەندیی زیاتری نێوانیان دەسکەوتی زیاتر بۆ جووڵانەوەی سیاسیی کورد بەدیاری بێنن.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

## پەیامی پیرۆزبایی بۆ ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان




بەڕێز مامۆستا سەلاحەدین بەهادین!

لەگەڵ ڕێز و سڵاو،

بەبۆنەی کۆتایی کاروباری کۆنگرەی هەشتەمی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و هەڵبژاردنەوەی جەنابت وەک ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، بە ناوی خۆم و هاوڕێیانم لە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزباییتان لێ دەکەم.

کۆنگرەی ٨ی ئێوە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بەسترا کە لە عێراق و ناوچەکەدایە هەم ئەگەری مەترسی بۆ سەر

دەسکەوتەکانی بزاڤی سیاسیی کورد هەیە و هەم دەتوانێ دەرفەت بۆ پێشخستنی پرسی کورد و مافەکانی نەتەوەی کورد دەستەبەر بکا. ئێمە لە حیزبی دێموکرات دەخوازین لەو قۆناغە هەستیارەی ئێستادا یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە هاوکاریی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و پشت ئەستوور بە گیانی تەبایی و یەکگرتوویی، پتر لە پێناو سەرخستنی پرسی کورد لە باشووری کوردستان تێبکۆشن.

ئەم بۆنەیەش بە دەرفەت دەزانم کە پێ لەسەر بەردەوامی و پەرەپێدانی پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دابگرمەوە.

بەهیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتری جەنابت و خوشک و برایانمان لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

٣١ی دێسەمبەری ٢٠١٩

-------------------------------------------------------

## پەیامی پیرۆزبایی بۆ بەڕێز کۆسرەت ڕەسووڵ، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان



بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسووڵ، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!

لەگەڵ ڕێز و سڵاو،

بەبۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی چواری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و هەڵبژێرانی جەنابت بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ناوی خۆم و هاوڕێیانم لە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەرمترین پیرۆزباییت لێ دەکەم.

هیوا دەخوازین لەو هەلومەرجە گرینگ و هەستیارەدا کە گەلی کورد پێیدا تێ دەپەڕێ، خەڵک و هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بە لێکتێگەیشتن و یەکگرتوویی زیاترەوە ڕووبەڕووی ئەگەر و ئاستەنگەکانی ئەم قۆناغە ببنەوە و؛ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وەک هەمیشە دەوری کاریگەر و شوێندانەری لە ڕەوتی ڕووداوەکان لەپێناو بەرەو پێشبردنی پرسی کورد و ماف و داواکانی خەڵکی کوردستان لە عێراقدا هەبێ.

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان مێژوویەکی دەوڵەمەند و پڕبایەخی لە دەستەبەر و پارێزگاری لە دەستکەوت و بایەخە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە کوردستاندا هەیە. هیواداریین لەم بڕگە نوێیەش لە ژیانی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیدا، ئەم حیزبە تێکۆشەر و خەباتکارە بەپێی ئەم زەرفییەت و جێگە و پێگە دیارەی هەیەتی پتر لە پێناو پێشڤەچوونی بزووتنەوەی سیاسی و دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانی کورد تێبکۆشێ.

جارێکی دیکەش هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەی بەڕێز و هەموو هەڤاڵانمان لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەخوازین و پێداگری لەسەر بەردەوامی و پەرەپێدانی پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەینەوە.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

٣١ - ١٢ - ٢٠١٩

٣١ی دێسەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------

**٢٠٢٠**

**بەڕێزان کاک بافڵ تاڵەبانی و کاک لاهوور شێخ جەنگی، هاوسەرۆکەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!**




لەگەڵ ڕێز و سڵاو!

بەبۆنەی هەڵبژاردنی ئێوە بەڕێزان بۆ پۆستی هاوسەرۆکیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان پیرۆزباییتان لێدەکەم.

هیوادارم ئەرک و بەرپرسایەتیی نوێی ئێوە بەڕێزان یارمەتیدەری ئیدارەی باشتری هەرێمی کوردستان و، پاراستنی یەکڕیزی و برایەتی لە هەرێم و هەروەها هۆی ئاشتی و تەبایی پتری هێزە سیاسییەکانی کوردستان بێت.

جارێکی دی هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە بەڕێزان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەئاوات دەخوازم.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خالید عەزیزی

٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٠

---

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست




بۆ هاوکارە بەڕێزەکانم، حیزبە ئەندامەکانی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست!

ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران، کە خوڵقاندنی قەیران لە دەوروبەری خۆی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دیکە لە سروشتیدا داڕێژراوە، لە کاتی پەتای کۆرۆنادا جارێکی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ پارێزگاریی لە خەڵکی ئێران، نیشانی دایەوە کە نابەرپرسیار و ناکارامەیە. ئەو ڕێژیمە زۆربەی سامانی ئێرانی خەرجی سیاسەتی دەستێوەردان و قەیرانخوڵقێنی لە ڕێگەی دابینکردنی دارایی بۆ ئەو تاقمە تیرۆریستییانە کە لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە پاشکۆی خودی ڕێژیمن، کردوە.

شاردنەوەی ڕاستییەکان و پێشگرتن بە هەواڵی ڕاستەقینە لە بارەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گشت ناوچە و شارەکانی ئێران، لە نووسینگەی خودی ڕیبەر، خامنەییەوە، بڕیاری لەسەر دراوە. کەمتەرخەمیی دەوڵەت لە مەڕ پارێزگاریی لە خەڵک بەرامبەر بەو پەتایە بووە هۆی گیرۆدەبوونی دەیان هەزار کەس و هەزاران کەسیش مردن.

ڕێژیم لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، کاتێک گیانی خەڵک لە مەترسیدایە و بژیویان لەبەر یەک هەڵتەکاوە و وڵات بە گشتی بە دۆخێکی ناخهەژێندا تێپەڕ دەبێ، جارێکی دیکە ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی دەرخستوە. نەتەنیا لە دابینکردنی ناوەندە تەندروستییەکاندا و دابینکردنی ئامێری پزیشکی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا شکستی هێناوە، بەڵکو لەجیاتان کەشوهەوایەکی ئەمنییەتیی توندی بەسەر کوردستاندا زاڵ کردوە.

دژی ئەو هەموو خەمساردییە، وەئەستۆ نەگرتنی بەرپرسیاری و خولیای ناسیاوی ڕێژیم بۆ نیشاندانی دوژمنکاری، خەڵکی کوردستان پشتیان بە هاوپشتیی و هەستی مرۆڤدۆستیی خۆیان بەستوە. بە یارمەتیی تاکی دەستڕۆیشتوو لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا و هەروەها هەستێکی بەهێزی هۆشیاریی و بەرپرسیاری، گەلی کورد ئاگایان لە یەکتر بووە و نموونەیەکی سەرکەوتوویان لە خۆبەڕێوەبەری نیشان داوە.

ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کورد لە ڕێکخستنی ئەو هەنگاوە نەتەوەییەدا، بە وەڕێخستنی کەمپەینی جۆراجۆر، کۆکردنەوەی یارمەتی لەنێو خەڵکی ئاسایی و دانی یارمەتییەکان بە جەماوەری بێدەرەتان، دەورێکی یەکلاکەرەوەیان هەبووە. ئەوان جارێکی دیکە گرینگیی خۆیان نیشان داوە و هەمدیس کارێکی گرینگیان لە کاتێکدا کە دەوڵەت شکستی هێناوە، بەڕێوە بردوە.

جگە لەوە، تاکی خاوەن هەست سامانی تاکەکەسیی خۆیان بۆ دروستکردنی ناوەندی تەندروستی بۆ پێڕاگەیشتن بە خەڵکی گیرۆدەبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەروەها کەمکردنەوەی تەشەنەی ڤایرۆسەکە تەرخان کرد. ئەو کەسانە بەڕاستی ئەرکی خێرخوازانەی خۆیان بەڕێوە بردوە و پێداویستییەکانی جەماوەریان پێش هی خۆیان خستوە. گرینگترین قارەمانان، پزیشکان و پەرستاران کە ئاگایان لە نەخۆشان بووە پارێزگارییان لە ساخڵەمیی جەماوەر بە لە مەترسیهاویشتنی گیانی خۆیان بەڕیوە بردوە و ئەوەی لە توانایان دابووە بۆ پاراستنی تەندروستی کوردستان و گەلی کورد کردوویانە.

لە کاتێکدا کە خەڵکی کوردستان خەریکی ئەو کارە شەڕافەتمەندانە بوون، ڕێژیمی ئیسلامیی هەر وەک جاران هەزاران هێزی ئەمنییەتی بۆ ناوچە کوردییەکان گواستۆتەوە. ئەو کارە نالۆژیکییە لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە خەڵک بەنێو دۆخێکی

ناخۆشـدا تێـپەڕ دەبـن و پێویسـتیان بە هێمنـی و هەسـت بە ئاسـایش و ئەمنیـیەت هەیە. لەو مـاوە کـورتەدا، جـگە لە لەسێدارەدانی ترسناک و نامرۆڤانە، دەیان چالاکی مەدەنییان لە کوردستان بە بیانووی بێ بنەما دەستبەسەر کردوە.

ئێمە ئەو کەمپەینەی خۆبەڕێوەبەرییە و ئەو هاوئاهەنگییە کاریگەرە بۆ ڕێکخستن لە کـاتی پەتـایەکە وەک نیشـانەی ئـاستی بەرزی هەسـتی سیاسـی و نیشـتمانپەروەریی لەنێـو خەڵکـی یەکگرتـووی کوردسـتانی ئێـران دەنـرخێنین. ئـێمە ڕاسـتگۆیانە هیـواداریـن کە کـۆمەڵگەی نێـونەتەوەیی، بە تـایبەتی دۆسـتانمان لە ئینترناسیۆنال سۆسیالیست سـەرنج بـدەنە ڕێـژیم کە چەندە نابەرپرسیارانە لە پێش و لە ماوەی پەتـایەکە هەڵسوکەوتی کردوە.

لە کۆتـاییـدا، ئـێمە هیـواداریـن کـۆمەڵگەی نێـونەتەوەیی، بە ئەنـدامانی سـەرەکیی ئینترناسـیۆنال سۆسیالیسـتەوە زەختـی پێویست بخـاتە سـەر ڕێـژیم، تـا کەڵـک لە قەیرانـی هەنـووکەیی کۆرۆنـا وەک حەشـاردەری پێشێلکارییەکانی مـافی مرۆڤـی خەڵکی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی وەرنەگرێ.
بۆیە، ئێمە داوا لە دۆسـتانمان لەنێو ئینترناسیۆنال سۆسیالیست دەکەیـن چـاودێریی هەڵسـوکەوت و سیاسـەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر کوردان لە ئێران بکەن، نەک هەر لە کاتی پەتـای کۆرۆنادا، بەڵکوو دوای ئەویش.

بە ڕێزەوە

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٠ی مای ٢٠٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٠

---------------------------------------------------------

## پەیامی پیرۆزبایی کاک خالید عەزیزی بەبۆنەی هاتنی جێژنی ڕەمەزان



هاونیشتمانانی خۆشەویست!

بەبۆنەی هاتنی جێژنی پیرۆزی ڕەمەزان بە ناوی خۆم و سەرجەم کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزباییتان پێدەڵێم.

بەڕێزان!

خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا بەرەوپیلی جێژنی ڕەمەزان دەچن، کە هێشتا کۆمەڵگە بەدەست پەتای کۆرۆناوە گرفتارە. خەڵکی ئێران لەو قەیرانەدا پتر بۆیان دەرکەوت کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار چەندە ناڕاست بوون و چەندە لەگەڵ خەڵک نابەرپرسانە جووڵانەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە قەیرانی کۆرۆنادا نیشانی دایەوە کە مانەوە و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات لە پێشەوەی هەموو کێشەکانی کۆمەڵگەن، بۆیەش نەک بە هانای خەڵکەوە نەهات، بەڵکوو هەموو هەوڵی ئەوە بوو لە قەیرانی کۆرۆنادا خەڵکی وڵات بکاتە قەڵغان و، ئیمتیازی سیاسی و مادیی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێ وەربگرێ.

خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێش سەرهەڵدانی کۆرۆنا کەوتبووە تەنگانەیەکی زۆرەوە. پاشەکشە بە سیاسەتی هێژمونیخوازانەی لە ناوچە و کوژرانی قاسم سولەیمانی، جێبەجێکاری سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە؛ بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکڕاینییەکە، بایکۆتی گشتگیری خولی یازدەیەمی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و کاریگەریی سزا قورسەکانی ئەمریکا لەسەر

ئابووریی ئێران؛ ڕێژیمی بەرەورووی قەیرانی جیدیی ڕەوایەت کردبۆوە و درێژەی مانگرتن و ناڕەزایەتییە گشتییەکان دەیانتوانی سەرچاوەی زۆر گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ململانێی خەڵک و دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا بن. بەڵام کۆرۆنا گەیشتێ و ڕێژیم توانی زۆر باش لە بەرژەوەندیی خۆیدا بەکاری بێنێ و قەیران و ناڕەزایەتییەکانی پێ کپ بکا.

ئێمە پێمانوایە قۆناغی دوای کۆرۆنا هەم بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێران و هەم بۆ ڕێژیم گرینگ و چارەنووسسازە. گۆڕانکارییەکانی ئەم قۆناغە نوێیە دەخوازێ کە بە ئیرادەیەکی پتەو و یەکگرتووانە لە خەبات و تێکۆشانی زیاتر بۆ گۆڕینی ئەو ڕێژیمە بەردەوام بین و تێبکۆشین نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و خەڵکی لە ئێراندا بێنینە دی. سەرکەوتنی کورد و بزووتنەوەی مافخوازیی کورد لەو خەباتەدا و سەنگی گەلەکەمان لە داهاتووی گۆڕانکارییەکاندا بە یەکریزی و هاوپێوەندیی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی بەستراوەتەوە. بەو هیوایە کە جێژنی پیرۆزی ڕەمەزان هۆی تەبایی و لێکنیزیکیی زیاتری هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردەواری بێت.

جارێکی دیکەش جێژنتان پیرۆز و بە هیوای سەرکەوتن.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٣ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠٢٠

---------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بەبۆنەی ۳۷ ساڵەی ئێعدامی ٥٩ شۆڕەڵاوی کورد لە مەهاباد



خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!

لاوانی خوێنگەرم و تێکۆشەر!

دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی، گەلانی مافخواز و قوربانیی دەیان و سەدان ساڵ ستەم و بێمافی لە ئێران کە بە خەبات و قوربانیدانی زۆر بەسەر ڕێژیمی شادا سەر کەوتبوون، هیوایان بە هاتنە سەر کاری دەسەڵاتێکی خەڵکی و دێموکراتیک بوو. بەڵام ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، لە کوردستان بە سەرکوت و کوشت و کوشتار و تاڵان و بڕۆی خەڵکی کورد دەستی پێکرد. خەڵکی کوردستان دوای خەباتی خوێناوییان لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی و بەشدارییان لە ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە، چاوەڕوانی وەدیهاتنی مافە ڕەوا و ئینسانییەکانیان بوون؛ کەچی زۆر زوو لەلایەن دەسەڵاتی تازەدامەزراوی کۆماری ئیسلامییەوە هێرش کرایە سەر کوردستان.

ڕووداوەکانی نەورۆزی خوێناویی سنە و ئێعدام و کوشتاری بەکۆمەڵی کورد لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بۆ وێنە لە سەقز و نەغەدە و زۆر شوێن و گوندی وەک قارنێ، قەڵاتان، حەسەن لۆلان، سۆفیان، قەرەگۆل و... وێرانکردنی سەدان گوندی دیکە و شاڵاوی هێرشی نیزامی بۆ دەست بە سەر داگرتنی کوردستان؛ زۆر زوو ماهییەتی ئەم ڕێژیمەی بۆ خەڵکی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەقاو دا. بەڵام جینایەتێک کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ دەرهەق بە خەڵکی مەهاباد و کوردستان کردی، پەڵەی شەرم و تاوانێکی ئەبەدییە بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوە، تاوانێک کە تێپەڕینی کات و ساڵ لە بیر خەڵکی کوردستانی ناباتەوە، تاوانی ئێعدامی ٥٩ شۆڕەڵاوی بێتاوان کە بە بڕیاری ڕێژیمی دڕندە و خوێنمژی کۆماری ئیسلامی و بێ هیچ محاکەمە و دادگاییەک گوللەباران کران.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ئامادە نەبوو گوێ لە ماف و ویست و داوای خەڵکی کورد بگرێ و لە ڕێگای دانوستانەوە بۆ چارەسەری پرسی کورد هەنگاو بنێ، هێرشی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان. فیتوای جیهاد لەدژی نەتەوەی کورد درا و شەڕێکی خوێناوی بەسەر کوردستاندا سەپا، شەڕێک بە مەبەستی سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و کپکردنی دەنگی ڕەوا و مافخوازیی خەڵکی کورد کە تا بە ئێستا و بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە شێوە و فۆرمی جۆراوجۆردا درێژەی بووە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە تایبەتی، بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودیەتی خەبات و شوناسویستیی ئەو گەلە چوونە سەنگەری بەرگری و هەتا ئێستاش لەو سەنگەرەدا درێژە بە خەباتی ڕەوا و بەرحەقی خۆیان دەدەن.

خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

لاوانی شۆڕشگێر و بوێر لە مەیدانی خەباتی مافخوازیدا!

٣٧ ساڵ لەمەوبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تاوانی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباددا هەوڵی ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی کوردستان، بەتایبەت لاوانی کورد چاوترسێن بکا، بەڵام بینیمان لاوانی کورد بە بەشداریی هەراویان لە قۆناغی سەختی خەبات و بەرگریی چەکدارانە و تێکۆشانی هەمەلایەنەیان لە هەموو سەنگەر و بەستێنەکان بەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، نیشانیان دا خوێنی بەناحەقڕژاوی ٥٩ شۆڕەلاوەکەی مەهاباد، ئیلهامی مافخوازی و چرای ڕووناککەرەوەی ڕێی خەبات و تێکۆشانیان بۆ ڕزگارییە.

خەڵکی خەباتکار و خۆڕاگری کوردستان دوای ئەم ڕووداوە سامناکە و بەرگەگرتن لەبەرانبەر زۆر کارەسات و نەهامەتی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەری هێناون، کۆڵیان نەداوە و سەنگەری خەباتیان چۆڵ نەکردوە و نەک هەنگاوەکانیان پێ شل نەبووە، بەڵکوو لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە تێکۆشانی جۆراوجۆر لەبەرامبەر سیاسەتە داپلۆسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا وەستاونەتەوە و لە خەبات و تێکۆشانی مافخوازانەیان بەردەوام بوون. مانگرتنە گشتییەکەی ٢١ی خەرمانان بۆ مەحکوومکردنی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ئێعدامی ڕۆڵە سیاسییەکانی کورد، کە لە نەفسی خۆیدا ڕێفراندۆمیکی سیاسی بۆ بردنەوە ژێر پرسیاری ڕەواییەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بوو، یەکێک لە دیارترین دیمەنەکانی ئەم خۆڕاگری و خەباتگێڕییە بوو.

ئێمە لە بیرهێنانەوەی تاوانی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادا جارێکی دیکە ئەوە وەبیر خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی دێنینەوە کە کۆماری ئیسلامی لەدژی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان چیها جینایەتی سامناکی کردوە و ئەم

جینایەتانەی بە چ شێوەیەک کردوە. لاوانی کورد پاش چەند دەیە لە تێپەڕینی تاوانی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی، ئەم جینایەتەی کۆماری ئیسلامییان هەروا لەبەرچاوە و بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێن. ڕاستییەکانی وەک ئەوەی کە ڕێژیم ئەوانی لە کوێ بە خاک سپاردوە و تەرمی ئەو ڕۆڵە بەناحەقکوژراوانەی چ لێ کردوە.

ئەمن دڵنیام لاوانی کورد یادی ئەو شەهیدانە بەرز ڕادەگرن و بە بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانیان بە کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنن کە ئەستاندنی گیانی لاوەکانمان نەک ناتوانێ ئیرادەیان بەچۆکدا بێنێ و لە ویست و داخوازەکانیان پەژیوانیان کاتەوە؛ بەڵکوو ئیلهامدەری ئەوە بووە کە شێلگیرانەتر دژی کۆماری ئیسلامی بوەستنەوە.

- سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢
- سڵاو لە ئیرادە و ڕوحی خەباتگێڕیی لاوانی کورد

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

١١ی جۆزەردانی ١٣٩٩

(٣١ - ٥ - ٢٠٢٠)

٣١ی مای ٢٠٢٠

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی جێژنەی قوربان



بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی پیرۆزی قوربانەوە بە ناوی خۆم و هاوڕێیانم لە حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی بە هەموو موسڵمانان، بە تایبەتی موسڵمانانی کوردستان و لەنێو ئەوانیشدا تایبەتتر بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی دەڵێم و، هیوادارم ڕۆژەکانی جێژنیان بە خێروخۆشی بەسەر بەرن.

خەڵکی کوردستان لە کاتێکدا بەرەوپیلی جێژنی قوربان دەچن کە سەرەڕای زەوتکرانی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانیان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، پەتای "کۆڕۆنا"ش وەک دەردی سەرباری دەردان سێبەری خستۆتە سەر ژیانی خەڵک. هەر لە سۆنگەی ئەو پەتایە و بەهۆی خەمساردی ڕێژیم و ناکارمەیی لە مودیرییەتی ئەو قەیرانەدا، بێکاری، گرانی، نەبوونی و هەژاری زیاتر لە جاران بەربینگی بە خەڵک گرتوە و بەداخەوە کەم نین ئەو بنەماڵانەی ناتوانن تەنانەت پێداویستیەکانی ڕۆژانی جێژنەشیان دابین بکەن. بێگومان بەرپرسایەتیی ئەو دۆخە نالەبارەش کە بەرۆکی کۆمەڵگەی ئێران و لەو نێوەدا چەندقات زیاتر کوردستانی گرتۆتەوە، لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامییە کە بەهۆی سیاسەتی نابەرپرسانەی لە هاوکێشە جیهانییەکان و ناکارامەیی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا ئەم دۆخەی خوڵقاندوە. دەرباز بوون لەو بارودۆخەش لەگرەوی پەرەسەندن و بەردەوامیی خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕزگاری و وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانە.

هیوادارم خەڵکی ئێمەش لە کوردستان بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان و، بە تەبایی و یەکڕیزیی نێوماڵی خۆمان شێلگیرانەتر لە جاران لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکانماندا تێ بکۆشین.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم جێژنە، ڕۆژانی خۆش و هیوابەخشی بەدوادا بێ و یەکدڵی و خۆشەویستیی زیاتر لەگەڵ خۆی بەدیاری بێنێ.

**خالید عەزیزی**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**٩ی گەلاوێژی ١٣٩٩**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوولای ٢٠٢٠**

---------------------------------------------------------

## سپاسنامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە شەپۆلێک لە هاوخەمی بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی



لە کاتێکدا تێکۆشەرانی دێموکرات لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژدا بە بۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆیان بۆ چۆنیەتی بەرزڕاگرتنی ئەم یادە ئامادە دەکرد، بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی دیاری بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و تێکۆشەری دێرین و سیمای ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک جەلیل گادانی هەموومانی خەمبار کرد. هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە کاک جەلیلیان دەناسی و ئاشنا بە ڕۆڵ و پێگەی ئەم کەسایەتییە لە بزووتنەوەی گەلەکەمان و حیزبی دێموکراتدا بوون، دەزانن کە لەدەستدانی ئەمریان بۆ بزووتنەوە و حیزبی

ئـێمە چ خەسـارێکی گەورە بـوو. بەڵام هەر دوای چەنـد کـاتژمێر تێـپەڕین بە سـەر بڵاوبـوونەوەی هەواڵـی ئەم کۆسـتە گەورەیەدا، هەسـتێکی پـڕ لە غـورور و شـانازی بە نێـو کـۆڕی هاوڕێیـان و هاوسـەنگەرانی کـاک جەلیـلدا بـڵاو بـوویەوە کە دەرخەری بەرزیی و گەورەیی کەسایەتیی ئەم ئینسانە لە نێو دڵی خەڵکدا بوو.

دوای بڵاوبـوونەوەی هەواڵـی کـۆچی دوایـی کـاک جەلیـل لە مـاوەی کەمتـر لە سێ ڕۆژدا، شـەپۆلێکی بەریـن لە پەیـامی سەرەخۆشی و هاوخەمیی ڕووی لە ڕێبەری و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب کرد. بەدەیـان پەیـامی ڕەسمی لە لایەن حیـزب و لایەنە سیاسـییەکانی هەر چـوار بەشـی کوردسـتانەوە بـۆ ڕێبەرایەتـی حیـزب نێـردران، بە سـەدان کەس لە کەسـایەتییە کوردسـتانی و ئێرانییەکـان بە نـاردنی برووسـکە و بە تەلەفـوون و پێوەنـدیی ڕاسـتەوخۆ وێـڕای دەربڕینـی ئەمەگناسـی و وەفاداریی خۆیـان بـۆ کـاک جەلیل سەرەخۆشییان لە حیـزب و بنەمـاڵەکەی کـرد و بە هەزاران کەس لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان بەتـایبەت ئەنـدامان و لایەنگرانی حیـزب لە ڕێگـای ئۆرگانەکـانی حیـزبەوە پەیـامی وەفـاداری و هاوخەمییـان بـۆ ناردین.

بـۆ ئـێمە لە حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان کە بە خۆشـییەوە چ لە ڕابـردوو و چ لە ئێسـتادا لە حـوزور و بەشـداریی کەسایەتیی‌یە بەرز و ناودارەکانی کورد لە ڕیزەکانمان‌دا دەوڵەمەندین و نەمر کاک جەلیل گـادانی یەکێک لەو کەسایەتـی‌یە دیارانە بوو، ئەم شەپۆلە لە سەرەخۆشی و هـاوخەمی‌یە بە سـەرمایەیەکی بەرزی مەعنەوەی خۆمـان دەزانـین. بـۆیە بە نـاوی سەرجەم هاوڕێیانمەوە سپاس و پێزانینمان پێشکەش بە؛ کەسایەتییە حکومی و حیزبی‌یەکـانی هەرێمی کوردستان، هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان، هێز و کەسایەتییە ئێرانی‌یەکـان، کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکـانی کـورد لە هەمـوو بەشـەکانی نیشـتمان، بەڕێـوەبەرایەتیی تەندرووسـتیی هەرێمـی کوردسـتان و سـەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، میدیا و میدیاکارانی کوردستان دەکەین.

بەداخەوە بە هۆی زاڵبوونی دۆخێکی تـایبەتی تەندرووستی کە بڵاوبوونەوەی پەتـای کۆرۆنـا بەسـەر ئێمە و هەمـوو دونیـای‌دا سەپاندووە، وەک پێویست و شیاوی کاک جەلیل بوو، نەکرا وەک پێویست کۆڕی پرسە و ڕێزگرتن لە نەمریان بەڕێـوە بەریـن و هیواداریـن لە داهاتوودا بتوانین یادی ئەم گەورە تێکۆشەرە، بە شکۆوە بەڕێوە ببەین.


سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خالید عەزیزی

١٩ی گەلاوێژی ١٣٩٩

٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئانتۆنیۆ گۆتێرێس، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان




**بەڕێز ئانتۆنیۆ گۆتێرێس، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!**

دوو ساڵ پێش ئێستا لە ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨دا کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشێکی مووشەکیی کردە سەر ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قووڵایی خاکی کوردستانی عیراقدا. لەئاکامی ئەو کردەوە تێرۆریستییەدا ١٦ کەس شەهید و زیاتر لە ٤٠ کەس بریندار بوون.

سوپای پاسدارانی ئێران هەر ئەو کاتە بەرپرسیارێتیی ئەو هێرشەی گرتە ئەستۆ و وەک نیشانەیەکی توانای مانۆڕدانی خۆی لە ناوچەدا لە قەڵەمی دا. ئەو هێرشە هەروەها کۆمەڵێک دژکردەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەدووی خۆیدا هێنا کە گرینگترینیان باسکردنی ئەو هێرشە و مەحکومکردنی لەلایەن نوێنەری دەوڵەتی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی شوڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەم کردەوە تێرۆریستییە سەرجەم پەسندکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە بواری ڕێزگرتن لە سەروەریی دەوڵەتانی دراوسێ و یاسای بەشەردۆستیدا پێشێل کرد. ئەو هێرشە بەئامانجگرتنی حیزبێک بوو کە حەوت دەهە و نیوە لەپێناو وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و سەقامگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا خەبات دەکا. حیزبی ئێمە حیزبێکی ئاشتیخوازە کە لە خەباتی خۆیدا هەمیشە پرەنسیپە ئینسانی و شارستانییەکانی لەبەرچاو گرتوە. هەربۆیەش ئەو حیزبە لە ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا کە جەنابت ساڵانێک سەرۆکی بووی، ئەندامە.

بەڕێز سکرتێری گشتی!

گەلی کورد لە ئێران هەمیشە خۆی لە بەرەی دژی تێرۆریزمدا پێناسە کردوە و بەردەوام قوربانیی دەستی تێرۆریزم بووە. ئێمە لەکاتێکدا یادی قوربانیانی جینایەتی ٨ی سێپتامبر دەکەینەوە کە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا قسە لە کۆنترۆڵکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕووی دەستپێڕاگەیشتن و بەکاربردنی چەکی کۆمەڵکوژ لەئارادایە. ئێمە پێمانوایە کە باشترین ڕێگا بۆ پابەند کردنی دەوڵەتێک بە خۆبواردن لە پەرەپێدان و بەکاربردنی چەکە کۆمەڵکوژەکان، کارکردن لەگەڵ ئەو پێکهاتە و لایەنانەیە کە لە بەرامبەر وەها دەوڵەتێکدا خەبات دەکەن.

لەو چوارچێوەیەدا جێی خۆیەتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و لە سەروویەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاوڕێک لە دۆخ و خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕات کە زۆر جار چەکی کۆمەڵکوژیان لەسەر تاقی کراوەتەوە، بدەنەوە. ئێمە دەتوانین بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر لە ناوچەدا و لەو پرسانەدا کە لە ئەولەویەتی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندان، ڕۆڵی بنیاتنەر بگێڕین.

بە ئارەزووی ئەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێوەندی لەگەڵ ئایندەی وڵات و گەلی ئێمەدا زیاتر بێتە سەر خەت، سڵاو و ڕێزی ئێمە قبووڵ بکەن.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

١٧ی خەرمانانی ١٣٩٩ (٧ی سێپتامبری ٢٠٢٠)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

----------------------------------------------------------

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی ڕێبەریی ڕۆحیی کوردانی ئیزەدی



بۆ کۆمەڵگەی ئیزەدییانی کوردستان!

کۆچی دوایی ڕێزدار بابەشێخ، ڕێبەری رۆحیی کوردانی ئێزدی لە هەل و مەرجی ئێستادا خەسارێکی گەورە بوو و پێی خەمبارین.

ڕێزدار شێخ خرتۆ حاجی ئیسماعیل، ناسراو بە بابەشێخ، ڕێبەری رۆحیی کوردانی ئێزدی، کەسایەتییەکی جێی ڕێز و ئێحترامی سەرجەم خەڵکی کوردستان و لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان بوو. لەم ساڵانەی دواییدا کە کوردانی ئیزەدی ڕووبەڕووی ژینوسایدی نەتەوەیی و مەزهەبی بوونەوە، نەمریان ڕۆڵێکی مەزنی لە بەرزڕاگرتنی ڕۆح و ڕەوانی کۆمەڵگەی کوردانی ئیزەدیدا گێڕا.

لە لایەن خۆم و سەرجەم هاوڕێیانم لە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە بۆنەی کۆچی دوایی ڕێزدا باباشێخ، ڕێبەری ڕۆحیی کوردانی ئیزەدی، سەرەخۆشی لە کۆمەڵگەی کوردانی ئیزەدی دەکەم.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

١١ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

## پەیامی پیرۆزبایی خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی هاتنی جێژنی خاوەنکار




باوەڕدارانی ئایینی یارسان کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا نیشتەجێن، پیرۆزبایی جێژنی خاوەنکارتان لێدەکەم و هیوادارام ساڵێکی دیکە لە ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیکدا لە تەنیشت گەلانی دیکەی ئێران بە ئازادانە ڕێورەسمی جێژنی خاوەنکار لە لایەن پێڕەوانی ئایینی یارسان بەڕێوەبچێ.

زیاتر لە چل ساڵە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بێجگە لە مەزهەبی ڕەسمی ئەو نیزامە، بە یاسا ئایین و ئایینزاکانی دیکە پەراوێز خراون و لە لایەن دەزگای ئەمنییەتیی ئەو نیزامەوە دەچەوسێندرێنەوە و ئیزنیان پێنادرێ ئازادانە ڕێورەسمە ئایینییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و ئایینی یارسانیش یەکێک لەو ئایینانەیە کە لە یەک کاتدا باوەڕدارانی دوو جار لە بواری ئایینی و نەتەوایەتییەوە دەچەوسێندرێنەوە.

پێکهێنانی حکوومەتێکی دێموکراتیک و فرەچەشن لەسەر بنەمای جیایی دین لە دەوڵەت، ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی ئاوا پێویستە هەموو پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ جیاوازیدانان لە ئایین و بیروبۆچوون هاوکار و پشتیوانی یەکتر بین بۆ بەگژداچوونەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. پیرۆزبایی دووبارەی جێژنی خاوەنکار لە باوەڕدارانی ئەو ئایینە دەکەم و دڵنیام بە یەکگرتوویی دەتوانین کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک کە لەودا مافەکانی مرۆڤ بێ جیاوازیدانان لە ئایین و بیروبۆچوون ڕێزیان لێدەگیرێ، پێک بێنین.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان


٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی بەرانبەر بە

٢٩ی ئوکتۆبێری ٢٠٢٠ی زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

-----------------------------------------------------------

## پەیامی سەرەخۆشیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی دوکتۆر نەجمەدین کەریم



بەڕێز زۆزان خانم و بنەماڵەی بەڕێزی دوکتۆر نەجمەدین کەریم،

هەواڵی کۆچی دوایی کاک دوکتور نەجمەدین کەریم زۆر ناڕەحەت و خەمباری کردم، بە تایبەت من کە یەکەم جار ڕێم کەوتە ئەمریکا کاک دوکتور یاریدەدەرێکی باش و بەئەمەگ بوو بۆ ناساندنی ئێمە و دروست کردنی پێوەندی و بەرچاوڕوونی لەگەڵ کاربەدستان و ناوەندە جۆراوجۆرەکان لە واشینگتۆن.

دوکتور نەجمەدین لە هاوکاری کردن و یارمەتیدان بە دۆزی ڕەوای کورد کۆتایی نەدەکرد و زۆر بە خەمخۆرییەوە پێوەی ماندوو بوو و لەو بوارەدا خزمەتی زۆری کرد و جێ پەنجەی دیارە. بێگومان کاری زۆرتریشی بۆ دەکرا، بەڵام بە داخەوە مەرگ مەودای نەدا و دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.

بەم بۆنەوە هاوخەمی و سەرەخۆشی خۆمان بە ئێوە و بنەماڵەی بەڕێزتان ڕادەگەیەنین، روحی کاک دوکتور نەجمەدین شاد و ئێوەش ساغ و سڵامەت بن.

خالید عەزیزی


سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٣١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠ی زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

---------------------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: جەلال مەلەکشا لە دڵی خەڵکەکەیدا و لە باوەڕی نەواندا زیندووە



پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی مەرگی جەلال مەلەکشا، شاعیر، نووسەر و چیرۆکنووسی کورد

بنەماڵەی بەڕێزی شاعیری کۆچکردوو، جەلال مەلەکشا!
کۆمەڵگەی ئەدەبی و فەرهەنگی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

هەواڵی کۆچی دوایی کاک جەلال مەلەکشا، ئەویش لە وەرزی خەزانی کۆرۆنادا کە ڕۆژ نییە گوڵی تەمەنی ئازیزێکمان لێ نەژاکێنێ، هەموومانی ماتەمبار کرد. جەلال مەلەکشا قەڵەمێکی بوێر، نووسەرێکی دەروەست و کەسایەتییەکی شوێندانەر

لەسەر بیری نەتەوەیی و نیشتمانڕۆستی بوو.

کاک جەلال مەلەکشا بە هەڵوێستی جوامێرانەی و بە شێعر و ئەدەبی بەرگری خاوەندارەتی لە وێژە و بیری کوردایەتی کرد، سەربەستیی کورد و ڕزگاریی نەتەوەیی بۆ ئەو تەنیا خەونێکی شاعیرانە نەبوو، بەڵکوو باوەڕێکی مرۆیی بوو کە ئەگەرچی لە پێناو وەدیهێنانیدا زۆری چاشت؛ بەڵام ئەوی لە دڵی خەڵکەکەیدا هەرمان و هەمیشەیی کرد.

بێگومان کەسایەتییەکی وەک جەلال مەلەکشا کە لە هەر بارودۆخ و هەلومەرجێکدا لەگەڵ خەڵکەکەی مایەوە و پەیڤەکانی چەک و، قەڵەم و شێعرەکانی سەنگەری بەرگری لە خاک و نیشتمان و بەها نەتەوەییەکان بوو؛ نەمرە. بۆیە مەلەکشا لە دڵی خەڵکەکەیدا و لە باوەڕی ئەواندا زیندووە.

مەرگی جەلال مەلەکشا بە خەسارێکی گەورە بۆ کۆمەڵگەی ئەدەبیی کوردی دەزانم و بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە ئەدەبییە شوێندانەرە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و ئازیزانی و هەموو خەڵکی کوردستان، بەتایبەت کۆمەڵگەی ئەدەبیی نیشتمانەکەمان دەکەم.

ڕوحی مەلەکشا شاد و سەنگەری خەبات و تێکۆشانی ئاوەدان.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خالید عەزیزی

١١ی خەزەڵوەری ١٣٩٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

------------------------------------------------------------

## پەیامی هاوخەمیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دەوڵەتی ئوتریش



بەڕێز سێباستییان کورز، سەدری ئەعزەمی ئوتریش!

ڕووداوی تێرۆریستی و کوژران و بریندابوونی هاووڵاتیانی ئوتریش زۆر خەمبار و ناڕەحەتی کردین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە خۆی قوربانیی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە و ڕێبەری ئێمە، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ١٣ی جولای ساڵی ١٩٨٩ی زایینی لە وییەنی پێتەختی وڵاتەکەی ئێوە و لە لایەن دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێرۆر کرا، دەزانێ دەرد و ئازاری تێرۆر چییە. بۆیە وێڕای هاودەردی لە گەڵ ئێوە و خەڵکی ئوتریش، هیواداریـن کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جیهانی دێموکراسی بەتایبەتی ئێوە تەسلیمی تێرۆریزم نەبێ.

جەنابی سەدری ئەعزەم!

هەروەک لە نامەیەکدا کە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمە بۆ سەدری ئەعزەمی ئەوکاتی دەوڵەتی ئوتریش، جەنابی "فرانتس فرانیتسکی"ی نارد، بۆ جارێکی دیکە و ڕاست لە کاتێکدا کە وڵاتی ئوتریش کەوتۆتە بەر هەڕەشەی تێرۆریزم، داواتان لێدەکەین شەخسەن بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تێرۆری (دوکتور قاسملوو) هەوڵ بدەن کە دەزگای قەزایی وڵاتەکەتان ئاکامی لێکۆڵینەوەی ئەو تێرۆرە ڕابگەیەنن و تاوانبارانی ئەو جینایەتە دژی ئینسانییە بە بیروڕای گشتیی جیهانی بناسێنن و لەوە زیاتر لایەنگرانی ئاشتی و ئازادی و عەداڵەت لە چاوەڕوانیدا ڕانەگرن.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

١٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٩

٣ی نۆڤامبێری ٢٠٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

------------------------------------------------------------

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ جۆ بایدەن، سەرۆککۆماری هەڵبژێردراوی ئەمریکا



بەڕێز جەنابی جۆزێف بایدن،

سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا!

بەبۆنەی هەڵبژێرانت بۆ پۆستی سەرۆککۆماریی ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئەمریکا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزباییت لێدەکەم و هیوای سەرکەوتنت بۆ بەئاوات دەخوازم.

بەڕیزت لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا پێداگریت لەسەر بەها و بنەماکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و یەکسانی و نەبوونی

هەڵاواردن لە ئەمریکا کردووە کە دەمێکە لەو وڵاتەدا جێ کەوتووە و قانوونمەند بووە. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا، لە جیاتی ماف و ئازادی و دێموکراسی، ئێعدام و ئەشکەنجە و کوشتن و تۆقاندنە حکوومەت دەکا و، جیاوازیدانان و هەڵاواردن بە پێی ئایین و میللییەت و باوەڕە کە نەهادینە بووە؛ بە تایبەت ئەو هەڵاواردن و ئاپارتایدە لەسەر کوردی ئێران لەو پەڕی خۆیدایە.

بەڕێزت هەروەها لە قسەکانتدا پێداگریت لەسەر بەهێز کردنەوەی پێوەندیی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانتان کردەوە، هاوکات بەڕێزتان باش دەزانن کە کورد بە گشتی لە ڕیزی پێشەوەی شەڕی دژی تێرۆریزمدایە، و حیزبی ئێمەش ڕێبەرانی بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێرۆر کراون (د. قاسملوو لە ڤییەن ١٩٨٩)، (د. شەرەفکەندی لە برلین ١٩٩٢)، (هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بارەگای ڕێبەریی حیزب ٢٠١٨).

بەڕێز جەنابی بایدن!

مامەڵە لەگەڵ ئێران لەسەر پرسی مافی مرۆڤ، دۆسیەی ناوکی و مووشەکی و، بەرجام بێگومان بابەتێکی سەرەکیی دەستووری کاری ئێوە دەبێ. نەتەوەی کورد لە ئێران و حیزبی ئێمە ئێستاش بە جۆرەها چەکی سووک و قورسی کۆماری ئیسلامی سەرکوت دەکرێ و قوربانیی تێرۆریزمی ئەم ڕێژیمەیە. بە باوەڕی ئێمە هەتا نیزامی کۆماری ئیسلامی و خامنەیی لە ئێران لەسەر کار بن، دۆسیەی ناوکی وەک کارتی گوشار بە کار دێنن و دەست لە تێرۆر و ناسەقامگیریی ناوچەش هەڵناگرن و خەڵکی ئێرانیش چارەنووسیان لەوە باشتر نابێ.

بۆیە هیوادارین ئێوەی بەڕێز کێشەی ئێران تەنیا لە ڕێککەوتنێکدا بە ناوی بەرجام پێناسە نەکەن و پشتیوانی مافە مرۆیی، مەدەنی و دێموکراتیکەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردی ئێران بە تایبەتی بن.

لەگەڵ ڕێزدا

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٩ی نوامبری ٢٠٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## خالید عەزیزی: بەڵێ بۆ چێکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردن و توندوتیژییەک



**پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان:**

بزووتنەوەی مافخوازیی ژنان لە ئێران و ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی درێژی هەیە و بە زۆر قۆناغ و وێستگەدا تێپەڕیوە، بەڵام سەرباری زۆر دەسکەوت و هاوکات نسکۆ، ئێستاش ژنان لە ئێران قوربانیی ڕیزی پێشەوەی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤن، و لەو نێوەدا توندوتیژی، چ حکوومەتی و سیستماتیک، یان توندوتیژی لە کۆمەڵگە و کەشی خێزانیدا، پانتاییەکی بەرفراوان لە ژیانی ژنانی داگیر کردووە.

٤٢ ساڵ لەوە پێش و لەو مانگ و ڕۆژانەدا کە خەبات و خۆپیشاندانەکان بەدژی دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا گوڕوتینێکی زۆری گرتبوو، ژنان نەک هەر شانبەشانی پیاوان، بەڵکوو لە هەندێک بواردا لە ڕیزەکانی پێشەوەی نارەزایەتییەکاندا بوون. ژنان لەپێناو بنیاتنانی حکوومەتێکی نوێدا کە کە مافە مرۆییەکانیان بەڕەسمی بناسێ، سێبەری نگریسی هەڵاواردن و وەلانانیان لەسەر لابەرێ و لە کۆمەڵگەیەکی یەکساندا بەشداری کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بن؛ بەشداریی هەراویان لە شۆڕشدا کرد. بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی یەکەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ بوون کە کەوتنە بەر تیغی سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردنی ڕێژیمی نوێ.

ژنان لە ئێران بەپێی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی سیستماتیک مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان پێشێل دەکرێ. پەروەردەی ئایدۆلۆژیکی ڕێژیم بە مەبەستی هەڵاواردنی ژنان و پەستاوتنیان لە سووچی ماڵ بۆ ئامانجی ڕێگری لە

بەشدارییان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئەگەرچی تەنگی بە ژنان هەڵچنیوە، بەڵام کۆڵی پێ نەداون و؛ دوای چوار دەیە هەمدیسان دەبینین ژنان لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتییەکان لەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیین.

بەدەر لە هەڵاواردن و توندوتیژیی سیستماتیکی حکوومەتی لە دژی ژنان، ژنان ئێستاش بەهۆی نۆرمەکانی کۆمەڵگەی نەریتی ئازار دەچێژن. نەهیشتنی ئەم دۆخەش پەروەردە و هەڵمەتێکی گشتی و بەردەوامی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی گەرەکە و، قورسایی ئەو ئەرکەش پتر دەکەوێتە سەر کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان، توێژی ڕووناکبیر و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە باوەڕی بە یەکسانیی مافی ژنان و پیاوان هەیە، وەک لە بەرنامەکەیدا هاتووە: "بە لەبەرچاوگرتنی بەندەکانی پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردنێک بەدژی ژنان، دابینکردنی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لەنێو خێزان و لە کۆمەڵدا و، لە مەیدانی کار و دەسەڵات و بەگشتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووریدا، بە ئەرکێکی گرینگی خۆی دادەنێ و بەرنامەی چروپڕ لەو پێوەندییەدا دادەڕێژێ و بەڕێوەی دەبا.

لە کۆتاییدا وێڕای هاندانی کچان و ژنانی نیشتمانەکەم بۆ خەباتی مافخوازی و وێڕای پێداگری لەسەر پشتیوانیی حیزبەکەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو خەباتە بەرحەق و ڕەوایە؛ دەڵێم: بەڵێ بۆ چێکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردن و توندوتیژییەک.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خالید عەزیزی

٢٥ - ١١ - ٢٠٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

---------------------------------------------------------

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزب بەبۆنەی ساڵی نوێی زایینی



بەبۆنەی هاتنی کریسمەس و ساڵی نوێی زایینی پیرۆزبایی لە هەموو مەسیحییەکانی کوردستان و ئێران و هاونیشتمانییەکانم لە دەرەوەی وڵات دەکەم.

مەسیحییەکانی کوردستان و ئێران لە کاتێکدا کریسمەس و ساڵی نوێی زایینی جێژن دەگرن کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەهۆی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە بارودۆخێکی هەرە سەخت و تاقەتپڕووکێندا دەژین. ئابووریی داڕماوی وڵات و لەو سۆنگەیەوە بێکاری و گرانی و هەر وەها پەتای کۆرۆناش ژیانی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێران تاڵ کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرکوتی بێبەزییانەی دەزگای داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی و بارودۆخی کۆرۆنا بە شێوەی کاتییش بووبێ، پێشی بە بەردەوامیی نارەزایەتییەکان گرتووە، بەڵام خەڵکی ئێران سەلماندوویانە کە نەتەوەگەلێکی مافخوازن و بەدڵنیاییەوە لە خەبات و تێکۆشانیان، بۆ دەستەبەری ماف و ئازادییەکانیان بەردەوام دەبن.

هیوادارم کە ساڵی نوێی زایینی بۆ جیهان بەگشتی و بۆ نەتەوەی کورد و ناوچەکەمان بەتایبەتی ساڵێکی ئارام و پڕدەسکەوت بێ و، ئاشتی، ئازادی و دادپەروەری زیاتر بەرەو پێش هەنگاو بنێ. هەروەها هیوادارم کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەپێناو سەقامگیریی ئازادی و دێموکراسیدا زۆرتر سەرنج بە مافە ئینسانی و دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێران بدا.

بێگومان خەڵکی ئێران لە ساڵی نوێدا بە هەموو جۆراوجۆرییە ئایینی و نەتەوەییەکان لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بۆ دەستەبەری مافەکانیان بەردەوام دەبن و ئەمن هیوادارم کە لایەنە سیاسییەکانیش بە یەکیەتیی و یەکریزیی خۆیان پاڵپشت و هاندەرێکی باش دەبن بۆ جووڵانەوەی دێموکراتیک و مافخوازانەی خەڵکی ئێران.

بە هیوای ساڵێکی خۆش بۆ هەموو لایەک.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٥ی دێسامبری ٢٠٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

----------------------------------------------------------

## سمینارو کۆبوونەی سیاسی

٢٠٢٠

### بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە ئەندامانی حیزب



دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ی هەتاوی، کۆمیتەی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی سیاسی - تەشکیلاتیی بۆ بەشێکی بەرچاو لە ژنانی ئەندامی حیزب پێک هێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتیی حیزب، کاک "خالید عەزیزی"، چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی

حیزب و کومیسیۆنی تەشکیلات و دەیان کەس لە ژنانی تێکۆشەری دێموکرات بەڕێوەچوو، سەرەتا خاتوو "عیسمەت نستانی"، کادری کۆمیسیۆنی تەشکیلات وێڕای بەخێرهاتن، سەبارەت بە سازماندەهی نوێی بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب و ئەرکەکانی ئەم بەشە لە پێکهاتەی حیزب چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب قسەی بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە کرد.

بەڕێزیان وێڕای کورتە باسێک لەسەر ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ١٧ی حیزب تایبەت بە کار و چالاکی و ئەرکی تەشکیلاتی حیزب، لەسەر ڕۆڵی ژنان لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان قسەی کرد. کاک خالید وێڕای بەرز نرخاندنی ڕۆڵی ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و بە گشتی بزووتنەوەی کورددا، باسی لە قۆناغی داهاتووی حیزبی دێموکرات کرد و لەم پێوەندییەدا جەختی لەسەر گرینگی پێدانی هەرچی زیاتری ژنان لە کاروباری سیاسی و تەشکیلاتی کردەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوایین کۆنگرەی خۆیدا هەوڵی داوە لەم پێناوەدا بە کردەوە هەنگاوی جیددیتر بنێت.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کە تایبەت بوو بە باسێکی تەشکیلاتی و چۆنییەتی کاراترکردنەوەی کۆمیتەکانی حیزب لە باشووری کوردستان و کۆمیتەی ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزب، "ئامانج زیبایی"، ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب لەم پێوەندیەدا قسەی کرد. بەڕێزیان وێڕای ڕێزگرتن لە کار و تێکۆشانی بەرپرسانی پێشووی ئەم بەشە لە تەشکیلاتی حیزب، لەسەر کار و بەرنامەکانی داهاتووی کۆمیسیۆنی تەشکیلات و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆمیسیۆنە بە مەبەستی کاراکردنەوەی زیاتری کۆمیتەکان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

لەدوایین بەشی کۆبوونەوەکەدا بەڕێزان خالید عەزیزی و ئامانج زیبایی وڵامی بۆچوون و پێشنیار و ڕخنەی بەشدارانیان دایەوە.

٣٠ی جانێوێری ٢٠٢٠

--------------------------------------------------------------

## سمیناری سیاسی - تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ ئەندامان لە وڵاتی نۆرویژ



ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی مای ٢٠٢٠ی زایینی، بەشی ئاموزش و ڕاگەیاندنی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ، سمینارێکی سیاسی - تەشکیلاتییان لە ڕێگای ئەنتەرنێت و بە شێوەی ئۆنلاین بۆ بەڕێز کاک "خالید عەزیزی"، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێک هێنا. ئەو سمینارە کە زۆربەی ئەندامانی حیزب لە وڵاتی نۆرویژ تێیدا بەشدار بوون، بە سرودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد. سەرەتا هاوڕێ "هاشم ڕۆستەمی"، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە نۆرویژ، باسێکی کورتی سەبارەت بە پێکهێنانی ئەو سمینارە و بەشداری بەرچاوی ئەندامان بە شێوەی ئۆنلاین، پێشکەش کرد.

دواتر هاوڕێی کاک "خالید عەزیزی" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی بەپێزی لە دوو تەوەری "ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای کۆرۆنا" و "کار و ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بازنەیەدا" پێشکەش کرد.

بەڕێزیان سەبارەت بە دۆخی ئێستای جیهان و ئێران بە دوای پەتای کۆرۆنا و شوێنەوارەکانی لەسەر پێوەندیی وڵاتان باس کرد کە لەو بارەوەدا هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتی وڵاتانی دێموکراتیکی لەگەڵ خەڵکەکەیان و کۆماری ئیسلامیش لەم بوارەدا کرد و گوتی: "لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، دنیای دەرەوەش لە سەرەتاوە کەمکاری هەبووە، بەڵام لە وڵاتە دێموکراتیکەکانی جیهان، شەفافییەت و ڕاستگۆیی دەگەڵ خەڵک و وڵاتی خۆیان هەبووە و توانیان قەرەبووی کەمکارییەکانیان بکەنەوە و تا ڕاددەیەک قەزییەی کۆرۆنا کەمڕەنگ بکەنەوە، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا بەداخەوە پێچەوانە بوو و بەرپرسانی ڕێژیم دەگەڵ خەڵک درۆیان کرد و تا ڕاددەیەکی زۆر نامەسئولانە جوڵانەوە."

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا کاک "خالید عەزیزی" باسی لە وەزعییەتی ئێران و قەیرانەکانی پێش کۆرۆنای کرد و گوتی:

"کۆماری ئیسلامی پێش کۆرۆنا ، خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی، کوژرانی قاسم سلێمانی، خستنەخوارەوەی فڕۆکەی نەفەرهەڵگری ئۆکراینی بە دەستی سوپای پاسداران و بەشداری کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنی مەجلیس لەو دەورەیەدا، کە هەمووی فاکتۆری گرینگ بوون و ڕێژیمی دەگەڵ قەیرانگەلی نێوخۆیی بەرەوڕوو کردبوون کە لەو کاتەدا، بە بڕوای من کۆرۆنا بە هانای کۆماری ئیسلامییەوە هات و بێگومان سەرانی ڕێژیم توانیان لە قەزییەی کۆرۆنا بە قازانجی خۆیان کەڵک وەرگرن و ئەو قەیرانە ناوخۆییانەی تا ڕاددەیەک کەمڕەنگ کردەوە."

سەبارەت بە هەڵوێستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قەیرانی کۆرۆنادا، کاک "خالید" ئاماژەی بەوەدا کە: "ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەک بەپێی پێویست بە هانای خەڵکەوە نەهات، بەڵکو لەگەڵ خەڵکیش ڕاستگۆیانە نەجولایەوە. ئەوە خەڵک و چالاکانی مەدەنی بوون کە بۆخۆیان تا ڕاددەیەک بەڕێوەبەریی و خۆسازماندانیان کرد و شانیان وەبەر ئەرکی پارێزگاری لە شار و دێهات و ناوچەکانی کوردستان دا و هەرەوەزێکی خۆماڵییان وەرێ خست کە ئەوە هەستی بەرزی و رووحی نەتەوەییە بوو هەم توانی دڵگەرمی بە خەڵکەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بداو هەم شعوری بەرزی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جوانتر دەرخست."

سەبارەت بە هەڵوێستی حیزب ، کاک "خالید عەزیزی" گوتیشی: "ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو بوارەکانی میدیایی و چالاکییەکانی خۆمان ئەولەوییەتمان بە سەلامەتی و پاراستنی خەڵکەکەمان داوە و تا ئەو جێیەی بۆمان کراوە ڕێنمایی پێویستمان بۆ خەڵکەکەمان خستووەتە ڕوو."

سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسێکی لەسەر سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتی کرد و گوتی: "لە داهاتوویەکی نیزیکدا و بە تایبەتی دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئەمریکا، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئاڵوگۆڕێکی جیددی سەبارەت بە ئێران بێتە گۆڕێ کە دەبێ ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرنامە و پلانی خۆمان هەبێ و هەوڵ بدەین بە یەکریزیی نێوماڵی خۆمان و هەروەها هاوکاری دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە سەرانسەرییە ئێرانییەکان، سەنگ و قورسایی کوردستان دەرخەین.

سەبارەت بە بەشەکانی دیکەی کوردستان، کاک "خالید" جارێکی دیکە جەختی لەسەر سیاسەتی دروست و ئوسوولیی حیزب کردەوە گوتی: "وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای پشتیوانی لە ماف و دەسکەوتەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەوڵمان داوە خۆ لە کاروباری ئەوان وەرنەدەین و هیواداریین حیزب و لایەنەکانی دیکەی بەشەکانی کوردستانیش بەو رووحییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن."

لە کۆتایی باسەکەیدا کاک "خالید عەزیزی" باسێکی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی حیزب و بە تایبەتی دنیای مەجازیدا کرد و تیشکی خستە سەر ڕێنماییە تەشکیلاتییەکانی حیزب لەو پەیوەندییەدا.

لە بەشی دوووهەمی سمینارەکەدا، دەرفەت درا بە ئەندامانی بەشدار کە پرسیار، ڕەخنە و تێبینییەکانی خۆیان دەگەڵ سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات کوردستان، بێننە بەر باس.

لەو بەشەشدا، بەڕێز "عەزیزی" بە سینگێکی فراوانەوە وەڵامی پرسیار و ڕەخنەکانی ئەندامانی حیزبی لە نۆرویژ دایەوە. پێویست بە ئاماژەیە کە لەو سمینارەدا هەریەک لە بەڕێزان: ئیسمایل شەرەفی، ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە کوردستان، حەمەرەسوڵ کەریمی، ئەنامدی ڕێبەری و بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات، مادیح ئەحمەدی، ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکان لە دەرەوەی وڵات و کوێستان بابایی، ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات لە دەرەوەی وڵات، بەشداری ئەو سمینارە بوون.

سمینار دوایی ٤ کاتژمێر بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێ هات.

١١ی مای ٢٠٢٠

------------------------------------------------------------

## پێکهێنانی سمینارێکی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان



ڕۆژی شەممە، ٢٣ی مای ٢٠٢٠ی زایینی، بەشی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی ئاڵمان، سیمینارێکی سیاسی - تەشکیلاتی بە بەشداری، کاک "سمایل شەرەفی" بەرپرسی تەشکیلاتی گشتی، و کاک "حەمە ڕەسووڵ کەریمی"بەرپرسی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات و کاک "خالد حەسەن پوور" بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ حیزبە ئێرانییەکان، و ئەندامانی حیزب لە ڕێگەی ئەنتەرنێت و بەشێوەی ئۆنلاین لە وڵاتی ئاڵمان، پێک هێنا.

سەرەتای کۆبوونەوەکە، لە لایەن کاک "سوڵتان گوڵاوی"، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئاڵمان، بەخێرهاتنی هاوڕێیانی بەشداربوو لەم سیمینارەدا کرا و داوا لە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک "خالید عەزیزی" کرا کە باسەکەی پێشکەش بکا.

لە سەرەتای قسەکانی دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەبارەت بە یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، ڕوو بە ئەندامان ڕایگەیاند کە هیچ چەشنە کەندوکۆسپێک و ناکۆکییەک ناتوانێ ڕەوتی یەکگرتنەوەی ئەو دوو حیزبە پەک بخات و ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕێی هەیئەتێک کە هەڵبژێردراوی دەفتەری سیاسییە، بەدواداچوون بۆ پرسی یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات دەکەین.

لە درێژەی قسەکانی دا، کاک خالد عەزیزی، باسی لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کودستانی ئێران کرد و دامەزراندنی ئەو ناوەندەی وەک، هەڵقوڵاوی بیری نەتەوەیی چوار حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نوقتە گۆڕانێکی باش، نێو هێنا.

هەر لەو پێوەندییەدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕوو بە ئەندامان ڕایگەیاند، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەوڵ دەدەین کە لایەنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێنینە نێو ئەو ناوەندە و ئەندامانی حدک پێویستە هاندەر و پاڵپشتی لێدوانەکان و ڕاگەیاندراوەکانی ئەو ناوەندە بن.

لە بەشێکی تری قسەکانیدا، کاک خالید عەزیزی باسی لە نێوبژیوانی ڕێکخراوێکی نۆروێژ لە پێوەندی لەگەڵ دانیشتنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد و ڕایگەیاند کە، ئەو دانیشتنە تاکوو ئێستا نەگەیشتۆتە ئاستی وتووێژ و وەک ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، داواکارییەکانمان داوە بەو ڕێکخراوە نۆروێژیە.

لە بەشی کۆتایی قسەکانی، کاک خالید عەزیزی، باسی لە چالاکییە مەدەنی، فەرهەنگی و ژینگەپارێزییەکان لە نێوخۆ کرد و ئەو جموجۆڵانەی وەک ڕەسەنایەتی ڕۆژهەڵاتییەکان باس کرد و چالاکییەکانی ئەو ناوەندە مەدەنییانەشی ئاستی بەرزی تێگەیشتنی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و ئابووری نێو برد.

هەر لەم پێوەندییەدا، کاک خالید عەزیزی ڕایگەیاند کە ئەوە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئاسانە کە بە مووشەک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدا، بەڵام ناتوانێ دەنگی چالاکانی مەدەنی، سیاسی، ژینگەیی و ئابووری ڕۆژهەڵاتەکەمان کپ بکات و ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەبێ هەوڵ بدەین هەموو لێدوانەکانمان و تێڕوانینەکانمان، بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات بێ.

لە بەشێکی تری ئەم سیمینارە، کاک "سمایل شەڕەفی"، بەرپرسی تەشکیلاتی گشتی و کاک "حەمە ڕەسووڵ کەریمی"، بەرپرسی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات و کاک "خالید حەسەن پوور"، نوێنەری کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی بەشی پێوەندی حیزبە ئێرانییەکان، قسەیان بۆ ئەندامان کرد.

بەشی کۆتایی سیمینارەکە، پرسیاری ئەندامان بوو کە لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاک سمایل شەڕەفی، بەرپرسی تەشکیلاتی گشتی و کاک خالید حەسەنپوور نوێنەری کۆمیتەی دەرەوەی وڵات وڵامیان درایەوە.

٢٤ی مای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## پێکهێنانی سمینارێکی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەر دوو وڵاتی دانمارک و فینلاند



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی مای ٢٠٢٠ی زایینی، بەرابەر لەگەڵ ٤ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی، کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەر دوو وڵاتی فینلاند و دانمارک، لە ڕێگای ئەنتەرنێت و بە شێوەی ئۆنلاین و هەروەها بە بەشداری ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ئەو دوو وڵاتە، کۆبوونەوەیەکی سیاسی - تەشکیلاتیان بۆ بەڕێز "خالید عەزیزی"، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

کۆبوونەوەکە بەسروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستپێکرد، پاشان لە لایەن بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە "وریا مەلاک" بەخێرهاتنی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب کرا.

لە بڕگەی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا کاک "حەمەڕەسووڵ کەریمی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی گشتیی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات، چەند وتەیەکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد و ئامانج و مەبەستی کۆبوونەوەی ئۆنلاینی بۆ ئەندامان باس کرد و هاوکات باسێکی لە سەر چۆنیەتی هاوکاری لە نێوان تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات و کوردستان و ڕێبەری و ئۆرگانەکانی حیزبی کرد.

پاشان کاک "قادر مەکلاوەیی" بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی فینلاند بە نوێنەرایەتی ئەندامانی حیزب لە هەردوو وڵاتی دانمارک و فینلاند باسێکی کورتی سەبارەت بە دۆخی جیهان بەهۆی پەتای کۆڤید ١٩ و کاریگەری و بەربەستەکانی لە سەر کارو تێکۆشانی کۆمیتەکانی حیزب پێشکەش کرد.



سەرچاوە
Serchawe

لە بڕگەی دووهەمی کۆبوونەوەکەدا، بەڕێز "خالید عەزیزی" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵێک باس و خواسی پێوەندیداری ئەمڕۆیی بە جیهان، ئێران و کوردستان بە تایبەتی کاریگەرییەکانی کۆڕۆنا بە سەر جیهاندا باس کرد. لە بەشێکی دیکە لە وتەکانی بەڕێزیاندا ئاماژە بە ئێرانی پێش کۆڕۆنا و ئێرانی دوای کۆڕۆنا کرا، کە لە ئێرانی پێش کۆڕۆنادا چەندین قەیران بەرۆکی ئەو ڕێژیمەی گرتبوو، هەر لە خۆپیشاندانەکان و کوشتنی قاسم سلێمانی، کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی ئۆکراینی تا هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و بەشداری کردنی ڕێژەیەکی کەم لە خەڵکی لەو بە ناو هەڵبژاردنەدا.

هەروەها هەوڵەکانی ڕێژیم بە کەڵک وەرگرتن لەو هەلەی دەورانی کۆڕۆنا کە بۆی ڕەخساوە بۆ خۆدەربازکردن و پەردەپۆش کردنی ئەم قەیرانە کە سەرەڕای داڕمانی ئابووری وڵاتەکەی دەیهەوێ تەمەنی دەسەڵاتدارییەکەی خۆی درێژ بکاتەوە.

بەشێکی تری باسەکەی سکرتێری حیزب، پێوەندیدار بوو بەو ڕێکارانەی کە حیزبی دێموکرات گرتویە بەر بۆ دەربازبوونی خەڵک و یارمەتی دانیان لەم قۆناغە هەستیارەدا کە بەهۆی پەتای کۆڕۆنا تووشی ببوون و دەوڵەت خۆی لێ بێبەری کردبوون. هەروەها بە ڕێزو پێزانینەوە باسی لە یارمەتی و پشتیوانی کردنی ڕێکخراوە مەدەنی و خێرخوازییەکانی لەو دۆخەدا کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەبارەت بە یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکراتی ڕوو بە ئەندامان ڕایگەیاند کە هیچ چەشنە کەندوکۆسپێک و ناکۆکییەک ناتوانێ ڕەوتی یەکگرتنەوەی ئەو دوو حیزبە یەک بخات و ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕێی هەیئەتێک کە هەڵبژێردراوی دەفتەری سیاسییە، بەدواداچوون بۆ پرسی یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات دەکەین.

ئێمەو ئێرانییەکان، بەشێکی تری وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزب بوون، بەڕێزیان ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمە حیزبێکی کوردستانین و ڕووی چالاکییەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هەروەها لە نێو ئێرانییەکان وەک هێزێکی کوردستانی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکەین، هەورووەها کێشەی ئێمە کێشە لەگەڵ تورک و فارس و نەتەوەکانی تری ئێران نییە، بەڵکوو کێشەمان لە گەڵ ئەو بەڕێوەبەری و دەسەڵاتەیە لە تاران کە حازر نین دان بە مافی گەلەکەمان دابنێن .

لە پێوەندی لە گەڵ ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێرای ئاماژە بە بوونی پێوەندی باش لە گەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڕێزیان ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە یەکڕیزی ئەو ناوەندە ڕابگرین و کار بکەین بۆ



سەرچاوە
Serchawe

هەرچی بەرفراوانتر کردنی ئەم ناوەندە.

هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا، سەبارەت بە پارچەکانی تری کوردستان سکرتێری حیزب ئاماژەی بەوە کرد سیاسەتیی گشتی ئێمە دەخالەت نەکردنە لە کاروباری بەشەکانی تری کوردستان، هەروەها بە پێچەوانەشەوە دەخالەت نەکردنی ئەوام لە کاروباری ئێمە.

بەشی کۆتای باسەکەی بەرێزیان تیشک خستنە سەر میکانیزمی کاری ئۆرگانەکانی حیزب بوو، کە لە دوای کۆنگرەی ١٧ بەشێوەی ئۆرگانیزەتر و بە پێی ئاییننامە و ئەساسنامە دەبێ کاری پێ بکرێ.

لە بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکەدا، دەرفەت درا بە ئەندامانی بەشدار کە پرسیار، ڕەخنە و تێبینییەکانی خۆیان لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێننە بەر باس. پاشان بەڕێز کاک خالید بە وردی وڵامی پرسیار و ڕەخنەکانی ئەندامانی حیزبی دایەوە.

جێی ئاماژەیە هەریەک لە بەڕێزان کاک "حەمەڕەسووڵ کەریمی" بەرپرسی گشتیی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک "سمایل شەڕەفی" بەرپرسی گشتیی تەشکیلاتی حیزب لە کوردستان، "شەهین زاد ئەحمەد" بەرپرسی یەکیەتی ژنان، بەشداری ئەم کۆبوونەوە سیاسی - تەشکیلاتییەی کۆمیتەکانی حیزب لە هەر دوو وڵاتی دانمارک وفینلاند بوون.

٢٥ی مای ٢٠٢٠

------------------------------------------------------------

## بەڕێوەچوونی سمینارێکی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتانی ئامریکا، کانادا ئوسترالیا




ڕۆژی یەکشەممە، ١١ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتانی ئەمریکا، کانادا و ئوسترالیا، لە ڕێگای ئینتەرنێت و بە شێوەی ئانلاین بە بەشداری کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵات و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب، کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتییان بۆ بەڕێز "خالید عەزیزی"، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنا.

سەرەتای کۆبوونەوەکە لە لایەن بەڕێز "سەلاح پورئەسەد"، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئوسترالیا بەخێرهاتنی بەڕێز "خالید عەزیزی" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا و ڕیزبەندی بەرنامەکەی پێشکەش کرد، پاشان کاک "خالیدی عەزیزی" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتارەکەی دەست پێکرد.

بەڕێزیان لە دەسپێکی وتارەکەیدا باسی لە دۆخی نالەباری کۆماری ئیسلامی و ئەو قەیرانانە کرد کە لە ئەنجامی پەتای کۆرۆنا و گەمارۆی ئابووری هاتۆتە ئاراوە کە ڕەنگە بە زوویی بەرۆکی کۆماری ئیسلامی بەر نەدەن. هەر بۆیەشە پێویستە حیزبی دێموکرات لە هەموو کات زیاتر ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پێشهاتەکاندا هەبێ و بە خەباتێکی هەمەجۆر کە خەڵک خۆی تێدا ببینێتەوە ئەو مەیدانە بەرینتر بکرێ.

سەبارەت بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب گوتی هیوادارم ڕێبەری هەردوو لای دێموکرات لەژێر ڕووناکایی خەسارناسییەکی خۆماڵی و بەرچاوڕوونیەکی بەرپرسانە و جیددی، بۆ داهاتووی دێموکراتێکی

یەکگرتوو دروست بکەین، کە هی هەموومان بێت و هیچ لامان تێیدا زەرەرمەند نەبین و وڵامدەری خەبات و تێکۆشان و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت. ئێمە دەبێ بەو پێناسەیە گرینگی زەروورەتی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەستنیشان بکەین. ئەو پرۆسەیەش بە هەست بە بەرپرسایەتی ڕێبەری و بەشداریی سەرجەم ئەندامانی هەردوو لایەنی دێموکرات بە ئەنجام دەگا. ئێمە لە ڕابردوودا نە تەنیا کۆتاییمان نە کردوە، بەڵکوو زۆریش جیدی بووین لەمەو بەدواش کۆتایی ناکەین. هیوادارم لایەکەی دیکەی دێموکراتیش هەر بەو جیدییەتە کار بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە بکەن. دواتر بەڕێز عەزیزی باسی لە پێوەندی زیاتر لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان بۆ ناساندنی خەباتی گەلی کورد کرد و هەروەها لە درێژەی باسەکەدا باسی لە چۆنییەتی کەڵک وەرگرتن لە سوشیال میدیا کرد.
لە کۆتایی باسەکەیدا بەڕێزیان باسی لە گرینگی هاوکاری و هاوخەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبە ئێرانییەکان بۆ بەربەرەکانی هەمەلایانە لە دژی کۆماری ئیسلامی کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا کاک "سمایل شەرەفی"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی گشتیی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب، باسێکی لەسەر خەباتی مەدەنی و بەرهەمەکانی ئەو خەباتە لە چەند ساڵی ڕابردوودا و ڕۆڵ و پێگەی حیزب و گرینگی ئەو خەباتە جەماوەرییە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێشکەش کرد، کە یەکێک لە نموونەکانی ئەو خەباتە جەماوەرییە یارمەتیدانی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بوو لە کارەساتی بوومەلەرزەی کرماشان و ناوچەکانی دەوروبەری کە لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکی دڵسۆزی کوردستان بە هانای خوشک و برا لێقەوماوەکانیانەوە چوون و بە هەموو تواناوە یارمەتییان پێ گەیاندن.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا کاک "حەمەڕەسوڵ کەریمی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی تەشکیلات لە دەرەوەی وڵات باسێکی تەشکیلاتی پێشکەش کرد و بە گرینگییەوە باسی لە ئەرکی ئەندامانی حیزب لە پاراستنی یەکگرتوویی تەشکیلات و سیاسەتەکانی حیزب کرد.

دواتر کاک "مادیح ئەحمەدی" ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات لەو سمینارەدا وێڕای وڵامدانەوەی ئەو پرسیار و سەرنجانەی ئاڕاستەی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات کرا، باسێکی لەسەر گرینگیی پاراستن و ڕێز گرتن لە دۆستایەتی و پێوەندی لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد و هەروەها بە گرینگییەوە باسی لە هەوڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنی دێموکرات کرد.

لە بەشی کۆتایی سمینارەکەدا دەرفەت درا بە ئەندامانی بەشداربووی حیزب کە پرسیار، ڕەخنە و داواکارییەکانی خۆیان

سەبارت بە ڕووداو و سیاسەتەکانی حیزب و هەوڵی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێننە بەر باس و لە لایەن بەڕێزیانەوە وڵامیان درایەوە.

٣١ی مای ٢٠٢٠

----------------------------------------------------------

**پێکهێنانی سمینارێکی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتانی سویس، ئوتریش، هۆڵەند و بێلژیک**



ڕۆژی شەممە، ١٠ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی، کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتانی سویس، ئوتریش، هۆڵەند و بێلژیک لە ڕێگای ئینتەرنێت و بە شێوەی ئانلاین بە بەشداری ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ئەو چوار وڵاتە کۆبوونەوەیەکی سیاسی - تەشکیلاتیان بۆ بەڕێز "خالید عەزیزی" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنا. کۆبوونەوەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، پاشان لە لایەن بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە و بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس کاک "زاهیر قادرحاجی" سمینارەکە کرایەوە و لەلایەن "تەوار ئەبروزەنی" و "حەسەن لاوە" بەخێرهاتنی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب و بەشدارانی کۆبوونەوەکە کرا.

لە برگەی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا، بەرێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات و گرینگی یەکگرتنەوە بۆ ئەندامان دوا و ئاماژەی بەوەدا کە هەرلە سەرەتاوە ئێمە لایەنگری یەکگرتنەوە بووین و ئێستاش دوای ١٤ ساڵ هەر لە سەر ئەو بڕیارەین. بە شێوەیەکی وردبینانە هۆکارەکان و

کێشەکانی یەک نەگرتنەوەی بۆ بەشداربووان باس کرد. هەروەها ڕایگەیاند تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە و بە ئەزموونێک کە لە ڕابردوو هەمانە، چارەسەری کێشەی دوو حیزبی دێموکرات بە دەفتەری سیاسی و کۆمیتە مەرکەزی و ڕێبەری وەهەڵبژێردراوی کۆنگرەی هەردوو لایەنی دێموکرات دەکرێ. بەڕێزیان ئاوڕیان لە هەستی نیشتیمانی و نەتەوەپەروەری خەڵکی کوردستان دایەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرە گرتن دایە وەهەوڵی چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی بەرز نرخاند و لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی دا بەشێکی زۆری خەڵک بەشداریان لەم هەڵبژاردنەدا نەکرد و هاوڕابوون لەگەڵ ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە پێوەندی لەگەڵ کۆرۆناشدا کە کۆماری ئیسلامی بە سیاسی کردبوو و کەلێنێکی دروست کردبوو، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خەڵک ئەزموونێکی باشی لە سازماندان و خۆڕێکستن هەیە بە پێکهێنانی ئەنجومەن و ڕێکخراوی جۆراوجۆر بەرەو پیری قەیرانەکە چوون.

بەڕێزعەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ ئێرانیەکان کە چۆن هەڵسووکەوت بکەین، ئاماژەی بەوە دا کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی میللی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و شانازی دامەزرانی هێماکانی نەتەوایەتی کورد لە کۆماری کوردستاندا بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان براوە و بۆیە نەتەوەیی بوون و میللی بوونی ئێمە ڕوون و ئاشکرایە. لە سەر چالاکی سیاسی، بەڕێزیان جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە کە پانتایی کاری سیاسی ئێمە ئێرانە و وڵاتەکانی دیکە یا پارچەکانی دیکەی کوردستان نییە و بۆیە پێویستە پێوەندیەکانمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئێرانی بەهێزتر بکەین. ناوبراو دڵنیایی خۆی دەربڕی لەوەی کە بێ کورد کێشەی سیاسی لە داهاتووی ئێراندا چارەسەر ناکرێ.

بڕگەی دووەمی سمینارەکە تەرخان کرابوو بۆ پرسیار و ڕەخنە و پێشنیاری ئەندامانی بەشدار بوو کە لە لایەن کاک خالید عەزیزی بە وردی وڵامیان درایەوە. لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکە بەڕێز خاتوو "کوێستان گادانی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری دەرەوەی وڵات باسێکی لە پێوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی دەرەوە پێشکەش کرد و پشتگیری خۆیان لە ئەندامان و کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات ڕاگەیاند و ئامادەیی خۆیانی بۆ پەروەردە و دانانی دەورەی ئاموزشی بۆ ئەندامانی حیزب لە ڕیگای جۆراوجۆرە دەربڕی.

هەروەها بەرپرسانی پێوەندیدار بە کاروباری ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، بەڕێزان "حەمە ڕەسوڵ کەریمی" بەرپرسی تەشکیلاتی دەرەوەی ولات و "سمایل شەرەفی" بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات بەشداری سمینارەکە بوون.

١ی جوونی ٢٠٢٠

## بەڕێوەچوونی سمینارێکی سیاسی- تەشکیلاتی بۆ کۆمیتەکانی بریتانیا و فەرانسە بە بەشداری سکرتێری گشتی حیزب



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٤ - ٦ - ٢٠٢٠ی زایینی، کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتەکانی فەرانسە و بریتانیا، لە ڕێگای ئێنتەرنێت و بە شێوەی ئانلاین سمینارێکی سیاسی - تەشکیلاتیان بۆ بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزب لە وڵاتی بریتانیا و فەرانسە تێیدا بەشدار بوون، سەرەتای سمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان لە لایەن بەڕێوەبەرانی سمینارەکە هاوڕێیان کاک هەڵمەت بابۆلی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە فەرانسەو کاک ئیدیسۆن فەرامەرزی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا، بەخێرهاتنی بەڕێز کاک خالید عەزیزی و هەروەها هاوڕێیانی ڕێبەری کۆمیتەی دەرەوەی وڵات و ئەندامانی بەشداربوو کرا، ئەوجار لەلایەن کاک ئیدیسۆن فەرامەزیەوە ئامانج و مەبەستی کۆبوونەوەکە بۆ بەشداران ڕوونکرایەوە.

دواتر بەڕێز کاک خالید عەزیزی باسێکی بەپێزی لەسەر چەند بابەت و مەوزوعی ڕۆژ پێشکەش کرد. بەڕێزیان لە قسەکانیدا وێڕای بەخێرهاتن و دەستخۆشی گووتی: ئارەزووم ئەوە بوو ئەگەر پەتای کۆرۆنا نەبوایە لە نزیکەوە لەگەڵ ئێوە و لە کۆبوونەوەیەکی بەرینتر دا پێکەوە باس و خواستەکانی ڕۆژمان بخستایە بەر باس و لە نیزێکەوە لەگەڵتان بوومایە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە هەوڵ و ماندوو بوونی هاوڕێیانی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات توانیومانە لەم ئامرازانە

کەڵک وەرگرین و ئەم کۆبوونەوەیە پێک بێنین و خۆمان لەگەڵ وەزعی مەوجوود تەتبیق بدەین.

بەڕێزیان لەبەشێکی دیکە ووتەکانی دا بەگرینگی دان بە پەتای کۆرۆنا و بەرخوردی ناپەرپرسانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و گرینگی نەدانی بەگیانی خەلک و بەکارهێنانی ئەو فایرۆسە بۆ کیشە سیاسیەکانی ناوخۆ و دەرەوەی کۆماری ئیسلامی، داوای لە هەموو ئەندامانی حیزب و دڵسۆزانی نەتەوەی کورد کرد کە بە هەر شێوەیەک بۆیان دەلوێت یارمەتیدەرو پشتیوانی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ببن. هەروەها بەڕێزیان ئاماژەی بەوە کرد کە بەداخەوە هاتنی پەتای کۆرۆنا یارمەتیدەر بوو بۆ بەشێکی بەرچاو لە قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە چل ساڵی رابردووی رژیمی ئێراندا بێ وێنە بوون، بەتایبەت کوژرانی قاسم سولیمانی و خستەخوارەوەی فرۆکەی ئۆکراینی و هەروەها زیاد کردنی گەمارۆکانی ئەمریکا و خۆپێشاندانەکانی نێوخۆی ئێران و کوردستان بۆ ماوەیەکی کورت توانی لە ژێر پەتای کۆرۆنادا دایان پۆشێت.

لەپیوەندی لەگەل یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنی دێموکرات بەرێزیان ئیشارەی بەوە کرد کە هەموومان لەگەل یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتین و هەروەها نابێت یەکگرتنەوە ببێتە موزایدەی سیاسی و گووتی: لە بواری یەکگرتنەوەدا خۆمان بەقەرزدار نازانین، لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر چوینە پێش تەنانەت لە ناوی حیزب و پۆستی سکرتێری و ئارمیش دا. هەمووی ئەوانە نیشاندەری جیدی بوونی و گەورەی حیزبی دێموکرات کوردستانەو بەرژوەندی نەتەوەی لە سەرەوەی هەموو ویستەکانمان بووە.

لەبەشی کۆتای قسەکانی دا بەرێزیان گووتیان: ئیمە بە لەحازی سیاسی حیزبێکی ئێرانی و لەچوارچێوەی ئێراندا بەدوای کێشەو مافەکانی کورد لە رۆژهەلات دا دەرۆین. ئیمە جیا لە کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەل هیچ نەتەوەو حیزب و لایەن و ئایینێک کیشەمان نیەو خۆمان بەدۆستی هەمووان دەزانین و لەگەل زۆربەی هەرە زۆریان دانیشتن و دانوسان دەکەین بۆ رزگاری گەلەکەمان.

بەشێکی تری کۆبونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ پرسیار و رەخنەو پیشنیارەکانی ئەندامان و بەرپرسانی حیزب لە هەردوو ولاتی بریتانیا و فەرانسە، کە لەلایەن بەرێز کاک خالیدەوە وەڵام درانەوە.

لەبەشی کۆتای سمینارەکەدا هەریەک لەبەرێزان کاک سمایلی شەرەفی ئەندامی رێبەری و بەرپرسی کۆمیسیونی تەشکیلات و هەروەها بەرێز کاک حەمەرەسوڵ کەریمی ئەندامی رێبەری و بەرپرسی تەشکیلات و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی ولات سرنج و تێبینیەکانیان لەسەر هێندێک باس و خواستی تەشکیلاتی و هەروەها پرسیارەکانی ئەندامان خستنە روو، سمینارەکە دوایی



سەرچاوە
Serchawe

زیاتر لە ٤ کاتژمێر دیالۆگ و ڕا گۆڕینەوە کۆتایی پێ هات

١٤ی جوونی ٢٠٢٠

---------------------------------------

## کۆبوونەوەی سیاسی تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوەندی ٣



ڕۆژی پێنج شەممە ١٣ی خەرمانانی ١٣٩٩، بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی ناوەندی ٣ی حیزبی کرد و وێڕای لە نزیکەوە دیدار دەگەڵ کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی ئەو ناوەندە، کۆبوونەویەکی سیاسی تەشکیلاتی بەڕێوەبرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان حیزب و گەل بەتایبەت شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بەشداربووان ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان و دواتر لەلایەن لوقمان مۆئمینی، بەرپرسی ناوەندەوە بەخێرهاتنی کاک خالید و سەرجەم بەشداربووان کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کاک خالید عەزیزی باسێکی سیاسی لەسەر ڕەوشی جیهان، ناوچەکە و کوردستان کرد و دوای ئەم باسە زیاتر باسی لە کاروچالاکیی دەروون تەشکیلاتیی حیزب و یەک لەو تەوەرانەش پرسی یەکگرتنەوەی دوولایەنی حیزبی دێموکرات.

لە کۆتایی وتەکانی بەڕێزیان کۆبوونەوەکە بە پرسیاری ئامادەبووان و وڵامی بەڕێز سکرتێر لە کەشێکی خۆماڵی و

دۆستانەدا کۆتایی پێ هات.

٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

---------------------------------------------------------

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی دووهەمینساڵیادی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە کتێبخانەی قەڵا



بە دەسپێشخەری کۆمیسیونی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمێک بۆ یادکردنەوەی دووهەمین ساڵیادی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە کتێبخانەی حیزب لە قەڵا بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە سەرجەم شەهیدانی کورد وکوردستان دەستپێکرد و لە چەند بڕگە و بابەتی ئەدەبی و سیاسیی و ڕێزلێنان لە چەندین کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان کە زەحمەتێکی زۆریان لە نۆژەنکردنەوە و دووبارە دروستکردنی کتێبخانەی حیزب لە دوای مووشەکبارانی قەڵادا کێشابوو و هەروەها وتارێکی کورتی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەسەر کتێب و کتێب خوێندنەوە لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا و گرینگی پەروەردە و کتێب لە پێگەیاندنی کادر و پێشمەرگەکاندا و دەستخۆشی و ماندوونەبوونی بە هاوڕێیانی بەرپرسی کتێبخانەی حیزب و بە تایبەت خاتوو خەدیجە پوورمەند بەرپرسی کتێبخانەی حیزبی دێموکرات پێکهاتبوو.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا خاتو خەدیجە پوورمەند چەند وتەیەکی لەسەر چۆنیەتی نۆژەنکردنەوە و هاودڵی و هاوکاری پێشمەرگانەی ئەو کەسانەی کە یارمەتی دروستکردنەوەی کتێبخانەی حیزبیان دوای مووشەکبارانی قەڵا دابوو

پێشکەش کرد و کۆتایی ڕێوڕەسمەکەش بە ڕێزلێنان لە چەندین کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان ڕازێندرایەوە.

٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

------------------------------------------------------------

## کۆبوونەوەی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەستپێشخەریی کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان



بە دەستپێشخەریی کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێکخرا.

بەرەبەیانی ئەمڕۆ سێشەممە ٢٥ی خەرمانانی ٩٩ی هەتاوی کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی سیاسی - تەشکیلاتی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداری دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بۆ تاوتوێ کردنی چەند بابەت و باسێکی سیاسی و تەشکیلاتی گرینگ و هەروەها بۆ یادکردنەوەی ٢٦ی خەرمانان بیست و هەشتەمین ساڵیادی تێرۆری ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبەکەمان نەمر دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە دەستی ڕەشی تێرۆریستەکانی ڕێژیمی تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاڵمان پێک هێنا.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و ناوی هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان دەستپێکرد و

پاشان مەنسوور مروەتی ئەندامی کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزب چەند بابەتێکی لەسەر چالاکییەکانی تەشکیلات لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و هەروەها سەبارەت بە دوکتور سادق شەرەفکەندی و لێهاتوویییەکانی ئەو ڕێبەرەمەزنە بە تایبەت لە بواری تەشکیلاتیدا بۆ ئامادەبوان شیکردەوە.

پاشان کاک خالید عەزیزی بە یادکردنەوە لە ڕێبەری سەرکردەمان و تیشک خستنەسەر تواناییەکان و ئەزموون و بوێری و ئەو خاڵە بەهێزانەی کە لە دوکتور سادق شەرەفکەندیدا ئەوی کردبووە ڕێبەرێکی خەڵکیی و خۆشەویستی حیزب و گەل و کاریگەریی دوکتور سادق لە سەر بنەما سەرەکییەکانی حیزبی دێموکرات تێرۆری ڕێبەرانی کوردی بە خەیاڵێکی خاوی کۆماری ئیسلامیی و دوژمنانی کورد ناو برد کە هەر لە لەسێدارەدانی پێشەوای نەمرەوە تا دوکتور سادق شەرەفکەندی و لەم دواییانەشدا پۆلێک ئەندامان و کادری ڕێبەریی حیزبەکەرمان نەیانتوانیوە و ناتوانن حیزبی دێموکرات و ئیرادەی مافخوازی خەڵکی کۆردستان لە نێوبەرن یان کپ و بێدەنگی بکەن.

بەڕێز عەزیزی بە ئاماژە بەوەیکە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بە هۆی جەماوەری بوون و خەڵکی بوونی و هەروەها کار و چالاکییە خۆنەویستانەکانی ئەو بەشە گرینگەی حیزب لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات ولە نێو خودی حیزبیش کۆڵەکەیەکی سەرەکی و بناغەیەکی حاشاهەڵنەگری مانەوەی حیزبی دێموکراتە لە زەحمەت و ماندوو بوونی هاورییانی تەشکیلات بە تایبەتی لە نێوخۆی وڵات بە خاڵێکی ئەرێنی و گرینگ ناوی برد و وتی: ئەگەر تەشکیلات و ڕێخستنەکانی نێوخۆ ئەو هەموو قارەمانی و حەماسە دەخولقێنن و سەرمایەی ماددی و مەعنەوی حیزبەکەمانن و لە هیچ چەشنە فیداکارییەک لە ڕێگای حیزب و گەلدا دریغی ناکەن ئەوە ئەرکی ئێمەشە کە گوێ بۆ داواکارییە ڕەواکانی خەڵکەکەمان ڕاگرین وئەرک و داواکاری و ڕێنمایی ئەوان و ئێمەش دەبێتە هۆکاری سەرکەوتن و سەربەرزی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کورد.

لە کۆتاییدا بەڕیز عەزیزی لە مەیداندا بوونی ئەو هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی نهێنی و ئاشکرای حیزبی دێموکراتی سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپانەی سەر ڕێگایئەو حیزبەی بە دڵخۆشی وەسفکرد و ڕایگەیاند کە تێکۆشان و هاودڵی و پێکەوە کارکردنمام بێگومان سەرکەوتنمان مسۆگەر دەکا.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا خەڵاتی ڕیزلێنان بەسەر نوێنەرانی ناوەند و هەرێمەکانی ئەندامی تەشکیلاتدا دابەشکرا و ڕێز لە تێکۆشان و ماندوو بوونی ئەو بەڕیزانە گیرا.

١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتی لە ناوەندی دووی کوردستان



کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتی لە ناوەندی دووی کوردستان بە بەشداریی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی ڕەزبەری ٩٩ی هەتاوی کۆبوونەوەیەکی سیاسیی تەشکیلاتیی لە ناوەندی دووی کوردستان، بە بەشداریی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ئەو ناوەندە ڕێکخرا.

ئەو کۆبوونەوەیە سەرەتا بە چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان دەستپێکرد و پاشان بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب باسێکی تێر و تەسەلی لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتیی پێشکەش کرد و دواتر لەسەر چەند باس و بابەتی جیهانی و ناوچەیی و بە تایبەت هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەمریکا و کاریگەرییەکانیان لەسەر ناوچەکە و ئێران و کوردستان بۆ بەشداران شیکردەوە.

بەڕێز عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لەسەر دانیشتنەکانی دوو لایەنی دێموکرات بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات وردەکارییەکانی ئەو دانیشتنانەی بۆ بەشداران باس کرد و سەرنج و تێبینی بەشدارانیش لەسەر بابەتەکانی کۆبوونەوەکە، کۆتا بابەتی ئەم کۆبوونەوەیە بوو.

١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

## سمیناری سیاسی بەرێز کاک خالید عەزیزی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان

## لە وڵاتی سویسی



ڕۆژی یەکشەممە ۲٦ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۷ کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان سیمینارێکی سیاسی لە ژێر ناوی "ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بازنەی کێشەکانی ئێران و ناوچەکەدا" بە بەشداری سەدان کەس لە کوردانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە بۆ ڕێزدار کاک خالید عەزیزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدک پێک هێنا
سەرەتای سیمینارەکە بە پێشکەشکاری خاتوو شیلان موودەرەسی و کاک زوورار زەرزا دەست پێ کرا وسروودی نیشتیمانی ئەی ڕەقیب هەڵکرا و ساتێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان ڕاگەیندرا

پاشان کوورتە بیوگرافیەک لە سەر ژیانی سیاسی ڕێزدار عەزیزی لە لایەن کاک ڕەحمان ئیبراهیم زادە بۆ بەشدار بوان خوێندرایەوە، هەر لە درێژەی کارەکانی سیمینار دا دەستە گوولێ بە خێر هێنانی کاک خالید لە لایەن کۆمیتەوە لە ڕێگای خاتوو مریەم عووسمانی پێشکەش بە بەرێزیان کرا کە پاشان کاک خالید دەستە گوولەکەی لە سەر وێنەی ڕێبەرانی شەهید دانایەوە و دەستی بە پێشکەش کردنی باسەکەی کرد،

کاک خالید عەزیزی لە قسەکانی دا جەختی لە زۆر شتی گرینگ کردەوە کە ئێمە لە خوارەوە پوختەیەکتان لە باسەکە بۆ دەنووسین:

"یەکڕیزی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ ئیدامەیەک بێ بۆ دروستکردنی میللەت بەمانای سیاسی، دەڵێم میللەت بەمانای سیاسی، کە بوویتە میللەت ئەوکات کەلێن بۆ پیلانی تاران و لایەنەکان کەمتر دەبێ و باشتر دەتوانن داواکانی خۆمان بچەسپێنین....



سەرچاوە Serchawe

سەبارەت بە خواستی یەکگرتنەوە پەیامی من بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات ئەوەیە بە خەبات و تێکۆشانی خۆتان داواتان لێ دەکەم ئێوە یەکگرتوو بن و لەسەر یەکگرتوویی حزبەکان ڕامەوەستن. هیوادارم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆتان لە داستانی یەکترشکاندن دووربگرن. میکانیزمەکانی لێکحاڵێبوون و یەکگرتن لە نێوان خۆتان ببیننەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە داهاتوودا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەزموون وەرگرتن لە باشووری کوردستان حەز دەکا لە دوا ڕۆژ دا هیچ حیزبێکی چەکدار جیا لە هێزی پێشمەرگە کە نابێ سەر بە هیچ حیزبێک بن، بوونی نەبێ، بۆ ئەوەی هیچ کات تووشی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی وەک لە رابردوو دا هەبوون نەبینەوە.

ڕێزدار عەزیزی جەختیشی کردەوە کە ئێمە کێشەمان کە گەڵ دەسەڵاتی حاکم دایەو بۆ ئەوەی بتوانین دەسەڵات وادار بکەین کە گوێمان لێ بگرێ هەموو ڕەهەندەکانی خەبات بەتاقی دەکەینەوە.

هەروەها ئەو هاوکاری و بە هاناوەچوونی ئەودوایانەی خەڵکی هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ کرماشان بەرز نرخاند و بە هەنگاوێکی پیرۆز وەسفی کرد.

جێگای ئاماژەیە لە کۆتایی دا بەشدار بوان بە سەرنج و تێبینیەکانیان بەشداری باسەکەیان کرد.

هەروەها چەپکە گوڵی کۆمیتەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە لایەن بەرێز سۆران عەلی پێشکەش بە ڕێزدار عەزیزی کرا و سیمینار کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

جێگای ئاماژەیە کە لە دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ دا ڕێزداریان لە گەڵ ئەندامان و لایەنگران لە هەمان شوێن کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتیان پێک هێنا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: ئۆپۆزیسیۆن مانەوە هونەر نییە، دەبێ ببینە ئاڵتەرناتیف لە سەرەتای قسەکانمدا




خۆشحاڵیی خۆم دەردەبڕم بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم دۆستانەمم، کەسانێک کە پێشتر لە کۆبوونەوەکانیتریش، چەندین جار لەبارەی داهاتووی ئێران لە ڕوانگەی جۆراوجۆریی نەتەوەکانی ئێران و ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئێران، کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوەیە قسەمان کردووە.

گرفتی ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو کۆبوونەوانەی کە لە ئوروپا یان ئەمریکا هەمان بووە و بمەوێ ئاماژەیەکی پێبکەم، بەتایبەت ئەو بەشەی کە پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە کە بەشێوەیەکی مەیدانی ئێمە لە کوردستان ڕۆژانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕووبەڕوو دەبینەوە کە لە چەند بوارەوە تەجروبەی دیاریکراوی خۆمانمان هەیە و بە پشتبەستن بەو تەجروبانەیشە کە ڕێکارەکانی خۆمان پێشنیار دەکەین.

ڕێکارە عەمەلییەکانی ئێمە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە چوارچێوەی ئەم بەندانەی کە لەم کۆنفرانسەدا خەریکین بەڕێوەی دەبەین، زۆربەی هاتووە. گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە ئێمە زیاتر لە ڕواڵەتی پرسەکان(صورت مساله)دا دەوستین، تەنانەت ئێمە لە کوردستانیش. کاتێک دەڵێم ئێمە خۆیشمان لە کوردستان، چونکە ئێمە ڕۆژانە خەریکی شتی عەمەلین. کاتێک ئێمە سەیری ڕواڵەتی باسەکە دەکەین زیاتر شیکردنەوەیە؛ کە لەم بەشەدا ئێمەی حیزبەکانی کوردستان، حیزبەکانی ئێران هەوڵ دەدەین لە ڕوانگەی خۆمانەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران شی بکەینەوە. کەمتر وایە لەم بەشە تێپەڕین و بگەینە چارەسەر. چونکە کاتێک دەگەینە سیناریۆی چارەسەرگەلی جۆراوجۆر، ئیتر لەوێیە کە ناچارین بەکردەوە بێنە نێو گۆڕەپانەکە و خۆمان لە ئۆپۆزسیۆنبوون بەشێوەیەکی بەربڵاو، بکەینە ئاڵتەرناتیف.

ئۆپۆزسیۆنبوون هونەر نییە، ئێمە هەموومان ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانین و خۆیشمان ئەممان هەڵنەبژاردووە.

کۆماری ئیسلامیی ئەمەی بەسەر ئێمە داسەپاندووە کە ببینە ئۆپۆزسیۆن. ئارەزووی ئێمە ئەوە بوو پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بەپێی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران کە فرەنەتەوەییە هەموومان بەشێک بوایەتین لە ئیدارەکردنی وڵات، بەڵام ئەم هەلە بۆ ئێمە نەخوڵقا. بۆیە ئۆپۆزسیۆنبوونمان لەڕووی ئیجبارەوە بەسەر داسەپاوە. ئێستە ئەرکی ئێمە ئەوەیە هەر لەم ئۆپۆزسیۆنبوونەدا بەشێوەیەکی گشتی نەمێنینەوە. ئەگەر لە خەڵکی ئێران بپرسن کۆماری ئیسلامی نا، بێگومان دەڵێن ئەی کامانە ئەڵتەرناتیڤن؟ ئێمە هەتا ئێستە نەمانتوانیوە ئەڵتەرناتیڤێک یان ناونیشانێکی دروست دژی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵک دروست بکەین. ئایا ئێمە ئەم ئامادەییمان تێدایە لە ئۆپۆزسیۆنبوون بێینە دەرەوە و ئاڵتەرناتیڤ دروست بکەین؟ ئیتر لەو قۆناغە دایە کە کاری ئێمە دەست پێدەکا. من هیوادارم ئەم پێکهاتنەی کە لێرە بەناوی شووڕای دیموکراسیخوازان ئەنجامی دەدەین لە بواری عەمەلیشەوە بڕۆینە ئەو گۆڕەپانەوە. ئەگەر ئێمە لە هەلومەرجی قەیراناوی ناوچەکە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوێیە و بڵێین دەبێ کۆماری ئیسلامی بڕوا ئەی کامانەن کە لە تاران دەبێ دەسەڵات بەدەستەوە بگرن؟ هەتا لەم بوارەوە نەتوانین سەربکەوین ئەم متمانەیە دروست نابێ. هەتا ئەو جێیەی پەیوەندی بە خەڵکی ئێرانەوە هەیە دەبێ بزانین بەردەنگەکانی ئێمە کێن، ئێمە ئەمانەوێ ئەم پەیامەی خۆمان لە نێوخۆ بە کێ بدەین، ئایا ٨٠ میلیۆن خەڵکی ئێران وەکوو ئێمە سیاسەت دەکەن؟ هەموو خەڵکی ئێران سیاسین؟ هەموویان سیاسەتمەدارن؟ گرفتەکانی ڕۆژانەی خەڵکی ئێران ڕێگەی ئەوەیان پێ دەدا کە وەکو ئێمە بەشێوەیەکی تەواو وەخت سەرقاڵی کاری سیاسی بن؟ نا.

بەردەنگەکانی ئێمە کێن؟ ئەگەر سەرنج بدەینە نێوەڕۆکی شووڕای دیموکراسیخوازانی ئێران و چۆنیەتی گەیشتن بەو دیموکراسییە، بەم وەڵامە دەگەین کە بەردەنگەکانی ئێمە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێرانن کە وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. ئایا ئێمە لەوێ دەتوانین بەپێی ئەم ڕاستییە، نەتەوەی حاکم لە ئێران کە بە زمانی فارسی قسە دەکەن، ئەوانیش ببنە بەشێک لەم پرۆژەیە.

لە نێو هەندێ کەس لە نەتەوەی فارس ئەم ڕایە هەیە کە ئەوانەی باسی فرەنەتەوەیی لە ئێراندا دەکەن و باسی فدراتیوبوونی ئێران دەکەن، ئەوە حەرەکەتێکی دژەفارسە. بێگومان وا نەبووە و نییە. بەلانیکەم تەجروبەی کوردستانی ئێران لەو سەردەمەی کە ئێمە دەسەڵاتمان بەدەستەوە بووە و شووڕای کوردستان لەگەڵ حکوومەتی ناوەند دانوستانی دەکرد؛ پەیوەندیی نێوان حیزبەکانی کوردستان و ئێران لەوپەڕی باشیدا بووە. هیچکات ئێمە بەدوای ئەوەوە نەبووین کە بڵێین یەکگرتوویی ئێمە نەتەوەکانی ئێران بەدژی فارسە. ئەوە یەکێک لە خاڵەکانی تەعامولی ئێمە لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانە. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین فارسەکانی ئێران بهێنینە نێو ئەم جۆرە پرۆژانەوە و نابێ بەلایەکدا بڕۆین کە ئێمە نەتەوەکانی ئێران یاخود بەپێی پێناسەی کلاسیکی خۆیان ‹کەمەنەتەوەکان›، بەرەولایەک دەڕۆین کە ڕووبەڕووی فارسەکانی ئێران دەبینەوە.

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئێمە کورد، بەلووچ، ئازەری، لوڕ، تورکمان، عەرەب.. هەموو نەتەوەکانی ئێران؛ ئەوەیە کە بەم شێوەیە باسی وەحدەت بکەین. چونکە هەتا ئێستە تێگەیشتنی سەرەکی بەم جۆرە بووە. بەڕای من ئەگەر ئێمە بتوانین لەسەر ئەم مەوزوعە کار بکەین و بتوانین جۆراوجۆریی نەتەوەکان بهێنینە نێو ئەم پرۆژانەوە ئەوکات بەردەنگمان لە ئێران زۆرتر و زۆرتر دەبن.

ئەگەر بمەوێ بەشێکیتری خەباتی ئاشتیخوانە کە ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە کوردستانی ئێران تەجروبەیمان هەیە باس بکەم، ئاماژە بە دوو بەشی دەکەم کە یەکیان پرۆژەی ڕیفراندۆمی کوردستانی عێراقە.

پێشتر ئەمە بڵێم ئەم پرۆژەی ئێمە بەناوی پێکهاتنی پێشنیاری بۆ دانانی شوڕای دیموکراسیخوازانی ئێران، دەبێ بڵێم ئەمە هەلێکە بۆ ئێران. هەلێکە بۆ فارسەکانی ئێران، هەلێکە بۆ نەتەوەکانی ئێران، هەڕەشە نییە. گرفتی سەرەکی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەدیاریکراوی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە ئەوەیە کە هەرکات بیانەوێ مەسەلەی کوردستان شی بکەنەوە هەمیشە پێیان وایە مەسەلەی کوردستان هەڕەشەیە بۆیان. کاتێک لە ڕوانگەی هەڕەشەوە بڕواننە ئەم مەسەلەیە هەر زوو بەرامبەری دەوەستنەوە و وەکو هەلێک بۆی ناڕوانن. لە کوردستانی عێراق بۆ بونیاتنانەوەی عێراق کە لەسەر بنەمای پێکهاتن بوو، ئەوە پێکهاتنە کە بنەمای دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێ لە کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە دایە، کوردەکان گەرەنتیی وەها پرۆژەیەک بوون. لە عێراق دەربارەی پرۆژەی ڕیفراندۆمی کوردستان بەداخەوە من حیزبێکم نەبینی کە خۆیشیان باوەڕیان بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و چارتێرگەلی نێودەوڵەتییە، داکۆکی لە مافی ڕیفراندۆمی کوردستانی عێراق بکەن. هۆکارەکەی ئەوەیە ئەم دژبەرییە لە نێو کۆمەڵگە و شوناسگەلی جۆراوجۆر لە ڕکەبەریی لەگەڵ یەکتردا، کۆمەڵگەی بەرەولایەک بردووە کە بەم ئاسانییە ناکرێ قەناعەت دروست بکەی. بۆیە بەهۆی نەبوونی قەناعەتەوەیە کە تەوافوق هاوسەنگی دەپارێزێ.

ئێستە ئێمە چۆن دەتوانین لە درێژەی ئەم پرۆسەی شووڕای دیموکراسیخوازی لە ئێران ئەم تەوافوقە بکەینە ئەمری واقیع. ئەگەر تەوافوقێک نەبێ ناتوانین قسە لە پرۆژەیەکی گەورەتر لەبارەی داهاتووی ئێران بکەین.

لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی ئاشتیخوازانە، خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران پشتیوانیی خۆیان بۆ پرۆژەی ڕیفراندۆمی کوردستانی عێراق ڕاگەیاند کە ئەمە شتێکی بەتەواوی سرووشتی بوو، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو خەڵکەی سزا دا و بەشیان لە کۆماری ئیسلامی زیندان بوو؛ بەڵام خەڵکی ئێران هەقیان هەیە و کۆماری ئیسلامیش ڕێکیان دەخا لە پشتیوانی لە مەسەلەی فەلەستین یان پشتیوانی لە بزاڤێکی شیعە لە هەر وڵاتێکی دی، کە لە هەموو ئێران خۆپیشاندان بکەن. ئایا

دەتوانین ئەم باسانە لە نێوخۆی ئێران بهێنینە گۆڕێ. ئەگەر سبەی خەڵکی ئێران لە پشتیوانی لە بزاڤێکی عەرەب، بەلووچ، ئازەری، تورکمان یان هەر نەتەوەیەکی دی لە دەرەوەی ئێران خۆشحاڵیی خۆیان ڕاگەیاند چۆن لەگەڵیان هەڵسوکەت دەکرێ.

مەسەلەی دووەم، هەر دەربارەی خەباتی ئاشتیخوازانە و ئێران چۆن لەگەڵی هەڵسوکەوت دەکا و دواتر ئاماژەیەک بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەم بارەوە دەکەم. لە پەیوەندی لەگەڵ بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان کە دەزانن چۆن بوو. ئەو ناوچەیە کە بەڕاستی چەوساوەیە و پەراوێزخراو. ئەگەر خودی خەڵکی کوردستان بە ڕێکخستنی خۆیان کە لە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوودا دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆیان ڕێکخستووە و تەجروبەی دروستکردنی ناوەندی مەدەنییان هەیە و ئەگەر لە لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی کرماشان پشتیوانییان نەدەکرد، ئەوە ئاکامەکانی دوای بوومەلەرزەکە لە خودی بوومەلەرزەکە خەسارەتی زیاتر دەبوو. لێرەدا دووبارە کۆماری ئیسلامی کۆسپی سەر ڕێگەی خەڵکە. دەمەوێ بڵێم ئەم بزووتنەوە مەدەنیانە و ئەم خەباتە ئاشتیخوازانە و دروستکردنی ناوەندی مەدەنی و درێژەدانیی لە کۆمەڵگەی ئێران، باشترین شێوازی خەباتە دژی کۆماری ئیسلامی. خەباتێکە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆری لێ دەترسێ. کۆماری ئیسلامی بە شەڕ و ئێعدام و توندوتیژی دروست بووە و هەمیشە پێشوازیی لەمجۆرە سیناریۆگەلە دەکا بۆ ئەوەی بەشێوەی سەربازیی لەگەڵ مەسەلەکاندا هەڵسوکەوت بکا.

ئێستە ئەم شووڕای دیموکراسیخوازان چۆن دەتوانێ خەباتی ئاشتیخوازانە لە ئێران بەشێوەیەک ڕێک بخا کە بەردەنگەکانی لە ئێران وا هەست بکەن ئەم شووڕایە پرۆژەیەکە کە ئەگەر لە داهاتوودا بە ئێرانیان وت نا بەمە دەتوانن بڵێن بەڵێ؟ لە بواری نێودەوڵەتییەوە ئایا دەتوانین ئێمە سەربکەوین کە بڵێین ئێرانی کۆماری ئیسلامی نا چۆن ئەمە دەتوانێ ببێتە ئاڵتەرناتیڤێک؟ ئێمە ئیتر لێرەدا دەبێ لە شیکردنەوە و شیمانەی کۆماری ئیسلامی بێینە دەرەوە و بێینە نێو چارەسەری مەسەلە و ئیتر ئەوکات ئێمە بەرەو ڕێکار هەنگاو دەنێین. بەوردی دەتوانین ئەوە بڵێین کە دەتوانین ببینە عینوانێک کە خەڵکی ئێران لە درێژەی خەباتی خۆیاندا و هەروەها وڵاتانی ناوچەکە کە نیگەرانی ئەوەن ئێران ناوچەکە ئاڵۆز دەکا، ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی متمانەی بە ئێران نییە؛ ئەوە ئیتر شتێک خەریکە دروست دەبێ کە دەتوانێ ببێتە عینوانێک. تەجروبەی ئەفغانستان وا بوو هەتا عینوانێک دروست نەبوو لە بەرامبەر حکوومەتی ئەفغانستان و ڕوون نەبۆوە کە ئەگەر حکوومەتی ئەوکات بڕۆشتایە کێ جێگەیان دەگرێتەوە، هیچ نەکرا. لە پەیوەندی لەگەڵ عێراقیش هەمان تەجروبە هەیە. دەربارەی ئێرانیش هەروەها بەمجۆرەیە و ئەگەر ئێمە هەوڵ نەدەین بۆ دروستکردنی عینوانێک و ئەڵتەرناتیڤێک لە ڕاستیدا دووبارە ئەو پێناسەمانە کە ئێمە ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانین کە ئەوە هونەر نییە و گرنگ ئەوەیە چۆن ببینە ئەڵتەرناتیڤ.



سەرچاوە
Serchawe

سپاسی هەمووتان دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ شووڕای دیموکراسیخوزانی ئێران دەخوازم.

(لە ژمارەی ٧١٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

-----------------------------------------------------

## دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی لە سمیناری سیاسیی کۆمیتەی نۆڕوێژ

ئەندامانی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆڕوێژ. ماندوو نەبنەوە و زۆر سپاستان دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو سمینارە هەر وەها پڕبەدڵ بە خیرهاتنی ئێوە حیزب و لایەنە سیاسیەکان دەکەم خوشحاڵم کە حزوورتان لیرە هەیە وهیوادارم بە حزووری ئیوە و تیبینی خۆتان کۆنفرانسەکەی ئێمە دەوڵەمەند بکەن و لە هەمان کاتیشدا جێگاەی خۆشحاڵیە کە جارێکی دیکە چاوم بە رووخساری بەشێک لە ئیوە دەکەوێتەوە کە دەورانێک لە کۆیە و دەورووبەر ئاخرین جار یەکترمان بینیوە و ئێستا دیسان لیرە یەکتر دەبینینەوە. پاشانیش لە رێبەندانەکەی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد دیسان بە پیرۆزبایی کردن لە ئیوە و لە رێبەندانەکەی مهاباد هیوادارم لە رێبەندانی ئەورۆی ئۆسلۆ بە بەفرە زۆرەکەی بە یەکەوە کۆڕێکی خۆش و باشمان هەبێتن.

بۆ جارێکی دیکەش من بە دڵنیایەوە تێبینی و پێشنیار و لێکدانەوەکانی ئێوە وەردەگرم، بە تایبەت لەسەردەمێک دا هەر وەکوو لە راگەیەندراوی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نۆڕوێژ هاتووە ئەو کۆرە دەبەستری کە بە گشتی ناوچەکە و بە تایبەتی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێک باس و بابەتی تێدا هاتۆتە گۆڕێ کە تەبیعەتەن بۆ حیزبێکی سیاسی و خەڵکانێک کە پێوەی ماندوون و بۆ رێبەرانی سیاسی ناکرێ نادیدە بگیرێ و دەمهەوێ تەئکیدیش لەسەر وەی بکەمەوە و رەنگە زۆر دەرس و ئەزموونیشی تێدا بی بە گشتی ئەو رووداوانەی ئەو ناوچەیە کە ئێمە بتوانین لەداهاتووی خۆماندا کەڵکی لێوەربگرین.

رێک ٧٢ ساڵ پێش ئێستا کە کۆماری کوردستان درووست بوو و لە ماوەیەکی زۆر کورت دا ئەو کۆمارە بە داخەوە بە پێچەوانەی مەیلی رەئیس جمهوور قازی محەممەد و هەوڵ و تێکۆشانی پێشەوای نەمر کە هەوڵی دەدا تەمەنی ئەو کۆمارە



سەرچاوە Serchawe

درێژ بکاتەوە، چۆنیەتی کێشەی پێشەوای نەمر دەگەڵ ئاستەنگەکان لەو سەردەمدا لەراستیدا زۆر ئەزموونی داوە بە ئێمە ئەگەر ئێمە بمان هەوێ کۆمار تەحلیل بکەین کە ئەمن ئەوڕۆ وەختی خۆمی زۆر لەسەر دانانێم چوون بەشێک لە ئێوە ئەگەر لە من زیاتر شارەزای مێژووی کۆمار و بەسەر هاتوو لوتکە و تێکشکانەکەی نەبن قەتعەن لە من کەمتر شارەزا نین لە زمانی هێندێک شارەزایانی غەیری کورد کە تەعریفیان لە کۆمار کردووە ئاوای باس دەکەن ئەفسەرێکی ئەمریکایی لەو سەردەمدا سەردانی مهاباد دەکا، دوایە کە کۆمار دەڕووخێ دەڵێ " کۆماری کوردستان بە دامەزراندنی خۆی لە ماوەیەکی کورتدا و پێشەوا قازی محەممەد بە شێوەی دیفاعیاتی خۆی لە دادگا کە وەک سەردار چووە سەر دار مێژوویەکی وەها رێک و پێکی لە ناسیۆنالیزمی کورد و چۆنیەتی دراسات و پێدادەرچوون بۆ نەوەی داهاتووکۆمار کرد کە قەت لەبیر ناچێتەوە "جیاواز لە وانە بەشداری بارزانیەکان و کۆردەکانی بەشەکانی دیکەش بۆخۆی قورسایەکی زۆریدا بە رەنگی نەتەوەیی ئەو کۆمارە و ئەوەی کە ئێستا ئێمە وەک بیرۆکەی کەسایەتی ئاماژەی پێدەکەین لە سروودی ئەی رەقیبەوە بگرە هەتا ناوی پێشمەرگە تا موئەسەساتی دەوڵەت راستە ئیبتکاری کۆمارە بەڵام جێ پێی کوردی پارچەکانی دیکەشی تێدا دیارە بۆیە هۆویەتی کۆمار هۆویەتێکی گشتی کوردییە و بە خۆشییەوە بەشێک لەو هۆوییەتە ئێستا وەک سەرچاوەیەک ئێمە موراجعەی پێدەکەین، ئێمە نازانین سبەی چ رووددا بەڵام دەزانین ئێمە کێ بووینە لە رابردوو، بۆوەی کە بزانین کێ بووینە لە رابردوو دەکرێ ئاوڕدانەوە بە رابردوو بەرچاوروونی درووست کا بۆ داهاتوو. دەڵێن لە سیاسەتدا بە مێژوو سیاسەت ناکرێ وایە چوون مێژوو بە تایبەت مێژووی ئێمە هەوراز و نشیوی زۆربووە بەڵام دەکرێ لە سیاسەتدا هێندێک لە لاپەڕەکانی مێژوو کەڵکی لێوەربگیرێ. من لە باسەکەی خۆمدا دەقیقەن دەچمە نێو ئەوە.

کۆمار بەرهەمی قۆستنەوەی دەرفەتێک بوو چەندین ساڵ دواتر لە ئێران ئینقلاب دەکرێ دیسان کورد لە ئێران بە تایبەت حیزبی دێموکرات هەوڵیدا ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە ئەوە دوو دەرفەت لە ئێراق حکوومەتی سەددام حوسێن پێش رووخانی حکوومەتی سەددام حوسێن لە ساڵی ۹۱ بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دێتە گۆڕێ ئەو زوونە دادەنرێ بۆ کوردی باشوور ئەوەش دەرفەتێک بوو چەندساڵ دواتر سەددام حوسێن دەڕووخی مەوقعییەتێکی موناسبتر لە باشوور دروست دەبی ئەوەش دەرفەتێکی دیکە بوو لە ئیدامەی پەرەپێدانی پێداداچوون بۆ کیانی کوردی لە کوردستانی ئێراق ڕێفراندۆم دێتە گۆڕێ ئەوەش دەرفەتێکی دیکە بوو لە تورکیە هەڵبژاردن دەکرێ کورد ئەوەی بە نێوی حیزبێکی کوردی ۸۰ ئەندام پارڵمان دەچێتە پارڵمان و تەنانەت ئەندام پارڵمانی دیکەش هەبوون بەڵام لەو حیزب نەبوون ئەوەش دەرفەتێک بوو لە سووریە دیاردەی داعش بەتالایەک درووست دەکا و کورد کە لە سووریە ئینکار دەکرا و ورده ورده خۆی سازماندەدا و هێندێک شوێنی ئازادی خۆی درووست دەکا ئەوەش دەرفەتێک بوو بەڵام هەمووی ئەو دەرفەتانە چۆن ئیستیفادەیان لێکرا هەمووی ئەو دەرفەتانە بە باشی قۆزترانەوە ؟ هەمووی ئەو دەرفەتانە جێ بە جێ بوون؟ ئایا درووستکردنی دەرفەت کە بەشێکی پاشخانی خەبات و تێکۆشان و لە مەیدان دامانەوەی ئێمە وەک کورد بووە سەرەڕای کارەسات و نەهامەتێکی زۆر کە بە

درێژایی مێژوو تەجرووبەمان کردووە دوایە کە قۆناغەکە وای لێدی چۆن مودیری دەرفەتەکانمان کردووە ئێمە یەک عادەتمان گرتووە، عادەتەکەش ئەوەیە بە گشتی دەبێ بڵێم هەموو لایەنە سیاسێکان و ئەوانەی کە کاری تەحقیقات و مێژووناسی و دراساتی سیاسی دەکەن کاتێک دەگەڕێنەوە سەر شکستەکان کاتێک دەگەڕێینەوە سەر ئیستیفادە نەکردن لە دەرفەتەکان زۆر زوو پەنا بۆ تیئۆری تەوتەئە دەبەین، دەڵێین لە جەریانی قەراردادی سێور کە ئیعتراف بۆ هێندێک شت بۆ کورد دەکرێ دەگەڕێتەوە قەراردادی لۆزان لە کورد دەستێندرێتەوە خەتاکە لە کوێیە؟ خەتا لە زل هێزەکانە ئەوە یەک ،دوو دەڵێین سایکس پیکۆ جۆرێک کیشەی کوردیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست مودیرییەت کرد وابوو کورد فیدای موعادلات و نەقشەی سیاسەتی تازەی بەرژەوەندێکانی نێو دەوڵەتی و ئەمنییەتی بوو، ئەوەش خەتای ئەوانە! دەڵێین لە فلان پارچەی کوردستان ئەوشتە ئاوای لێبەسەر هات ئەوەش خەتای دەوڵەتە مەرکەزێکانە! هیچ شتێک لەوە ئاسانتر نیە خەتاکان زوو بەرێوە سەر خەڵکی دیکە. ئەوە گرفتێکی گەورەی ئێمەی کوردە. ئێمەش واینە منیش وامە حیزبەکەی ئێمەش وایە و حیزبەکەی ئێوەش ئەوانەیان هەبوو زۆر زوو پەنا دەبەین بۆوەیکە خەتاکان لەسەرخۆمان وەلابەرین و بیبەینە شوێنی دیکە رەنگە جاری وایە قۆستنەوەی موعادلەیەک یان قۆستنەوەی سمینارێک خاریج لە ئیرادەی خۆت بی لەسەردەمی کۆماری کوردستان پێشەوا هەموو هەوڵێکیدا، هەوڵێکی ناوچەیی، نێودەوڵەتی، دەگەڵ تاران دەگەڵ قەوامولسەڵتەنە، هێنانەسەری ئاستی کێشەی کورد لە کێشە دەگەڵ ئازەرێکاندا بەڵام خاریج لە ئیرادەی ویبوو. ئایا ئێمە ئیستفادە نەکردن لەو دەرفەتانە یا مودیرییەت باشترنەکردنی دەرفەتەکان لە کوێ را سەرجاوەدەگرێ؟ زۆرجار دوای ئەو ریفراندۆمەی کە لە باشووری کوردستان هاتە گۆڕێ حەق وانەبوو وای لێبێ لەوێ گەیشتە لووتکە. بەڵام ئەگەر خۆماڵی قسەی لێبکەین بیرۆکەی ئەوە کە نەبوونی یەکگرتوویی لە نێوماڵی کوردیدا سەرچاوەی هەمووی ئەو کێشانەیە لە هەموو پارچەکان کەم و زیاد دووپاتە دەبێتەوە من ناچمە نێو باسی پارچەکانی دیکە زۆرتر بەڵام ئەوەی ریفراندۆم، بە لوتکە گەیشتن و کە ئاوای لێبەسەر هات و ئەو پیلانە هاتە گۆڕێ من بەشێکی لەوەدادەنێم کە بەداخەوە مێژوویەکی کۆن لە نەبوونی یەکگرتووی و یەکرێزی لە نێو ماڵی کوردی وردە وردە درزی درووست کرد کە تەعریف و تەوجیە و تەفسیری چەند و چۆنی ئەو کێشەیە ناکەم بەڵام لەوێوە سەرچاوەی گرت. جاروبار دەڵێم ئێمە کە ئێستا بۆخۆمان لە نێوخۆی وڵات وەک حیزبە سیاسیەکان حزوورمان نیە بەڵام وەک خەڵکی کوردستانی ئێران رۆژانە لە مەیدان دان، من جوڵانەوەی کوردستانی ئێران بەوێ پێناسە دەکەم هەر بە حیزبەکانی پێناسە ناکەم خراپترین سیاسەت ئەوەیە کە ئەوەی لە کوردستانی ئێران دەگوزەرێ زوو بە حیزبەکانی پێناسە بکەین، خراپترین سیاسەت ئەوەیە هەر مونتەزیر بن ئەرێ حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەگرن؟ یەکیانگرتەوە؟ بەرەیەکیان درووستکرد؟ ئەگەر ئاوەی پێناسە بکەین دەقیقەن ئێمە بەرداشتێکی غەڵەتمان لە حزووری هەزاران بە میلیۆنان کوردی ئێرانی کە لە چەند ساڵی رابردوو و بەشێکی لەسەر تەئسیر و کاریگەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بایەخی داوە بە فەعالییەت و جمووجۆڵ لە نێوخۆی وڵات لە فورسەتەکان کەڵک وەردەگرێ لە دەرفەتەکان کەڵک وەردەگرێ بێ تەفاوەت نیە سیاسەتی هێناوەتەوە سەر عەرزی واقیع لە حاڵەتی هەوایی هێناوەتەوە دەرێ تێدەکۆشێ خۆتەتبیق بدا

دەگەڵ وەزعەکە بە دوای ویست و داخوازەکانی دا بڕوا تەنانەت لە چووارچێوەی سیستمێکدا کە مەنتقی گفتوگۆ و موزاکرە و دیالۆگ و ئاوڕدانەوە بە مافی خەڵک و یا بە ئیتلاحی ئوروپایەکەی ئەقلییەتی دەوڵەتی وەڵامدەری بێ، ئەگەر لێرەدا بڵێین ئێمە کە تەعریفی پارچەکانی دیکە دەکەین یان تەفسیری وان دەکەین چەندە لە فورسەتەکان کەڵکیان وەرگرتووە یان نەدەبا ریفراندۆم نەتیجەکەی ئاوابایە، جاروبار لەخۆم پرسیار دەکەم ئەرێ ئەتۆ بڵێی لەداهاتووی ئێراندا کۆماری ئیسلامی نەمێنێ نازانم لە تاران چی لێدێتەوە، کێ دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ، تەرکیبەکەی چۆن دەبێ، تەرکیبی سیاسیەکەی چ دەبی، کورد چ مەوقەعییەتێکی دەبی، بڵێی ئێمەی کورد ئەوەندە ئامادەگی و ئیستیعداد و یەکگرتوویی و یەکڕیزیمان هەبێ کە ئەو وەختیش تووشی زەرەر و زیانێکی ئاوا نەبین؟ با ئەو پرسیارە لێرەڕا درووست بکەین ئەگەر ئەو پرسیارەت درووست کرد بە دوای خەسارناسێکەی دا دەچی، ئەوە سووڕەتی مەسەلەکەیە حەللی مەسەلەکە دەبینێوە لە ڕوانگەی خۆمەوە هەتا ئەو جێگەی پیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە بۆوەیکە تووشی ئەو زەرەر و زیانانە لە سیناریۆ ناڕوونەکانی داهاتووی ئێران نەبین ڕێگاکەی ئەوەیە جم و جۆڵی مەدەنی و فەعالییەتی مەدەنی و فەعالییەتی فەرهەنگی و ئەدەبی و ئەگەر گونجا سیاسی و قانوونی لە نێوخۆی ئێران لە نێوکۆمەڵانی خەڵکدا بە قووەت بکەین و تەنانەت هانیشیان بدەین ئەنواعی موئەسەسات درووست بکەن، لە بوونی موئەسەسات دایە و جێ کەوتنی موئەسەسات دایە ئادرەس درووست دەبێ لە بوونی ئەو ئادرەسە بە قووەتە داهەیە خەڵک شوێنێکیان دەبێ موراجعەی پێبکەن ،ئێمە کورد کەم عادەتمان بە وە گرتووە، کوردستانی ئێراق سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەبوو، ئەنجوومەنی وەزیران هەبوو، پارلمان هەبوو بەڵام دیسان پەنامان دەبردەوە بۆ ٣٢ دانە حیزب ئایا ئێمە واز لەو قۆناغە دێنین ئەوەی درووستی دەکەین شەرعییەتی پێبدەین؟ سەرۆکی هەرێم هی هەموویان بوو با کێشەشیان لەسەری بایە فەرشی سووری بۆڕادەخرا، پارلمان هی هەموویان بوو با لایەکیش پێی رازی نەبایە بەڵام لە تەنیشتی ئەوە دیسان دەڵێین حیزبەکان و حیزبەکان. ئەرێ بە کاروانی حیزبەکان و حیزبەکان دەمانهەوێ خۆمان نیشان بدەین کە سیستمی فرە حیزبی ئوروپایی دێنینەوێ؟ دەمانهەوێ وا نیشان بدەین کە ئێمە زۆر دێموکراتین؟ زۆر دێموکراسی خوازین؟ ئەخە زۆربەی زۆری دەوڵەتەکانی دونیایە کە درووست بوون بە دێموکراسی درووست نەبوون، لە زۆر وڵاتی ئەفریقایی و ئەمریکای لاتین و ئەولاوئەولا سەرۆک عەشیرەتێک، ئەفسەرێک کودتای کردووە، حیزبێک بەهەر دەلیلێک خەڵکێکی ڕێکخستووە هۆویەتێکی میللی وای پەیدا کردووە هەموو میرنشینەکان و عەشیرەتە چووکەکانی خڕکردۆتەوە وهێناوێتی ژێر رکێفی عەشیرتێک یان یەکێک و میللەتی درووست کردووە و بووە بە میللەت و دوایەش دەوڵەتی درووست کردووە و تازە کە بوو بە دەوڵەت موئەسەساتی دەوڵەتی دەبێ ئەگەر موئەسەساتی دەوڵەتیت هەبوو خەڵک فێری تەبەعییەت لە موئەسەسات دەبن بەڵام ئەوانە لەوانەدا مۆفەق نەبوونە جاریوایە ئێمە پێمان خۆشە بڵێین زۆر دێموکراتین و دێموکراسیمان زۆرپێ گەورەیە، ئەگەر لە من بپرسن ئەوە ئەزەری خۆمە جووڵانەوەی کورد بۆ مافی خۆیەتی دێموکراسی قەواعیدی بازی بۆ گەیشتن بەو مافەیە، دێموکراسی موقەدەس نیە، موقەدەس نیە.

دیموکراسی تکنیکی ئەوەیە خەڵک لە دەوڵەت بپرسێ و دەوڵەت وڵام بداتەوە و لە میللەتێک دا کە ئێستا بە مەبەستەکانی خۆی نەگەیشتووە دیموکراسی دەست ئاوەڵەیی دەکا بۆ فرە حیزبی، رەنگە لە داهاتووی کوردستانی ئێران لە جیاتی ١٠ حیزب ٤٠ حیزبت هەبێ کێشەی کوردت لێ دەبێتە ئاردی نێو دڕوان. لە مەنتەقەی شنۆیە ئەگەر شتێک تێکەڵ پێکەڵ دەبوو دەمانگووت بۆتە ئاردی نێو دڕوان بە کەس خڕنابێتەوە. ئایا ئەو دەرس و تەجرووبانە کۆمەگ بە ئێمە دەکەن بە ئاوڕدانەوەیەکی ئاوادا بە رەعایەتی حقوقی هەموو لایەک مەرکەزییەتی بە قووەت درووست بکەین بۆ داهاتووی خۆمان ئایا ئەوەی کوردستانی ئێراق ئەوەی تورکیە ئەوەی لایەنەکانی دیکە ئەو تەجرووبەیە بە ئێمە دەدا وەک کوردی کوردستانی ئێران لەگەڵ وان رووبەڕوو بین، ئێمە لە لایەک دەڵێین خۆپێشاندان لە ئێران دەکرێ جمهوری ئیسلامی وردە وردە شەرعییەتەکەی لەدەست دەدا، ئێوایە دەڵێ دەڕووخێ ئێوایە دەڵێ ناڕووخێ باشە ئەوە دەڕووخێ دوایە ئێمە لە کوێ قەرار دەگرین؟ ئەخە ئەوەنێ لە ئێراق سەددام حوسێن رووخا ئەوەنێ لە ئێراق بە دەخالەت و حزووری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەوڵیان دا ئێراقێک درووست بکەنەوە ئەوە بەشی ئێمە لە وێ ئەوە بوو، نامهەوێ لێرەدا ئەو قسەیە بڵێم کە ئێمە واز لە تاران و ئانکارا و بەغدا و دمشق بێنین، نا لانی کەمی ئێمە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو باوەڕە داین کێشەی ئێران لە چوارچێوەی ئێراندا چارەسەر دەبێ، مادام لەوێ چارەسەر دەبێ دوو شوێن هەیە بۆ چارەسەری ئەو قەزییە،یەکیان کوردستانە ئەویتر تارانە قەزیەی کوردستانی ئێراق کە گەیشتە لووتکە و ئێستاش حکوومەتی هەرێم موئەسەساتی خۆی هەیە لە دوو شوێن چارەسەر دەبێ لە هەولێر و لە بەغدا.هەموو پارچەکانی دیکە ئەو مەسیرە دەگرنە بەر دەی مادام ئەو مەسیرە دەگرنە بەرێ کێشەکەی ئێمە لە قەواعیدی بازی ئەو بازێ لە چوارچێوەی وڵاتدا دەقیقەن ئەوەیە ئەو ئادرەسەت بە قووەت بێ، دەقیقەن ئەوەیە ئەو درزە درووست نەبێ بەغدا دەگەڵ هەیئەتی تۆ دادەنیشێ و بەو لایەدا روو لەو لایە بکاتەوە و کەلێن و کولێن لەتۆ ببینێتەوە، ئێمە لە کوردستانی ئێران سەردەمی دوای ئینقلابی ئێرانیش ئەوەمان تەجرووبە کرد هەیئەتی نایندەگی خەڵکی کوردمان هەبوو بۆ مزاکرە دەگەڵ تاران، حکوومەتی تاران حەولی دەدا دەگەڵ ئەم و ئەو پەیوەندی بگرێ بۆوەیکە ئەو کێشەیە بە نەتیجە نەگا، تەنانەت لەسەردەمی پێشەوا قازی محەممەد سەرەڕای ئیقتدار و دەسەڵات و خۆشەویستی پێشەوا قازی محەممەد کە ئەو وەختی عەشایری بە قووەتی موسەلەحیش لە نێوکورد دا نەبوو بەڵام مقاماتی تاران هەوڵی ئەوەیان دەدا، بۆ؟ دەوڵەتان ئەگەر بشڕووخێن فایلیان هەیە موراجعە بە فایلەکان دەکەنەوە لە تەعاموول دەگەڵ کورد دا ئەو فایلانە لە بەغدا و ئانکارا و دمشق هەر دەمێنن بەشار ئەسەدیش بڕووخێ دەوڵەتی دوای وی دێتەوە سەر فایل. بەڵام میللەتان لە شەڕایتی ئێمە دا بە بێ فایلین چوون عادەتمان بە موئەسەسات نەگرتووە ،مادام عادەتمان بە موئەسەسات نەگرت چۆنیەتی تەعاموول دەگەڵ ئەوە بڕێک موشکیل دەبێ.

ئەگەر لەو چوارچێوەیە بۆی بچین و بەو نیگەرانیە چاو لە مەسەلەکان بکەین و ئێمە زۆرتر بەوە قەناعەت نەهێنین کە بەڵێ ئەوە حیزبەکانمان یەکدەگرن و لێک نیزیک دەبنەوە کە کاری باش دەکەن و دەبێ وا بکەن و ئێستا حیزبەکانی

کوردستانی ئێران کە لە باشوور نیشتەجێنە و بە دوای ئەوە دا دەڕۆن لێرەدا ئەو داستانە کۆتایی نایە هەمووی دەبێ لە خزمەت ئەوە دابی لە کوردستانی ئێران لە نێوخۆی وڵات ئەوخەباتە جم و جۆڵە مەدەنیە چەندە ئێمە کۆمەگی پێدەکەین چەندە تەشویقی دەکەین چەندە شوعار و بۆچوونەکانی ئێمە کاتێک ئەوان دەڕژێنە خیابانەکان و شتەکانی خۆیان دەڵێن دەگەڵ ئەوێ دێتەوە؟ چەندە ئێمە کێشەی حیزبی خۆمان نابەینەوە نێوئەوان هەر حیزبەی بەدوای شوعاری خۆیدا بگەڕێ گۆڕەپانی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی کوردستانی ئێران بەسەر حیزبەکاندا دابەش ناکەین؟ حەق وا نیە لە ئیلام لە کرماشان لە سنە لە ورمێ لە مهاباد ئەگەر کوردی ئێران دێنە سەر شەقام شتی خۆیان دەڵێن دابەش بن بەسەر شوعاری ئەم حیزب و ئەو حیزبدا لەوێ ئێمە بە یەک هەڵوێست و بە یەک بۆچوون دەبێ خۆمان فەرز بکەین بەسەر حکوومەتی تاران، لەو حاڵەتە دا دەڵێم کۆمەگ کردن بۆ درووست بوونی موئەسەساتی مەدەنی لە نێوخۆی کوردستانی ئێران دەتوانێ نەتیجە بدا ٢ نموونە دێنمەوە کە نەتیجەی داوە.

هەر لە چەندین مانگی رابردوو دا کە زۆر کۆن نیە لە پەیوەندی دەگەڵ ریفراندۆمی باشووری کوردستان خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر رژانە سەر شەقامەکان پشتیوانیان لێکرد ئیستقبالیان لێکرد زۆریان پێ خۆشبوو کە ئەوەی باشوور بە نەتیجەیەک بگا بەڵام کاتێک نەتیجەکە وای لێهات ئەو شکستە هاتە گۆڕێ ئەوەندەی کە خەڵک لەباشوور پێیان ناخۆش بوو لەوێ دوو بەرامبەریان پێ ناخۆش بوو ئەوان لەوێ رۆژانە لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دان بەڵام لەباشووری کوردستان لانیکەم لەو ٣ ئوستانە حکوومەتی خۆیان هەیە ئەگەر وایە نەفسی هاتنەگۆڕی ئەو ئیدەیە لە وێ لەخۆڕا نەبووە خودجوش نەبووە نیزیک بە ١٠ ساڵە لە وێ خەبات و جمو جۆڵ خۆرێکخستن و کاری مەدەنی و سازمانی هەیە خەڵک تەمرینی ئەوە دەکەن بە دوای ئەوە دا دەڕۆن نەفسی ئەوەیکە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان ماونەتەوە و نەفسی ئەوەیکە بەشێکی زۆر لە فەعالینی وان لە ئورووپا و لە دەرەوەن دەلیل بەر ئەوە نیە کە خەڵک لە نێوخۆی وڵات حزووری نیە جا بۆیە ئەمن دەمهەوێ لێرە تەئکید لەسەر ئەوە بکەینەوە.

کە باسی جووڵانەوەی کوردستانی ئێران دەکەین ئاوای پێناسە بکەین. خراپترین پێناسە لە جووڵانەوەی کوردستانی ئێران ئەوەیە کە بە چەند حیزب و بە چەند کەس پێناسە بکرێ. خراپترین رێگا حەل ئەوەی کوردی ئێران فێر بکەی خەبات هەر ئەوەیە هاوین و هاوین دەستەیەکە پێشمەرگە بگەڕێنەوە و فەعالیەت بکەن و بگەڕێنەوە شوێنەکەی خۆیان.

نەک دەبێ فیری ئەوەی بکەی لەوێ بە شێوەی خۆیان و بە مێتودی خۆیان و بە حزووری خۆیان و بە لانیکەمی زەرەر لە جیاتیی دەستە پێشمەرگەیەیەک بیست کەسی و سی کەسیبە سەدان و هەزاران برژێنە سەر شەقام ئەوەیەتاران دەترسێنێ و سیگناڵ دەدا بە تاران. کە نەخێر جووڵانەوەی کورد ئاوای بەرداشت لێ ناکرێ لە ئێراندا کە جمهوری ئیسلامی دەیهەوێ بە

چەند حیزب بە تایبەت حیزبی دێموکراتی پێناسەی بکا و دوایش بە تەبەعیەت لە تێوریی توطئە بلێ جا ئەوانەی کە جموجووڵ و عەمەلیاتیی نیزامی دەکەن ئەوانە عەواملی ئامریکا و عەرەبستان و عەواملی ئیسرائیل و ئەم و ئەون.

نەء، دەبێ لە خیابانەکانی کوردستانی ئێران، لە شار و گوندەکانی کوردستانی ئێران ئەوەی دەستی پێ کردوە کۆمەکی پێ بکەی. نموونەی دووهەمی لە شعوری نەتەوایەتیی و هەستی سیاسی. باسی زەوی لەرزەکەی کرماشان بوو. لە ڕۆژانی ئەوەڵ کۆماری ئیسلامی درەنگ وە خۆ کەوت. نەیدەزانی چ باسە. کوردی کوردستانی ئێران ابتکارەکەیان بە دەس گرت لە خۆ سازمان دان و یارمەتیی دان و وەڕێ کەوتنیی کاروانەکان لە شار و گوندەکانیی کوردستان، بۆ کرماشان تەنانەت بە تەبەعیەت لەو کارەی ئەوان خەڵکی شارەکانی دیکەی ئێران، کەسایەتییە هونەریی و وەرزشیەکانیش وە فریا هاتن. ئەو جار کۆماری ئیسلامی تێتە ناو قەزیەکە و تێدەکۆشی خەڵکی ئێمە....

خوێندنەوە لە سازماندهی و خوپێگەیاندن نابێ خوێندنەوەیەکی وشکی سیاسی بێ. نابێ پێمان وابێ ئەوەی کە لە نێو خۆ فەعالیەت و کاری سیاسی دەکا بە عەقڵیەتیی منی حیزبی دێموکرات چاو لە مەسایل بکا. نابێ پێمان وابێ ئەوە ئەو شوعارە دا کە من دەیدەم بۆ من عەمەلیە کە ڕێبەرییەکەم لە باشووری کوردستان و بەشێکی زۆری ئەندامانم لێرەیە. دانی ئەو شوعارانە زۆر ئاسانە. بەڵام دەبێ وا کومەک بەوان بکەین بە گوێرەی وەزعیەتیی خۆیان بچنە ناو مەسایلەوە باشترین سیاسەت یان ابشترین شوعار ئەوەیە کە تێکەل بێ لە گەڵ ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. خراپترین سیاسەت ئەوەیە کە وشک بێ شوعار بێ دوور بێ ڕەعایەتیی حاڵی خەڵکی کەم تێدا بێ. ئەوەی ئەوان لەوێ دەیکەن بە نیسبەت بێکاری، ژینگە پارێزی، ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، کۆڕی ئەدەبی، بە نیسبەت درووسکردنی لێک حاڵی بوونێکیی وحدتی نەتەوەیی بەینیی هەموو چین و توێژە کانی خەڵکی کوردستان، ئەوە سیاسەتەکەی لە سەر عەرزە. دەبێ ئەوە تەشویق بکەین.

تەشویق کردنی ئەوە قورساییەکی زۆر دەدا بە مەسەلەکەی ئێمە. و باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی کە زۆربەی زۆری ئێرانییەکان ڕەنگە لە ئێمە حاڵی نەبن، باش لە مەسەلەکەی ئێمە تێنەگەن، تەلڤزیون و میدیاکانی ئێمە نەگرن لە ژێر شوعارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێستاش لە ئێمە نەگەن، ئەوەی بڵێن بە کوردەکانی ئێران، لە شارەکان و دانشگاکان تێبکۆشن خۆیانی پێ بناسێنن. حیزبی ئێمە لەو هەش نۆ دەساڵەدا هەوڵ بۆ ئەوە داوە. جاروبار ڕەخنە و گلەیشمان هاتۆتەوە سەرێ لانیکەم ئەو ڕەخنە و گلەییانە لە گوفتمان و قسەکردنی شەخسی خۆم هاتۆتە گۆڕێ. بەڵام مادام ئێمە بۆ لەوێمانە، خۆ لەوێدا دەبینین و بۆ ئەوێ سیاسەت دەکەین و هەر ئەوانن لە ڕۆژە سەختەکاندا حیزبی دێموکراتیان درووس کرد، ڕەهبەرانیی لە زینداندا بوون ڕایانگرت. ڕەهبەرانی لە تەبعیددا بوون ڕایانگرت هەر ئەوان قوربانیان دا و هەر ئەوانیشنلە داهاتوودا لە بەرانبەر ئەو سیناریوویانەی وا بۆ ئێمە ناڕوونە، بمانپارێزن. ئایا ئێرانی داهاتوو چۆن پێناسە دەکەین؟



سەرچاوە Serchawe

ڕەنگە ئی وابێ بڵێ ئێمە زۆر پیشبینیی مەحاڵات ناکەین و ئاوا چاو لە ئێران بکەین. دوو سێ نموونە دێنمەوە. رووخانی کۆماری ئیسلامی لە باشترین حاڵەتدا لانیکەم ئیران لە گەڵ سیناریویەکدا رووبەڕوو دەبێتەوە کە ئەو تەنەوەعاتە سوالی لە سەر درووس دەکا و ئێمەی کوردیش ئەگر سازمان یافتە بین ئەگەر خۆمان خڕ بکەینەوە هەر دەستی بە قوەتمان هەبێ، لەوێ بازیگەری چاک بین. داهاتووی ئێران بازی شەترەنجە. بەستە بەوەیە لەو بازی شەترەنجە چ مخشێکت هەیە، دەبی بە پیادە، دەبی بە ئەسپ، دەبی بە وەزیر یان دەبی بە شا. ئێمە لە ئێران ناتوانین ببین بە شا کورد لە ئێران ئەو دەسەڵاتەی نییە. بە حەشیمەتیش ئەو موقعیەتەی نییە ئێمە ناتوانین ببین بە خۆ ئێمە دەتوانی بازی ئەسپ یان وەزیر بکەین. هەمیشە نەبین بە پیادە. و ئەو بازی شەترەنجە کە ئێمە بە دوایدا دەڕۆین دەبێ ئاوای چاو لێ بکەین لە دونیای سیاسەتدا زۆر شت وەک زوو نەماوە لە سی چل ساڵ پێش ئێستا کە لە نێو کورددا قسە لە سیاسەت دەکرا، یان کوردایەتیی و ناسیونالیزم بوو یا چەپ و سویسالیست و کۆمونیستیی بوو. ئەوە دەورانێک بوو کە دونیا متاثر بوو لە دوو بلووک. بمانهەوێ و نەمانهەوێ لە رۆژهەڵاتی نێوەراست کە زۆرینەی وڵاتانیی ئیسلامییە، دیاردەی ئیسلامی سیاسیش هاتۆتە ناو گۆڕەپانیی سیاسییەوە. سەردەمانێک لە کوردستانی عێراق حیزبی شیووعی یەکێک لەو حیزبانە بوو لانیکەم وەک حیزبی دێموکرات عەلاقاتیی زۆرمان لە گەڵیان هەیە و ئێستاش کەسایەتییەکانیان لە نێو ئێمە دا زیندوون رابردوویەکیی پڕ ل فداکاریشیان هەیە. بەڵام دەبینیی حیزبی شیووعیی رۆژ لە رۆژ زەعیف و زەعیف تر دەبێتەوە. بەڵام لە تەنیشتیی وی چەند حیزبی مەزهەبی دێتە گۆڕێ. کۆمەڵگای کوردییە درووستی دەکا جا تۆ ناتوانی بڵی نە. ناتوانی بڵی ئەوە دواکەوتوە ناتوانی بڵی ئەوە خراپە. ئایا ئێمەی کوردی ئێران پیشبینیی ئەو دەکەین لە داهاتووی ئێراندا کە جمهووری ئیسلامی دەڕۆخێ، ئێران تا هەتایە نابێتە بەهەشتی بەرین بۆ ئێمە؟ تاران نابێتە مەدینەی فازلە. لە ئێرانی داهاتوودا ئەحزابی سیاسی مەزهەبی، دێنە گۆڕێ ئەحزابی دیکەش دێنە گۆڕێ. ئەو کێشەی ئێستا لە بەغدا لە سەر مەسەلەی کورد کێشە هەیە، ئەو کێشە بە دەیان قات زیاتر لە تارانیش دێتە گۆڕی. ئەگەر ئاوا چاو لە مەسلە بکەین بە موازاتی ئەوەی کە ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین کۆماری ئیسلامی تێدا بچێ و نەمێنکۆماری ئیسلامی تێدا بچێ و نەمێنێ لە تەنیشتیی ئەوەە لە دوای ئالتێرناتیڤ سازیدا دەگەڕێن. بە ئالترناتیڤ سازی لە مقابل جمهووری ئیسلامی ئوپوزسیوونی ئێران بە کورد و ناکوردەوە ناموفقە. تا ئەو لەحزەیە کە لە خزمەتیی ئێوەدام ناموفقە. ناموفق یەعنی چی؟ لە ئەفغانستان دەبێ حکومەت بگۆڕێ ئاخە دەبێ بدیلی بۆ ساز کەی. کۆبوونەهایەک لە ئاڵمانیا کرا بدیلی بۆ درووس کرا و لە جێگایان دانا. لە عێراق حکوومەتی سەدام حوسەین دەبێ بڕوا دەبێ بدیلی بۆ ساز بکەی و لە جێگای دانی. هەتا لە ئێران ئەو بدیلە درووس نەبێ ئەو حکوومەتە وا مب ئاسانی لاناچێ. درووسبووەی ئەو بدیلە غیر عملی نییە. بەڵام کورد دەخاتە نێو بازییەکی دیکە. لانیکەم ئێمە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵمان داوە ئەو بدیلە درووس بکەین. نوختەی قوتی کۆماری ئیسلامی نەبوونی ئەو بدیلەیە. ئەوە نوقتەی زەعفی هەموو ئێمەیە. خراپترین خەون کە دەبیندرێ ئەوەی کە تۆ کۆماری ئیسلامی بە ئامریکا و بە ئیسرائیل بترسێنی. ئێحساساتی پان ئیرانیستیی لە موقابل دونیای دەرەوەدا و ئیحساساتی ئایینیی شیعە کە لە ئێران

مەلاکان کەڵکی لێ وەردەگرن هەمیشە بەشی ئەوندەی خەڵک هەیە کە لە مەیداندا ئیستفادەی لێ کا و لە دژی ئاینیی سونی و لە دژی کۆمەڵگای دەرەوە. بۆیە ئەوەش بۆ ئێمە مایەکەیی زۆری داناوە. سەرمایەکەیی و کێشەی دونیای دەرەوەش تا ئەو لەحزەی لە خزمەت ئێوەدام کێشەی کورد و مافی مرۆڤ و ئەوانە نەبوو. ئەوە ئەو ساڵ دوای ئەو خۆپیشاندانانە وا کرا قەزیەی ئێران چووە شورای ئەمنیەتیی سازمان ملل و خودی ئامریکاش زۆر بە بەرنامە هاتە دەنگ. یەکەمجارە ئاوا دێنە سەر خەت. لە چەند ساڵی رابردوودا. قەزیەی میکۆنۆس، تێرۆری دۆکتر سەعید و هاورێیانی حیزبی دێموکرات. بڕیاریی دادگایی لێ کەوتەوە. بەڵام لە سەر ئێمە نێوانیان لە گەڵ ئێران تێک نەدا تەنانەت ئەو حیزبە سوسیال دێموکراتانەی کە بەشێک لە ئێوە دەنگیان پێ دەدەن تەنانەت ئەوانیش ئامادە نەبوون. کە سادقی شەرەفکەندی چوو لە کۆبوونەوە لە گەڵ ئەوان شەهید بوو ئامادە نەبوون.

تەجرووبەی رێفراندووم لە کوردستانی عراق نموونەیەکی. دیکە لە ساڵانی رابردوودا زۆر جاران لە کوردستانیی ئێران تەزاهورات و خۆپیشاندان دەکرا خەڵکیش دەکوژرا، دەگیرا و ئێعدامیش دەکرا بەڵام دونیای دەرەوەمان بۆ نەدەهاتە سەر خەت لە کوردستانی عراق زیاتر لە سی کونسوولی لێە دێفاکتۆ، کوردستانی عێراق یان باشووری کوردستان حکووەت بوو فێدراڵیش نەبوو و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش ئیفتخاری پێ دەکرد کە لە شەڕی داعشدا لە خەتی موقەدەمدا بوو لە قەزیەی رێفراندوومدا چۆنیان عەمەل کرد. من نامهەوێ لێرە ئەو سیگنالە لێرە بنێرم بڵێم ئێمە بدبینیین لە کۆمەڵەگای نێو دەوڵەتی بەڵام دەمهەوێ ئەو پەیامە بدەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی بەرژەوەندی ئابووری دەوڵەتەکان ئێستاش لە عیلاقاتی خۆیان دەڵێن ئامریکا و ئێران، ئامریکا و تورکیە، ئامریکا و عراق نالێ ئامریکا و کوردستان، ئورووپا و کورد، کورد ئێستاش فاکتوور نییە لە بەرژەوەندی ئەمنیەتیی ئابووری و سیاسیی دەوڵەتەکان. مادام بەو شێوەیە نییە دیسان چارەسەریەکەی دێتەوە نێو خۆی هەر کام لەو وڵاتانە. قەبووڵی ئەو واقعیەتە بە مەعنای پاشگەز بوونەوە لە کوردایەتیی نییە. قەبووڵی ئەو واقعیەتە ئەوەیە کە چۆن بتوانی قەواعیدی بازیدا لە ئێمکان و ئێمکاناتانەکان کەڵک وەربگری. ئەوەی من دەمهەوێ لێرە ئاماژەی پێ بدەم هاونوعی نەتەوەی و ئێمە یەک نەتەوەین و یەک میللەتین هیچ بە مەعنای ئەوە نیییە چارەنووسیی سیاسیی ئێمە لانیکەم ئیستاش یەکە. جاری وایە ئێمە لەوێ بڕێک لێمان تێکەڵ دەبێ. جاری وایە لە دیاری کردنی چۆنیەتیی کار و برنامەکانماندا زۆر دەچینە ئەو لاو ئەولا و جاریش هەیە ئیشکال درووس دەکا. باشترین کۆمەک بە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە لایەن کوردی ئێران ئەوەیە کە لە نێوەخۆی وڵات لە ئیراندا دەسەڵاتیان هەبێ. خەڵکی غەیرە کورد زۆر لە ئێمە گەن. لە پارلمانی ئێراند اقسە بکەن. موسساتیی جۆرا و جۆریان هەبێ. ئەگەر بووة بە قودرەت ئەو وەختەیە تاران نگەران دەبێ کە جمووجووڵ لە گەڵ پارچەکانی دیکە بکا کە لێرە و لو تورکیەش دەقیقەن هەروا. جا بۆیە جارێکی دیکە مەبەستی من لەو باسە ئەوەیە کە ئێمە چۆن بتوانی ئەو جمووجووڵە لە ناو خۆی ئێران بە قووەت بکەین. جیاواز لەوە ئیمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەمێکە لەو باوەڕەداین کە کێشەی کورد لە هەر



سەرچاوە
Serchawe

پارچەیەکدا ڕێگا چارەی خۆی هەیە. و بە پێ ئەو باوەڕە ئێمە بە دوای ئەوەدا دەڕۆین کە ئەو پێوەندی و عیلاقاتە لە گەڵ لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان بە قوەت بکەین بەڵام باشترین ڕێگا بۆ ئەو میکانیزمە ئەوەیە کە حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ خۆیان یەککرتوو و بە قوەت بن کە بە خۆشیەوە ئێستا کۆبوونەتەوە و ناوەندێکیان پێک هێناوە. هیوادارم ئەو ناوەندە نەتیجە دا بۆیە لێرە کەلیمەی هیوادارم بە کار دێنم و عەلەماەتی تەعوجوبی لە سەر دادەنێم چۆن بۆ خۆم سەردەمێک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان بووم. ئەو عەلامەتی تەعەجوبە بۆ ئەویە. ئێمە جارێ وایە کە عادەتیشمان گرتووە کە شرایەتێک دێتە پێشێ جوەکە تاثیرمان لە سەرد دادەنێ دەس دەکەین بە کۆبوونەوە دانیشتن کە جەوەکە دەنیشێتەوە ئێمەش دەنیشینەوە. لە پەراوێزی کونگرەی نەتەوەی کە لە هەولێر بوو یەکەمجار پێنج حیزبی کوردی، دوو دێموکرات و سێ کۆمەڵە بڕیارێکیان دا کە لەمەو بە دوا پیکەوە دابینشن تەب و تابی کونگرەی نەتەوەی نیشتەوە وویش تێدا چوو. ساڵێک پێش ئێستا لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە کوردستانی ئێران دیسان حیزبەکانێکەوە ئێتلاعیەیەکیان دا، کە هەڵبژاردن تەواو بوو ئەویش تێدا چوو. ئەوجاریش کە ئەو خۆپیشاندانانە لە نێو خۆی ئێران هاتۆتە گۆڕێ لە ژێر تاثیراتی ئەوە ئێمە لە گەڵ یەک کۆبووینەوە و هیوادارام ئەو جار ئەوە تێدا نەچێ. دەمهەوێ ئەوە بڵێم بوون و حزووری بەرنامەیەکی توکمە ستراتێژیک تەعینیی دەکا کە ئەوەی ئێمە لە کوردیدا پێ دەڵێن بە قەترە ئاوێک بە مەلە نەکەوین، کە مەلە بزانین بچینە نێو گۆمێکی گەورە. و ئەوە بۆ ئێمە کوردی ئێران غێر عەمەلی نییە دەکرێ و زۆر بە باشی دەکرێ. لە سەر ڕێفراندۆم دەمهەوێ ئەوە بڵێم کونگرەی شازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەندێکیی لە کونگرەکەدا هێناوە کە ڕێفراندۆمی بە مافی کوردی ئێران داناوە. بەڵامی گەورەشی لە دوای داناوە. دەڵێ ئەگەر حکوومەتی دوای لە دوای یەکەکانی تاران ئاوڕیان لە قەزیەی ئێمە نەداوە و چارەسەریان نەکردین ئەگەر موخالێفینیی کۆماری ئیسلامی بەوە نەگەیشتن کە کورد دەبێ مافی خۆی بدرێتێ و بە مافی خۆی بگا و زۆر ئەگەری دیکە ئێمە مافمان هەیە پەنا بۆ ڕێفراندۆم بەرین و ئێمە دەبێ کۆمەک بە تقەویەتیی بکەین تشویقی بکەین، شکستیی ڕێفراندووم لە کوردستانی عراق شکستیی ماف نەبوو حاڵەتێک هاتە پێشێ بە داخەوە وای لێ بە سەر هات و نابێ ئەو شکستە بە تایبەت لە سەر گیرانەوەی کەرکووک لە سەر ئێمە ببی بە ئەمری واقیع وەک تەجرووبەیەکی شکست خواردوو کە لە پارچەکانی دیکە پەنا بۆ ئەوە نەبەین ئەوە مافە کەنگێ تۆ دەیهێنییە گۆڕێ بە چە شیوەیەک دەیهێنییە گۆڕێ چۆنی مودیریەت دەکەی چۆنی بازی پێ دەکەی و چۆنی خەڵکەکەت ئامادە دەکەی ئەوەیە قەواعیدی بازییەکەی لە ئەستۆی ئێمەیە حیزبەکان چۆنی بە یەکەوە مودیریەت بکەین.

جا ئەگەر وایە دەبێ ئێمە ئەو شەمشیرە لەسەر ئێرانیەکان بە باش و بە خراپ بێڵینەوە بڵێین ئەوە ئێوەن ئێمە هاندەدەن ریفراندۆم بکەین ،ئەوە ئێوەن ئێمە هاندەدەن لە ئیران باسی جودایی بکەین .سەلاموعەلێکوم بەشدارمان بکەن با دەگەڵ یەک ئێران ئیدارە بکەین با ئێران هی هەمووومان بێ وەڵڵا ڕەنگە ئەمن وەک حیزبی دێموکراتیش بڵێم ریفراندۆم بکەین

کوردی ئێران ئەوەندە لە ئێراندا خۆی مورتەح ببینێ بلێ پێویستمان نیە جا بۆیە دەبێ ئەوە هەر لە جێی خۆی رایبگرین هەر دەبێ لەگۆڕێ دابێ یانی وەک شتێک ئێمە هەمان بێ.

ئەوەیکە خۆپێشاندانەکان لە ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە سەرکوب کرا ئەوەی کە حکوومەت ئێستا خەسارناسی دەکا و تێدەکۆشێ بە جۆرێک مودیرییەتی عەوارز و عەواقبی ئەو خۆپێشاندانانە بکا و بە پێی بەرژەوەندی خۆی کەڵکی لێوەربگرێ و تەنانەت جیناحەکانی نێوکۆماری ئیسلامی کەوتوونەتە گیانی یەکتر لەسەر ئەوەیکە ئەو نارەزایەتیانە بۆ وا وەسیع هاتە گۆڕێ ٣ پەیامی تێدایە پەیامی یەکەم ئەوەیە ئێران شڵەقاوە و خەڵک لە داهاتوو دا بە مناسبەتی جۆراوجۆر کە فورسەتیان بۆ هەڵکەوێتەوە دەڕژێنە سەر شەقام ئیعتڕازی خۆیان دەدەن جا کەوایە سەرەڕای ئەو سەرکووبە وانیە خەڵک دیسان زەمینەی وەیان تێدا هەیە کە بێنەوە گۆڕێ. پەیامی دووەم بە خودی دەسەڵاتداران بوو کە لە خەسارناسی خۆیاندا چۆنی بۆ بچن رەنگە چۆن ئێمە جار و بار دادەنیشێن لە ژوورەکانی خۆماندا تەحلیل و بەررەسی رووداوێک دەکەین ،ئەوانیش دانیشتوون رەنگە ئیوایە بڵێ ئیدامەی سەرکوب دەدەین ئیوایە بڵێ بڕێک ئیمتیاز دەدەین ئیوایە بڵێ بڕێک ئازادی و گوشایش دەدەین هەمووی ئەوانە دێتە گۆڕێ چۆن ئێمە سیاسەت دەکەین ئەوانیش سیاسەت دەکەنبە تایبەت ئەوان دەیان موئەسەساتی جۆراوجۆریشیان هەیە. پەیامی سێهەم بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە ئەوەی ئێوە دەتان هەوێ کێشەی ئێران فەقەت بە کێشەی ئەتۆمی و بەرجام پێناسە بکەن کێشەکە لەوە قوڵترە قەراردادی بەرجام بمێنە و نەمێنێ کێشە لە ئێران هەر دەمێنێ جا ئەگەر وایە ئێمە چۆن بتوانین لەوانە کەڵک وەربگرین نەهێڵین ئەوە بکەوێتەوە و کورد لە کوردستانی ئێران وەسڵی ئەوە بکەینەوە ئەوە کارێکی باشە هیوادارم لە داهاتوودا ئێمە هەموو لایەنە سیاسیەکان بتوانین ئاڵقەی پەیوەندی کورد دەگەڵ ئێرانیەکان بە قووەت بکەین. لێرەدا لە پەرانتز دا ئەوە دەڵێم جاروبار ئەو رەخنەیە لە ئێمە دەگیرێ و بە تایبەت لەخۆم گیرا دوای کۆبوونەوەیەک کە لە برلین دەگەڵ کۆمەڵێک ئێرانی تەنانەت هاوڕێی نێوحیزبی خۆشمان ئەرێ ئەوە چیە چتان لە ئێرانیەکان دەوێ ئەخۆ جێگای ئیعتیماد نین جێگای باوەڕ نین ئەو ئێرانیانە هەر درۆیە دەکەن ئەو حیزب هەر باوەڕی بە ئێمە نیە و ئەو شتانە دێتە گۆڕێ، ئەوە موشکلێک حەل ناکا زۆر سەریع لێرە دەڵێم ئارەزووم دەکرد قەزیەی کورد لە ئێران دەسەڵاتی مەزهەبی، میللی، سیاسی، ئیقتسادی و ئابووری ئێمە ئەوەندە بە قووەت بایە و لە مەوقعییەتێکی وادابایین باشترین رێگا ئەوەبوو سنوورەکەت دەگەڵ ئێران کێشابا وەکوو هەموو دەوڵەتانی دیکە، بەڵام ئەگەر بۆم نەکێشرێ مەجبوورم بچمە نێو قەواعیدی بازێکی دیکە جا ئەگەر لە کوردستانی ئێراق گەیشتە لووتکە ئێستا حکوومەتی هەرێم باشترین رێگای ئەوەیە کە تێبکۆشێ دەگەڵ بەغدا بە تەوافوقاتێک بگا بە مرووری زەمان ئەو کێشانە چارەسەر بکەن جا بۆیە ئێمە کە دەگەڵ ئێرانیەکان دا دەنیشین قسەیان دەگەڵ دەکەین بە دوای دۆست و هاوپەیمان و لێک نیزیک بوونەوە دەگەڕێین نابێ ئاوای بەرخورد پێبکەین نابێ بڵێی کاکە ئەرێ ئەو ئێرانیانە هەمووی شووینیستە و ئیحساسی دژی فارسیمان هەبێ، ئەدی دەگەڵ کێ چارەسەری بکەم ئەخە منی کورد لە ئێران ئەوەندە بە دەسەڵات نیم بە تەنێ بیرووخێنم ئەگەر

ئەوانیش دەگەڵ خۆم نەخەم و دۆست پەیدا نەکەم سبەینێ ئەوە کۆماری ئیسلامی رووخا دەبێ ئەمن هێندێک دۆستم لە تاران هەبێ دەی دەگەڵ وان دادەنیشم کێشەی کورد چارەسەر دەکەم بۆیە هیوادارم ئێمە بە قبوڵی واقعییات و بۆ تێگەیشتنی ئەوە بچینە نێو ئەو بازییە. جا ئەگەر وایە لەو پەیوەندیەدا من بە نیسبەت خۆمان و داهاتووی خۆمان و داهاتووی فەزییەی دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێران و مافەکانی خۆمان خۆشبینم بەڵام هەوراز و نشیوی هەیە بۆیە خۆشبینم ئێران زۆر شڵەقاوە من بۆخۆم ساڵێک پێش ئێستا پێشبینی ئەورووداوانەم نەدەکرد بەراستی لە شەقامی ئێرانی غەیرە کوردی شوعاری مەرگ بەر دیکتاتۆر بدرێ و ساختار شکەنی بکەن و مەرگ بەر خامنەیی بدرێ ئەو موقەدەساتە وردە وردە شکا رێگاکەی ئەوەیە ئیدامە کاری هەبێ.

بە نیسبەت پارچەکانی دیکە بە نیسبەت باشووری کوردستان لە وێش هەر خۆش بینم لەگەرمەی ئەو رووداوانە ئەمن لە واشینگتۆن بوون لە وتوویژێکی دەگەڵ رووداو دا باسم کرد گوتم لە روانگەی خۆمەوە کاروانی بەسەرهاتی کێشەکان لە ئێراق کۆتایی نەهاتووە ئێراق ئێستاش سوئالی لەسەرە تێکەڵاو بە کۆمەڵێک کێشەی کردووە ئێران مەعلووم نیە چی لێدێتەوە جابۆیە ئێستاش لەو باوەڕە دام ئەگەر لەو شوێنەڕا دەست پێبکەین لە کوردستانی ئێراق لایەنەکان یەکگرتووبن، یەکگرتووبن ئەمن خۆشبینی و گەشبینێکم تێدا هەیە بەجۆرێک لەداهاتوودا ولا بداتەوە بەڵام هەر حیزبەی بۆخۆی بچێتە بەغدا و هەر حیزبەی بۆخۆی بچێتە تاران و هەر حیزبەی بۆخۆی بچێتە ئانکارا و هەر حیزبەی بۆخۆی بچێتە دمشق نابێ ، نابێ، نابێت. ئەمن ئارەزووم دەکرد ئێمە لە کوردستانی ئێران بەشێک لەوانە نەکەین سبەینێ ئەگەر ئێمەش لە وێ بووین موئەسەساتی خۆمان هەبوو هەر حیزبەی لە ژێرەوە بە جۆرێ دەگەڵ لایەک نەگرێ ئەوە بەڵایەکی زۆر گەورەیە دەگەڵ بەغدا با بەیەکەوە مەعامله بکەن بە چاک و بە خراپ قەیدی نیە با لە کوردستان بێنەوە رقابەتی ئینتیخاباتی خۆیان بکەن بەڵام ئەگەر چوونە بەغدا یەک قسەیان هەبێ یەک پرۆژەیان هەبێ یەک داوایان هەبێ یەک سیگناڵ بدین بە بەغدا پێی بڵێن ئێمە لە کوردستان ئەگەر یەکتریش بشکێنین بەڵام لێرە دیفاع لە یەکتری دەکەین هیوادارم ئەو دیاردەیە تەواو بێ و نەیەتە کوردستانی ئێران و نە چێتە پارچەکانی دیکە بەڵام لەسەر وێ خۆشبینم. لەسەر کوردستانی سووریە یان رۆژاوای کوردستان ئەوان لە فازی یەکەمدا چاک چوونە پێشێ منیش ئێستا تەمەنم بڕێکی بەبەرەوە ماوە دەڵێن ئارەزوو لە جەوانان عەیب نیە، ئارەزووم دەکرد ٥٠ ساڵ پێش ئێستا بە قەولی ئەحمەدی خانی کورد شایەکی هەبایە باوەڕی بە دێموکراسی نەبایە باوەڕی بە فرە حیزبی نەبایە باوەڕی بەو کەلیمات و جوملە سەیر و سەمەر و خۆشانە نەبایە بەڵام دەوڵەتی کوردی درووست کردبایە بەڵام ئەو ئارەزوویە نەبوو ئیدی، جا بۆیە ئەو ئارەزوویە هی دەورانی جەوانیە کە ئەو وەختە ئەمن ٥ ساڵە بووم ، بەڵام ئارەزووی ئێستا بکەم ئەوەی لە کوردستانی سووریە هاتە گۆڕێ جار و بار بۆخۆشم دەمگووت ئەرێ بۆ حیزبەکانی دیکەش لەوێ فەعالییەت ناکەن کە دەبێ فەعالییەت بکەن بە دێموکراسی جاروبار دەڵێم ئەرێ ئەگەر ٢ یان ٣ حیزبی چەکداری دیکەش لە وێ بان بڵێی کوردستانی سووریەش وای لێنەهاتبایە؟ زۆرجار ئەوە دەڵێم

کە فکر لەوانە دەکەمەوە دیسانەکانی ترس و دڵەڕاوکێ دێتەوە لام دەڵێم ئەرێ حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشمەرگەی هەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشمەرگەی هەیە، کۆمەڵە، کۆمەڵە، کۆمەڵە ٦و ٧ی دیکەش پێشمەرگەیان هەیە بەراستی سبەینێ لە کوردستانی ئێران شەڕایتێک بێتە پێشێ ٨ ، ٩ چەکداری نیزامی چ بەسەر ئەو خەڵکەی دێنێ؟ تەرحی ئەو باسانە و هاتنەوە بۆ نێو ئەو باسانە بە قەولی سوقرات ئەو سوئالە درووست دەکا وردە وردە بە دوای دا بڕۆین ئەو بازییانە بەسە جارێک دوو جار سێ جار، ئەخر ئەخۆ کوردستانی ئێراق چاو لێبکەین رابردووی پارتی دێموکرات و یەکێتی نیشتیمانی کاروانی خوێنە لە خەبات و تێکۆشاندا ئەخۆ حیزبی دێموکرات ئەگەر هەر دووکیان ئیلاقاتێکی دوور و درێژ و لە مێژینە هەیە یەکتر دەناسین حەق وابوو ئەو دوو حیزبە بۆ هەتا هەتا دوو پێشمەرگەیان نەبا دوو ئیدارەیان نەبا هەر دووکیان لەوێدا رەخنەیان لەسەرە جا هیوادارم دەرسیان لێوەربگرین هەموولایەک لەداهاتوودا کۆمەغ بەوە بکەین کە دەرسیان لێوەربگرین. بە نیسبەت تورکیە لە جێگایەک بەجێم هێشت دیخالەت ناکەم من لە هیچ پارچەیەکدا چوون لەو باوەڕە دام بەرژەوەندی هەر پارچەیەک بۆخۆیان دەزانن و حیزبەکی منیش دیخالەت ناکا ئەو بەشەی کە باسم کرد دەردی دڵە بەڵام ئارەزووم دەکرد نەتیجەی ئینتیخاباتەکەی تورکیە کە کورد ٨٠ پارلمانی هەبوو وازوو تێک نەچووبایە ئەو لایەی کە باش نەجووڵاوە بۆچوونێکی دیکەی هەبوو ئەویش بە سیاسەتەکانی خۆی دا بچێتەوە فورسەت لەوێ لە دەستدرا زۆر رەنگە فورسەتی دیکەش هەڵکەوێتەوە ئایا لە دەستی دەدەین؟ ئەگەر لە کوردستانی ئێران وردە وردە ئاڵوگۆڕ مکان جۆرێک بوو بەڵام بە مەیلی منی دێموکرات یان کۆمەڵە یان لایەکی دیکە نەبوو جەمعێک لەوێ شتێکیان درووست کرد و ئەو جەمعە شتەکەیان وردە وردە هاتە گۆرێ بە شێوەی خۆیام کوردایەتیان کرد و مەسائیلیان هێنا گۆڕێ حیزبێکی دیکەی کوردی کە لەدەرەوەی ئەو بازنە دایە دەبێ زۆر زوو ئیجازە بە خۆی بدا و بەوانە بڵێ جاش و خائین و خۆفرۆش، زۆر زوو بە وانەی لە نێوخۆی وڵات کار دەکەن بڵێین سەر بە ئێرە و ئەوێنە؟ نا. هەبوە لە نێو ئێمەدا. کابرا لە نێوخۆی وڵات کار و فەعالییەتی کردووە بانگیان کردوە بۆ سپای پاسداران دەیگرن زیندانی دەکەن بەڵام بەعزێک لەو ئینسانانە لە روانگەی هێندێک کەس لە دەرەوە یان لە روانگەی هێندێک لایەن ئێستاش گومانیان لەسەر درووست دەکەن من ئەو کێشانەم بۆخۆم بینیوە هاتۆتە لای من دەردی دڵی کردووە ئەرێ بابە ئێمە چمان کەمە هەر ئەوەی کە ئێمە نەهاتووین لەباشوور بمێنینەوە یان نەچووین لە ئوروپا نامێنینەوە یان نابینە پێشمەرگە؟ کۆمەگ بکەین با ئەو ئەقلییەتە نەبێ ئەوانیش حەقی گلەییان هەیە لە نێوخۆی وڵات بڵێن بۆواتان بەسەر ئەو حیزبانە هێنا بۆ بەرژەوەندی و شەڕی دەسەڵات دێموکراتتان کرد بە دوو بۆ بەرژەوەندی و شەڕی دەسەڵات کۆمەڵەتان کرد بە ٧ ٦ ، ٧ حیزبی دیکەشی لە تەنیشتی لە درووست بووە. دەی کەوایە ئەو حەقانە ئاوا ببینین کە هەمووی ئێمە بە یەکەوە مولکی یەک میللەتین و لە نێو یەک کەشتی داین دەبێ لە راستی دا ئاوا چاو لە مەسەلەکە بکەین. هیوادارم ئەو جەمعەی کە لە دەرەوەیە لە بۆچوون و لێکدانەوە و تەشویقی فەعالییەت لە نێوخۆی وڵات بکەن ،ئیعتیماد بە نەفسیان بدەنێ، کۆمەغ بە وەحدەت و یەکگرتوویی ئەوان بکەن، ئەوان بەوجۆرە قبوڵ بکەین کە ئەوان لە وێنە نەک بەوجۆرەی کە ئێمە لێرەین و بە کەیفی خۆمان دەتوانین شوعار بدەین ئەگەر ئاوا بچین



سەرچاوە
Serchawe

پردی ئێمە دەگەڵ وان بەقوەتتر دەبێ و لێک حاڵی بوونەکەش باشتر دەبێ ئەو وەختە ئێمە لەدەرەوە و ئەوانەی لە سەرکردایەتی حیزبەکان لە باشووری کوردستانن و ئەوانەی نێوخۆی وڵات سێ تەیفین بە سێ تەجرووبە لە پێناو مەبەستێکی هاوبەشدا ئەوە مەوزوعەکەی ئێمە لە کوردستانی ئێران دەوڵەمەند دەکا.

ئێوە هەر ماندوو نەبنەوە و ساغ و سڵامەت بن.

ئامادەکردن بۆ بڵاوکردنەوە: سەعید باختە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی فێبریوێری ٢٠١٨

-------------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: دەبێ «نەتەوەسازی» بکەین و ئەوەش ئەرکی هەمووماننە لە هەموو بەرەکاندا




ئێران بەرەو کوێ دەڕوا و دوا وێستگەی ناکۆکی و ململانێی ئێران و ئەمریکا چی دەبێ؟ کورد لە کوێی هاوکێشەکانی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا جێ دەگرێ؟ دەسکەوتەکانی خەباتی مەدەنی چین و بۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ستراتیژیی ڕوون و هاوبەشیان بۆ خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتدا نییە؟ پێگەی کوردستان لە ئێرانی داهاتوودا چ دەبێ؟

«کوردستان» ئەو بابەتانەی لەگەڵ خالید عەزیزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێناوەتە بەرباس:

**کوردستان:** بەپێی هەلومەرجی سیاسیی ئێران و قەیرانەکانی بەردەم ئەو ڕێژیمە بە تایبەتی دوای گەڕی نوێی گەمارۆکانی ئەمریکا لە دژی ئەم وڵاتە، خوێندنەوەی بەڕێزتان لە ئێستای ئێران و ڕەوشی کوردستان چییە؟

**خالید عەزیزی**: کاتێک باسی ئێران دەکرێ تەبیعەتەن خەڵکی میدیاکار و خەڵکی ئەهلی قەڵەم و نەزەرساز و ئەوانەی لە نیو خەڵکدا بە ڕووناکبیر و سیاسەتمدار ناسراون و، چ ئەوانەی حیزبین و چ ئەوانەی لە ئۆپۆزیسیۆن دان؛ هەموویان لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆی هەیە. بەڵام جیاوازی لێکدانەوەکان لەوە دایە حیزب و لایەنە سیاسییەکان بە مەبەست دەچنە نێو ئەو گۆڕەپانە و بە مەبەست لێکدانەوە دەکەن و بە دوای ئاکامدا دەگەڕێن. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا هەمیشە هەوڵمان داوە کە چوارچێوەی لێکدانەوەکەمان ئەوە بێ کە تەنیا بە ڕواڵەتی مەسئەلەکە قەناعەت نەهێنین. لێکدانەوەی بارودۆخی ئێران و کۆمەڵگەی ئێران و کێشەکان لە هەموو بوارەکاندا تا ئێستا ئەو سووڕەتی مەسئەلەکەیە و بە باشی باس کراوە و لێک دراوەتەوە و شتی شاراوەشی تێدا نییە. ئەوەی کە دەڵێم شتی شاراوەی تێدا نییە تەنانەت لە نێوخۆی وڵاتیش خەڵک باسی گیر و گرفتەکانیان دەکەن و هۆکارەکەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئێران گەیوەتە هەڕەتی «لێکترازان و هەڵتەکانی کۆمەڵایەتی».

پرسی ئێران وەک مەسئەلەیەک دەچێ کە موعادەلەیەکی چەند مەجهوولییە. واشینگتۆن لە نێو چارەسەرەکاندا بەدوای حەلی خۆیدا دەگەڕێ، دەسەڵاتداران لە تاران بە شێوازی خۆیان بەدوای چارەسەری گرفتەکانیانن؛ سروشتییە ئۆپۆزیسیونی ئێرانیش بە دوای حەلێک دایە و لەو نێوەدا کۆمەڵانی خەڵک ماوەنەتەوە لە نێو ئەو هەموو حەل و ئەو هەموو ڕێگاچارەیە. ئەوەی ڕۆژانە زەرەر دەکا، ئەوەی ڕۆژانە لە بێکاری و لە نەبوونی هەلی ژیانی باش و دۆخی لەباری کۆمەڵایەتیدا تووشی زیان دەبێ، هەر خەڵکە.

**کوردستان**: بە لەبەرچاوگرتنی ئەم شەڕەدندووکەی ئێران و ئەمریکا، ئایا پێویست دەکا کورد و بزووتنەوەی کورد خۆی بە کێشەی تاران و واشنگتۆنەوە سەرقاڵ بکا؟

**خالید عەزیزی**: هەر شتێک لە پیوەندی لەگەڵ ئێراندا بێتە گۆڕێ چ لە بەستێنی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسیدا، چ لە نێوخۆی ئێران و خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵک لە دژی ئەو نیزامە و، چ کێشە نێوخۆییەکانی نێو نیزام؛ ئەوانە هەمووی پێوەندیی بە ئێمەوە وەک کورد هەیە. هۆیەکەشی ئەوەیە ئێمەی کوردی ئێران تا ئەم کاتەش چارەسەری کێشەی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینین جا ئەگەر وایە ئێمە ناتوانین خەمسارد و بێتەفاوت بین، بۆیە دوو ئەرکمان دەکەوێتە سەر شان. یەکەم ئەوە کە لە نێو خۆماندا، چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوە بە دوای ئەوەدا بڕۆین کە ئادرەسێکی بەهێز دروست بکەین و ناوی ئادرەسەکەش کوردی ئێران بێ. دووهەم ڕێکخستنی خۆمان لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوەی وڵات لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا.

**کوردستان:** جەنابت زۆر جار باسی ئادرەس دەکەی. بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە پێشینەی ٧٥ ساڵ خەبات بۆ نەبووەتە ئادرەس؟

**خالید عەزیزی:** وڵامەکەی زۆر ئاسانە. ئێستا لە دنیادا نیزیک بە دووسەد وڵات هەیە کە بەشێک لەوانە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دروست بوون. بۆیە دەڵێم بوون بە وڵات و میللەت بە تەئکیدەوە لەوێدا ئادرەس دەدرێ کە ئیرادەی دەوڵەت دروستکردنت دەبێ یا ئیرادەی ڕزگاریی خۆت! لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و لە ئافریقا یا لە خوارەوەی ئاسیاش چاویان لێ بکەین. کاتی خۆی نە دەیانزانی دێموکراسی چییە و نە دەیانزانی فرەحیزبی چییە و نە دەیانزانی ئەو چەمکانەی کە پیوەندییان بە ماف و بەو شتانەوە هەیە چ مانایەکیان هەیە؛ بەڵام بە هەر هۆیەک بوو توانییان ئەدرەسێک دروست بکەن. جا یا ئەفسەرێکی نیزامی کودیتای کردووە، یان سەرۆک عەشیرەتێک خەڵکەکەی کۆکردووەتەوە، یان وردە وردە کەسیک بووە بە سیمبۆلی نەتەوایەتی و، توانیویەتی خەڵک لە دەوری خۆی بهاڵێنێ. ئێستا لە بەختی ڕەشی ئێمە، نەمانتوانی بە وتەی ئەحمەدی خانی کە بە دوای «شا»یەکدا دەگەڕا، کورد نەیتوانی ئەو شایە دروست بکا و هەموو کەس لە دەوری کۆ ببێتەوە. ئێمە کە کاتی خۆی ئەوەمان بۆ نەکراوە، ئێستاش کەوتووینەتە نێو کۆمەڵێک مەقوولاتی جۆراوجۆر و ئەو بابەتانەش لە ژیانی حیزبایەتی و لە فرەحیزبی و لە دێموکراسی و لەو چەمکانەدا خۆی پێناسە دەکا کە هەموویان باشن بۆ ئیدارەی وڵات، بەڵام قەرار نییە هەموو ئەوانە لەجێدا باش و بەوەخت بن بۆ خەباتی میللەتێک کە خەریکی ڕزگارکردنی خۆیەتی، میللەتێک کە لەو کاتەدا پتر لە هەموو شتێک پێویستی بە یەکڕەنگی و یەکدەنگی هەیە.

یەکێک لە کێشەکانی ئێمە کە بۆخۆمان وەک کورد نەماتوانیوە ببین بە ئادرەس هۆیەکەی ئەوەیە حیزبی زۆرمان هەیە و هەر حیزبە و بە ڕێە و پێوانەی خۆی چاو لە دنیا دەکا. دەبینی ئەم حیزب یان ئەو حیزب چاو لە سووڕەتی مەسئەلەکە دەکا و لە نەتیجەگیرییەکەیدا ئەگەر حیزبەکەی خۆی بە یەکەم نەبینێ، مل نادا و ئامادە نابێ بۆ هیچ سازان و ڕێککەوتنێک. جا بەداخەوە ئەوە گرفتێکی گەورەی ئێمەیە، بەڵام ئێمە بە قبووڵکردنی ئەو گرفتە و واقعیاتەش هەر ناچارین بە دوای ڕێگاچارەیەکدا بڕۆین. ڕێگاچارەکەش لە ڕوانگەی منەوە ئەوەندەی پێوەندیی بە نێوخۆی وڵات هەیە، «میللەتسازی» بە مانا سیاسییەکەیەتی لە کوردستانی ئێراندا؛ کە بە یەکەوە لە شتە هاوبەشەکاندا ئەوەندە یەکگرتوو و یەکدەنگ بین کە لە هەموو فرەچەشنییەکانی کوردستانی ئێران کەڵک وەربگرین. هەروەها هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی لەنێو حیزبەکانی کوردستان کە تا ئێستا بەداخەوە جێبەجێ نەبووە.

**کوردستان:** کاک خالید یانی جەنابت دەفەرمووی ئەم حیزب حیزبێنە و ئەوەی ئێتستا بە پلۆرالیزم ناو دەبرێ زیانی بە بزووتنەوەی کورد گەیاندوە؟ یانی ئەمە لەجیاتی ئەوەی دەرفەت بێ هەڕەشە بووە؟



سەرچاوە
Serchawe

**خالید عەزیزی**: ئەمن زۆر جار گوتوومە، ئەو بۆچوون و ئەو لێکدانەوەیەی کە دەڵێ ئەوە دێموکراسییە و ئازادییە و هەرکەس پێی خۆشە با حیزب دروست بکا و با هەموو جۆرە حیزبێک هەبێ، ئەوە بە شتێکی زۆر خراپ دەزانم. ئەمن پێموایە لە ئێستادا فرەحیزبی ئاکامەکەی لەگەڵ یەک نەسازان و نەحاوانەوە و تمووحی دەسەڵاتە و لەسەر ئەساسی زەرووڕەت و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران نییە؛ جا بۆیە ئەو فرەحیزبییە کە ئێستا ئێمە هەمانە لەسەر بنەمایەکی واقعی دروست نەبووە. هەر بەو دەلیلە ئەوە کێشەکان دروست دەکا و لەو حاڵەتەدا حیزب و ڕێبەرانی حیزب زۆرتر وڵامدەری گلەیی و گازەندەی ئەندامانی خۆیانن تا ئەوەی کە پرسەکانی کۆمەڵگە چین و کۆمەڵگە بە کام ئاقاردا هەنگاو دەنێ. ئێمە هەموومان کەم و زۆر لەو بازنەیەدا گیرمان کردووە، ئەگینا ئەو چەمکانەی کە ئێستا ئێمە هەموومان ژێستیان پێوە دەگرین، زۆر دێموکراتین، ڕەچاوی ماف دەکەین، لە نێو حیزبەکانی ئێمەدا دێموکراسی هەیە و تەنانەت ئەندامی حیزب لە نێو حیزب و لە دەرەوەی حیزبیش هەرچی پێی خۆش بێ دەیڵێ، ئەوانە بەڕاستی قەواعیدی بازین لە کۆمەڵگەدا، لە ئیدارەکردنی وڵاتدا. بە گوێرەی قانوون تاک و کۆمەڵگە و ئۆرگانەکانی لەیەکتر دەپرسنەوە و بە دوای ڕێگاچارەکاندا دەگەڕێن.

**کوردستان**: لە ڕووداوەکەی مەریواندا کە چوار ژینگەپارێز گیانیان لە دەست دا، بینیمان هەر زوو کۆمەڵگە و شەقام ناوی شەهیدی لەسەر دانان و ئەمە دەنگدانەوەی زۆری لە نێوخۆی وڵات و تەنانەت دەرەوەشدا لێ کەوتەوە. تەنانەت وای لێهات لە نێو حیزبەکەنیشدا بوو بە ڕکەبەرایەتی لەسەر خۆ بەخاوەنکردنی. ئێمە ئێستا ئەو شێوە خەباتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبینین. خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەوە مەوزوعاتە چییە؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە کە پێشمەرگەکانمان لە نێوخۆی وڵاتدا حزووریان دەبێ و کاتێ بۆ بەرگری لە خۆیان لەو هێرشانەی دەکرێتە سەریان شەهید دەبن، کۆمەڵگە زۆری پێ ناخۆش دەبێ و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەوەندەی بتوانێ هاودەردی لەگەڵ ئێمە و بنەماڵەکانیان دەکا. چالاکانی مەدەنی و ژینگەش کە لە مەریوان شەهید دەبن، کۆمەڵگە هەر بەو ئەرزش و بایەخانە ڕێز لەوان دەگرێ و لە بیریان ناکا و ئەوانیش دەبن بە فەخری ئەو میللەتە. ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە دژی کۆماری ئیسلامییە. ئەو قوربانییانەی کە ئیمە دەیدەین لەو خەباتەدا، چ ئەوانەی زیندانین و ئێعدام دەکرێن، ئەوانەی لە هەلومەرجێکی ناخۆشدا و لە سەنگەری خەبات لەدژی ئەم ڕێژیمەدا ماونەتەوە، چ پێشمەرگە بێ و، چ ئەندامی حیزب بی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، چ ژینگەپارێز بێ و چالاکی مەدەنی؛ ئێمە هەمووممان لە یەک کەشتی داین، ئەویش کەشتیی ڕزگارکردنی کورد لە کوردستانی ئێران و بە ئامانج گەیشتن و وەدیهێنانی مافەکانمانە.

ئەمن هیوادارم ئەو ڕووداوانە ئەهەمیەتی کار و تێکۆشانی ئەو خەڵکە کە لە نێوخۆی وڵاتدا کار دەکەن باش جێ بخا و، هیوادارم ئیمە لەو خەباتە فرەڕەهەند و هەمەلایەنەیەدا ئاڵقەی پێوەندی و لێکحاڵیبوون لەگەڵ یەک ببینینەوە. چ ئەوانەی بەهەر هۆیەک لە وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا و بە گشتی لە دەرەوەی وڵاتدا دەژین و باسی ئێران و داهاتووی ئێران و مافەکانی کورد دەکەن، چ ئەوانەی لە نێوخۆی وڵاتدا هەر ئەم ئامانجانەیان هەیە، چ ئەوانەی لە ڕیزی حیزبە سیاسییەکاندا لە شێوەی پێشمەرگانەدا هەوڵی بۆ دەدەن، ئێمە دەبێ خاڵی هاوبەشی هەموو ئەوانە بدۆزینەوە و کاریان لەسەر بکەین. جاروبار بۆخۆم زۆر لەوە نارەحەت بووم کە خەڵکانێک هەلومەرجی چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێز و هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی و ئەدەبی لە نێوخۆی وڵاتدا دەرک ناکەن، جاری وایە ئەرکی زۆر گەورەیان بۆ دادەنێن، یا جاری وایە دەرکی شەڕایەتی ئەوان ناکەن و بەداخەوە ناو و ناتورەشیان لەسەر داناون. جا ئێمە دەبێ هەمووما یەکتر بەو جۆرەی کە هەین قبووڵ بکەین و ئەوەشمان لە بیر نەچێتەوە مەیدانی ئەسڵیی خەبات و تێکۆشانی کوردی ئێران دژی کۆماری ئیسلامییە و، پرسی ئەسڵیی ئێمە نەتەوەسازییە و جێخستنی خۆمانە. چونکی نازانین ئێران چیی لێ دێتەوە لە داهاتوودا و بۆ ئەوەی لە سیناریۆ ناڕوونەکاندا نەدۆڕێین، دەبێ هەموومان پێکەوە لەو مەیدانەدا بە یەکەوە کار بکەین.

**کوردستان**: کاک خالید کە مەوزووعێکی وەکوو ئەوەی مەریوان ڕوو دەدا، یەکریزی و یەکگرتوویی خەڵک ڕوون و بەرچاوە، بە پێچەوانەش پەرش و بڵاویی حیزبەکانە کە لەچاو دەدا. خەڵک فێربووە شەقام بکاتە گۆڕەپانی داواکارییەکان و خۆ ئەگەر لە هەر بەرپرسێکی حیزبیش بپرسین کەس خەباتی مەدەنی و جموجوڵی نێوخۆی وڵات ڕەت ناکاتەوە. ئەدی بۆ ئەمە نەبووەتە ستراتیژیی حیزبەکانی کوردستان؟

**خالید عەزیزی**: بەشێک لە خەبات و تێکۆشانی ئێمە حیزبەکان لە ڕاستیدا بەرپەرچدانەوەیە بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی، یا کار لەسەر ڕووداوێکە کە دێتە پێشێ. خۆ ئەگەر ئەو ستراتیژییەی تۆ باسی دەکەی ببێتە بنەمای کاری هاوبەشی هەموومان و پێناسەی بکەین و بە دوایدا بڕۆین، بۆ ئەوە ئێمە دەبێ تەعریفێکی دیکە لە ئێران، داهاتووی ئێران و پرسی کورد بکەین. ئێمە حیزبەکان و ئەمنیشی لەگەڵ بم وەک ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕەنگە بە ئەندازەی پێویست شەهامەتی ئەوەمان نەبووە بە دووی ئەوەدا بڕۆین. جاروبار ئەمن هەست دەکەم هەموومان نیگەرانین لە پێناسەیەکی دیکەی ئێران و داهاتووی ئێران و خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات و ئەوە ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی کە تۆ بەرچاوڕوونیت هەبێ و بە دوای ستراتیژییەکی کۆنکرێتدا بڕۆی و کاری لەسەر بکەی.

حیزبەکان دەبێ هەمووی یەکگرتوو بن و لەسەر ئەو یەکگرتووییە گرێبەست و کۆنتراکتیان لە نێوان خۆیاندا هەبێ و دەبێ هەموو بەرێوەی بەرن. مادام بەڕێوەیان برد، ئەوە ڕوحی ستراتیژی و ئەوەی کە لایەنی جۆراجۆر خۆی تیدا ببیننەوە، بەهێز

دەکا؛ بەڵام ئەگەر ئەوە نەبوو هەر حیزبەی لەهەر چوارچێوە و مەیدانێکی کاری هاوبەشدا جارێ پێش هەموو شتێک لەوە دەگەڕێ بزانێ حیزبی خۆی چەندە دەتوانێ دیار بێ و، ئەگەر ئەوە نەبوو کەمتەرخەمی دەکا لە شتە هاوبەشەکاندا. بۆیە دەڵێم ڕەنگە ئەو گلەییە لە حیزبی خۆشمان هەبێ و لە حیزبەکانی دیکەش هەبێ تا ئەو ڕووحە بەهێز نەکەین، لە ڕاستیدا نە ئەو ئادرەسە بەقووەتە دروست دەبێ و نە پرۆسەی میللەتسازی بە مانا سیاسییەکەی پێ دەگرێ.

**کوردستان:** **کاک خالید پێناسەی نوێ لە ئێران یانی چی؟ مەبەستت چییە کە دەفەرمووی پێناسەیەکی دیکە لە خەباتی کورد؟ ئایا کورد لەو شێوە خەبات و سیاسەتەی ئێستایدا هەڵەی کردووە؟**

**خالید عەزیزی:** لە ڕواڵەتدا ئێمە هەموو ئێران و نیزامی سیاسیی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتەدا دەناسین، ئێرانێک بە هەشتا میلیۆن حەشیمەت و جۆرەها ئایین و ئایینزا و پێکهاتەی ڕەنگاوڕەنگ و، نیزامێکی سیاسی کە لە ناوچەکەدا بۆ ڕزگارکردنی خۆی بە داوای کێشە دروستکردن بۆ خەڵکی دیکەدا دەگەڕێ و داهات و سامانی خەڵکی ئێران بۆ ئەو مەبەستانە خەرج دەکا و خەڵکی ئێران برسی ڕادەگرێ. لە تەنیشت ئەوەشدا جموجۆڵی مەدەنی و چالاکیی مەدەنی و خەباتی مەدەنی هەیە و تەنانەت جاری وایە ناڕەزایەتی لە دۆخی ئابووری دەبێتە دروشمی سیاسی بە دژی نیزام و دەیباتە ژێر پرسیاریش. بەڵام خوێندنەوە نوێیەکە ئەوەیە کە ئەو نیزامە سیاسییە ٤٠ ساڵە بەو سیاسەتانەی هەر لە جێگای خۆیەتی. ئایا خوێندنەوەی ئێمە هەر ئەوە خوێندنەوەیەیە کە ٤٠ ساڵ پێش ئێستا کردوومانە؟ ئایا پێویستیی بە گۆڕان و پێداچوونەوە نییە؟ بۆیە دەڵێم خوێندنەوەی نوێ، چونکی لە بۆچوون و لێکدانەوەی زۆربەی زۆری حیزبەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێران ئەو خوێندنەوە نوێیەی نییە، چۆنکی هیچ شتێک لەوە خراپتر نییە حیزبێکی سیاسی، سیاسەت لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک جودا بکاتەوە. بەشێکی بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەو دروشمانە بووە کە٤٠ ساڵە لە دژی کۆماری ئیسلامی دەیدا. لە حاڵێکدا بەشێک لەوان لە زۆر لە واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی خۆیان دوور بوون و لە تەواوی ئەو دەرفەتانەی کە هاتوونەتە گۆڕێ، نەیانتوانی پردێکی بەهێز لە نێوان خۆیان و کۆمەڵگەدا دروست بکەن. بۆیەشە سەرەڕای ئەوەی لە شەش_حەوت مانگی ڕابردوودا ئەو هەمووە مانگرتن و خۆپیشاندانە دێتە گۆڕێ و ئێستاش ڕێگەوشوێنی دیار نییە، ئێستاش ئەو خەڵکە دەڵێن جمهووری ئیسلامی دەبێ بڕوا، بەڵام نازانن بڵێن کە کێ بێ لە جێگای دابنیشێ؟ جا ئەمن بەشێکی خوێندنەوەی تازە لەوەدا دەبینم کە کۆمەڵگەی ئێران لە گۆڕانی بەردەوام دایە، شعووری سیاسی دەچێتە سەرێ و وڵاتێکی خوێندەوارە و ئەوەندەی لە ئێران دەرچووی زانکۆ هەیە و بێکارن، لە هیچ جێگایەکی دنیا نییە، بۆیە هیوادارم هەموو حیزبەکان هەست بەوە بکەین کە کۆمەڵگە لە حاڵی پێشکەوتن و گۆڕان دایە. لەولاش گوتاری بەشێک لەو حیزبانە ئێستاش زۆر کۆنە، هەست دەکەم لەو کۆمەڵگەیە دوورن ئەوەیە دەڵێم، دەبێ خوێندنەوەیەکی نوێ بکرێ.



سەرچاوە
Serchawe

**کوردستان:** لە مانگی بەفرانباری ساڵی ٩٦ وە ڕۆژ نییە لە ئێران خۆپیشاندان و مانگرتن نەبێ، بەڵام وەک دەبینین شێوەی ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان جیاوازتر و سیاسییانەترە. ئەوە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟

**خالید عەزیزی:** ئەوەی کە کوردستان وەک بەشەکانی دیکەی ئێران نییە، ئەوە هۆکارێکی تایبەتی و پاشخانی خەباتێکی دەیان ساڵەی لە پشتە. ئەوەی کە سەرەڕای هەموو ئەم زوڵم و زۆری و بەئەمنییەتیکردنی کوردستان، بەڵام کەم و زۆر لە چەند ساڵی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر ڕژاونەتە سەر شەقام و بە جۆرێک قەیرانیان بۆ دەسەڵات ساز کردوە و نیشانیان داوە کە ئێمە وا بە ئاسانی لە کۆماری ئیسلامی قبووڵ ناکەین؛ ئەوەیان دەگەڕێتەوە سەر فاکتەری خەباتی نەتەوایەتی و تایبەتمەندیی پرسی کورد لە ئێران. ئەگەر ئێمە هەموومان و حیزبەکان بمانەوێ میللەتسازییەکی دەقیق لەسەر ئەو بزاوتە بکەین و لەوە دا هەموو یەکگرتوو بین، ئەوە باشترین سەرمایەی ئێمەیە بۆ داهاتوومان لە هەموو حاڵەتەکاندا. لەبەر ئەوەی سەرمایەیەکمان هەیە میللەت پێی داوین، تەبیعەتی کوردستان و سروشتی نیشتمانەکەمان پێی داوین، کوردایەتی پێی داوین، پێشمەرگایەتی پێی داوین کە ڕیشەکەی دەچێتەوە کۆماری کوردستان و ڕەئیس جەمهووری کوردان پێشەوا قازی محەممەد. ئێمە لەو سەرمایە گەورەیە نەمانتوانیوە باش کەڵک وەربگرین.

**کوردستان:** بۆ نەمانتوانیوە؟

**خالید عەزیزی:** هەر لەبەر کێشەی حیزبی و ململانێ و نەبوونی ستراتێژی لە هاوکێشە ناڕوونەکاندا. بەڵام دیسان ئێمە دەکرێ ئاشتەواییەک بکەین لەنێوان حیزبەکان و کۆمەڵگەی کوردستاندا. کە دەڵێم ئاشتەوایی بەو مانایە نییە کە بڵێم کێشە لە گۆڕێدا هەیە، بەڵام حەق وایە ئێمەش ئاوڕێکی دی بدەینەوە لەوەی کە لە کوردستانی ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەگوزەرێ. خەڵک دێنە مەیدان بەڵام بەشێک لە ئێمە بە جیدیمان نەگرتووە، بەشێک لە حیزبەکان گیریان کردووە لە هێندێک حەماسەت و نۆستالژی و ڕابردووی حیزبی و خەبات و فیداکاریی خۆیان کە دەبێ لەوانە تێپەڕین و بە کار لەسەر ئەم کەمایسییانە بکەین کە لە پروسەی میللەتسازیی خۆماندا هەستیان پێ دەکەین.

**کوردستان:** لایەنە سیاسییەکان نەیانتوانیوە ئەو پێناسە نوێیە بکەن کە ئێوە مەبەستتانە؟ یا نایانهەوێ؟

**خالید عەزیزی:** بە بڕوای من هەردووکیان. سیاسەت هەموی هەوڵە بۆ دەسەڵات و هەر حیزبێک کە دروست دەبێ هەوڵ دەدا بۆخۆی دەسەڵاتی هەبێ لە کۆمەڵگەدا و، تەنانەت لە حیزبیشدا ئەوانەی دێن بۆ حیزباتەتی بەشی زۆری هەوڵ دەدەن دەسەڵاتیان هەبێ. ئەوە یاسا و قانوونی گەمەی سیاسەتە و حاشای لێ ناکرێ. بە بڕوای من بۆچوونێک هەیە لە نێو



سەرچاوە
Serchawe

حیزبەکاندا بەتایبەت لە نێو هێندێک لە خەڵکانی دانیشتووی ئورووپا و دنیای دەرەوە، هەست دەکەم نیگەرانن لەوەی کە ئەگەرچالاکی و جمۆجوڵی مەدەنی، خەباتی مەدەنی و تێکۆشان لە نێو خۆی وڵات خۆ ڕێک بخا و خۆی وەگەڕ بخا، کەسایەتیی جۆراوجۆر لە کوردستانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی لەوێ دروست ببن. هێندێک لەوانە نیگەرانن کە جێگای بگرنەوە و ئەوەش تایبەت بە ئێمەی کوردی کوردستانی ئێران نەبووە، لە زۆربەی ئەو جووڵانەوانەی کە شەڕی چەکدارییان تێدا بووە ئەو کێشەیە هەبووە. بۆ نموونە لە فەزییەی فەلەستیندا. ئەوان هەشت، نۆ، دە حیزبی بەربڵاویان هەبوو و کاتێک لە نێو خۆیاندا کێشە و ململانێیان هەبوو، لەو کاتەدا لە ئیسڕاییل، لە ناوچە فەلەستینییەکاندا «ئینتیفازە» وەڕێ خرا و، ئەوە منداڵەکان و خەڵک بوون لە شەقامەکاندا بەردیان بە تانکەکانی ئیسڕاییل دادەدا.

ئینتفازە وای کرد و بوو بە مەسئەلەیەک کە تەنانەت لە بواری نێودەوڵەتیشدا وردە وردە هاتە نێو هاوکێشەکە بۆ ئەوەی ببێ بە پارتنەرێک لە چارەسەری کێشەی فەلەستین و ئیسڕاییلدا. ئەوە لە جووڵانەوەکانی چەکداری ئەمریکای لاتینیشدا بووە، لە نێو ئێمەی کوردیشدا بووە لە نێو تامیلەکانیشدا و لە ئەفریقاشدا بووە. بۆیە زور جار کاتێک جموجوڵ و جووڵانەوەیەک و خەبات و تێکۆشانێک لە نێوخۆی وڵات بەشێوەیەکی دیکە دەیهەوێ سەرهەڵ بدا و کەسایەتی و شەخسیەت بۆ خۆی پەیدا بکا، هیچ سەیر نییە لایەنێک یا حیزبێک هەست بکا ئیدی وردەوردە ئەو لە بیر دەچێتەوە و وڵامدەر نەبووە و ئەوە جێگای دەگیرێتەوە. ئەمن پێم وایە ئەو ئێحساسە هەیە و من بو خۆم هەستم پێ کردوە. بە تایبەت لە دنیای مەجازیدا خەڵکم بینیوە لە ئورووپا و ئەمریکا دانیشتووە و قسەی زۆر خەراپ بە چالاکانی مەدەنی لەنێو خۆی وڵات دەڵێ کە من دەزانم ئەو خەڵکە لە نێوخۆ چ دەکێشن بۆ ئەوەی دەنگی کورد بەرز بکەنەوە، کۆماری ئیسلامی بە چالش بکێشن و لە لانیکەمی دەرفەتەکان کەڵک وەر بگرن.

**کوردستان:** کاک خالید کورد کەمی خەبات نەکردووە لە ئێراندا. سەرۆککۆماری ئێعدام کراوە، لە شێوەی ئێستادا پتر لە حەوت دەیەیە خەبات دەکا. بەشداریی شۆڕشی ٥٧ی کردووە، دوایە بە هەزاران شەهیدی داوە، لە سەنگەری خەباتدا هەر ماوە. ئەدی بۆ لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە نەخراوەتە نێو معادلاتەوە؟

**یەکەم؛** ئێمە دەبێ لە معادلاتی نێودەوڵەتیدا پێش هەموو شتێک باش لە ئەساسی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان تێ بگەیین. پێوەندیی نێوان دەوڵەتان و لایەنە نێودەوڵەتییەکان لەسەر عاتیفە و خەیاڵ دانەمەزراوە، بەڵکوو لەسەر بەرژەوەندییە پێناسە دەکرێ. هەم واشینگتۆن و هەم چین و هەم ڕووسیە و هەم ئورووپا کێشەیان لەگەڵ ئێران هەیە و هەرکامەشیان بەدوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن. ئەوان بەدوای بەرژەوەندیی ئێمەدا ناگەڕێن، بەڵام ئێمە بە خوێندنەوەیەکی دەقیق لەوەدا دەتوانینن ببین بە پارتنێر. دەتوانین پێیان بڵێین معادلەیەک هەیە لە ئێراندا و ئەگەر ئێوە دەتانەوێ پرسێک

ببەنە پێشێ، نابێ کورد نادیدە بگرن. بەڵام بۆ ئەوەی ببین بەو فاکتورە کورد و حیزبەکانی کورد دەبێ یەکگرتوو بین.

**دوویەم؛** ئەوەی لە نێوخۆی وڵات ئەو جموجوڵە مەدەنییە هەیە دەبێ کەلک لەویش وەربگرین و بڵێین ئێمەی کورد هەم لە نێوخۆی وڵات هەین و حزوورمان هەیە و هەمیش لە دەرەوە هەین. جا تەبیعەتەن ئەگەر ئاوا بۆ مەسئەلەکە بچین ئێمە دێینە نێو گەمەکە. بەڵام جیاواز لەوە لە ئێستاشدا کە ئێران بەرەوڕووی قەیرانێکی قووڵی ئابووری و ناوچەیی و ئەمنیەتی بووەتەوە لەگەڵ ئەمریکا و لەگەڵ دنیای دەرەوە، پرسی کورد لە ئێران وەک شتێکی جیاواز لە تەواوەتیی ئێراندا نابینندرێ. ئەوان ئێران وەک یەکەیەکی سیاسی چاو لێ دەکەن کە هەموو ئەو جۆراوجۆرییانەی تێدایە و مادام وەک واحیدێکی سیاسیی چاو لێ دەکەن، هەوڵی ئێمەش دەبێ ئەوە بێ لەگەڵ ئۆپوزسیۆنی ئێرانی پەیوەندیمان خۆش بێ و قەناعەتیان پێ بێنین تا لەسەر ئەساسی تەوافوق بیر لە ئێرانی داهاتوو بکەینەوە. بۆخۆشمان وەک کورد دەبێ لە شوێنەکان دیار بین و بڵێین کە ئەگەر ئێوە هەر بەرنامەیەکتان بۆ داهاتووی ئێمە و ئێران هەبێ، ناتوانن ئێمەی کورد نادیدە بگرن. ڕاستە ئێران ئێستا لە ڕۆژەڤ دایە، بەڵام دیسان دەڵێم ئۆپۆزیسیون بوون هونەر نییە، بەڵکوو بوون بە ئاڵتێرناتیڤ هونەرە. ڕەنگە کێشەی ئێران و دنیای دەرەوە و، خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە نێوخوی وڵات ماوەیەکی زۆری دیکەش بخایەنێ، بەڵام مادام ئەدرەسێک نەبێ و کەسێک نەبێ جێگەی بگرێتەوە، ئەو بشێوی و بەربڵاوییە هەر درێژەی دەبێ.

بەهەر حاڵ لە ئێستادا زەمینەی زۆر هەیە بۆ ئێمەی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کە هەمومان بتوانین پرسی خۆمان بێنینە گۆڕێ و ببین بە فاکتەرێک بۆ ئەوەی لە ئەگەری سێناریۆ نارونوەکانی داهاتوی ئێران کە دەڕوخێ یا ناڕوخێ، دەگۆڕێ یا ناگۆڕێ، دەشێوێ یا ناشێوێ، ئێمەی کوردی ئێران براوە بین و زەرەر نەکەین.

**کوردستان:** کاک خالید سپاس بۆ کات تەرخان کردنت بۆ ئەم وتووێژە.

**خالید عەزیزی:** سپاس بۆ جەنابیشت

(لە ژمارەی ٧٣٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## دەقی ووتەکانی لۆرد گلاسمەن و کاک خالید عەزیزی لە پانێلی کنفراسی سالانەی لیبەر پارتی لە لیفەرپوول




### وتەکانی لۆرد گلاسمەن

بەیانیتان باش گشت لایەک و بەخێر بێن بۆ ئەم ڕووداوە بەو بەیانییە زوویە. تێدەگەم ئەگەر کەمێک هەست بە خەواڵوویی بکەن، بە پێچەوانەی عێراق خەڵکی ئینگلیس بیرەیەکی زۆر دەخۆنەوە و ئاسەوارەکانیشی دیارن.

ئەمڕۆ باسی هێرشی ئێران بۆ سەر بنکەی ناوەندیی حدک لە ناوچە کوردییەکانی عێراق دەکەین. ئەم شتانە. ئەوەی کە بەڕاستی دەمهەوێ بیڵێم، پێش ئەوەی کە قسەکەرەکە بناسێنم ئەوەیە کە کوردەکان لە هەموو شوێنێک دەکوژرێن، کەوابوو من لە تورکیە بووم بۆ رێز گرتن لە کوردی کوژراو، لە سورییە بووم بۆ ڕێز گرتن لە کوردی کوژراو بەڵام ڕەنگبێ ئەوەی لە هەمووان کەمتر لە وڵاتی ئێمە ناسراون ئەوەیە کە لانیکەم ١٢ میلیۆن کورد لە ئێران دەژین ئەوێ شوێنێکی ژیانی کەونارا و بەردەوامی کوردان لە نیشتمانی خۆیان بووە بەڵام هەروەک هەمووەمان دەزانین کوردەکان قەت لە ماڵی خۆیان خاوەن ماڵ نین، کەوابوو حدک بۆ ئەو کەسانەی کە نایناسن حیزبێکی گەلیک جێگای ڕێزە و سوسیالیستە، ماوەیەکی کورت لە ١٩٤٥ کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ یەک دوو ساڵ کۆمارێکی سەربەخۆی کوردی بوونی هەبوو لە ئێران بەڵام خێرا کاتێک کە شا دەسەڵاتی بەسەر وڵات دا سەپاند ڕووخاندی. ئێمە دەزانین کە سیاسەتی سەردەمی شا دوای شۆڕشی ئیسلامیی درێژەی پێدراوە کە ناهێڵن کوردەکان کەڵک لە زمانی خۆیان وەرگرن، ناهێڵن کوردەکان دامەزراوە کولتورییەکانی خۆیان هەبێ، دەتوانین بڵێین کە هەر وەک تورکیە ناهێڵن کوردەکان کورد بن، لە چوارچێوە ڕێژیمدا ئەوان ناچار دەکرێن کە زمانی فارسی بەکار بێنن، ڕێگای خۆ ڕێکخستن بە گوێرەی ڕەگەزی خۆیان یا چینی خۆیان نییە. بە گشتیی وەک تورکیە و وەک چۆن باو بوو لە عێراق و هەروەک لە سورییە پێش لێک هەڵوەشانی رێژیم و سەرهەڵدانی پەیەدە، کوردەکانی ئێران هیچ دێموکراسییەکیان نییە، هیچ ئازادییەکیان نییە و ئێستا هەوڵی بەردەوام لە ئارادایە کە کوردی زۆرتر بکوژرێن و پێگەی

حدک بۆمباران کرا، ١٤ کەس کوژران. ١٤ کەس کوژران؟ من پرسیار دەکەم، راستە؟ هەندێکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بوون و ئەوە شتێکی بەڕاستیی حەیاتییە کە ئێمە ئاستی زانیاریی لەبارەی ئەوەی کە لەگەڵ کوردان لە ئێران دەکرێ بەرز بکەینەوە. چونکە ئەوە گرینگە وەک هەمیشە لە پەیوەندی لەگەڵ کوردان، کوردەکان ئەگەر رێژیم بە چالش بکێشن ئەوان وەک تێرۆریست حیسابیان بۆ دەکرێ، ئەگەر رێژیم بە چالش نەکێشن سەرکوت دەکرێن. رێگای بەرەو پێشەوە لەڕاددە بەدەر دژوارە کە دیاریی بکەی. بەڵام ئەوەی کەدەمهەوێ تێئێوە بیزانن ئەوەیە کە ئێوە دۆست و پشتیوانتان لە حیزبی ئێمەدا هەن و ئێمە بەهێزین و پشتیوانیی خۆمان نیشان دەدەین. زۆر پێمان خۆشە وتارەکەی ئێوە لە بارەی بۆمبارانەکەدا، لێکدانەوەی ئێوە لەسەر دۆخی سیاسی، داواکانتان لە ئێمە لەبارەی ئەوەی کە بە باشترین شێوە بتوانین پشتیوانیتان لێ بکەین، ببیستین.

## وتەکانی کاک خالید

سپاس لۆرد گلاسمەن و سپاس بۆ کوردیش پرۆگرێس و بەخێرهاتنی ئێوە دەکەم بۆ ئەو کۆبوونەوە و بەیانیتان باش. بەڕاستی چی قەوما؟ ٨ی سێپتامبر کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوەی وەرزیی (پلێنوم)ی لە بنکەی سەرەکیی ئێمە هەبوو لە کۆی سنجق و ئێمە باسی داهاتووی ئێران، هەلومەرجی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەسەلی کورد لە کوردستانی ئێرانمان دەکرد.

بە گوێرەی باوەڕی حیزب و سیاسەتی حیزب ئێمە هەمیشە باوەڕمان بە رێگاچارەی ئاشتییانە بۆ پرسی کورد لە ئێران هەبووە بەڵام رێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە دوای شۆڕشەوە گوێی لە داخوازییەکانی گەلی کورد لە ئێران نەگرت و رێزی لە سیاسەتی حیزب نەگرت بۆ وتوویژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران. دوای شۆڕش ئایەتوڵڵا خومەینی پێشدا باسی دیتنەوەی رێگاچارەیەکی ئاشتییانەی کرد بەڵام پاش ئەوەی کە هێرشیان کردە سەر کوردستانی ئێران و گەلی کورد بەرامبەر بە رێژیمی ئیسلامیی خۆڕاگریی نیشاندا، بۆ جارێکی دیکە بۆچوونیان گۆڕی و باسی وتوویژیان کرد، بە گوێرەی سیاسەتی حیزب، حیزبی ئێمە، حیزبی دێموکراتی کوردستان کە حیزبی سەرەکیی بوو و وتوویژی لەگەڵ رێژیمی ئێران دەکرد، بەڵام رێژیمی ئیسلامیی بڕوای بە رێگاچارەی ئاشتییانە بۆ مەسەلەی کورد نەبوو و جارێکی دیکە هێرشیان کردە سەر کوردستانی ئێران و شەڕێکی ناوخۆییان بەسەر ئێمە دا سەپاند، کەوابوو گەلی کورد هیچ رێگاچارەیەکی دیکەی نەبوو جگە لە داکۆکی لەخۆ کردن. کەوابوو لەم هاوکێشەیەدا دوو ڕاستیی هەن، ڕاستیی یەکەم ١٠ میلیۆن کورد لە کوردستانی ئێرانە و ڕاستیی دووهەم رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

کۆماری ئیسلامیی سیاسەتی تێرۆر و لەسێدارەدان و زیندانیکردنی چالاکانی سیاسی هەڵبژارد. بەدوای ئەوەدا رێژەیەکی زۆر



سەرچاوە Serchawe

چالاکی سیاسییان لە ئێران لە سێدارە دا و بەشێکی بەرچاو لە کادر و ئەندامانی پایەبەرزمان لە کوردستانی عێراق تێرۆر کران و درێژەیان بەو سیاسەتە دا تا ڕووداوی ڤییەن. لە کاتێکدا کە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو ڕێبەی حیزب خەریکی وتووێژ لەگەڵ نێردراوەکانی ئێران لە ڤییەن بوو لەوێ تێرۆر کرا. چەند ساڵ دواتر دوکتور سادق شەرەفکەندی دوای بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ لایەنەکانی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی هەبوو تا لێک تێگەیشتنێک لە نێوان حیزبە ئێرانییەکان وەبینێ، لە میکۆنۆس کوژرا. کاتێک کە دوکتور قاسملو لە ڤییەن کوژرا، کاربەدەستانی ئۆتریشی تێرۆریستەکانی ئێرانیان بەرەو تاران ئیسکۆرت کرد و هیچ دادپەروەرییەک و دادگاییەک لە ئوتریش نەهاتە ئاراوە بەڵام لە میکۆنۆس سیستەمی دادگا و دادپەروەریی ئاڵمان لەڕاستییدا بڕیاری دا کە کاربەدەستانی پایەبەرزی ئێران بەرپرسیاری تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی بوون، کە وابوو ئەوە سیاسەتی ڕێژیمی ئێران بوو. لە ماوەی ئەو کردەوە تێرۆریستییانەی ڕێژیمی ئێران ئێمە هیچ چالاکییەکی سەربازییمان لە ناوچەدا نەکرد. ئێمە هەمیشە سیاسەتی ناتووندوتیژیی و وتووێژ و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی دێموکڕاتیک بۆ پرسی کوردمان هەڵبژاردووە و وەک ئەندامی سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال چاوەڕوانییمان لە سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال و حیزبەکانی ئەندامی سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال ئەوەیە کە مەسەلەی کورد بۆ ئاستی ناونەتەوەیی بەرز بکەنەوە.

### بۆچی کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان؟

ئێران ئێستا بەرەوڕووی زنجیرەیەک قەیران بۆتەوە، قەیرانی ئابووری، قەیرانی کۆمەڵایەتی، تەقریبەن هەموو قەیرانێک لە وڵاتدا هەیە، نرخی دراوی ئێران نزیکەی حەفتا لەسەد دابەزیوە، کەوابوو لە ئێران پشێوییە. ئەو ڕێژیمە هیچ ڕێگاچارەیەک، هیچ پرۆژەیەکی نییە کە قەیرانەکانی ناوخۆی ئێران چارەسەر بکا. بۆیە هەوڵ دەدەن تا ناسەقامگیریی لە ناوچەدا دروست بکەن و بە خەڵکی ئێران بڵێن کە لەدەرەوەی سنورەکانی ئێران دوژمنی زۆری لێن کە هەڕەشەمان لێ دەکەن. بە مووشەکباران کردنی بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەوان پەیامێکی زۆریان هەبوو بۆ ناوچە. یەکەم، ئەوان هێرشیان کردە سەر حیزبی ئێمە چونکە حیزبی ئێمە یەکێک لە سەرەکیترین حیزبەکانە کە پشتیوانی جوڵانەوەی مەدەنی لەناوخۆی کوردستانی ئێران دەکا کە لە ماوەی سێ چوار ساڵی ڕابردوودا دەرفەتێکی مەزن بووە بۆ کوردەکانی ئێران دژی ڕێژیمی ئیسلامیی. دووهەم، ئەوان دەیانهەوێ پەیامێک بدەنە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا وەک زلهێزێکی ئەو ناوچەیە و بۆ وڵاتانی ناوچە بنێرن کە ئەو ڕێژیمە توانایی ئەوەی هەیە کە مووشەک باوێ، ئەگەر پێویست بکا تەقریبەن مووشەک بە هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بنێ.

بۆچی ئەوان تەنیا حیزبی ئێمەیان هەڵبژارد؟ لەبواری تەکنیکی سەربازییەوە ئەوان حیزبی ئێمەیان هەڵبژارد چونکە

حیزبی ئێمە هیچ مووشەکی نییە کە بە بەرەو تارانی بنێرێ. چونکە ئێمە وڵات نین کە بتوانین پارێزگاریی لەخۆمان بکەین. ئێمە تەنیا حیزبێکی سیاسین کە دەتوانین دەنگی کوردی ئێران بەرز بکەینەوە.

بنکە سەرەکییەکە لە کوێیە؟ بنکەکە قەڵایە کە لە نزیک شاری کۆی سنجق هەڵکەوتووە. ئەم قەڵایە شوێنی دامەزراوە جیاوازەکانی حیزبە، یەکیەتی لاوان، یەکیەتی ژنان، ڕێکخراوی منداڵپارێز و ڕێکخراوی پزیشکی و هەموو ڕێکخراوی ئەوتۆ کە خزمەت بە ژن و منداڵ و خەڵکی مەدەنی لەو قەڵایەدا دەکەن.

کێ لەو قەڵایەدا کوژرا؟ ٦ کەس لە هاوکارەکانی من، لە کاتێکدا کە هەموومان لە دەوری مێزێک دانیشتبووین و باسی دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە و دێموکڕاتیک بۆ پرسی کورد لەو ناوچەیەمان دەکرد. لەناو ئەوانەی کە بریندار بوون ژن و منداڵی تێدان، ئەوان لە حەوشەی قەڵا بوون. کەوابوو قەڵاکە بنکەی سەرەکیی مەدەنی ئێمە بوو بۆ چالاکییەکانی ئێمە.

کاردانەوەی ئێران چی بوو؟ لە ٩ی مانگی سێپتامبر سپای پاسداران ڕایگەیاند کە مووشەکیان بە بنکەی سەرەکیی ئێمەوە ناوە و ئەوان ئیعترافیان پێکرد و قبووڵیان کرد کە ئەو کارەیان کردووە. ئەوە یەکەم جارە دوای شەڕی ئێران-عێراق کە ئێران مووشەکی ئەرد بۆ ئەردی مەودا درێژ باوێ و ئەوە یەکەمجار بۆ هێرش بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزب کەڵکی لێ وەرگیرا.

کاردانەوەی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی چی بوو؟ تا ئەو جێیەی کە دەگەڕێتەوە سەر میدیای فارسی، کوردی، عەرەبی و ئینگلیسی، ئەوان لەڕاستییدا باسی ئەو ڕووداوەیان کردووە. تەنانەت میدیای ئێرانیش زۆر باسیان کرد. لە پەیوەندیی لەگەڵ کاردانەوەی سیاسی، ئێمە شاهیدی زۆر وڵات و حیزبی سیاسی بووین کە هاوپەیوەندییان لەگەڵ نیشان داوین و کارەکەیان، ئەو کردەوە تێرۆریستییەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان مەحکوم کرد. تەنانەت نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە تویێ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، نیکی هەیلی، هێرشەکەی ئێرانی بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی مەحکوم کرد. کێ کێیە لەو هاوکێشەدا و لایەنەکانی ئەو هاوکێشە و ئەو سێناریۆیە کامانەن؟ وەک باسم کرد لایەنێک گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە و لایەنەکەی دیکە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئەو هێرشەی بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزب کرد، بەڵام پەرچە کرداری گەلی کورد چی بوو؟ ١٢ی سێپتامبر زۆرینەی خەڵکی کوردی ئێران لە کاردانەوەیەکی بەربڵاودا دووکانەکانیان داخستن، لە ماڵەکانیان مانەوە و پەیامێکی ئاشکرایان نارده تاران. لەوانەیە ئێران بنکەی سەرەکیی ئێمە لە داهاتوودا

بکاتە ئامانج هەر وەک پێشووش ئەو کارەی کردووە، بەڵام ئێران ناتوانێ ١٠ میلیۆن کوردی ئێران بکاتە ئامانجی مووشەک. کەوابوو مووشەک، کردەوەی تێرۆریستیی لەلایەن ڕێژیمی ئێران دژی گەلی کورد و دژی حیزبی ئێمە ڕێگاچارە نییە. تا ئەو جێیەی مافە نەتەوەیی، ئەتنیکی و دێموکراتیکەکانی خەڵکی کورد لە ئێران ڕێزی لێ نەگیرێت، خەباتی ئێمە درێژەی دەبێ، خەباتی ئێمە درێژەی دەبێ و دڵنیام، دڵنیام کە سەرهەڵدان لە ئێران، و قەیرانەکان لە ئێران، و لەوانەیە یەکیەتی لەناو حیزبە سیاسییەکان بە کورد و غەیرە کوردەوە بە بێ لەبەر چاوگرتنی جیاوازیی پێشینە و جیاوازییەکانی ئایدۆلۆژی و ئایینی دەبێتە جێگرەوەیەک بۆ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران. ئەو ڕێژیمە ناتوانێ بەو شێوە درێژەی هەبێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕێژیمێک کە خۆی بەرامبەر بە خەڵکی خۆی بەرپرسیار نازانێ، ئەو ڕێژیمە ڕێز لە یاسا ناونەتەوەییەکان ناگرێ و ئەو ڕێژیمە ڕێز لە سەروەریی عێراق وەک جیران ناگرێ و مووشەک بەوڵاتێکی دراوسێوە دەنێ، و من پێموایە ئەوە تەنیا سەرەتای بڕیاری ئێرانە بۆ درێژە پێدان بە قەیران، قەیرانی زۆرتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکا، بۆ ئەوەی کە ئەو قەیرانانە لە وڵاتانی دیکەدا دروست بکا. چی دەقەومێ ئەگەر ئێران بەرەورووی مەحکوم کرانی ناونەتەوەیی نەبێتەوە، چی دەقەومێ ئەگەر هەرکام لەو مووشەکانە بە چەکی شیمیایی تەیار بکرێن؟ چی دەقەومێ ئەگەر هەرکام لەو مووشەکانە لە بەغدا وە ئەردی بکەوێ، لە عەرەبستانی سعودی، لە ئیسرائیل، یا لە هەرکام لەوڵاتانی ئەو ناوچەکە؟ چونکە ڕێژیمی ئێران لە کاتێکدا کە بەرەورووی ئەو قەیرانە قووڵە بۆتەوە، هەموو شتێک دەکا بۆ دروست کردنی قەیرانی زۆرتر لە دەرەوەی سنووری ئێران. ئێران هەوڵ دەدا ئەو پەیامە بە خەڵکی خۆی بگەیەنێ کە تەقریبەن هەموو وڵاتانی ناوچە، هەموو ئایینەکان و هەموو چالاکییەک دژی ئێرانە. هەوڵ دەدەن دوژمنێک بۆ خەڵکی ئێران دروست بکەن و پێیان بڵێن ئێمە دەبێ پارێزگاریی لەخۆمان بکەین. بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران داکۆکی لە خەڵکی ئێران ناکا، تەنیا دەیانهەوێ کەمێکی تر درێژە بە ژیان بدەن، ئەوان تەنیا داکۆکی لە خۆیان دەکەن و دەیانهەوێ بە دروست کردنی ناسەقامگیریی لە ناوچەدا خۆ لەو قەیرانە دەرباز بکەن و لەوانەیە شەڕیک لەو ناوچەیەدا هەڵایسێنن. ڕێژیمی ئیسلامیی بەرهەمی شەڕ، بەرهەمی تێرۆر و بەرهەمی ناسەقامگیرییە، بۆیە لەوانەیە کەڵک لەو دۆخە وەرگرن و کەڵک لە هەموو شتێک بۆ دروستکردنی ناسەقامگیریی لەو ناوچەیە وەردەگرن.

لە کۆتاییدا ئێمە چاوەڕوانین کە کۆمەڵگای ناونەتەوەیی و بەتایبەتی حیزبی کار وەک حیزبێکی مەزن لە بریتانیا لە ڕێگای دۆستەکانی لە سۆسیالست ئینتێرناسیۆنال پرسی کورد بەرز بکاتەوە بەتایبەتی بەرپەرچی هێرشی مووشەکیی ئێران بداتەوە کە ئەوە لە داهاتوودا قبووڵکراو نییە. تەنیا، تەنیا، تەنیا دەمهەوێ جارێکی دیکەش ئاماژە بەوە بکەم کە ئەگەر هەرکام لەو موشەکانە بە چەکی شیمیایی تەیار بکرێن، لە داهاتوو دا چی دەبێ؟ بۆیە دەبێ ئێران دەبێ بەرەورووی کەمێک بەرپەرچدانەوەی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی ببێتەوە و من هیوادارم کە حیزبی کار ئەو مژارە لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیا باس بکا و ئەو پەیامەیان پێ بگەیەنێ، حاڵییان بکا کە ئێران گەمەیەکی ترسناک لەو ناوچەیەدا دەکا. نابێ بێ جواب

بمێنێتەوە.

گەلێک سپاس

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: سەرەڕای ئەوەی مووشەکباران کراوین، واز لە گفتوگۆی شارستانیانە ناهێنین




خالید عەزیزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو حیزبە، لە دیداری مێریدا کە ئەمڕۆ سێشەممەی خەزەڵوەری ٩٧ی هەتاوی یەکەم ڕۆژی ئەو دیدارە زانستییە لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو ، کۆمەڵێک باس و بابەتی لەسەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەلومەرجی سیاسی کورد بە گشتی و بەتایبەتی کوردستانی ئێرانی خستەبەرباس و هەڵسەنگاندنی بۆ کرد.

پانێلی "کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین" قسەکردنی هەرکام لە بەڕێزان "مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، نەزمی گوڕ، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان(هەدەپە) و، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی تورکیا، خالید عەزیزی، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لەو بەشەدا خالید عەزیزی بە وەبیرهێنانەوەی دوایین کردەوەی تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی بە دژی تێکۆشەرانی

حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند" لەم پانێلەدا باس لە چارەسەری کێشەی کورد دەکرێ لە هەر چوار پارچەکەو، من وەکوو خۆم لەو بەشەیە کە کوردستانی ئێران، یان ڕۆژهەلاتی کوردستانە هاتووم و رووی قسەم لەو بەشەیە.

خالید عەزیزی لە دەسپێکی قسەکانی گوتی: مادام لێرە باس لە دیالۆگ دەکرێ وەکوو ڕێگایەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەری کێشەکان، من وەکوو سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیزیک بە دەساڵ دەستم هەڵهێنا کە چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران تەنیا لە ڕێگای وتوویژەوە ئیمکانی هەیە، بەڵام چل ڕۆژ لەمەو پێش مووشەکیان بەو قامکەوە ناو چیتر ئەو دەستە بۆ ئەو مەبەستە هەڵنایەت.
لەدرێـژەی قسـەکانی خالیـد عەزیـز و، خستنەبەرباسـی دۆخـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و، هەڵـومەرجی هەسـتیاری کـورد، بەتـایبەتی کـورد لە جوغرافیـای ئێـران باسـی لەوە کـرد کە ئـێمە لەو کۆبـوونەوەدا کە مووشـەکباران کـرا، باسـمان لە ڕێگاچارەکان و لێکدانەوەی سیناریۆ ناروونەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی و ئێران و داهـاتووی ئەو وڵاتە دەکـرد و، بیرمـان لە بە ئەنجام گەیاندنی خەباتی گەلی کورد دەکردەوە.

خالید عەزیزی بە کردنەوەی باسەکەی لەباری مێژووی سیاسی و، لە روانگەی خەسارناسییەوە قامکی لەسەر چەند خاڵێکی گرینـگ دانـاو ڕاگەیانـد: هەمووکـات کـورد لە خوێنـدنەوەکانی خـۆی بـۆ شکسـت و بە ئاکـام نەگەیشـتنەکانی وڵاتـانی زلهێـز وداگیرکەری بۆ هۆکاری زانیوە، نازانم بۆ وڵاتانی دیکە سەرکەوتن و هەر شکستەکان بۆ ئێمە مایەوە!..

نـاوبراو لە درێـژەی باسـەکەی بە ئـاوردانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی بەشـەکانی دیـکەی کوردسـتان و، کـارتێکردنی بۆسـەر کوردستانی ئێران بە هێنانەوەی نموونە وەکوو پرسی ڕێفڕاندۆم و بۆنەکانی دیکە، لەو پێوەنـدییەدا گـوتی: ئـێمە هەمووکـات پێمان خۆش بوو فیدڕالیزم لە عێراق و هەرێمی کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتوو بێت هەتا وڵاتـانی دیکە، وەکـوو ئێـران و لایەنە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە لەپێش چاوی بگرن وەکوو ڕێگاچارەیەک بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان.

خالیـد عەزیـزی لە بەشێکی دیکەی قسـەکانیدا باسـی لە بـارودۆخی ئێـران و وەزعیەتـی سیاسـی کـورد لە کوردسـتان کـردو دیسانەکە وێڕای پێداگری لەسەر خەبات بۆ گەیشتن مافە نەتەوەییەکـان دووپـاتی کـردەوە ئـاڵۆگۆڕی ڕوانگەکـان و دیـالۆگ باشترین و شارستانیانەترین ڕێگای چارەسەرە بۆ گرفت وکێشە سیاسییەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ کاک خالید عەزیزی لە پارلمانی ئوتریش



ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی ١٢,٠٣,٢٠١٩ لە سەر بانگێشتی فراکسیۆنی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش، سمینارێک بە بەشداری کۆمەڵێک لە پارلمانتارانی ئوتریش و ڕۆژنامەوان و کەسایەتیی دانیشگایی لە سەر هەلومەرجی کوردستان و ئێران و ناوچەکە پێکهێنرا.

لە سەرەتای سمینارەکەدا هەیئەتی حیزبی لە لایەن ئاندریاز شیدە، جێگری سەرۆکی فراکسیونی حیزبی سوسیالیست لە پارلمان، بەخێرهاتن کرا.

پاشان کاک خالید عەزیزی وتارێکی سەبارەت بە هەلومەرجی ئێران و کوردستانی ئێران و ناوچەکە پێشکێش کرد. کاک خالید لە سەرەتادا وێڕای سوپاس و پێزانین بۆ پێکهێنانی ئەو کۆبونەوەیە، کوتی ئارەزووم دەکرت کە ئوتریش و ڤییەن هەر بە بیرەوەرێکانی کرایسکی و هاینس فیشیر لە زێهنمدا مابا. بەڵام بەداخەوە ئێستا کە بەرەو سی ساڵەی تیروری دوکتور قاسملوو دەچین، ئۆتریش و ڤییەنێکی دیکەش لە بەر چاومدا ون نابێ، ئەو یش ڤییەنێک کە بە داخەوە سی ساڵ پێش ئیستا قازی و دادگای تێدانەبوو و قاتڵەکانی دوکتور قاسملوو لە بەرچاوی بەرپرسانی ئۆتریشی بەدرەقەی ئێران کرانەوە.

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا کاک خالید تیشکی خستە سەر خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلات. هەر لەو پێوەندیەدا رایگەیاند کۆماری ئیسلامی وڵامی خەبات و تێکۆشان و داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانی بە موشکبارانی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وڵام دایەوە. هەروەها عەزیزی گوتی مەترسی ئەوە هەیە دیسان کۆماری ئیسلامی بنکەو بارەگاکانی ئێمە وەبەر هێرش بدا. بۆیە داوامان لە وڵاتی ئوتریش و وڵاتانی



سەرچاوە
Serchawe

یەکێتی ئورپا ئەوەیە کە بەرامبەر بە کار و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی میللەتی کورد و حیزبی دێموکرات بێ تەفاوەت نەبن.

هەروەها کاک خالید جەختی لە سەر ئەوە کردوە کە کۆماری ئیسلامی لە گەرمەی ئابلۆقەی ئابوریدا خەڵکی خۆی بە هەژاری و فەقیری بەجێهێشتوە و خەریکی سەرفی پارە و سامانی وڵاتی ئێران بۆ پرۆژەکانی تروریستی و دروستکردنی نائەمنی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستە. بۆیە ئێمە چاوەروان دەکەین کە وڵاتی ئوتریش و یەکێتی ئوروپا دەورێکی گرنگتر لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بگێرن بۆ ئەوەی کە ئێران وا بە ئاسانی پروژە و بەرنامەکانی خۆی کە بریتین لە ئاژاوە و تیرۆر و نائەمنی جێبە جی نەکات.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا توماس شمیدینگەر، ماموستای زانکۆی بەشی علومی سیاسی شاری ڤییەن لە راستای قسەکانی کاک خالیدا باسێکی سەبارت بە قەزییەی کورد بە گشتی پێشکەش کرد. لە کۆتاییدا پرسیارو و ئاڵوگۆری بیرورا کرا.

جێگەی ئاماژەیە لە ئەو سمینارەدا هەیئەتی حیزبی بریتی بون لە کاک خالیدی عەزیزی بەرپرسی پیوەندە نێونەتەوەیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاک عەلی مازوجی بەرپرسی پیوەندیەکانی حیزب لە ئوتریش و کاک خدر هەمزەنیژاد بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئوتریش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠١٩

-----------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## پێکهێنانی سمینارێکی سیاسی لە وڵاتی ئوتریش بۆ بەڕێز خالید عەزیزی ئەندامی ڕیبەری و بەرپرسی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی چوارشەممە ڕیکەوتی ١٤ - ٣ - ٢٠١٩ی زایینی، کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش، سمینارێکی سیاسی بە بەشداری نوێنەری چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە و کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندام، دۆست و لایانگرانی حیزب بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، ئەندامی ڕێبەری و بەپرسی پەویەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب، لە ڤییەن،ی پایتەختی وڵاتی ئوتریش.پێک هێنا.

سیمینارەکە کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ بە بەخیر هاتنی بەشداربووان لە لایەن کاک عەلی مازوچی دەستی پیکرد و دەقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان ڕاگەیەندرا. پاشان بەڕێز خالێد عەزیزی وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی لە بوونی لە ناو کۆڕێ بەشداران دا، گوتی: من ئاواتم دەخواست، کە دەهاتمە ڤییەن وەک، سەردانێکی دۆستانی کورد و پشتیوانانی شۆڕشی خەباتی ئەو گەلەم کردبایە و ڤییەن و ئوتریشم بەو دیدە دۆستانەیەوە دیتبایە، کە وەختی خۆی هەر یەک لە کرایسکی و فیشەر لە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەی کورددا بویانە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد و بەتایبەتی کودی ڕۆژهەڵات، ناوی ئوتریش و ڤییەن بیرهێنانەوەی تراژیدیایەکی زۆر تاڵە، ئەویش ترۆرکردنی دوکتۆر قاسملو و هاوڕێیانیەتی کە نیزیک بە ٣٠ساڵ پێش ئێستا لە شاری ڤییەن بە دەستی ترۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوەچوو.

ئەو کارساتە باری سەرشانی ئێمەی کوردی زۆرلەوەی هەبوو قورستر کرد کە دام و دەزگا یاسای و ئەمنیەکانی ئوتریش بەداخەوە ئەوکات، لەگەڵ ئەوەی کە بەڵگەی ئاشکراو حاشاهەڵنەگر هەبوو، کە هەر ئەو بەناو دیپلۆماتانەی ئێران ئەم تیرۆرەیان دەبێ ئەنجام دابێ، بەڵام تیرۆریستەکانیان تا فرۆکەخانەش ئیسکۆرت کردن و بەرەو ئێرانیان ناردنەوە. لە

درێژەی باسەکەیدا بەڕێزعەزیزی ئیشارەی بە وەزعی کوردستانی ئێران و ئێران بەگشتی کرد و گوتی: ئێران وەک حکومەتی توندئاژۆی شیعە، یەکێکە لە هۆیەکانی پێهاتنی هێندێک دەستە و تاقمی سوننە توندئاژۆ لە ناوچەکەدا. ئێران لە هەر کوێیەک چەند شیعەیەکی لێبێ، هەوڵی داوە خۆی بگەیەنێتێ. هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە ترس و دڵەڕاوکێ لە دڵی خەڵک دا درووست بکا و بڵێ ئەگەر کۆماری ئیسلامی نەبێ، ئەوە سوننەکان لە بەینیان دەبەن و ژیانیان لە خەتەر دایە و ئەوە کۆماری ئیسلامیە وەک حکومەتێکی بەهێزی شیعە دەتوانێ بیانپارێ.

بەم شێوەیە کۆماری ئیسلامی لە هەستی مەزهەبی زۆربەی شیعەکان بۆ مەبەستی خراپی خۆی و هەڵایساندنی گێرە و کێشە لە ناوچەکە کەڵک خراپ وەردەگرێ. عەزیزی پاشان هاتە سەر پەرش و بڵاوی هێزە کانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و لەودا ڕخنەی لەو نەیارانە ی کۆماری ئیسلامی گرت کە ناتوانن بە یەکەوە ئەدرەسێکی بەهێز دروست بکەن بۆ ئەوەی دنیای دەرەوە بتوانێ حیسابێکیان لە سەر بکات. لە درێژەی ئەو باسە دا روو لە کوردستان ئێران بە ڕەخنەی هاودەنگی و هاوهێزی لە بەینی هێزە کوردستانیەکان دا دەستی پێکرد و گوتی، ئەو ناوەندەی کە دامەزراوە، شتێکی باشە و هەنگاوێکی زۆر بەجێیە و هیوادارم هەمو هێزەکانی کوردی ئێرانی، بە هەمو توانایانەوە بۆ بەهێز کردنی هەوڵ بدەن، چوون تەنیا بە یەکگرتو دەتوانین، ئەدرەسێک بین و پارسەنگی کورد سبەی لە تەرازووی کێشەکانی ناوچەدا و بە تایبەتی لە ئێران دا لە دوای کۆماری ئیسلامی بە هێز نیشان بدەین. لە کۆتای ئەم باسانەدا، پرسیار و وڵامی بەشداران دەستی پێکرد و لە لایەن کاک خالید جواب درانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی مارچی ٢٠١٩

------------------------------------------------------

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٠ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe




سەرچاوە
Serchawe